هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ بەشی مێژوو

# شار وەک ناوەندی گەشەکردنی شارستانییەت

## شارەکانی هەرێمی خوراسان بە نموونە لە سەدەی (٤ و ٥ کۆچی/١٠ و ١١ زاینی)

"توێژینەوەیەکی شارستانییە"

نامەیەکە خوێندکار :

کامل حبیب رشید

پێشکەشی (ئەنجومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی)کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماجستێر) لە زانستی (مێژوو)دا

بەسەرپەرشتی:

پ.ی.د.شوان عثمان مصطفى

٢٧٢٠ کوردی ١٤٤١ کۆچی ٢٠٢٠ زاینی




((هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا))

سورة هود، آية: ٦١.

# پێشکەشکردن:

ئەم نامەیە پێشکەش دەکەم بە چەند کەسێکی نزیکم، کە بە هەموو تەمەنم قەرزاری چاکە و فێربوونەکانی ئەوانم و بۆ هەموو تەمەنم چاکەی ئەوان بەسەر ڕەوتی ژیانمەوە دەمێنێت، ئەوانیش:

- **دایک وباوکی** خۆشەویستم، هیوام تەمەن درێژیانە.
- ئامۆزا وبرای گەورەم، مامۆستا **رفعت فاتیح رشید**، هەرچییەک لە خوێندندا بەدەستبهێنم پشکی ئەوی تێدایە.
- هاوڕێ و برا ودۆستی خۆشەویستم، مامۆستا **سۆران بهاء أحمد**، کە هەمیشە لێی فێردەبم.

# سوپاس و پێزانین:

- پاش سوپاس وستایشی خودا، کە ئەوەندە تەمەنی بە ئێمە بەخشی بتوانین لە وەها کارێکدا ڕێگە ببڕین، هەڵبەت ڕێگەمان بێ مامۆستا و ڕێبەر و ڕێ نیشاندەر نەبووە، هەربۆیە لێرەدا دەمانەوێت سوپاسی یەک بەیەکی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە لەم کارەدا یارمەتیدەر بوون، هەریەک بە جۆرێک، سەرەتا سوپاس و پێزانینی زۆرم هەیە بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێز و خۆشەویستم (**پ.ی.د.شوان عثمان مصطفی**)، کە بەردەوام لەماوەی تویژینەوەکەدا زۆر هاوڕێیانە و بەدڵ، سەرپەرشتی کاری تویژینەوەکەی کرد و بەردەوام سەرچاوەی پێویست و ڕێنمایی تەواوی پێبەخشیووم.
- ڕێز و سوپاسی زۆرم هەیە بۆ بەڕێز (**پ.ی.د سەلاح کانبی**) کە پاڵپشتێکی ڕاستەقینە بوو، هەر لەسەرەتای دیاریکردنی ناونیشانی نامەی ماستەرەوە هەمیشە هاوکار بووە، یەکەم کەسیش کە ئەم ناونیشانەی ئێستای لا پەسەند بوو بەڕێزیان بوون، هەرگیز پاڵپشتیەکانی لەبیر ناکەم.
- هەر لێرەدا سوپاسی بەڕێزان (**پ.د.زرار صدیق و پ.د.حکیم ئەحمەد خۆشناو و پ.د.قادر محمد حسن** و **پ.د.أحمد میرزا** و **پ.د.نشتیمان بشیر و پ.ی.د.زریان حاجی**) دەکەم کە هەر بەڕێزێکیان بەجۆرێک لە جۆرەکان لە خوێندنی کۆرساتی ماستەردا هاوکار بوون و کارئاسنیان بۆ کردووین.
- زۆر سوپاسی (**پ.ی.دعلی یحیایی و حسن حمیدی**) لە زانکۆی (حکیم سبزواری) دەکەم کە لەسەفەری چوونمان بۆ ئێران و سەردانە مەیدانیەکانمان بۆ ناوچە و شارە مێژوویەکانی خوراسان ، بەتەواوی یارمەتیدەر بوون و بەهۆی ئەوەی خۆیان خەڵکی خوراسان بوون هەروەها شارەزای مێژووی خوراسان بوون، چاوساغیەکی زۆریان بۆکردین لەو گەشتە مەیدانیەی بۆ ئەم تویژینەوەیە کردمان.
- زۆر سوپاسی هەردوو سەرۆکایەتی بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی و لە زانکۆی سەلاحەدین دەکەم بۆ کارئاسانیەکانیان و ڕاپەڕاندنی کاروبارە کارگێڕیەکان، بەتایبەت زانکۆی سەلاحەدین کە ئێمەیان وەک خوێندکاری خۆیان قبوڵکرد و بەشێوەی میواندار لای ئەوان کۆرساتی ماستەرم تەواوکرد، هەروەها زۆر

سوپاسی بەڕێز(**پ.ی.د.دڵشاد محمود**) دەکەم کە زۆر هاوکار بوو ، بێگومان دڵسۆزی بەڕێز (**دکتۆر هونەر**) لە خوێندنی باڵای سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی لەبیرنەکراوە و جێگای ستایشە.

- زۆر سوپاسی ڕاگرایەتی کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان-سید صادق و بەشی مێژوو و بەشی خۆیی و ژمێریاری هەمان کۆلێج دەکەین، هەمیشە هاوڕێیانە و دۆستانە مامەڵەیان کردووە، بەردەوام کارئاسانی و ڕێگەخۆشکار بوون بۆ کاروباری خوێندنی ئێمە.
- زۆر سوپاسی مامۆستا (**ڕۆندک جبار چلبی**) دەکەم وەک خوێندکارێکی دکتۆرا لە هەمان بوار، زۆر سودم لێوەرگرت، هەروەها پێزانینی زۆرم هەیە بۆ بەڕێزان (**م.شمال و م.کەیفی پیرداود**) کە هاوڕێ و پاڵپشت بوون لەماوەی خوێندنی ماستەر و کاتی نوسینی ئەم نامەیەدا. هەروەها زۆر سوپاسی بەڕێزان (**د.سالار تاوەگۆزی و م.زانیار ڕەئوف**)دەکەم بەجۆرێک لە جۆرەکان هاوکاربوون.
- لە نێو خێزانەکەی خۆمدا کەم نەبوون ئەو کەسانەی بەم نامەیەوە زەحمەتیان توش بوو، هەرچەندە من بە ژیانم پاداشتیان دەدەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە باشی دەزانم لێرەوە ستایشی ماندووبوونەکانی هاوسەری خۆشەویستم (**دەشتی ڕێبوار**) بکەم، کە تەنهایی و ئەرکی زۆری کەوتە سەرشان لەماوەی ئەم خوێندنەمدا، هەروەها هاوکاریە ماددی و مەعنەویەکانی براو خوشکەکانم بەتایبەت (**کاک ئاوات و مامۆستا پشتیوان**) خۆشەویستی ئەوانی زیاتر بۆ دەرخستم، هەموان بەجۆرێک لەگەڵ خوێندنی ئێمە سەرقاڵ بوون.

# لیستی ناو و هێما کورتکراوەکان:

| هێماکان | وشەکان |
|---|---|
| **کوردییەکان** | |
| چ | چاپ |
| ز | زاینی |
| ژ | ژمارە |
| س.پ | سەرچاوەی پێشوو |
| ل | لاپەڕە |
| ل ل | لاپەڕەکان |
| ک | کۆچی |
| م (لەسەرەتای کەوانەوە) | مردن |
| م.د | مردن لە دەوروبەری |
| **عەرەبییەکان** | |
| ت | توفی |
| ت.ح | توفی حوالی |
| تح | تحقیق |
| تر | ترجمة |
| تص | تصحیح |
| تع | تعلیق |
| د.ت | دون تاریخ الطبع |
| د.م | دون مکان الطبع |
| د.مط | دون المطبعة |
| ص | الصفحة |
| ص ص | الصفحات |
| ط | الطبعة |

| | |
|---|---|
| م | تاريخ الميلادي |
| مج | مجلد |
| م.س | المصدر السابق |
| مط | المطبعة |
| م.ن | المصدر نفسه |
| هـ | التاريخ الهجري |
| **فارسييەكان** | |
| ج | جلد |
| چ | چاپ |
| د.س | بدن سال چاپ |
| ش | تاريخ شمسى |
| م.پ | منبع پيشين |
| هـ .م | همان منبع |
| و | وفات |
| **ئينگليزييەكان** | |
| V. | Volume |
| est , end | first , second |
| p, pp | paper , papers |
| Ibid | In the same plac |
| Op.Cit | In the work already cited |

# پێڕست



| | | | |
|---|---|---|---|
| پێشەکی و شیکردنەوەی سەرچاوەکان | | | ١_٨ |
| **بەشی یەکەم : هەرێمی خوراسان** | | | ٩-٤٢ |
| باسی یەکەم | کورتە ناساندنێکی هەرێمەکە | | ١٠_٢٥ |
| | تەوەری یەکەم | ناوی خوراسان و سنوری هەرێمەکە | ١٠_١٣ |
| | تەوەری دووەم | تۆبۆگرافیا و کەش و هەوای خوراسان | ١٤-٢٠ |
| | تەوەری سێیەم | پرۆسەی فەتحی ناوچەکانی خوراسان | ٢١-٢٥ |
| باسی دووەم | شارەکانی خوراسان و پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینییان | | ٢٦-٤٢ |
| | تەوەری یەکەم | گرنگترین شارەکانی خوراسان | ٢٦-٣٢ |
| | تەوەری دووەم | پێکهاتە نەتەوەییەکانی هەرێمەکە | ٣٣-٣٩ |
| | تەوەری سێیەم | پێکهاتە ئاینییەکانی هەرێمەکە | ٣٩-٤٢ |
| **بەشی دووەم :**<br>**شار و شارنشینی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە هەرێمی خوراساندا** | | | ٤٤-٧٨ |
| باسی یەکەم | شاروشارنشینی لەڕووی پێناسە و پێکهاتە و دروستبوونەوە | | ٤٤-٥٨ |
| | تەوەری یەکەم | ناساندنی چەمکی شار و شارنشینی | ٤٤-٤٧ |
| | تەوەری دووەم | پێکهاتەکانی شار | ٤٨-٥٤ |
| | تەوەری سێیەم | هۆکارەکانی دروستبوونی شار و بچووکبوونەوە | ٥٥-٥٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و لەناوچوونی | |
| باسی دووەم | | شار و شارنشینی لە خوراسان | ٧٥-٥٩ |
| | تەوەری یەکەم | ئاستی ئاوەدانی لە خوراساندا | ٦٦-٥٩ |
| | تەوەری دووەم | شێوازی شار وشارنشینی لە هەرێمی خوراسان | ٧١-٦٦ |
| | تەوەری سێیەم | پەیوەندیی نێوان شار و گوند | ٧٤-٧١ |
| | | **بەشی سێیەم :** **شار لە پێگەی ناوەندێتیدا بۆ گەشەکردنی شارستانییەت** | ١٣٣-٧٦ |
| باسی یەکەم | | پێکهاتە بونیادیەکانی شار | ٩٣-٧٦ |
| | تەوەری یەکەم | بونیادی قەڵاکان و شورەی شارەکان | ٧٩-٧٦ |
| | تەوەری دووەم | شوێنە گشتییەکان | ٨٧-٨٠ |
| | تەوەری سێیەم | سەرچاوەکانی ئاو و ڕێچکە دەستکردەکانی نێو شارەکان و ئاوەڕۆکانی | ٩٢-٨٨ |
| باسی دووەم | | ژیانی زانستی لە شارەکانی خوراساندا | ١١٠-٩٣ |
| | تەوەری یەکەم | ناوەندەکانی خوێندن لەنێو شارەکاندا | ٩٨-٩٤ |
| | تەوەری دووەم | ڕۆڵی بەرپرسان لە پەرەپێدانی ڕەوشی زانستەکان | ١٠٧-٩٩ |
| | تەوەری سێیەم | دانیشتوانی شارەکان و ڕۆڵیان لە ژیانی زانستیدا | ١١٠-١٠٨ |
| | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| باسی سێیەم | پێگەی ئابووری شارەکانی خوراسان و گەشەکردنیان وەکو ناوەندێکی شارستانی | | ١٣٠-١١١ |
| | تەوەری یەکەم | کشتوکاڵ و ئاژەڵداری | ١١٥-١١١ |
| | تەوەری دووەم | شار وەک ناوەندی بازرگانی | ١٢٢-١١٦ |
| | تەوەری سێیەم | شارەکان وەک ناوەندی پیشەسازیەکان | ١٣٠-١٢٣ |
| **ئەنجام** | | | ١٣٣-١٣١ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | | | ١٤٨-١٣٥ |
| **پاشکۆکان** | | | ١٥٨-١٥٠ |
| **ملخص البحث** | | | ١٥٩ |
| **Abstract** | | | ١٦٠ |

# پێشەکی:

## یەکەم: گرنگی توێژینەوە:

شارستانییەتی مرۆیی ئاوێنەی ژیان و هەوڵی مرۆڤەکانەو هەر بەرهەم و کاریگیان بەردێکە و کۆشکی ژیاریی جڤاتێکی دیارکراوی پێ دروست دەبێت، جا ئەو کارە وەک داهێنانێک بێت یان هەوڵدانێکی زیاتر یاخود بە مەنزڵ گەیاندنی کاروانێکی زانستی یاخود مەعنەوی یان ماددی بێت، یان هەر بیرۆکە و ئایدیایەک کە مرۆڤایەتی پێ پێش دەکەوێت، ئەم جێدەستانەی مرۆڤەکان هەمیشە لە بەشێک لەم سەرزەویەی ماڵی مرۆڤەکان بووە. ئێمەی مرۆڤ ئارەزوومەندی کۆبوونەوەین لە دەوری یەکتر، بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێویستیە ماددی و مەعنەویەکانمان، لە ئەنجامی کۆبوونەوەی مرۆڤەکان کۆمەڵە جیاوازەکان و شوێنی نیشتەجێبوونە جیاوازەکانی وەک ڕەشماڵ و گوند و شارەکان دروستبوون، لێرەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیەی ئێمە دەردەکەوێت، لەو ڕووەوە کە لە یەکەی شار دەکۆڵێتەوە، سەرباری ئەوە ڕۆڵە ناوەندێتیەکەی بۆ شارستانییەت دەخەینەڕوو.

## دووەم: ئامانجی توێژینەوە:

شار گەورەترین شوێنی کۆبوونەوەی مرۆڤەکان بووە و گەشەسەندوترین شوێنی بووە، لەڕووی تەلار و خانەی نیشتەجێبوونەوە و لەڕووی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤەکان بۆ یەکتری، ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش بەناونیشانی (شار وەک ناوەندی گەشەکردنی شارستانییەت شارەکانی هەرێمی خوراسان بەنموونە، سەدەکانی ٤ و ٥ کۆچی/ ١٠ و ١١ زاینی)، هەوڵێکە بۆ ڕۆچوون لە واتاکانی شار و پێکهاتە و پێکهێنەرەکانی و ئەو گەشەسەندنانەی بەخششی شارن و ناکرێت لە گوندێکدا بەدەست بێن، سەرەنجام خستنەڕووی شار وەک ناوەندێک بۆ گەشەکردنە شارستانیەکان، چونکە توێژەرانی ئەم بوارە پێیان وایە شار ناوەندی تیشکدانەوەی شارستانییەتە[1]، ئەمە لەگەڵ ئەو ڕۆڵە گەورەیەی گوندەکان بۆ کاملکردنی شارەکان کردوویانە، بەڵام ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵی ناوەندی شارەکانە لەم پڕۆسەیەدا.

---

[1] فەرهاد حاجی عبوش: المدینة الکردیة من قرن (٤_٧هـ/١٠_١٣م)، ط١، دار سپیریز، دهوک_کردستان العراق_ ٢٠٠٤م، ص١٩.

سەبارەت بە نموونەی توێژینەوەکەمان (شارەکانی هەرێمی خوراسان) گرنگیەکی تایبەتیان هەیە، چونکە کاتێک بمانەوێت لە شارستانییەتی ئیسلامی و سەدەکانی ناوەڕاست شارەزابین ناتوانین لە شارستانییەتی شارەکانی وەک (نیشابور و بەڵخ و هورات و مەرو و غەزنین) بێنیازبین.

**سێیەم: هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە:**

سەرەڕای حەزی توێژەر بۆ بواری شارستانییەت و شارناسی، هۆکارێکی دیکەی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی توێژینەوە لە بواری شار و شارناسی و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بواری مێژووی شارستانییەتدا، لەم سۆنگیەوە بەپێویستمان زانی توێژینەوە لە بواری شارناسیدا ئەنجام بدەین، سەبارەت بە نموونە مێژووییەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەریەی هەرێمی خوراسان لە مێژووی جیهانی ئیسلامی و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەیبووە، هەروەها ئەو گرنگیەی کە شارەکانی خوراسان هەیانبووە لە نێو ژیاری ئیسلامی و لەناو تۆڕی بازرگانی و تەونی زانست و زانیارییدا، بووە هۆکار تاوەکو ئێمە نموونەی مێژوویی توێژینەوەکەمان لەم هەرێمە وەربگرین.

سەرەڕای ئەوەی باسکرا هۆکارێکی دیکەی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە زمانی کوردی توێژینەوە لە بواری شار و شارناسیدا بکرێت، ئەگەرچی لە کایەی ئەکادیمی کوردیدا هەوڵی زۆرباش هەبوون لەبواری توێژینەوە لە شارە کوردیەکان، وەکو تێزە بەپێزەکەی بەڕێز (د.فەرهاد حاجی عبوش) بە ناونیشانی (المدينة الكوردية بين القرنين ٤-٧هـ/ ١٠-١٣ز)، ئێمەش خواستمان ئەوەبوو لەم بوارەدا بەکوردی چەڵەمەی دەرگایەکی بواری شارناسی بکەینەوە، شوێنی توێژینەوەش هەرێمی خوراسانمان هەڵبژارد، چونکە لە ڕۆژگاری سەدەکانی ناوەڕاستدا کاریگەری زۆری لەسەر هەرێمە کوردیەکان و میرنشینە کوردیەکان هەبووە، هەموو ئەمانە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بوون.

**چوارەم: میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەیەماندا پشتمان بە ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی ڕاڤەی دەقەکان و دووبارە ڕستنەوەیان بەستووە، بۆ دروستکردنی وێنایەکی مێژوویی کە هاوشان یاخود نزیک لە وێنە ڕابردووەکەی شار بێت و تێیدا ڕۆڵی شار و شارنشینان لە شارستانییەتدا بخەینەڕوو، ئەمەش بە دووبارە خوێندنەوەی دەقەکان و شیکردنەوەیان دەبێت، کە هاوتا لەگەڵ بیرکردنەوەی مێژوویی تێکەڵ بە وێناکردنێکی زانستی دروست، بۆ ئەمەش میتۆدی توێژینەوەی (وەسفی و شیکاریمان گرتۆتەبەر). هەروەها لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین پابەندبین بە ڕێژەی دیاریکراو بۆ نوسینی نامەی ماستەر و خستنەڕووی زانیارییەکان، نە درێژدادڕی ناپێویست بکەین و نە کەمتەرخەمی لە

هێنانی دەقی پێویستدا بکەین، ئەگەرچی کەس بێ بەش نیە لە کەموکوڕی، هەربۆیە ئەوپەڕی توانا دەخەینە گەڕ بۆ هێنانی هەردەقێک کە پەیوەندیی بە کارەکەمانەوە هەبێت.

**پێنجەم: پێکهاتەی توێژینەوە:**

بەپێویستی دەزانین ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لەم بەرکۆڵەدا بخەینە بەرچاو، ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێک دێت، **بەشی یەکەم**، کە لە دووباس و هەرباسێک لە سێ تەوەر پێکدێت، لەباسی یەکەمدا سەرەتایەکی جوگرافی-مێژوویی بۆ هەرێمی خوراسان دەخرێتە ڕوو لەسەر ناو و سنور و کەش و هەوای هەرێمەکە و پرۆسەی فەتحکردنی، لە باسی دووەمیشدا گرنگترین شارەکانی خوراسان و پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی هەرێمەکە بەئامانج دەگیرێت، داڕشتنی بەشێکی لەم شێوەیە لە سەرەتای کارەکەمانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەرچاوڕۆشنیەک لەڕووی کات و شوێنەوە بۆ مەیدانی توێژینەوەکەمان بکەین، تاوەکو دیاری بکەین کە دەمانەوێت لەسەر چ شوێن و قۆناغێکی هەرێمی خوراسان کار بکەین.

**بەشی دووەم**، بەهەمان شێوە لە دوو باس پێک دێت و هەرباسێک لە سێ تەوەرە ، لەم بەشەدا هەوڵدراوە بە دوو ئاڕاستە کاربکرێت، ئاڕاستەی یەکەم بەرەوڕووی لایەنی بیردۆزەیی شار و شارنشینی، کە لە باسی یەکەمدا خۆی دەبینێتەوە و تێیدا بە سێ تەوەر، چەمکی شار و شارنشینی لەڕووی پێناسە و پێکهاتە و دروستبوونەوە دەخرێتەڕوو، لە باسی دووەمدا باس لە شارەکانی خوراسان لەڕووی ئاستی ئاوەدانی و بوونی پێکهاتەکانی شارەوە دەکرێت، لەم بەشەدا زۆرتر ڕوو لە بابەتی شار کراوە، بەڵام هەمیشە ڕێگەی کورتبڕ گیراوەتە بەر، ئەمەش بە ئامانجی تەواوکردنی ئەو تێکەڵەیە کە دەمانەوێت دەربارەی شار و شارنشینی بیخەینە ڕوو، تاوەکو درێژدادڕی زۆر دوورمان نەخاتەوە لە ئامانج.

**بەشی سێیەم**، کە تەرخانکراوە بۆ شار و پێگەی لە گەشەکردنی شارستانییەتدا لە هەرێمی خوراساندا، لە باسی یەکەم بە سێ تەوەر پێکهاتە بوونیادیەکانی شار دەخرێتە ڕوو، باسی دووەم کە لە سێ تەوەر پێکدێت، تێیدا هەوڵ دەدرێت ژیانی زانستی شارەکانی خوراسان و هۆکارە پاڵنەرەکانی پشتی گەشەکردنی زانست و لەو شارانەدا ڕوون بکرێتەوە، لە باسی سێیەمدا ژیانی ئابووری شارەکان لەڕووی کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەسازیەوە دەخرێتە ڕوو، کە بە سێ تەوەر باسیان لێوە دەکرێت. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوە و لیستی سەرچاوەکان دەخرێتە ڕوو.

**شەشەم: گرفتی توێژینەوە:**

سەبارەت بە گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکەمان، ئەگەرچی گرفتێکی ئەوتۆی بێ چارەسەر بوونی نەبووە، بەڵام هەندێک ڕێگری هەبوون کە بۆ هەر توێژەرێکی دیکە زۆرجار دێنەپێش، بۆ ئێمە بەتایبەتی کە بابەتەکەمان بۆ ناو کایەی کوردی نوێیە، ئەگەری ئەو گرفتانە زیاتربوون، بەپێی ئەو شێوازەی ئێمە دەمانویست لەسەری بەردەوامبین کە پێکهێنانی وێنایەک بوو لەشار و پاشان ڕۆڵی لە شارستانییەتدا، کەمێک زەحمەت بوو بتوانین ئەو هەویرە دروستبکەین کە دەمانویست، چونکە کۆمەڵێک زانیاریی پەرتەوازە و هەندێک کەم و هەندێک جار زۆری شپرز و لە زۆربەی حاڵەتیشدا دووبارە، چونکە وڵاتناسانی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆربەکەمی زانیاریی خۆیان نوسیوەتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرینەیان زانیاریی وڵاتناسێکی ئیسلامی دیکەیان دووبارە کردۆتەوە کە پێش خۆیان بووە، بەنموونە زۆربەیان زانیارییەکانی (الاصطخری)یان دووبارە کردۆتەوە، بەدەگمەن نەبێت وەکو (المقدسی: صورة الارض)، ئەمەش بۆ دروستکردنی وێنەیەکی مێژوویی شار لە کات و شوێنی دیاریکراودا کەمێک ئەستەم بوو.

لەم پێشەکیەدا شوێنی خۆیەتی ئاماژە بە چەند تێبینیەک بدەین لەسەر چوارچێوەی توێژینەوەکە و ئەو شێوازەی توێژەر گرتویەتیە بەر بۆ کارکردن، سەرەتا دەڵێین ئەگەر هەمان ئەم توێژینەویەی ئێمە کەسێکی دیکە ئەنجامی بدات جیاواز دەبێت، هەربۆیە ئێمە بەشێوازی خۆمان و بە پەیڕەویکردن لە بنەما زانستیەکانی میتۆدی توێژینەوە کارمان کردووە، لە هەندێک شوێندا هەندێ زانیارییمان هێناوە کە لەڕووی زەمەنیەوە دوورترە لە ماوەی وەرگیراو، ئەمەش ئەو کاتەیە کە پێویستمان بە وەها زانیارییەک بووە، لە هەندێک شوێندا تەنها بە چەند نموونەیەک کۆتاییمان بەباتەکە هێناوە، ئەمەش تەنها بۆ ئەوە بووە لە مەبەستی سەرەکی دوور نەکەوینەوە.

**حەوتەم: شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

سەرچاوە بەکارهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆیان لە چەند جۆرێک سەرچاوەدا دەبیننەوە، چونکە لە سێ بەشی جیاوازدا هەوڵمانداوە ئامانجی توێژینەوە بەدی بهێنین، بۆ ئەو سێ بەشەش پشتمان بە سەرچاوەی تایبەتی ئەو بوارە بەستووە، بۆ نموونە کاتێک لە بەشی یەکەمدا کە ناساندنی هەرێمی خوراسانە پشتمان بە سەرچاوە جیاوازەکانی جوگرافیناس و پەرتوکی لەشکرکێشیەکان و پەرتوکە مێژووییەکان بەستووە، لەبەشی دووەمدا و لە باسی یەکەمدا کە بۆ شار و شارنشینی لەڕووی بیردۆزەییەوە تەرخانکراوە، هەوڵدراوە ئەو سەرچاوانە بەکاربهێنرێت کە تایبەتن بە دروستبوونی شارەکان و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە پێکهاتەکانی شار، سەرەڕای ئەوە بۆ هەر باس و تەوەرێک و هەر زانیارییەک کە پێویستمان بووبێت هەوڵمانداوە لە بواری

خۆیدا ژێدەر و سەرچاوەی بۆ پەیدابکەین، دواتر ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە لە بەکارهێنانی سەرچاوەکاندا هەوڵمانداوە خۆمان بپارێزین لە زیادەڕەوی و سەرچاوەزیادکردن.

بەکورتی لێرەدا گرنگترین سەرچاوە بەکارهاتووەکان دەخەینەڕوو:

**یەکەم/ سەرچاوە ڕەسەنەکان:**

١. *کتێبەکانی وڵاتناسان و گەڕیدەکان:*

دەتوانین بڵێین پەرتوکی وڵاتناسەکان و پاشان گەڕیدەکان لە سەرەکیترین سەرچاوە ڕەسەنەکان بوون کە زانیاریی زۆر ورد و تایبەتمان لێ وەرگرتوون، چونکە ئەم جۆرە لە سەرچاوە زیاتر نزیک بوون لە ژیانی خەڵک، دیوێکی ڕەوتی مێژوویان نیشانداوە کە بە کەمی لە سەرچاوە مێژوویەکاندا لێی هەڵدەکەوین.

یەکەم و پێشەنگی ئەو سەرچاوانەی لە پەرتوکە جوگرافیناس و گەڕیدەییەکاندا زۆر سودمان لێبینیوە، کتێبەکەی جوگرافیناسی بەناوبانگ (**الأصطخری** م ٣٤٦ک / ٩٥٧ز) بەناوی(**المسالک والممالک**)، هەرچەند بڵێین لەسەر ئەم سەرچاوەیە هێشتا بە کەمی دەزانم، ئەم سەرچاوەیە گرنگیەکەی لەوەدایە کاتێک باسی هەرێمی خوراسان دەکات، زۆر بەوردی و بە ڕوونی باسی هەرێمەکە دەکات لەڕووی سنوریەوە، پاشان چوار شارە گەورەکە و شارەکانی دیکەش بەدوایاندا، زۆر بەجوانی دابەشبوونی هەرێمەکەی خستۆتەڕوو.

ئەم وڵاتناسە (الأصطخری) لە دوای گەشتێک بەنێو وڵاتانی ئیسلامیدا، کتێبەکەی خۆی نوسیوە، لەم کتێبەدا کۆمەڵێک زانیاریی ورد لەسەر شارەکانی خوراسان دەخاتەڕوو کە دەگمەن لە سەرچاوەکانی دیکەدا دەست دەکەون، ئەگەرچی (الاصطخری) زۆر پشتی بە کتێبی (صور الأقالیم)ی (أبو زید البلخی) بەستووە، کە ئێمە دەستنوسی ئەم کتێبەمان بەکارهێناوە، دوو کتێبی زۆر نزیکن لەیەکتر، هەربۆیە ئێمە زۆر پشتمان پێ بەستوون، بەتایبەت بۆ سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی، بەتایبەتتر بۆ سنوری هەرێمی خوراسان، بەشێوەیەکی گشتی لە زۆربەی تەوەرەکانی توێژینەوەکەماندا پشتمان بە (**المسالک و الممالک**) بەستووە.

کتێبێکی دیکە لە نوسینی جوگرافیناس (المقدسي٣٩٠ک / ٩٨٥ز) (**أحسن التقاسیم في معرفة الأقالیم**) کتێبێکی زۆر ڕێکوپێکترە لە کتێبی پێشوو، کە باسمان کرد، کە ئەم هیچ لە بەهای ئەوەی پێشوو کەم ناکاتەوە، مەبەستمان ئەوەیە ئەم کتێبە زیاتر هونەری نوسین و دابەشکردنی تێدا خراوەتەڕوو، ئێمە بەگشتی پشتمان بەم سەرچاوە جوگرافیناسیە بەستووە، بەتایبەت لە بەشی دووەم و باسی یەکەم و لە تەوەری یەکەمدا (ئاستی ئاوەدانی شارەکانی خوراسان) زۆر پشتمان بەم سەرچاوەیە بەستووە، ئەمەش بەهۆی دوو تایبەتمەندیەوە بووە کە لەم سەرچاوەیەدا هەبووە، یەکەم ئەو ماوەیەی نوسەر(المقدسي) تێدا ژیاوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ماوەی

تـــوێژینەوەکەی ئــێمەوە هەیە، دووەم بــریتیە لە پســـپۆڕی ئەم کتێــبە لە دابەشـــکردنی شـــار و ئاواییەکانی هەرێمەکەدا، هەر ئەم دوو هۆکارەیە ئەم کتێبە لای ئێمە کەوتە پێش کتێبی (صـورة الأرض) کە لە خوارەوە باسی دەکەین.

چەند کتێبێکی  دیکەی جوگرافیناس هەیە بۆ هەندێ زانیاریی جیاواز و ماوەی جیاواز پشتمان پێ بەستوون، یەکێک لەوانە کتێبی (ابن حوقل ٣٧٧ک / ٩٨٧ز: **صـورة الأرض**) کە بەشێوەیەکی باش پشتمان بە زانیارییەکانی بەستووە، پاشان کتێبی (یاقوت الحموی ٦٢٦ک/ ١٢٢٩ز : **معجم البلدان**)ە، ئەوەندە هەیە ئێمە تەنها بۆ ئەو زانیارییانە بۆ ئەم کتێبە گەڕاوینەتەوە کە لەلای ئەم دەســتمان دەکەوێت و بەس، بەنمـوونە بـۆ بەراوردکردنــی بــاری شــارەکان لە پــێش هێرشــی مەغۆلەکــان و دوای هێرشــی مەغۆلەکــان، کتێبــی دوای ئەمــان بــریتیە لە (ابــی زکریــا القزوینــي ٦٨٢ک/١٢٨٣ز: **آثــار الــبلاد و أخبــار العبــاد**) ئەمەش بەهــۆی ئەوەی ســەردەمەکەی لە مــاوەی توێژینەوەکەمانەوە دوورە کەمتر لەوانی پێشوو پشتمان بە زانیارییەکانی بەستووە.

٢. *سەرچاوەکانی مێژووی شار:*

بەشێکی  دیکەی سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئێمە ئەو کتێبانەن کە تایبەتن بە مێژووی شارێکی خوراسان، ئەگەرچی زانیارییەکانیان وەکو سەرچاوە جوگرافیناسەکان تێروپڕ نیە، بەڵام زانیــاریی جیاوازیــان لەخــۆ گرتــوە، ئەو ســەرچاوانەی بــۆ مێــژووی شــارەکان لەم تــوێژینەوەیەدا پشتمان پێ بەستوون، گرنگترینیان ئەمانەن:

کتێبەکەی (أبو عبدالله حاکم نیشابوری م ٤٠٥ک/١٠١٤ز:**تاریخ نیشـابور**) یەکێکە لە کتێبە هەرە گرنگەکـان لەمەڕ مێـژووی شـاری نیشـابور بەتـایبەتی و لەبـارەی خوراسـان بەگشـتی، ئەم کتێبە ئەگەرچی بەشێکی کتێبە بنەڕەتیە ونبووەکەیە بە هەمان ناو، بەڵام بۆ شاری نیشابور زۆر بەسودە و زانیارییەکانیشی کاتێک بەراوردی دەکەین بە کتێبە جوگرافیناسەکانی  دیکە زانیـاریی تاڕادەیەک ڕاست و دروستن، بۆیە ئێمە زۆر سودمان لەم کتێبە بینیوە، کتێبێکی دیکەی مێژووی شار و شاری نیشابور کتێبی (عبدالغافر بن اسماعیل فارسی م ٥٢٩ک/١١٣٤ز: **تـاریخ نیشـابور_ المنتخب مـن السـیاق**)یە ئەم کتێبەش هەر سـەبارەت بە شـاری نیشـابورە، بەتـایبەت بـۆ نـاودارانی شـاری نیشابور، لەگەڵ ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەکانی  دیکەدا دەستمان نەکەوتووە.

کتێبێکـی گرنگـی  دیـکە لەنێـو سـەرچاوەکانی مێـژووی شـاردا کتێـبەکەی (علـی بـن زیـد بیهقـی ناسراو بە: إبن فندق م ٥٦٥ک/١١٦٩ز: **تاریخ بیهـق**)، ئەم کتێبە گرنگیەکەی لەوەدایە زانیارییەکانی زیاتر ڕوون و لۆجیکیترن لە کتێبەکانی  دیکە، درێژەی پێویستی داوە بە ڕووداو و بابەتەکانی و هەمەڕەنگە و زیـاتر گرنگی بە لایەنـی مێژوویـی داوە و بـۆ سـەردەمی خـۆی کتێبێکـی پسـپۆڕانەی مێـژوو بـووە، تەنـانەت لە سـەرەتای دانـراوەکەدا تـاوتوێی زانسـتی مێـژووی کـردووە، ئێمە لەم

توێژینەوەیەدا سودێکی زۆرمان لەم کتێبە بینیوە، بەتایبەت بۆ شارەکانی بەیهەق و نیشابور و تارادەیەک کەش و هەوای خوراسان بەگشتی.

کتێبێکی دیکەی تایبەت بە شارەکان کتێبی (سیفی هروي م: ٧٢١ک/١٣٢١ز: **پیراستە تاریخنامەء هورات**) ئەم کتێبە بۆ مێژووی شاری هورات زۆر گرنگە، بەڵام بەهۆی ماوە مێژووییەکەیەوە کەمتر سودمان لێ بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەندێک زانیاریی تایبەت سودی خۆی هەبووە، بەپێویستمان زانی لێرەدا هێمای بۆ بکەین.

٣. *سەرچاوەکانی کەسایەتی و ڕەچەڵەکناسیەکان (کتب الرجال و الانساب)* :

مەبەست لەو سەرچاوانەیە کە تەرخانکراون بۆ زانیاریی دەربارەی کەسایەتیەکان و ژیاننامە و کارەکانیان، ئەم کتێبانە گرنگیەکەیان لەوەدایە شتی زۆر ورد لەسەر کەسەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی و ژیانی زانستی کەس و ناوچە و شارەکان بەدەستەوە دەدەن لە دیارترین ئەو کتێبانە:

کتێبی (السمعانی م: ٥٦٢ک/١١٦٦ز: **الأنساب**) ئەم کتێبە کە تایبەتە بە ناساندنی کەسایەتیەکانی بواری زانستە جۆراو جۆرەکان، لەڕێگەی ئەو نازناوەی کە هەڵیانگرتووە، بەنموونە نیسابوری، لەژێر ئەم نازناوەدا باسی ئەو کەسانە دەکات کە هەڵگری پاشناوی نیسابورین، لە سەرەتای هەر نازناوێک ڕوونیکردۆتەوە ئەم نازناوە هۆکاری چیە و لە چیەوە هاتووە، جا بۆ ئەو مەبەستە ناوی زۆرێک لە شارەکانی خوراسانی هێناوە و باسی لێوە کردوون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ناوی زۆربەی زانا و ناودارەکانی خوراسانی هێناوە و زانیاریی دەربارەیان لەم کتێبەدا تۆمار کردووە.

**٤. *سەرچاوە گشتییەکان:***

سروشتی ئەم سەرچاوانە وایە زیاتر گرنگیان بە ڕووداوە سیاسی و سەربازیەکان داوە، هەربۆیە کەمتر سودیان بۆ ئەم توێژینەوەیەی ئێمە هەبووە، کە توێژینەوەیەکی شارستانیە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەندێ لایەنی وەکو پرۆسەی فەتحکردنی هەرێمەکە لەلایەن موسڵمانەکانەوە پشتمان بە هەندێک لەو سەرچاوانە بەستووە، لە پێشەنگی ئەوانەدا شاکارەکەی (ابن جریر الطبری م: ٣١٠ک/ ٩٢٢ز) (**تاریخ الأمم و الملوک**) ئەم پەرتوکە لەوەدا گرنگە کە بۆ یەک ڕووداو چەندین گێڕانەوەی مێژوویی و پشتڕاستکراوە بە زنجیرەی ئەو کەسانەی ئەو ڕووداوەیان دەماودەم گێڕاوەتەوە.

دووەم: **سەرچاوە نوێیەکان** :

زۆرن ئەو سەرچاوە نوێیانەی کە لەم توێژینەوەیەدا پشتمان پێ بەستوون، بۆ هەر تەوەر و باسێک سەرچاوەیەکی تایبەت و پسپۆڕ بەو بوارەمان هەڵبژاردووە، کە لێرەدا هەندێک لەو سەرچاوانە و گرنگیەکەیان بۆ ئەم توێژینەوەیەمان دەخەینە ڕوو.

هەردوو کتێبەکەی(شەهرام یوسفی فر) (**مناسبات شهر و شهرنشینی در دوره سلجوقیان**) و (**شهر وروستا درسدەهای میانه تاریخ ایران**)، کە دوو شاکاری زۆر گرنگن بۆ بواری شار و شارنشینی لە مێژووی ئێران بە تایبەتی و مێژووی ئیسلامی بەگشتی، چونکە دوو سەرچاوەی پسپۆڕن لەبوارەکەدا، لە دوای ئەمان کتێبەکەی (محمد عبدالستار عثمان: **المدینة الأسلامیة**) ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی بواری شارە لە جیهانی ئیسلامیدا.

(احسان ذنون الثامری : **الحیاة العلمیة فی خراسان فی زمن السامانین**) سەرچاوەیەکی دیکەیە و بۆ بواری زانست و زانایان زۆر سودمان لێ وەرگرتووە، سەرچاوەیەکە نەمانتوانیوە لێی بێنیازبین، لە دوای ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگ تێزی دکتۆراکەی (قحطان عبدالستار الحدیثی)ە لەژێر ناونیشانی (**خراسان فی العهد السامانی**)، ئەم کتێبە گرنگیەکەی لەوەدایە نوسەر خۆی پسپۆڕی مێژوو و شارستانییەتی خوراسان بووە.

سەرەڕای سەرچاوە نوێیەکان کە بە شیوەی کتێب هەبوون، ئێمە زۆر سودمان لە سایتی ئینتەرنێتی (**پایگاه مجلات تخصصی نور- noormags.ir**) بینیوە، تێیدا ئەو توێژینەوانە بڵاودەکرێتەوە کە لە وڵاتی ئێران و بەشێک لەوڵاتانی دیکە ئەنجام دراوە، زۆرجاریش کتێبێک دەناسێنێت، کە ئەمانە بۆ توێژەر سودی زۆر بووە.

# بەشی یەکەم:

# هەرێمی خوراسان

## باسی یەکەم: کورتە ناساندنێکی هەرێمەکە

**تەوەری یەکەم:**

**ناوی خوراسان و سنوری هەرێمەکە لە سەدەی ٤ و ٥ کۆچی/ ١٠ و ١١ زایینیدا.**

هەرێمی خوراسان بە هەرێمێکی گرنگی خیلافەتی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دادەنرێت، سەرەتا بۆ ناسینی ئەم هەرێمە لەڕووی ناو و سنورەوە دەستپێدەکەین.

**یەکەم: ناوی خوراسان و واتای ناوەکەی:**

ناوی خوراسان کە لە زمانی عەرەبیدا بە (خراسان) دەنوسرێت و بە خوراسان دەخوێنرێتەوە، لەنێو سەرچاوەکاندا بە چەند واتایەک لێکدراوەتەوە، بەکورتی سێ بۆچوونی جیاواز هەیە[١]، بۆچوونی یەکەم باس لەوە دەکات ناوی خوراسان دەگەڕێتەوە بۆ ناوی نەوەیەکی پێغەمبەر نوح، بە ناوی (خوراسان کوڕی عالج یان عالم کوڕی نوح). [٢] بۆچوونێکی دیکە بەم شێوەیەیە، گوایە وشەیەکی لێکدراوە پێکهاتووە لە وشەی (خر) بە واتای خۆر و (اسان) بە واتای شوێنی بنەڕەتی شتێک، لەم بۆچوونەوە خراسان بە واتای شوێنی هەڵهاتنی خۆر لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (مطلع الشمس) دێت.[٣] بۆچوونی سێیەم باس لەوە دەکات کە ناوی خوراسان دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو وشەی (خر یان خور) کە بە واتای تەواو یان هەموو دێت، وشەی (آسان) بە واتای ئاسان یان سانا دێت، بەم پێیەش واتای (خراسان) دەبێتە تەواو ئاسان کە لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (كل بسهولة) یان(كل بلا تعب، كل بالرفاهية) دێت، ئەمەش بۆ ئەوە گێڕدراوەتەوە کە وڵاتێکی پڕ خێر و بەرەکەتە وبژێوی تێیدا ئاسانە.[٤]

لەوباوەڕەداین ئەو بۆچوونەی ناوی خوراسان دەگەڕێنێتەوە بۆ لێکدراوی (خڕ- ئاسان) واتا تەواو ئاسان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەرامبەری وشەیەکە لە زمانی کوردیدا بە هەمان واتا (خڕ ئاسان)، ئەگەرچی (السمعاني) ئاماژە بەوە دەکات وشەکە دەرییە (زمانی فارسی ناوچەکانی

---

[١] بۆ زانینی تەواوی بۆچوونەکان بەیەکەوە بڕوانە: (ياقوت الحموي: معجم البلدان، ط٢، مطبعة دار الصادر، بيروت_١٩٩٥م، ج٢/ ص٣٥٠).

[٢] ابن الفقيه الهمداني: مختصر كتاب البلدان، تح/ يوسف الهادي، ط١، مطبعة عالم الكتب، بيروت_ ١٩٩٦، ص٦٠١ ؛ المقدسي: أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، ط٢، دار الصادر، بيروت_ (د.ت)، ص٢٦١.

[٣] السمعاني: الأنساب، تح/ عبدالرحمن معلمي، ط١، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، حيدرآباد_ ١٣٨٢هـ ج٥/ ص٧٠.

[٤] البكري: معجم ما استعجم من أسماء البلاد و المواضع، تح/ سقاء مصطفى، ط٣، مطبعة عالم الكتب، بيروت_١٤٠٣هـ ج٢/ ص٤٩٠.

ئەفغانستانی ئەمڕۆ)[1]. ئەم بۆچوونە بەلای ئێمەوە کەمتر پەسەندە چونکە لەگەڵ خوێندنەوە فارسی و عەرەبیەکەیدا نایەتەوە کە خوراسانە،ئەمە لەزمانی عەرەبی و فارسیدا بە خوراسان دەخوێنرێتەوە، بەم پێیەش ئەو بۆچوونەی وشەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ لێکدراوی (خور- اسان) بە واتای شوێنی هەڵاتنی خۆر زۆرتر نزیکە لە ڕاستیەوە و پاڵپشتی ئەم بۆچوونەش زیاترە[2]. سەرەتای ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان و گومان دەکرێت سەردەمی خوسرەو کوڕی ئانوشێروان بێت (٥٣١-٥٧٩ز) کاتێک ئەم پاشایە دەیەوێت ئیمپراتۆریەتی ساسانی بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوەببات، بۆ ئەو مەبەستە وڵات دابەش دەکات بۆ چوار بەش و بەشی ڕۆژهەڵات ناودەنێت خوراسان،[3] واتا بەشی خۆرهەڵاتی ئیمراتۆریەتەکەی، ئەگەرنا پێشتر ئەم هەرێمە و ناوچەکانی بەگشتی پێی وتراوە باختر.[4]

**دووەم: سنوری خوراسان:**

بەو پێیەی خوراسان هەرێمێکی کارگێڕی کۆنە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنی بەر لە هاتنی ئیسلام، لەبەرئەوە سەرەتا دەمانەوێت پێشەکیەک لەسەر سنوری ئەم هەرێمە پێش هاتنی موسڵمانەکان بۆ ناوچەکە باس بکەین، دواتر لە سەردەمی وەرگیراو بۆ توێژینەوەکەماندا بیخەینەڕوو.

خوراسان لە سەردەمی ساسانییەکاندا خراوەتە سەر ئیمپراتۆریەتەکەیان و بە چەند هەڵمەتێک شارە بەناوبانگەکانی داگیرکراوە، هەربۆیە لە ساتەوەختی فتوحاتی موسڵمانەکاندا ئەم هەرێمە سەربە ئیمپراتۆریەتی ساسانی بووە و بەشێکی سەرەکیی چوار بەشەکەی ئیمپراتۆریەتی ساسانی پێکهێناوە.[5]

---

[1] السمعاني: م.س، ص٧٠.

[2] ن.م، ص٧٠ ؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بۆچوونە بڕوانە: (علی کرم همدانی: خراسان، دائرة المعارف بزرگ اسلامی، چ١، انتشارات مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلامی، تهران_١٣٦٧ش، مج٢٢/ ص ١٥٤ ).

[3] علی کرم همدانی: م.پ، ص١٥٤.

[4] باختر: ناوی شانشینێکی نیوەئەفسانەیی کۆنتربووە و بنکەکەی شاری بەڵخ بووە، هەربۆیە دەبینین موسڵمانەکانیش نازناوی (ام البلاد)یان بەکاردەهێنا بۆ شاری بەڵخ، کە بەواتای دایکی وڵاتان دێت، ئەمەش لەبەرئەوەی چەندین شاری دیکە سەر بەم شارە بوون وەکو شاری مەرو، بڕوانە: (بارتولد: دیکەکستان نامە، دیکە/ کریم کشاورز، چ٢، انتشارات آگاە، تهران_١٣٦٦ش، ج١/ ص١٩٢)، جگە لەوە باختر بە واتای ڕۆژئاواش هاتووە، چونکە جیاکراوەتەوە لە وشەی پاختر، کە بە واتای باکور دێت، بڕوانە : (علی کرم همدانی: م.پ، ص ١٥٤)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( لاپەڕە(٣٠)ی ئەم توێژینەوە).

[5] علی کرم همدانی: م.پ، ص ص١٥٤_١٧٤.

خوراسان له سەردەمی ساسانییەکاندا دابەشکرابوو بۆ چوار بەشی کارگێڕی، که هەر بەشێکی شارێک ناوەندی بووە، شارەکانیش هەر چوار شاری (بەلخ و هورات و مەرو و نیشاپور) بوون. که لەگەڵ ئەم شارانەدا چەندین ئاوایی و شارەدێی دیکه بەڕێوەدەبران ، کۆی هەرێمەکه لەم سەردەمەدا شارەکانی نیشابور و هورات و مەرو و مەروروذ و فاریاب و طالقان و بەڵخ و بوخارا و باذغیس و باورد و غرشستان و طوس و سرخس و جوزجان لەخۆدەگرت و کۆی هەرێمەکه یەک سەرۆک هەبووە و سەربه ساسانییەکان بووە و پێی وتراوە (اصبهذ)[(١)] ، بنکەی سەرەکی هەرێمەکه شاری نیشاپور بووە و (اصبهذ)ی خوراسان لەم شارەدا دانیشتووە.[(٢)]

ئەم دابەشبوونەی خوراسان لەگەڵ هاتنی هەڵمەتی موسڵمانەکان، وەکو خۆی مایەوە، بەڵام بەپێی سەردەمە جیاوازەکان فراوانبوونی بەخۆیەوە بینیوە، لەم بارەیەوە (المقدسی) شارەکانی خوراسان دیاری دەکات و هەرێمەکه دابەش دەکات بۆ چەندین بەش، یەک بەیەک ناوی شار و ئاواییەکانی ئەم هەرێمە دەهێنێت، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە هەرێمەکه له چوار بەشەوە دابەشبوونەکەی دەگۆڕێت بۆ نۆ بەش.[(٣)]

سەبارەت به سنوری هەرێمی خوراسان له سەدەی چوارەمی کۆچیدا، (الاصطخری) دەڵێت: "سنورەکەی له ڕۆژهەڵاتیەوە ناوچەکانی سجستان و وڵاتی هند دەورەی داوە و له ڕۆژئاوایشەوە بیابانی غوزی وناوچەکانی جوزجان، باکووری به وڵاتی ئەوبەر ڕووبار و شتێک له وڵاتی تورک دەگات، باشورەکەی به بیابانی فارس و قومس"[(٤)]. بەم پێیەی سنوری خوراسان له سەدەی چوارەمی کۆچیدا دیاریکراوە و جودایه له هەرێمەکانی (ماوراءالنهر و خوارزم)، خوارەزمیش که لەسەر ئەودیوڕووبار (ماوراء النهر) ئەژمار کراوە لەبەرئەوەیە زیاتر له بوخاراوە نزیکه تاوەکو له خوراسانەوە، شاری خەتل شارێکی سنوری بووە و لەلایەن بەشێک له جوگرافیناسانەوە لەسەر ئەودیو ڕووبار ئەژمار کراوە.[(٥)]

---

(١) الیعقوبی: تاریخ الیعقوبی، تح/ محمد صادق بحر العلوم، ط١، منشورات المکتبة الحیدریة، (النجف_١٩٦٤)، ج١، ص١٥٤ ؛ ئەم وشەیە (اصبهذ) که به چەندین شێوەی وەک (اصبهبد، اسپهبذ، اصفهبذ) له سەرچاوەکاندا هاتووە، پۆستێکی سەربازی و کارگێڕی سەردەمی ساسانییەکان بووە، بۆ هەریەکه لەو چوار هەرێمەی سەردەمی خوسرەو کوڕی ئانوشێروان (٥٣١_٥٧٩ز) دانرابوو، وشەکه فارسی دەریە و له بنەڕەتدا اسپاه سالار بووە و عەرەبەکان گۆڕیویانه بۆ (اصبهذ) به واتای سوپاسالار، بۆ ئەو مەبەسته بڕوانه: (عبدالحی حبیبی: تاریخ افغانستان بعد از اسلام، چ١، انتشارات افسون، تهران_١٣٨٠ش، ص ٨١).

(٢) علی کرم همدانی: م.پ، مج٢٢/ ص١٥٤_١٧٤.

(٣) م.س، ص ص٢٩٤_٣٠٤.

(٤) المسالک و الممالک، تح/ محمد جابر عبدالعال حینی، ط١، الهیئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة_٢٠٠٤، ص١٤٥.

(٥) إبن بلخی: صور الأقالیم، مخطوطة غیر محققة، الورقة ١١٢.

بۆ زانینی سنوری هەرێمەکە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا زیاتر پشتمان بە بۆچوونەکەی یاقوت الحموی(م ٦٢٦ک/ ١٢٢٩ز) بەستووە لەبەرئەوەی نزیکترین سەرچاوەیە بۆ زانیاریی دەربارەی سەدەی پێنجەم و نزیکییەکی زۆریشی هەیە لەگەڵ بۆچوونەکەی (الاصطخری) ویاقوت دا ، تاکە سەرچاوەی ڕەسەنە دوای سەدەی پێنجەم بەم شێوەیە باسی خوراسان بکات، کە دەڵێت: "وڵاتێکی فراوانە، سەرەتای سنورەکەی لە عێراق و قەصەبەی جوین و بەیهەقەوەیە، کۆتایی سنورەکەی دەگاتە هیند و طخارستان و غزنە و سجستان و کرمان، ئەوەش بەشێک نیە لێی بەڵکو دەوروبەری سنورەکەیەتی".[١]

دەربارەی شارەکانی خوراسان لەم ماوەیەدا بە گشتی ناوی ئەمانە هاتووە: لە شارە هەرە گەورەکان، بەڵخ و نیشابور و هورات و مەرو، لە شارەکانی دیکەی لەوان بچوکتر بەس بەناوبانگ، طالقان و قوهستان و طوس و نسا و أبیورد و سرخس و أسفزار و بوشنج و باذغیس و گنج رستاق و مەروروذ و جوزجان و غرج الشار و البامیان و طخارستان و زم و آمل.[٢]

شایانی باسکردنە بۆچوونی جیاواز لەوانەی سەرەوە بوونی هەیە ، بەتایبەت بۆ شارەکانی خوراسان و چوار بەشەکەی، زیاتر باس لەوە دەکەن هەرێمی (ماوراء النهر) ئەودیوڕووبار سەر بە یەکێک لە چوار هەرێمەکەی خوراسانە، سەرەڕای بوونی بۆچوونی دیکەش بەڵام ئێمە بۆ گەڕانەوە بۆ زانیارییەکانی سەدەکانی(٤و٥ک) پشت بە (الاصطخری) دەبەستین کە زیاتر لەلایەن (یاقوت الحموی) بەکارهاتووە،[٣]، ئێمە پێمان وایە بۆچوونەکەی (الاصطخری) دڵنیاترە و لەلایەن جوگرافیناسی ئیسلامی (یاقوت الحموی) هەمان بۆچوونمان دەست دەکەوێت، لەلایەن نوسەرانی نوێوە پاڵپشتیکراوە، وەک جوگرافیناسی ئینگلیزی (کی لیسترنج) دەڵێت: "ناوی خراسان لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەشێوەیەکی گشتی، بە سەرجەم هەرێمە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی بیابانی گەورە تاوەکو چیاکانی هیند دەوترا"، بەڵام دواتر دەڵێت:"خوراسان، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا یەکێک بووە لە هەرێمەکانی وڵاتی ئێران، کە لە ڕووباری جیحون تێنەدەپەڕی لە باکووری ڕۆژهەڵات".[٤] لەم بۆچوونەوە دەردەکەوێت کە کی لسترنج پێی وایە لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستادا هەرێمی خوراسان زۆر فراوان بووە، بەڵام دواتر بچووک بۆتەوە بەو شێوەیەی کە هەندێک لە جوگرافیناسە موسڵمانەکان ئاماژەی پێ دەکەن .

---

[١] م.س، ج٢/ ص٣٥٠.

[٢] ابن بلخی: م.س، الورقة ١١٢ ؛ الاصطخری: م.س، ص١٤٥ ؛ یاقوت الحموی: م.س، ج٢/ ص٣٥٠.

[٣] ئەم بۆچوون جیاوازییە لەلای جوگرافیناس (ابن خرداذبە) هەیە بڕوانە: (المسالک و الممالک، ط١، مطبعة دار الصادر، بیروت_١٩٩٢، ص١٨).

[٤] بلدان خلافة الشرقیة، دیکە: بشیر فرنسیس و کورکیس عواد، ط١، مطبعة شریف رضا، قم_ ایران _١٤١٣هـ ص٤٢٣.

**تەوەری دووەم:**

## تۆبۆگرافیا و کەش و هەوای خوراسان:

### یەکەم: تۆبۆگرافیای خوراسان:

لەم بارەیەوە دوو جۆر سەرچاوەمان لەبەردەستدایە، سەرچاوە مێژووییەکان و سەرچاوە نوێیەکانی جوگرافیای ئەو وڵاتانەی کە لە هەرێمی خۆراسان دروستبوون[1]، لێرەدا ڕووبەڕووی دوو کێشە دەبینەوە، کێشەیەک لە بەکارهێنانی سەرچاوە کۆنەکاندایە، کە بەشێوازی نوسینی ئەو سەردەمە باس لە شارەکان و سروشتی جوگرافیای ناوچەکان دەکەن، کەمتر ئاماژە بە تۆبۆگرافیا بەگشتی و کەش و ئاووهەوا بەتایبەتی دەکەن، بۆ ئەو مەبەستە هاوتا لەگەڵ سەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلامیدا، بۆ بابەتی تۆبۆگرافیا و ئاووهەوا پەنامان بردۆتە بەر سەرچاوە ئەکادیمیە نوێیەکان.

سەرەتا دەمانەوێت ئەوە بخەینە ڕوو هەرێمی خوراسانی سەدەکانی (٤ و ٥ ی کۆچی) لە ئێستادا بەسەر سێ وڵاتی ئێران و ئەفغانستان و تورکمانستاندا دابەش بووە، ئەم هەرێمە خاوەنی ئاووهەوایەکی هەمەچەشنە و تێکەڵەیەک لە تۆبۆگرافیای جیاوازی شاخ و پێ دەشت و بیابان و ڕووبار لەخۆ دەگرێت.[2] وەک ئاشکرایە کەش و هەوای ناوچەشاخاوییەکانی خوراسان جیاوازە لە ناوچە دەشت و بیابانەکان و کەنارییەکانی، تەنانەت هەر یەکێ لەم پێکهاتە جیاوازانەی تۆبۆگرافیای خوراسان و هەرناوچەیەکی دیکەی جیهان لە هەر سەردەمێکدا جیاوازی تەواو هەیە لە کەش و هەوایاندا.

بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە جوگرافییەکانی سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی، بەشێوەیەکی گشتی هەمان هەمە چەشنی ئاو و هەوا و بەرزی و نزمی دەبینین لە هەرێمی خوراساندا، بە نموونە لە باسی شارەکاندا هەر شارە و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، لەڕووی بوونی ڕووبار و

---

[1] لێرەدا مەبەست ئەو وڵاتانەیە دوای سەدەی بیستەم لە ناوچەکانی هەرێمی خوراسانی سەدەکانی ناوەڕاستدا دروستکران و هەرێمێک بەناوی خوراسان بوونی نەما و بەش بەش کرا، جگە لەوەی وەک ناوێک بۆ سێ ئوستان (پاریزگا)ی وڵاتی ئێرانی ئێستا مایەوە، کە ئەوانیش ئوستانی خوراسانی شمالی و خوراسانی رضوی و خوراسانی جنوبیە، واتا دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دیاریکردنی سنوری وڵاتی ئێرانی نوێ، چەند وڵاتێک لە زەوییەکانی هەرێمی خوراسانی سەدەکانی ناوەڕاستدا دروستبوون، ئێستا بەشێکە لەو وڵاتانە، ئەوانیش: دیکەکمانستان و ئێران و ئەفغانستانن. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: (علی کرم همدانی: م.پ، ص١٥٤).

[2] حسن طه نجم: الموسوعة الجغرافية للعالم الأسلامي: ط١، مطبعة جامعة الامام، سعودية_١٤١٩هـ مج٥/ ص٢٨١_٢٨٥، ٤٤١_٤٤٦.

چەم و شاخ و پێ دەشت و دارستانەوە، هەروەها لەڕووی وشکی ئاووهەوای ئەو شارە یان خۆشی ئاو و هەواکەی، یاخود نەبوونی هیچ ڕووبار و شاخ و پێ دەشتێکی بەپیت و هەڵکەوتنی شارێک لە ناو سارادا، ئەمانەش بەڕوونی لە سەرچاوەکاندا گێڕدراونەتەوە، بەنموونە شاری مەرو سرخس بە بیابان و بەیهەق بە شاخاوی و نیشابور بە هاوسەنگی لە گەرمی و سارديدا[١]، هەموو سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە هەرێمی خوراسان خاوەن ئاو و هەوایەکی هەمە چەشن و تۆبۆگرافیایەکی جیاواز بووە، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا وەکو جوگرافیای سروشتی وڵاتێک لە زانستە مرۆییەکاندا بوونی هەیە ناتوانین بەو شێوەیە جوگرافیای سروشتی هەرێمەکە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وێنا بکەین، چونکە وەک پێشتر وتمان هەرێمەکە وەک خۆی نەماوە و دابەشکاری تێدا کراوە.

سەرەتا لە خودی هەرێمەکەوە دەستپێدەکەین، بۆ ئەم مەبەستە ابن خلدون نوسیویتی: "ئەم هەرێمە دەکەوێتە چوارچێوەی هەرێمی چوارەمی ئاوەدانی زەوییەوە، ئەم هەرێمی چوارەمەش بەهۆی ڕێک و هاوسەنگ بەرکەوتنی خۆرەوە بۆسەری ئاوەدانیش تێیدا ناوەندگیرە"[٢]، لێرەدا ابن خلدون مەبەستی لەوەیە هەرێمی چوارەم کە خوراسانیش لە چوارچێوەی ئەو هەرێمەدایە، هاوسەنگە لە بەرکەوتنی خۆر و بەمەش ئاوەدانی تێیدا هاوسەنگە و نەزۆرە و نەکەم، جگەلەوە لە (تاريخ بيهق) دا هاتووە لە باسی خۆشی ئاو و هەوای خوراساندا، هاتووە هەرێمی چوارەم خاوەن هاوسەنگیەکی ئاو و هەوایە، بەجۆرێ هیچ هەرێمێکی دیکە بەم شێوەیە هاوسەنگی ئاو و هەوای نیە کە هەرێمی خوراسان بەشێکە لە هەرێمی چوارەمی گۆی زەوی.[٣]

لە باسی شاری هوراتدا (الاصطخری) باسی ئەوە دەکات ئاو لەدەوروبەری هەبووە، چیای لێ نزیکە بە ماوەی دوو فەرسەخ لەسەر ڕێگەی بەڵخ (بەپێوانەی ئێستا دەکاتە (٥,٨کم بە ٥,٨کم) واتا نزیکەی شەش کیلۆمەتر شتێک کەمتر)[٤]، بەڵام ئەم چیایە وشک و ڕووتەن بووە، بە جۆرێک بۆ هیچ باخداری یان ئاژەڵداری و پوش و پاوان سودی لێنەبینراوە، ئەوەندە نەبێت بەرد و تاوێرەکانی سودی لێبینراوە بۆ دروستکردنی خانوبەرە و فەرشکردنی ڕێگەوبانەکان، هەروەها باسی ڕووبارەکانی دەکات و ناوی نۆ ڕووبار هێناوە.[٥]

---

[١] إبن فندق: تاريخ بيهق، تح/ احمد بهمنيار، چ٣، كتابفروشى فروغى، تهران، ١٣٦١ش، ص ٢٧_٢٨.

[٢] المقدمة، تح/ عبدالله محمد درويش، ط١، دار يعرب، دمشق_٢٠٠٤، ج١/ ص١٤٨.

[٣] إبن فندق: م.پ، ص٢٧.

[٤] ڤالتر هنتس: المكايل والأوزان الأسلامية ومايعادلها في النظام المتري، ديكە: كامل العسلي، ط١، منشورات جامعة الأردنية، عمان_ الأردن، ١٩٧٠، ص٩٤.

[٥] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( المسالک و الممالک، م.س، ص١٤٧_١٥٢).

هەر لە باسی شارەکاندا باس لە شاری مەرو دەکات کە لە زەویەکی نزم و دوور لە چیادا هەڵکەوتووە، کە هیچ چیایەک لە دەوری نیە و سنورەکەشی لە چیا و شاخ بەدوورە، خاکەکەی لمی زۆرە، لەگەڵ ئەوەشدا چوار ڕووباری هەیە[1]، لێرەدا بە ئاشکرا دیارە وێنایەکی نیمچە ڕوونمان دەداتێ دەربارەی تۆبۆگرافیا و کەشی ناوچەی مەرو کە زیاتر بیابانیە، ئەمەش لە سەرچاوەی  دیکەدا بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە.[2]

لەگەڵ ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، ئێمە لە سەرچاوەکاندا چاومان بە زانیارییی نموونەی ئەو شارانە دەکەوێت کە کەش و هەوایەکی تاڕادەیەک هاوسەنگیان هەبووە، بەنموونە شاری نیشابور، شارێکە کەشەکەی بە هاوسەنگ و لەبار پەسنکراوە، بەجۆرێک هەوایەکی پاکژی هەبووە و وتراوە کە بۆ جەستە بێ نەخۆشی بووە و لە هەوای شارەکانی  دیکە خۆشتر بووە.[3]

بەگشتی ئەگەر بڕوانینە هەردوو جۆری سەرچاوە کۆن و نوێیەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەرێمی خۆراسان خاوەن کەش و تۆبۆگرافیایەکی جیاواز و هەمەجۆر بووە، هەروەک لە ئێستادا دیارە. سەرچاوە جوگرافییە نوێیەکان لەباسی جوگرافیای سروشتی وڵاتی ئەفغانستاندا، کە بەشێکی گەورەی هەرێمی خۆراسانی جارانی پێکهێنابوو، باس لە سێ جۆر تۆبۆگرافیا دەکەن بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### ١. چیا و شاخ و بەرزاییەکان:-

وڵاتی ئەفغانستانی ئەمڕۆ نموونەیەکە بۆ زۆربەی هەرێمی خوراسان و لەڕوانین بۆ جوگرافیای ئەم وڵاتە دەتوانین لە جوگرافیای خوراسانیش تێبگەین، بەکورتی تۆبۆگرافیای ئەفغانستان واتا بەشی هەرەگەورەی تۆبۆگرافیای هەرێمی خوراسان، کە تۆبۆگرافیایەکی تاڕادەیەکی زۆر شاخاوی و بەرزی هەیە، زۆربەی ئەم وڵاتە لە بەرزایی وچیاکان پێکهاتووە، گەورەترین زنجیرە چیای ئەم هەرێمە زنجیرە چیای (هندکوش)[4]ە کە لە سنوری وڵاتی (چین) ەوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو

---

[1] ابن بلخی: م.س، الورقة رقم ١١٥ ؛ الاصطخری: ن.م، ص ١٤٧.

[2] إبن فندق: تاريخ بيهق، م.پ، ص ٢٧.

[3] حاكم نيشابوری: تاريخ نيشابور، ديكە/محمد بن حسين خليفەء نيشابوری، تح/ محمد رضا شفيع كدكنی، چ١، انتشارات آگە، د.ت، تهران، ٢١٢_٢١٣.

[4] ناوی ئەم چیایە لە گەشتەکەی وڵاتناسی ئیسلامی ابن بطوطە دا هاتووە و بۆمان دەگێڕێتەوە: "لە هۆکارەکانی مانەوەمان مەترسی بەفر بوو، لە بەرئەوەی لە سەر ڕێگەکەدا چیایەک هەیە پێی دەڵێن هندوکوش و واتاکەی بکوژی هندوەکانە، لەبەرئەوەی کۆیلەکان و کەنیزەکەکان، ئەوانەی دەهێنران لە وڵاتی هیندەوە لەوێدا زۆرێکیان لێ دەمرد بەهۆی توندی سەرماو و زۆری بەفرەوە، کە ماوەی ڕۆژە ڕێیەکە، و ماینەوە تاوەکو چووینە نو گەرماوە،وئەو شاخەمان لە کۆتایی شەودا بڕی و تەواوی ڕۆژەکە بەڕیوەی بووین تاوەکو ڕۆژئاوا." بڕوانە : (ابن بطوطة: رحلة ابن بطوطة، تح/ عبدالهادی تازی، ط١، اكاديمية المملكة المغريبية، رياض_١٤١٧هـ ج٣/ص٥٩)، ئەم

سنوری ئێران، بەرزایی ئەم زنجیرەیە لە بڵندترین شوێنیدا دەگاتە (٧-٨)هەزار مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە.(١)

هەرێمی خوراسان خاوەن چیاو دۆڵ و بەرزایی زۆر و فراوان بووە، بەجۆرێک بەشێکی زۆری ئەم هەرێمە بە زنجیرە چیاکانی کە لە هیند و چین و تبت و هیمالایاوە درێژ دەبنەوە داپۆشراوە، لە یەکێک لە سەرچاوە جوگرافییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا زانیاریی وردمان دەست دەکەوێت لەسەر زنجیرە چیایەکی دوور و درێژ و فراوان، کە زۆربەی هەرێمەکەی گرتۆتەوە، بەڵام بەداخەوە ناوی ئەو زنجیرەیە نادیارە، بەڵام بەپێی وردەکاری گێڕانەوەکە بێت، پێ دەچێت زنجیرە چیای هندکوش بێت، لەم گێڕانەوەیەدا هاتووە و باس لە بەشێکی زنجیرە چیایەکی گەورەتر دەکات و ئەم بەشە درێژ دەبێتەوە لە ناوەڕاستی هندەوە بەرەو سنوری خوارسان و تا دەگاتە طخارستان و بە نێوان طارقان و سکلکند و خلم و سمنکان دەڕوات، پاشان بە باشوری بەڵخ دا تێدەپەڕێت، بەرەو وڵاتی غور لار دەبێتەوە، بە ئەسفزار و بوشنج و نیشابوردا دەڕوات بەرەو ڕەی، هەر لەباسی ئەم زنجیرەیەدا هاتووە، کاتێ کە بەرەو لای بەڵخ شۆڕدەبێتەوە لای طخارستان چەندین لقی بچووک و گەورەی لێ دەبێتەوە، مەگەر هەر خودا خۆی ژمارەیان بزانێت، لە هەر لقێک چەندین لقی دیکەی لێ دەبێتەوە لە سنورەکانی طخارستان و أندراب و بنجهیر و جاربایە و بامیان و بەشێک لە سنوری جوزجان و بست و رخد و زمین داور و غزنین تاوەکو دەگاتە سنوری سند.(٢)

ئەم زنجیرە چیایە وایکردووە ئاو و هەوای وڵات بەگشتی ساردبێت، لەگەڵ ئەوەدا گۆڕانکاری زۆر بەخۆیەوە ببینێت تەنانەت لەماوەی شەو بۆ ڕۆژدا، ئەمە جگە لەوەی بوونی ئەم زنجیرە

---

چیایە لە خوراساندا زۆر بەناوبانگ بووە و دەکەوێتە وڵاتی ئەفغانستانی ئێستاوە و زنجیرە شاخێکی درێژ بووەوەی چیاکانی هیمالایایە و درێژ دەبێتەوە تاوەکو دڵی ئەفغانستانی ئێستا و زۆربەی کاتەکانی ساڵ بەفر لەخۆ دەگرێت و هەمیشە کەشێکی ساردی هەیە بەهۆی بەرزییەکەی لە ئاستی ڕووی دەریاوە، هەر وەک لەو دەقەی سەرەوەی ابن بطوطەوە بۆمان دەردەکەوێت ماوەی ڕۆژەڕێیەکی پیادەڕۆ بووە و بەفرێکی زۆری هەبووە و سەرمایەکی توندی هەبووە، هەروەها کاریگەرییەکانی ئەم زنجیرە شاخە بەشێوەیەکی بەرچاو بەسەر کەش و هەوا و ڕووبارەکان و دەریاچە بچوکەکانی نێو شاخەکانی خوراسانی دوێنێ و ئەفغانستانی ئەمڕۆوە دیارە، لەم بارەیەوە بڕوانە: (گروهی از پژوهشگران: افغانستان، چ١، انتشارات بنیاد دائرة المعارف بزرگ اسلامی، تهران_١٣٧٦ش، ص ص ٤_١٣ ؛ بصیر احمد دولت آبادی: شناسنامه افغانستان، چ٤، انتشارات محمد ابراهیم شریعتی افغانستانی (عرفان)، تهران_١٣٨٧ش، ص ٤١_٤٢).

(١) حسن طه نجم: م.س، مج٥/ ص٤٤٣.

(٢) مؤلف مجهول: حدود العالم من المشرق الى المغرب، تح/ یوسف الهادی، ط١، دار الثقافة للنشر، قاهرة_١٤٢٣هـ ، ص٤٦.

چیـایە وایکـردووە شـیو و دۆڵـی زۆر دروسـت ببێـت[١]، ڕووبـاری زیـاتر لەخـۆ بگرێـت، ئەم ڕووبارانەش سەرچاوەی دارایی باش بوون بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچانە، بەهۆی ئەوەی داینەمۆی کشـتوکاڵ و باخەکـانی دەوروبەریـان بـوون، لە کاتێکـدا ئەگەر ئەو زەویـانەی دەوروبەری ڕووبارەکـان بـۆ کشـتوکاڵ لەبـار بـووبن، ئەمە جگە لەوەی ئاشـەکانی ئـاو لەسـەر کەنـاری ئەم ڕووبارانە دانراون، کە ئەمە لە سەرچاوە کۆنەکانیشدا باسکراون.[٢]

### ٢. بان و تەپۆڵکەکان:-

ئەم جـۆرە لە بەرزایـی لە هەرێمـی خوراسـاندا بـوونی زۆرە، بەڵام جـۆری خـاکەکەی و ئەو هەوایەی هەیبووە بەهۆی کاریگەری چیاکانەوە وایکردووە کەمتر سود لەم بانـانە وەربگیرێت، خاکێکی وشک و لماویان هەیە و بایەکی بەردەوام وایکردووە خاکەکەی وشک هەڵبێت، سـەرەڕای ئەو ڕووبارانەی کە لەم بانانەدا هەن، بەڵام بۆ کشتوکاڵ سودیان لێ وەرناگیرێت.[٣]

### ٣. دەشتەکان و بیابانەکان:-

جۆرێکی دیکەی تۆپۆگرافیای ناوچەکانی خوراسان جۆری دەشتەکانە، کە ئەم دەشتانە بەشێکی زۆری ناوچەی بنارەکانی زنجیرە چیای هندکوش دەگرێتەوە، ئەگەرچی لەڕووی ناونـانەوە پێیـان دەوترێت دەشـتایی، بەڵام بەرزی ئاسـتیان لەڕووی دەریـاوە نـزیکەی ٣٠٠ بـۆ ٦٠٠ مەتـرە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمـانە خـاکی بەپیـتن بـۆ کشـتوکاڵ و لەوەڕگـا و ئاژەڵداری، کە وایکـردووە ئەم دەشـتانە ببنە سەرچاوەیەکی باشی دارایی بۆ دانیشتوانەکانیان.[٤]

سـەبارەت بەوەی دەشـتەکان لە سـەرچاوە جـوگرافیە ڕەسـەنەکاندا چـۆن باسـکراون، دەتـوانین بڵێین سـەرچاوە جـوگرافییە ڕەسـەنەکان زۆر گرنگیـان بە لایەنـی ئـابووری داوە و سـەرچاوەکانی بژێـوی و لەبەرامـبەردا بـێ دەرامەتییەکـانی هەرشـارێکیان خسـتۆتە ڕوو، لەو نێوەندەشـدا ڕووبارەکـان و دەشـتەکان بەردەوام بەشـێکی گرنگـی گێڕانەوەکـانی ئەو وڵاتناسـانەی پێکهێنـاوە، چـونکە سـەرچاوەیەکی دارایـی باشـی شـار و ئاوایـیەکـان بـووە، لە باسـی هەرشـارێکدا زانیاریمـان

---

[١] محمد امین خانچی: کتاب منجم العمران فی المستدرک علی معجم البلدان، ط١، مطبعة سعادة، قاهرة_١٣٢٥هـ ج٢/ ص٣٣٢.

[٢] بە نموونە ڕووباری مرغاب کە لە سەرچاوە نوێ و سەرچاوە ڕەسەنەکانیشدا باسکراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الاصطخری: م.س، ص ١٤٨ ؛ حسن طه نجم: م.س، مج٥/ ص ٤٤٣_٤٤٤).

[٣] حسن طه نجم: ن.م ، ص٤٤٦. هەمان ئەم زانیاریانە لە سەرچاوە جوگرافیە ڕەسەنەکاندا هەیە، بەڵام بە دەربڕینێکی دیکە بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (الاصطخری: م.س، ص ص١٤٧_١٥٨.)

[٤] حسن طه نجم: م.س، ص٤٤٧.

پێدەدەن و ئاماژە بە هەڵکەوتە جوگرافیەکەی دەکەن، بەنمونە لە دەشتاییدا هەڵکەوتووە یان لە نزیک چیادا.[١]

بیابانەکان بەشێکی دیکەی ڕووی زەوی هەرێمی خوراسانیان پێکهێناوە، بەنموونە ابن فضلان لە گەشتەکەی خۆیدا باسی بیابانی (آمل) دەکات، دەکەوێتە نێوان مەرو و ئامل و زانیاریمان پێدەدات کە سێ ڕۆژ ئامادەکاری کردووە بۆ ئەوەی بەباشی لەم بیابانە تێپەڕن، وشتریان بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە.[٢]

**دووەم: کەش و هەوای خوراسان:**

دەربارەی کەشی خوراسان مەقدسی زانیاریمان پێدەدات و دەڵێت: " هەرێمێکی سارده تەنها ناوچەکانی سجستان و بست و طبس نەبێت." ، " ئەوانە لەسەر هەوای شامن، بەڵام بەڵخ هەواکەی عێراقییە و مەرو هەر شامییە."[٣] ئەم دووجۆرە هەوایەش شام ی و عێراقی دیارە کە وەکو پێوەرێک بوون بۆ زانینی هەوای ناوچەکانی دیکە، هەر لەم دەقەدا مەقدسی زانیاریمان پێدەدات، کە: "هەرێمێکی وشکە، بەڵام ئەم وشکیەش بەیەکسانی نیە" ، " هەر شوێنێک لەم هەرێمە کە ساردە، شوێنێکی گەرمیشە" واتا هاوینی گەرمە، تەنها نیشابور نەبێت.[٤]

ئەوەی لە سەرچاوەکاندا دەبینرێت بەرەو ئەو بۆچوونەمان دەبەن کە ئاو و هەوای خوراسان سیفەتی هەمە چەشنی ئاو و هەوای هەبووە، بەجۆرێک لەیەک کاتدا هەرێمێکی خاوەن کەشی سارد و کەشی گەرم بووە، بەنموونە (مەرو) شارێکە لە زەویەکی دوور لە چیادا هەڵکەوتووە و تەنانەت لەسنورەکەیشیدا چیا نیە، لەگەڵ ئەوەشدا چوار ڕووبار لە سنوری ئەم شارەدا بوونیان هەبووە، لەباسی ئاو و هەوای شاریەکەدا باس لەوە دەکریت کە خاوەن ئاوهەوایەکی گەرم و لماویە ، ئەم شارە و شاری سرخس لە بیاباندا هەڵکەوتوون[٥]، ئەم شارە کە خاوەنی چوار ڕووباربووە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئاو و هەوایەکی گەرمی هەبووە.

هەر دەربارەی ئاو و هەوای خوراسان دەبینین لەم هەرێمەدا هەم کەش و هەوای بیابانی بوونی هەبووە و هەم کەش و هەوای سارد و بەفراوی بوونی هەبووە، وەک دەبینین لە باسی

---

(١) بۆ نموونە لە باسی شاری نیشابور و شاری مەرو دا ئەوە دەبینین بڕوانە: ابن بلخی: م.س، الورقة رقم ١١٣ و ١١٥ ؛ الاصطخری: م.س، ص ص١٤٦و١٤٨ ؛ ابن حوقل: صورة الأرض، ط٢، مطبعة دار الصادر، بیروت_١٩٣٨، ص٤٣٣_٤٣٤.

(٢) رحلة ابن فضلان، ط١، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر_ دار السویدی، بیروت_٢٠٠٣، ص٤٥.

(٣) م.س، ص ٣٢٢.

(٤) ن.م، ص ٣٢٢.

(٥) الاصطخری: م.س، ص١٤٧_١٤٨.

هەندێ شاردا ئاماژە بە خۆشی هەواکەی کراوە بەنموونە وەک شاری (طالقان) کە گونجاوترین ئاو و هەوای هەبووە لە خوراساندا، لە هەمان کاتدا لە ویلایەتەکانی دیکەی خوراسان شار هەبووە گەرم و بێ ئاو و بێ سەوزایی بووە وەکو شاری (سرخس) شارێکی گەرم و بێ ئاو بووە و پشتیان بە ئاوی بیر بەستووە و سودیان لە ئاژەڵەکانی وەکو حوشتر بینیوە.[1]

لە خوراساندا وەرزەکانی ساڵ بەتەواوی دەردەکەون و هەر سێ مانگ جارێک وەرزەکان دەگۆڕێن، هەربۆیە خەڵکی ئەم هەرێمە وەرزانە شوێنی خەوتن و حەوانەوەیان لە شەواندا گۆڕیوە، واتا سێ مانگ بەردەوام شەوان لە ناو خانوەکانیاندا خەوتوون، سێ مانگی دیکەی ساڵ لەسەر سەکۆکان خەوتوون، سێ مانگی  دیکە لە سەربانەکانیان خەوتوون و بەم شێوەیە دووبارەیان کردۆتەوە، واتا سێ شێوە کەش و هەوا لەساڵدا بوونی هەبووە، سارد و تێکەڵە لە سارد و گەرم و دواتریش گەرم، ئەمەش لەو ناوچانەی کە وەرزەکان تێیاندا دیار و ئاشکران ئەم سێ جۆرە کەش و هەوایە هەست پێدەکرێت.[2]

---

[1] بڕوانە: (ابن بلخی: م.س، الورقة رقم ١١٣_١١٤ ؛ الاصطخری: ن.م، ص١٥٢ و ١٥٤).

[2] المقدسی: م.س، ص ٣٢٢.

**تەوەری سێیەم:**

## پرۆسەی فەتحی ناوچەکانی خوراسان لەلایەن سوپای موسڵمانانەوە:

دوای ئەوەی سوپای موسڵمانەکان لە شەڕی (جەلەولا/١٦ک-٦٣٧ز) و دواتر لە شەڕی (نهاوند/٢١ک/٦٤٢ز) بەسەر سوپای ساسانییەکاندا سەرکەوتن، بەمەش (شا یەزدەگوردی سێیەم کوڕی شهریار کوڕی کسرا) کۆتا شای ساسانی ناچار دەبێت بەرەو ڕۆژهەڵات ڕابکات و دەچێتە شاری (ڕەی)، بەڵام بەهۆی کێشەی لەگەڵ حاکمی شارەکە لەوێ نامێنێتەوە و ڕوودەکاتە ئەسفەهان و لەوێوە بۆ کرمان و پاشان دەچێتە مەرو، لەم شارەدا هەست بە دڵنیایی دەکات و ئەو ئاگرەی کە هێمای ئاینی زەردەشتی بوو لە شاری مەرو دایدەنێت، خانویەکی بۆ دروست دەکات و باغێک بۆخۆی تەرخان دەکات و لەوێ دەمێنێتەوە، ئەم ڕووداوە هانی موسڵمانەکان دەدات بەرەو خوراسان بکەونە ڕێ.[1]

سەرچاوەکان سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکردنی فەتحی خوراسان و ئەو سەرکردەیەی پێشڕەوی کردووە، بۆچوونی جیاوازمان بۆ دەگێڕنەوە، بەتایبەت دەربارەی سەرکردەی فەتحکردنەکە، بەنموونە لە کتێبی (البلاذری: فتوح البلدان)دا هاتووە، (ابو موسی الأشعری) فەرمانی بە والی بەسرە (عبدالله بن بدیل بن ورقاء الخزاعی) کردووە بۆ فەتحکردنی خوراسان، ئەمیش دەچێتە کرمان و تێدەپەڕێ تا دەگاتە (الطبسین)، واتا (طبس) ئەمە دوو قەڵا بوون یەکێکیان پێی وتراوە طبس و دووەمیان (الکرین)، ئەمانە دوودەروازەکەی خوراسان بوون، ئەم دوقەڵایەی فەتحکرد و خەڵکەکەی هاتن بۆ لای خەلیفە (عمر بن خطاب ١٣-٢٣ک/ ٦٣٤-٦٤٤ز) و لەگەڵیدا لەسەر بڕێک پارە ڕێککەوتن[2]. ئەم گێڕانەوەیەش بۆمان دەردەخات سەرەتای فەتحکردن لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب دا و پێش ساڵی (٢٣ ک/ ٦٤٤ز) بووە و ناوی سەرکردەکەش ئاشکرایە، ئەمە گێڕانەوەیەکە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی فەتحکردنی هەرێمەکە.

گێڕانەوەکەی دیکە جیاوازی لەگەڵ ئەمەی پێشوودا ئەوەیە کە سەرکردەی فەتحکردنەکە (الأحنف بن قیس) سەرۆکی هۆزی تەمیم بووە، واتا ڕاستەوخۆ باسی ئەم سەرکردەیەی هێزی موسڵمانەکان کراوە، لەکاتێکدا لە گێڕانەوەی یەکەمدا ئەم سەرکردەیە (الأحنف بن قیس) لە سەردەمی خەلیفە (عثمان بن عفان، ٢٣-٣٥ک/ ٦٤٤-٦٥٦ز)دا و لە بەشی دووەمی فەتحکردنی خوراساندا ناوی دەردەکەوێت کە لە ژێر فەرمانی (عبدالله بن عامر بن کریز) والی نوێی بەسرەدا

---

[1] الطبری: تاریخ الامم و الملوک، تح/ محمد ابو الفضل ابراهیم، ط٢، روائع التراث العربی، بیروت_ ١٣٨٧ش، ج٤/ ص١٦٧؛ عبدالحی حبیبی: م.پ، ص١٤٧.

[2] فتوح البلدان، ط١، دار و مکتبة الهلال، بیروت_١٩٨٨م، ص٣٩٠.

بووه و بەرەو خوراسان ڕۆیشتووه و بەهەمان ئەو شوێنانەدا ڕۆیشتووه کە لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب دا باس دەکرێت، واتا چۆتە کرمان و دواتر چۆتە (الطبسین) و لەگەڵ خەڵکەکەدا ڕێککەوتووه.[١] پرۆسەکە بەڕوونی دیارە لە سەردەمی (عمر بن خطاب) دا دەستی پێکردووە و دواتر لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا دووبارە فراوانخوازی زیاتری تێدا کراوە، بەم شێوەیەش پرۆسەکە دوو بەش بووە وەک لە سەرەوە باسکرا، ئەوەش بۆ گەورەیی و فراوانی سنوری خوراسان دەگەڕێتەوە.

وەک وتمان بەشی یەکەمی فەتحی خوراسان بەهۆی هەڵاتنی شا یەزدەگوردەوە بوو بەرەو ئەم ناوچەیە، مەزەندە دەکرێت ئەم بەشەی پرۆسەکە لە نێوان ساڵانی (١٨-٢٢ ک/ ٦٣٩-٦٤٣ز)دا بووبێت، لەم ساڵە بەدواوە بەفەرمانی (عمر بن خطاب) پرۆسەی فەتحکردنی خوراسان دەوەستێت و دواتر فەتحی گشتی و فراوان ئەو کاتە دەستی پێکرد کاتێ یەزدەگوردی شای ساسانیەکان لە شاری مەرو لەلایەن ئاشەوانێکی سەر ڕوباری مورغابەوە دەکوژرێت، ئەم ڕووداوەش لە ساڵی (٣٠ یان ٣١ک/ ٦٥٠-٦٥١ز) بووە، واتا ئەم ڕووداوە پاڵنەر و هاندەری دەستپێکردنی بەشی دووەمی پرۆسەی فەتحکردنی خوراسان بووە، هەروەها لەم بەشەی دووەمی پرۆسەی فەتحکردنەکەدا زۆربەی خوراسان فەتح دەکرێت، فەرماندەی ئەم فەتحکردنەش (عبدالله بن عامر) بووە، لە سەردەمی خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدیدا (عثمان بن عفان).[٢]

ئەوەی لەسەرەوە باسکرا کورتەیەکی بۆچوونە جیاوازەکانی سەرەتای فەتحکردنی خوراسان بوو لە بەشێک لە سەرچاوەکاندا، هەرچۆنێک بێت سەرەتای فەتحکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەردەمی خیلافەتی (عمر بن خطاب) (١٣_٢٣ک/٦٣٤-٦٤٤ز)، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لە خوراسان شۆڕش و هەڵگەڕانەوەکان زۆربوون، بۆیە بارودۆخەکان بەردەوام ناجێگیر و نائارم بوون و زۆر کات شارێک زیاتر لە جارێک فەتح کراوە، تاوەکو سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتە سەربەخۆکان.[٣]

---

[١] بۆ گەڕانەوە بۆ هەردوو بۆچوونەکەی سەرەوە بڕوانە: (البلاذری: م.س، ص ٣٩٠ ؛ الطبری: م.س، ج٤/ ص١٦٧_١٦٨).

[٢] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (البلاذری: م.س، ص٣٩٠ ؛ الطبری: م.س، ج٤/ ص٣٠١).

[٣] مەبەست سەردەمی دروستبوونی طاهرییەکان(٢٠٥_٢٥٩ک/ ٨٢٠-٨٧٢ز)، سامانیەکان(٢٦١_٣٨٩ک/ ٨٧٥-٩٩٩ز)، بۆیهییەکان (٣٣٤_٤٤٧ک/٩٣٢-١٠٦٢ز)، غەزنەوییەکان(٣٥١_٥٨٢ک/ ٩٧٧-١١٥٠ز)، سەلجوقییەکان (٤٢٩_٥٩٠ک/١٠٣٧-١١٩٤ز)، ئەگەرچی تاڕادەیەک لەم سەردەمانەشدا نائارامی و ناجێگیری بوونی هەبووە، بەڵام چیتر بابەتی فتوحات بەو شێوەیە باسی لەباساندا نامێنێت. بۆ زانیاری دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە: (عطیة القوصی: تاریخ الدول المستقلة في المشرق عن الخلافة العباسیة، ط١، مکتبة دار النهضة العربیة، القاهرة_١٩٩٣م، ص١٧ و ما یلیها).

لە سـەردەمی خـیلافەی ڕاشـدیدا، بەشـی هەرەزۆری ناوچەکـانی خوراسـان فەتحکران، تـاوەکو کۆتـایی ڕۆژگـاری خیلافەتـی خەلـیفە (علـی بـن أبـی طالـب- ٣٥-٣٧ک / ٦٥٦-٦٥٨ز) توانرابـوو لە ناوچەکانی خوراساندا شارە گەورەکانی (نیشـابور و هـورات و مەرو و بەڵخ) فەتح بکرێت، شـارە بچوکەکانی کە رستاقێک[1] بوون سەر بەو چوار شارەی سەرەوە، فەتح بکرێن.[2]

سـەبارەت بە شـێوازی فەتحکردنـی شـارەکانی خوراسـان، ئایـا بە ئاشـتی بـووە یـان بە شـەڕ، دەتوانین بڵێین خوراسانیش وەک هەر ناوچەیەکی دیکەی فەتحکراو بە هەردوو شێوازی ڕێککەوتن و شەڕ توانراوە فەتح بکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی شـارەکان هەیـانە داوای ڕێککەوتـن و ئاشـتیان کـردووە، هەشـیانە بەشـەڕ شـارەکە داگیرکـراوە، لێرەدا و بە کـورتی باسـی فەتحکردنـی هەندێ لەو شارانە دەکەین.

لە سـەرەتای شـارەکاندا وەک باسـکرا شـاری کرمـان و طبسـین بـووە، بە شـێوەی ڕێککەوتـن شارەکە ڕادەست کراوە، خەڵکی شـارەکە لەگەڵ موسـڵمانەکاندا ڕێککەوتـوون لەسـەر بڕێک پـارەی دیاریکراوی ساڵانە، ئەم جۆرە لە ڕێککەوتـن لە نێوان هێزی موسـڵمانەکان و دەهقانەکـانی دیکەی شـارەکانی خوراسـاندا دەبینرێت.[3] ئەگەرچـی ئەمەش جۆرێـک بـووە لە فەتحکردنـی بەزۆری هێـز، چونکە لەو باوەڕەداین ناکرێت خەڵکانێک دوای چەندین ساڵ ڕاهاتن لەسەر ئاین و کلتورێک ئێستا هەر بەو ئاسانییە خۆیان و شارەکەیان ڕادەستی هێزی موسڵمانان بکەن، بەبێ ئەوەی بیانناسـن و ئاشنای ئاینە نوێیەکە بن، بەڵکو دەتوانین بڵێین دوای ئەوەی شـارەکە زانیویـانە دەرەقەتـی سـوپای موسڵمانەکان نایەن، بەناچاری و لەبەر پاراستنی سەروماڵی خۆیان و ئافرەتەکانیـان لەسـەر بڕێک پارە لەگەڵ هێزە نوێیەکەدا ڕێککەوتوون.

بەم شـێوەیە فتوحـات لە هەرێمـی خوراسـان فراوانـی بەخـۆوە بینـی و لە دوای (الطبسـین) هێزەکـانی موسـڵمانان ڕوویـان کـردە رسـتاقەکانی سـەر بە شـاری نیشـابور ئەوانـیش شـارەکانی (قوهستان- زام- باخرز – جابن – بیهق – بشت – اشبندورخ – زاوة – خـواف – اسـبرائن لەگەڵ أرغیـان) [4] بـوون، زۆربەیـان بە شـاری (أبرشـهر)یشـەوە کە خـودی نیشـابور بـوو، بە زۆر (عنـوة) فەتحکران و ناچار بە ڕێککەوتن کران[5]، دوای شاری نیشابور، سوپایەک بەسەرکردایەتی (عبداللە

[1] بۆ زانیاری دەربارەی ئەم وشەیە (رستاق) بڕوانە : (لاپەڕە (٦٤)ی ئەم توێژینەوەیە).

[2] البلاذری: م.س، ص ص٣٩٠_٣٩٥.

[3] البلاذری: م.س، ص٣٩٠ ؛ الطبری: م.س، ج٤/ ص١٨٠.

[4] وشەی رستاق لەلایەن سەرچاوە عەرەبیەکانەوە بەکار هاتووە، بەڵام سەرچاوەی فارسیمان هەیە بەم بەشانەی شاری نیشابور دەڵێت و لایەتەکانی نیشابور، بڕوانە: (حاکم نیشابوری: م.پ، ص ٢١٣.

[5] البلاذری: م.س، ص٣٩٠_٣٩١ ؛ بەڵام بۆچوونی دیکە هەیە کە شاری نیشابور و دەوروبەری وەک شاری بەیهەق، بە ئاشتی و ڕێککەوتن موسڵمان بوون، بڕوانە: (إبن فندق: تاریخ بیهق، م.پ، ص ٢٥).

بن خازم) ڕوویکردە شاری هورات و وسوپایەکی دیکە بەسەرکردایەتی (حاتم بن النعمان الباهلی) ڕوویکردە شاری مەرو، بەم شێوەیە مەرو بە زۆر و بە ڕێککەوتن فەتحکرا و شاری هوراتیش هەر بە زۆر و بە ڕێککەوتن لەسەر پارەیەکی ساڵانە لەگەڵ شارەکانی باذغیس و بوشنج دا فەتحکران.[1] لە درێژەی فتوحاتی خوراسان دا ساڵی (٣٢ک/٦٥٣ز) شاری طالقان بە ڕێککەوتن فەتحکرا و فاریاب فەتحکرا، دوای ئەم دووشارە شاری بەڵخ فەتح دەکرێت و سوپای موسڵمانان دەپەڕێتەوە ئەوبەری ڕووبار بۆ شاری خوارەزم، بەڵام زۆر ناخایەنێت و لەم ساڵەدا دەگەڕێتەوە بەڵخ، پرۆسەی فەتحکردنی خوراسان ڕادەوەستێت، لەم کاتەدا والی بەسرە (عبدالله بن عامر) کاروباری خوراسان بە یەکێک لەم سێ کەسە دەسپێرێت، ئەوانیش (الأحنف بن قیس و حاتم بن نعمان الباهلی و قیس بن الهیثم) کە زیاتر ئەگەری یەکەمیان هەیە، پاشان کۆمەڵی تورکان لێی کۆدەبنەوە، واتا ڕاپەڕینیان کردووە، بەڵام بەسەریاندا سەرکەوتووە، پێش کوژرانی خەلیفەی موسڵمانان (عثمان بن عفان) دەگەڕێتەوە بۆ بەسرە.[2]

سەبارەت بە خوراسان لەسەردەمی خەلیفەی چوارەمی ڕاشیدین علی بن أبی طالب( ٣٥-٣٧ک/ ٦٥٦-٦٥٨ز) ئەگەرچی پرۆسەی فتوحات بەردەوام نەبوو، بەڵام وەک وتراوە خەڵکی خوراسان خەڵکێکی نەسرەوت و پڕ شۆڕشن[3] و بەهۆی هەڵگەڕانەوە بەردەوامەکانیان و پابەندنەبوونیان بە پێدانی سەرانە بە موسڵمانان، ئەم خەلیفەیەی ناچاربوو جارێکی دیکە هەوڵی فەتحکردنی خراسان بداتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی نامەی نارد بۆ دەهقانەکان و ئەساویرە(بنەماڵەکان) و (الدهشلارین) دێسالارەکان کە پابەندبن بە دانی جزیەوە، بەڵام خەڵکی خوراسان لێیان ڕاپەڕین و خەلیفە ناچار بوو هێزێک بنێرێت بۆ فەتحکردنەوەی خوراسان، بەڵام بۆیان فەتح نەکرا و هەرێمەکە بەم شێوەیە مایەوە تاوەکو کوژرانی خەلیفەی ناوبراو.[4]

---

[1] الطبری: م.س، ج٤/ ص ٣٠١_٣٠٢ ؛ دەربارەی سەرکردەکانی ئەو سوپایانە جیاوازی دەبینرێت لە سەرچاوەی دیکەدا بڕوانە: (البلاذری: م.س، ص٣٩٣).

[2] البلاذری: م.ن، ص٣٩٤ ؛ الطبری: م.س، ج٤/ ص ٣١٤.

[3] قاضي أحمد تتوی ، آصف خان قزوینی: تاریخ الفی، تح/ غلام رضا طباطبایی مجد، چ١، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ١٣٨٢ش، ج٣، ص١٤٩٩.

[4] البلاذری: م.س، ص٣٩٥.

لەگەڵ هاتنی سەردەمی ئومەوییەکان خوراسان لە باری شۆڕش و هەڵگەڕانەوە بەردەوام بوو، ناوەناوە کۆنترۆڵ و ڕێککەوتن کراوە، ئەم دۆخە بە ناجێگیری مایەوە تاوەکو ماوەی کۆتا خەلیفەی ئومەوییەکان (مروان بن محمد ١٢٧-١٣٢ک/٧٤٤-٧٤٩ز) کە دەسەلاتی لە ناوچەکەدا زۆر لاواز ببوو، ئەنجامەکەی گەیشت بەوەی کۆتایی بە دەسەلاتی ئومەویەکان بێت.[١]

هەرێمی خوراسان لە کۆتایی سەردەمی ئومەوییەکاندا توشی ئاڵۆزی و گرفتی گەورە بوو، بانگەوازی عەبباسییەکان دەستی پێکرد و هەرێمەکە بووە چەقی بزاڤەکە و پێشڕەوی شۆڕشگێڕەکانی عەبباسی کەسایەتییەکی خوراسانی بوو (أبو موسلم الخراسانی ١٢٧-١٣٧ک/ ٧٤٤-٧٥٤ز) سەرئەنجام سەرکەوتنی عەبباسییەکان و ڕووخانی ئومەوییەکانی لێکەوتەوە، بەمەش پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لەنێوان کەسایەتییەکانی خوراسان و خیلافەتی عەبباسیدا دروستبوو.[٢]

بەم شێوەیە خوراسان بووە چەقی شۆڕشەکەی عەبباسییەکان و بەم گرنگییەی مایەوە، تاوەکو دامەزراندنی دەوڵەتەکەش، بووە بەشێکی زۆر گرنگ تێیدا، بەشێوەیەک لە سەردەمی خەلیفە (مأمون بن هارون الرشید ١٩٨-٢١٨هـ / ٨١٣-٨٢٣ز) شاری مەرو بۆ ماوەی پێنچ ساڵ بووە پایتەختی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی و لە هەمان کاتدا دەوڵەتێکی سەربەخۆی خوراسانی بەناوی دەوڵەتی تاهیرییەکان (٢٠٥ک- ٢٥٩ک/ ٨٢٠ز-٨٧٢ز) لە شاری نیشابور دامەزرا، دوای ئەمەش دەوڵەتە سەربەخۆکانی وەک (سامانیەکان٢٦١_٣٨٩ک/ ٨٧٥-٩٩٩ز) و غەزنەوییەکان (٣٨٩_٤٣٢ک/ ٩٩٩_١٠٤١ز) و سەلجوقییەکان (٤٢٩_٥٩٠ک/١٠٣٧-١١٩٤ز) لە هەرێمی خوراساندا دروستبوون. [٣]

---

[١] البلاذری: م.س، ص٤٩٦، ٤٩٨، ٥٠٧، ٥١٥.

[٢] عبدالحی حبیبی: م.پ، ص ٢٤٥.

[٣] الطبری: م.س، ج٧/ ص ص٣٦٠_٣٦٤.

## باسی دووەم:

## شارەکانی خوراسان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانیان:

### تەوەری یەکەم:

### گرنگترین شارەکانی خوراسان:

بۆ بڕیاردان لەسەر گرنگترین شارەکانی خوراسان کە چەند شار دەگرێتەوە؟ پشتمان بە گێڕانەوەی سەرچاوەکان بەستووە سەبارەت بە پێگەی کارگێڕی شارەکە، دواتر گرنگی ئەو شارە لەڕووی ئابووری و بازرگانییەوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە.

هەرێمی خوراسان لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا ناوچەیەکی فراوانی لەخۆ دەگرت، تەنانەت لەسەردەمی ئەمەوییەکاندا زۆرناوچەی هەرێمەکانی خوارەزم و ئەوبەررووبار کە فەتحکراون لەسەر خوراسان ئەژمار کراون و یەک والیان بۆ دانراوە[(١)]، بەڵام لە ناوەندی سەدەکانی ناوڕاستدا ئەم فراوانییەی نەما و زیاتر ڕێکخرا تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی چوارمی کۆچی/ دەیەمی زاینی هەرێمی خوراسان لە چوار پارچە پێکهاتووە و بە (ارباع خراسان) واتا چارەکەکانی خوراسان، کە هەر بەشێکی یان هەر چارەکێکی سەربە شارێکی گەورە بووە، شارەکانیش بریتی بوون لە: **نیشابور، مەرو، بەڵخ، هورات.**[(٢)] بەڵام لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی و تاوەکو سەدەی پێنجەمیش بەدواوە خراسان لە ڕووی ئیدارییەوە فراوانتر بوو، بە جۆرێک (المقدسی) نوسیویێتی، کە لە سەردەمی ئەودا نۆ کوورە و چەندین قەصەبە و رستاق و هەزاران گوند بووە، بەڵام لێرەدا تەنها باسی چوار شارەکە دەکەین و دواتر لە شوێنی خۆیدا باسی سەرجەم نۆ کوورەکە دەکەین.[(٣)]

### یەکەم: شاری نیشاپور(نیشابور-نیسابور):

شاری نیشابور لە ئێستادا ئاوەدانە و شارێکی مامناوەندە، نزیکە لە شوێنی کۆنە شارەکە بە هەمان ئەو ناوەوە ماوەتەوە، لە ڕابردووشدا یەکێک بووە لە شارە هەرەسەرەکییەکانی خوراسان و چارەکی یەکەمی خوراسان بووە، ناوەندی ویلایەتی (أبرشهر) ئەبرشەهر بووە، هەربۆیە هەندێک

---

(١) دەکرێت سەردەمی خەلیفەی ئومەوی (عبدالملک کوڕی مەڕوان ٦٥-٨٦ک/ ٧٠٥/٦٤٦ز) بەنموونە وەربگیرێت بۆ ئەو مەبەستە : (البلاذری: م.س، ص٤٠٢).

(٢) کی لسترنج: م.س، ص٤٢٢_٤٢٣.

(٣) م.س، ص ص ٢٩٥_٣٠٥ ؛ بۆ زانیاری لەسەر ئەم یەکە نیشتەجێبوونانە، بڕوانە: (لاپەڕە (٦٠-٦٦)ی ئەم توێژینەوەیە).

له سـەرچاوەكان بە(أبرشـهر)یش نـاوی دەبەن، كە زیـاتر بـۆ نـاوچەی شـارەكە بەكاردێـت[١]، بۆچوونێک هەیە بۆ ناوی ( ابر شهر)، كە بەواتای (شاری هەور)دێت، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە گوایە زەوی شارەكە ئەوەندە بەرزە، كە لە هەورەوە نزیكە، هەربۆیە هەواكەی هاوسەنگ و خۆشە نەگەرمی پڕوكێنەرە نەساردی لەرزێنەر، نە وشكی بێ تامە، نە تەڕی بێ نەمامە.[٢] ئێمە پێمان وایە ناونانی بە شاری هەور بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە شارێكی هەوراوی بووبێت، چونكە دوای نزیكەی هەزار ساڵ ئەم شارە نزیک لەو ئاو و هەوایەی (حاكمی نیشابوری) باسی دەكات ماوەتەوە، ئێمە لە سەردانە مەیدانیەكەماندا بۆ ئەو شارە لە مانگی تەموزدا بوو، هەور لە ئاسمانی ئەم شارە نەبڕابوو، واتە هەوری هەبوو.

ناوی نیشابور بە شێوازی (نیسابور و نیشاپور) ناوبراوە، سەرچاوە جوگرافییە ئیسلامییەكان ناوەكەی دەگەڕێننەوە بۆ (شاپوری یەكەمی شای ساسانی كوڕی ئەردەشێر)، گوایە كاتێ شاپور لە جەنگی دژی (پهلیزگ) سەركردەی توركەكان بە سەركەوتوویی دەگەڕێتەوە و بە شوێنی شاری نیشاپوردا تێدەپەڕێت و دەبینێت قامیشەڵانێكی زۆری لێیە، دەڵێت ئەم شوێنە دەكرێ زۆر باش بێت بۆ دروستكردن و دامەزراندنی شار، بۆیە فەرمان دەكات شارێكی لێ دروست بكەن، سەرەنجام شارێک دروستكرا و ناوی لێنرا نیشاپور واتا (نی شاپور- قامیشی شاپور) بەمەش نیشاپور بوو بە ناوەندی ویلایەتی ابرشهر.[٣] بۆچوون هەیە گوایە نیشابور لە دوو وشەی (بنای شابور) واتا دروستكراوی شابورەوە هاتووە[٤]، سەرەڕای ئەوە نیشاپور بەناوی (شاذیاخ[٥])ەوە ناسراوە كە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ئەو گەڕەكەی طاهیرییەكان لەم شارەدا بەم ناوەوە دروستیانكرد، چونكە نیشاپور پایتەختیان بووە[٦]. شاری نیشابور لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا شارێكی گرنگی وڵاتی ئێرانە و بەهەمان ناو و نزیک لە هەمان شوێن، ئێمە سەردانی مەیدانیی ئەم شارەمان كردووە و تێیداگەڕاوین.

---

[١] حاكم نیشابوری: م.س، ص ١٩٩.

[٢] یاقوت الحموی: م.س، ج٢/ ص٣٥٠.

[٣] المقدسی: م.س، ص٢٩٨_٢٩٩ ؛ آرتوركرستین سن: ایران در زمان ساسانیان دیكە: رشید یاسمی، ، چ٦، دنیای كتاب، تهران_١٣٦٨ش، ص٣١١ ؛ عباس قدیانی: فرهنگ جامع تاریخ ایران، چ٦، انتشارات آرون، تهران_١٣٨٧ش، ص٢٥٥ ؛ السمعانی: م.س، ج١٢/ ص٢٣٥.

[٤] إبن فندق: م.پ، ص٤٣ ؛ حاكم نیشابوری: م.پ ، ص ١٩٨.

[٥] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم گەڕەكە و چۆنێتی و هۆكاری دروستكردنی بڕوانە: (یاقوت الحموی: م.س، ج٣/ ص٣٠٥).

[٦] نوادە مهلب پسر محمد پسر شادی: مجمل التواریخ و القصص، ملک الشعراء بهار، تح/ ملک الشعراء بهار و بهجت رمضان، چ٢، كلالە خاور، تهران_د.ت، ص٥٢٦.

بۆچوونی  دیکەی جیاواز هەیە لەسەر ناوی نیشاپور، بەڵام لە سەرچاوەکاندا بڵاونین و لە سەرچاوەی دیاریکراودا باسکراوە، لەوانە (یاقوت الحموی) باس لەوە دەکات کە ناوی نیشاپور دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکێکی شابوری یەکەم شای ساسانی کاتێ لە گەشتێکدا ون دەبێت و پیاوەکانی بەدوایدا دەگەڕێن کاتێک دەگەنە ناوچەی نیشاپور دەڵێن نی شاپور(نیست شابور) واتا شابور نیە[1]، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە ئەمە کەمتر نزیکە لە ڕاستیەوە، بە هۆی ئەوەی لە سەرچاوەکانی دیکەدا ئەم بۆچوونە نەگێڕدراوەتەوە، پاشان ناکرێت شای ساسانی بەو هەموو شکۆیەوە ون ببێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناگونجێت شارێک بەو گەورەییەوە بەهۆی وتەیەکی ئاوهاوە ئەو ناوە هەڵگرێت.

شاری ناوبراو کەوتبووە ڕۆژئاوای هەرێمی خوراسان و گەورەترین شاری هەرێمەکە بووە[2]، ئەم شارە خاوەنی شەست گەڕەک بووە، چونکە لە دروستبوونیدا شەست دێ کە لەو شوێنەدا بوون بە بازاڕەکانیان و باخاتەکانیان و گۆڕستانەکانیانەوە بوونەتە بەشێک لە شار و دواتر بەخۆیان و ناوەکانیانەوە ماونەتەوە و هەر یەکێکیان گەڕەکێکی شاریان پێکهێناوە[3]، چەندین شار و گوند و کێڵگە سەر بەکارگێڕیی ئەم شارە بوون، لە ناوی ئەو شارانەی کە ناوبانگیان لە جیهانی ئیسلامیدا هەبووە و خاوەن شارستانییەت بوون و سەربە شاری نیشاپور بوون بریتین لە: شاری طبسین، قوهستان، شاری نسا، شاری أبیورد یان باورد، ابرشهر، و جام و باخرز، و  شاری بەناوبانگی طوس.[4]

**دووەم: شاری مەرو (مَرو):**

دووەم گرنگترین شارەکانی خوراسانی سەدەی (٤ و٥) کۆچی ئەم شارەیە کە بە مەرو دەخوێنرێتەوە، ئەم شارە لەمێژوودا چەندین ڕووداوی گرنگی بەخۆیەوە بینیوە، بەنموونە شا یەزدەگوردی سێیەمی شای ساسانی کۆتا هەوڵی خۆ حەشاردانی لەم شارەدا بووە و هەر لەم شارەدا و لە کەناری ڕووباری مرغاب دا بە دەستی ئاشەوانێک دەکوژرێت[5]، ڕووداوێکی دیکەی گرنگ بانگەشەی عەباسییەکان بووە، کە بنکەی بانگەوازەکەیان لە خوراساندا ئەم شارە بووە و (ابو مسلم الخراسانی ١٢٧-١٣٧ک/ ٧٤٤-٧٥٤ز) لەم شارەوە دەستی بەکاری خۆی کردووە.[6]

---

[1] م.س، ج٥/ ص٣٣١.
[2] الاصطخری: م.س، ص١٤٦ ؛ ابن بلخی: م.س، و رقة رقم ١١٣.
[3] حاکم نیشابوری: م.س، ص ١٩٩.
[4] الیعقوبی: البلدان، تح/ محمد امین ضناوی، ط١، دار الکتب العلمیة، بیروت_١٤٢٢هـ ص٩٥_٩٦.
[5] الطبری: م.س، ج٤/ ص٢٩٣_٢٩٤.
[6] ن.م، ج٧/ ص ص٣٦٠_٣٦٤.

ناوی ئەم شارە بە مەرو یان مەروشاهجان و چەندین شێوازی دیکە لە سەرچاوەکاندا هاتووە[1]، لە ئێستادا ئەم شارە بە ناوی (Mary) لە وڵاتی تورکمانستان بوونی هەیە و لەلایەن شوێنەوارانی ڕووسیەوە کنەوپشکنین بۆ شارە کۆنەکەی سەردەمی ئیسلامی کرا و نزیکی ئەم شارەی ئێستا دۆزراوەتەوە، شایانی باسە لە زمانە ئەوروپیەکانیشدا هەر بەم ناوە دەناسرێت[2]، زۆربەی سەرچاوە ڕەسەنەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەم شارە لەلاین ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە کە بە (طهومرث یان ذوالقرنین) ناوی دەهێنن دروستکراوە.[3]

لەڕاستیدا تێکەڵکردنێک هەیە کە گوایە ئەم شارە دوو بەشە مەروی بچووک (مەروروز) و مەروی گەورە(مەروشاهجان) وەک لە هەندێک سەرچاوەی نوێدا هاتووە[4]، بەبۆچوونی ئێمە ئەمە جۆرێکە لە لێتێکچونە، چونکە (یاقوت الحموی) باسی هەردوو مەروەکە دەکات و لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەڵێت: "کە نێوانیان پێنج ڕۆژەڕێیە"[5]، لێرەدا پرسیارێک دێتەپێشەوە، ئەگەر دوو شار پێنج ڕۆژەڕێ بە پیادە لەیەک دووربن چی شتێک وایان لێ دەکات یەک شاربن، پاشان ئەم دوو شارە جیاوازن لەبەرئەوەی لە سەرچاوەکاندا بە جیا باسکراون و بە جیا بۆ نازناوی کەسایەتییەکان بەکارهاتوون.

**سێیەم: شاری بەڵخ ( بلخ ):**

شاری بەڵخ لە شارە مەزنەکانی خوراسان بووە و دەکەوێتە ناوەڕاستی هەرێمەکەوە[6]، جوانترین شاری خوراسان و بەناوبانگترین و بەپیت و بەرەکتترین شاری هەرێمەکە بووە و

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوەکانی دیکەی مەرو لە سەردەمە جیاوازەکاندا بڕوانە: (ابن بلخی: م.س، الورقة رقم ١١٣.) ؛ (منصور سید سجادی: مرو، چ١، سازمان میراث فرهنگی، تهران_١٣٨٣هـ_ش، ص١٩١_١٩٢).

[2] Edmund Bosworth: Historic Cities of Islamic World, Brill, Leiden, 2007, p401.

[3] الاصطخری: م.س، ص١٤٧ ؛ ابو حنیفه الدینوري: الاخبار الطوال، تح/ عبدالمنعم عامر و جمال الدین شیال، د.ط، منشورات الرضی، ایران/قم_١٣٦٨ش، ص٣٧ ؛ الطبری: م.س، ج١/ ص٥٧٨ ؛ ابن حوقل: م.س، ج٢/ ص٤٣٤ ؛ القزوینی: آثار البلاد و أخبار العباد، ط١، دار الصادر، بیروت_١٩٩٨ز، ص٤٥٥_ ٤٥٦ ؛ یاقوت الحموی: م.س، ج٥/ ص١١٣ ؛ بۆ زانیاری دەربارەی چواندنی ذولقرنین بە اسکندر لەلایەن موسڵمانەکانەوە و زانیاری دەربارەی ئەم کەسە بڕوانە: (خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، چ٤، انتشارات خیام، تهران، ١٣٨٠ش، ج١/ ص٤٠).

[4] احمد رنجبر: خراسان بزرگ، چ١، انتشارات امیر کبیر، تهران_١٣٦٣ش، ص٢٢٨.

[5] م.س، ج٥/ ص٢٢٨.

[6] الیعقوبی: م.س، ص١١٦ ؛ ابن رستة: الأعلاق النفیسة، ط١، دار الصادر، بیروت_١٨٩٢، ص٢٨٧.

خاوەنی زۆرترین بەرهەم و بەروبووم بووە و بەجۆرێک نێردراوە بۆ سەرجەمی خوراسان و تەنانەت بۆ خوارەزمیش نێردراوە.[١]

دەربارەی دروستکردنەکەی بۆچوونی جیاواز هەیە، بۆچوونێک پێی وایە لەلایەن (لهراسف) یاخود (لهراسب کوڕی فنوخی) یەوە دروستکراوە[٢]، بۆچوونێکی دیکە پێی وایە لەلایەن (ئەسکەندەری مەکدۆنی)ەوە دروستکراوە و سەرەتا پێی وتراوە ئەسکەندەرییە[٣]، یەکێکی دیکە لە بۆچوونەکان پێی وایە لەلایەن (منوجهر کوڕی ایرج کوڕی فریدوون) ەوە دروستکراوە[٤]، ئەم بۆچوونانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە شاری (بەڵخ) شارێکی مێژوویی و کۆنە، سەرەڕای ئەوە شاری بەڵخ بە دوو شت بەناوبانگ بووە، یەکەمیان ڕووباری (بەڵخ) ە کە زیاتر بە ڕووباری (جیحون) ناسراوە، دووەم شت ئاتەشگای نەوبەهارە (آتشکدە نوبهار)[٥] کە گەورەترین ئاتەشگای زەردەشتییەکان بووە.[٦]

شاری بەڵخ بەهۆی ئەوەی شارێکی کۆنە، لە مێژوودا بە چەندین ناوی دیکە ناوی هاتووە، یەکێک لەو ناوانە(بلخ بهیة)[٧]، ناوێکی دیکەی کە زۆر دووبارە بۆتەوە لە سەرچاوەکاندا ناوی (باختر یان باکتر) سەردەمانێکیش لە مێژووی ئەم شارەدا مەملەکەتێک بە ناوی باختریا یان

---

(١) یاقوت الحموی: م.س، ج١/ ص٤٧٩ ؛ ابن بلخی: م.س، الورقة رقم ١٢١ ؛ Edmund Bosworth, Op.Cit,p154

(٢) یاقوت الحموی: ن.م، ج١/ ص٤٨٠ ؛ ابن بلخی: فارسنامه ابن بلخی، تح/ منصور رستگار، چ١، بنیاد فارس شناسی، شیراز، ١٣٧٦ش، ص١٤٢.

(٣) ابن فقیه الهمدانی: م.س، ص ٦١٦ ؛ یاقوت الحموی: م.س، ج١/ ص٤٨٠.

(٤) القزوینی: م.س، ص ٣٣١.

(٥) ابن الفقیه دەیخاتەڕوو کە ئەم ئاتەشگایە لەبەر ئەوە پێی وتراوە نەوبەهار چونکە نەریتی خەڵکی ناوچەکە وابووە، هەرکات خانو و کۆشک و تەلارێکی نوێیان دروست بکردایە بە ڕەیحانە بۆن خۆشیان دەکرد و ڕەیحانەیان لە تاق و پەنجەرەکانیدا دادەنا، بۆ ئەمەش یەکەم وەچەی ڕەیحانەی بەهاریان دادەنا و پێیان دەوت نەوبەهار واتا (بەهاری نوێ)، سەبارەت بە پەیوەندی بەرمەکییەکان و ئەم ئاتەشگایە بۆمان دەگێڕێتەوە کە خەڵکی ویستویانە ئەم ئاتەشگایە جێگەی مەکەی عەرەبەکان بگرێتەوە لە پێش ئیسلامدا، بۆیە وەک مەکە ناویان بردووە و ئەو کەسەی خزمەتی کردووە پێی وتراوە (سادنە بر مکە) واتا خزمەتکاری مەککە دواتر بەهۆی ئەوەی بنەماڵەی بەرمەکییەکان بە پشتاوپشت ئەم کارەیان بۆ دەمێنێتەوە پێیان دەوترێت بەرمەکییەکان. بۆ گەڕانەوە بۆ ئەم دەقە بڕوانە: (مختصر کتاب البلدان، م.س، ص٦١٦) ؛ دەربارەی ڕەسەنی بنەماڵەی بەرمەکییەکان لە کاری وەزیری و پەرستگای نەوبەهاردا بڕوانە: (نظام الملک: سیاست نامه، چ٤، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ١٣٧٨ش، ص٢٣٥).

(٦) یاقوت الحموی: م.س، ج١/ ص٤٨٠ ؛ قدامة بن جعفر: الخراج و صناعة الکتابة، تح/ محمد حسین زبیدی، ط١، دار الرشید للنشر، بغداد_١٩٨١، ص١٥٧ ؛ ابن الاثیر: الکامل في التاریخ، د.ط، دار الصادر، بیروت_١٩٦٥، ج١/ ص٢٥٩.

(٧) المقدسی: م.س، ص٣٠٢.

باکتریا هەبووە و لە سەردەمی داریوش شای ساسانیدا شانشینی مرغیانا هەبووە و بەشێکی خوراسان کە ناوچەی مەرو بووە سەر بەم شانشینە بووە.[١]

ناوی باختر و باکتر یەک شتن و تەنها بەهۆی زمانەکانەوە جیاواز بووە، یۆنانییەکان باکتریان بەکارهێناوە و ڕۆژهەڵاتییەکانیش باختر کە وشەیەکی میدییە و بە واتای باکوور دێت چونکە ئەم شانشینە کەوتبووە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی میدییەکانەوە کە لە عێراقی عەجەمدا دەسەڵاتدار بوون (مەبەست لە کوردستانە)، ناوی باکترا ناوی شاری بەڵخ بووە و پایتەختی شانشینی باکتر و ڕووباری بەڵخ بووە لەیەک کاتتدا، باکتریانا و باکتر و باختر و باختری و باخل بەهەمان شێوە ناوی ئەو شانشینە بووە.[٢] بەم شێوەیە دەبینین بەڵخ شارێکی کۆن و گرنگی ڕۆژهەڵات بە گشتی و هەرێمی خوراسان بە تایبەتی بووە، ئەمەشمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت کاتێ توێژینەوەی ورد و تەواوی تێدا بکەین. لە شارە دیارەکانی سەر بە شاری بەڵخ: بامیان و بدخشان و بنجهیر و فاریاب و چەندین شاری دیکە و گوند و ئاوایی زیاتر کە لێرەدا ماوەی باسکردنیان ئەوەندە نیە.[٣]

**چوارەم: شاری هورات(هراة):**

شاری هورات بە چەند شێوەیەک ناوی لە سەرچاوەکاندا هاتووە، لەوانە (هراة، هرا، هری، هرات)، بە چەند شێوەیەک خوێنراوەتەوە لەوانە(هورات، هەرات، هەری، هەرو) و لە زمانە ئەوروپییەکانیشدا بە شێوەی (Herat) هاتووە.[٤]

سەبارەت بە یەکەمین بنیاتنەری ئەم شارە جۆرێک لە ئەفسانە دەبینین لە گێڕانەوەی سەرچاوەکاندا[٥]، بەڵام ئەوەی کە زۆرتر لە سەرچاوەکاندا باسی لێوەکراوە، ئەو بۆچوونەیە کە گوایە (ئەسکەندەری مەکدۆنی) دروستیکردووە، وەک زانیاریمان پێدەدەن (ئەسکەندەری مەکدۆنی)

---

[١] بارتولد: م.پ، ج١/ ص١٩٢.

[٢] اعتماد السلطنة: تطبيق لغات جغرافيايى قديم و جديد ايران، تح/ هاشم محدث، چ١، انتشارات امير كبير، تهران_١٣٦٣ش، ص٨٣_٨٤ ؛ جگە لەو ناوانەی سەرەوە چەندین ناوی دیکەی لە مێژووی کۆندا هەبووە، کە لە بەرهەمە ئەدەبی وشیعریەکانی وەک مهابهراتا ولە ئاڤێستای کۆندا کە لە سەمەرقەند دۆزراوەتەوە ناوی ئەم شارە بەچەندین شێوەی جیاواز هاتووە، بۆ سەرجەم ئەم زانیاریانە بڕوانە: (سيد محسن: تاريخ شهرهای خراسان_بلخ، پايگاه مجلات تخصصى نور، شماره ٥، تهران، ١٣٦٦ش، ص٢٠٠).

[٣] بۆ زانیاری دەربارەی شار وگوندەکانی سەر بە شاری بەڵخ بڕوانە: (احمد رنجبر: م.س، ص١١٤_١٢٤).

[4] Edmund Bosworth: Op.Cit, P. 154.

[٥] لەم بارەیەوە چەندین بۆچوونی ئەفسانەئامێز گێڕدراوەتەوە بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (سيفى هروى: پيراسته تاريخنامه هرات، چ١، انتشارات بنياد موقوفات دكتر محمود افشار، تهران_١٣٨١ش، ص ٧_١٢).

به هەر کوێیەکدا بڕۆیشتایە خەڵکی ئەو شوێنەی ڕادەسپارد کە شارێک یان قەڵایەک بۆ پاراستنی خۆیان دروست بکەن، تاوەکو خۆیانی تێدا بپارێزن.[1]

سەبارەت بە پێگەی شاری هورات لە هەرێمی خوراساندا سەرچاوەکان زانیاریمان پێدەدەن، هورات لە خوراساندا ئاوەدانترین شار بووە و باشترین خەڵکی هەبووە[2]، لەوە زیاتر (یاقوت الحموی) زانیاریمان پێدەدات کە خودی خۆی کاتێ ساڵی (٦٠٧ ک _١٢١٠ز) چووەتە ئەو شارە شارێکی مەزن و بەناوبانگ و لە دایکە شارەکانی خوراسان بووە و لەو کاتەدا لە خوراساندا نەبووە لە هورات جوانتر و مەزنتر و بەشکۆتر و چاکتر و دانیشتوانی زۆرتر، تێیدا باخ و باخاتی زۆر و ئاوی زۆر و خێر و بەرکەتی بەرفراوانی هەبووە.[3]

لە دیارترین ئەو شارانەی سەربەم شارە بوون (اسفزار، باذغیس، پوشنگ یان بوشنج، غرجستان و هیتر)، بەهۆی ئەوەی هورات ناوچە و ویلایەتێکی ئاوەدان و پڕ بەرەکەت بووە خاوەنی چەندین گوندی سەوز و ئاوەدان بووە، جوگرافیزان الحمیری (م ٧٢٧ک_١٣٢٧ز) زانیاریمان پێدەدات کە هورات خاوەنی چوارسەد گوند بووە.[4]

---

[1] ابن بلخی: م.س، الورقة رقم ١١٦_١١٧ ؛ الاصطخری: م.س، ص٣٩٦ ؛ القزوینی: م.س، ص٤٨١ ؛ یاقوت الحموی: م.س، ج٥/ ص٣٩٦ .

[2] الیعقوبی: م.س، ص١٠٠.

[3] یاقوت الحموی: م.س، ج٥/ ص٣٩٦_٣٩٧.

[4] الروض المعطار فی خبر الأقطار، تح/ احسان عباس، ط٢، مكتبة لبنان ناشرون، بیروت_١٩٨٤، ص٥٩٥.

**تەوەری دووەم:**

**پێکهاتە نەتەوەییەکانی هەرێمەکە:**

کۆکردنەوەی زانیـاریی لەسـەر نەتەوەکـانی دانیشـتووی خوراسـان کە لە سـەدەی چـوارەم و پێنجەمی کۆچیدا لە هەرێمەکە ژیاون، بێگومـان ئاسـان نیە، چونکە لە ئێسـتادا دابەشبووە بەسـەر سـێ وڵاتـی نوێـدا ئەوانـیش وڵاتـی ئێـران و تورکمانسـتان و ئەفغانسـتانە[١]، چەنـدین پێکهـاتەی نەتەوەیـی جیـاواز لەخـۆ دەگرێـت، هەروەهـا لەم بـارەیەوە زانیـارییی کەممـان لەڕێـی سـەرچاوە جوگرافی و گەڕیدەییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەست دەکەوێت، بابەتی نەتەوە لە سـەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر جێی بایەخ نەبووە و زۆرجار چەندین نەتەوە لەژێر چەتری یەک هەرێمدا ژیـاون، هەربۆیە سەرچاوەکانیش ئەو گرنگییەیان بە مەسەلەی نەتەوە نەداوە. زۆرجاریش تەنها ئاماژە بە هەرێمەکە کراوە، بەنموونە (یاقوت الحموی) لەبارەی وڵاتی گرجستان کە زانیاریمان پێدەدات تەنها ئاماژە دەکات بەوەی خەڵکی خوراسـان بەو شـێوەیە نـاوی دەبەن[٢]، واتـا ئامـاژەی بە نەتەوەیەکی دیاریکراو نەکردووە.

لەگەڵ ئەوەشـدا هەوڵمانداوە زانیارییمـان لەسـەر پێکهـاتە نەتەوەییەکـانی هەرێمـی خوراسـان لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، بە تـایبەت سـەدەکانی (٤و٥ کـۆچی/ ١٠و ١١ زاینـی) دەسـت بکەوێـت، هەربۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین بەکورتی باسیان لێوەبکەین.

**یەکەم: تورک:**

پێکهاتەی تورک (ترک) ، بەشێکی زۆری هەرێمی خوراسان تورک بوون مێژوویەکی کۆنیـان لە خوراساندا هەیە، (ابن فقیە) لە باسی هەندێ شـاردا لە نـاوچەی خوراسـان زانیارییمـان پێدادات کە زۆرینەی یاخود هەموو دانیشتوانەکەی تـورک بـوون، هەروەهـا باسـی کۆتـایی هەرێمـی خوراسـان دەکـات و ئامـاژە بە خەڵکـی تـورک دەکـات، ئەگەر لە تەواوی دەقەکـانی ئەم مێژوونوسـە لەبـارەی وڵاتی تورکانەوە بڕوانین ئەوە هەست پێدەکەین کە تورک نەتەوەیەکی زۆر بـوون لە نـاوچەکەدا و لە سنوری چین تـاوەکو هەرێمـی فارسـیش بوونیـان زۆربـووە، بەتـایبەت کاتێـک باسـی والییەکـی خوراسان دەکات و ئاماژە بە زۆری تورک دەکات کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە[٣]، بەبۆچـوونی ئێمە لەوانەیە ئەم بابەتە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو سەردەمە سەردەمی باڵادەستی سیاسـی وسـەربازی تورک بووە بە ناوە جیاوازەکانیـان لە خوراسـان وجیهـانی ئیسـلامیدا، بەبۆچـوونی هەندێ نوسـەر

---

[١] محمود شاکر: خراسان، ط١، المکتب الأسلامی، بیروت-١٩٧٨، ص٧.

[٢] م.س، ج٤/ ص١٩٤.

[٣] ابن فقیە: م.س، ص ص ٦٣٣-٦٤٨، (توێژەر)

تورک ڕێژەی زۆرینەی هەرێمی خوراسانیان پێکهێناوە.[1] ئەم بۆچوونەش تاڕادەیەک نزیکە لە ڕاستیەوە چونکە ئەگەر سەیری نەخشەی ئێستای خوراسان بکەین دەبینین لە ئێستادا بەشێکی زۆری بەر وڵاتی تورکمانستان کەوتووە[2]، وەک دیارە دانیشتوانی ئەم ناوچانە زۆرینەیان تورکمانن، تەنانەت لە سەردەمی فتوحاتیشدا زانیاریی ئەم تورکانەمان بۆ دەگێڕنەوە وەک بلاذری لە باسی فەتحی مەرورۆز و مەروشاهجاندا زانیاریمان پێدەدات کە موسڵمانەکان توشی ڕووبەڕووبوونەوە بوون و حاکمی ئەم ناوچانە و ئەو تورکانەی لەگەڵیدا بووە تێکشکاندووە، هەروەها باسی والیەکی خوراسان دەکات کاتێ خەڵکی خوراسان لێی ڕاپەڕیون و تورکێکی زۆری لێکۆبۆتەوە و بەسەریاندا زاڵ بووە.[3]

تورکەکان لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا بە تورانیەکانیش ناسراون، لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی خوراسانەوە بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی کۆچیان کردووە، و ئێرانییەکان بەردەوام خۆیان لەبەردەم مەترسی هێرشی ئەم هۆزە تورکانەدا بینیوەتەوە، تەنانەت لە خوراسانیشدا خاوەن دەسەڵاتێکی زۆر بوون و دەوڵەتەکانی غەزنەوی و دواتریش سەلجوقی فەرمانڕەوایانی تورک بوون[4]، زمانی قسەکردنی ئەم ڕەگەزە زمانی تورکی یان تورکمانی بووە، لە چەندین شاری گرنگی خوراساندا نیشتەجێبوون وەک مەروشاهجان و نسا و ابیورد و فاریاب.[5]

سەرەڕای بەشە تورکمانییەکەی خوراسان ئەم نەتەوەیە لە باکووری ئەفغانستانی ئێستاشدا بوونیان هەیە و ئەمەش بەپێی بۆچوونی نوسەرە ئێرانیەکان، نەتەوەی هەزارە یەکێکن لەو نەتەوانەی لە ئەفغانستانی ئێستادان و لە ڕەگەزی تورکن، جگە لەوە تاجیک و بلوج و ئۆزبەگییەکانی ئەفغانستانیش بۆچوون هەیە کە تورکن، سەرەڕای ئەوە گروپێکی ئیتنیکی زۆر دیار هەبوون لە خوراساندا بەناوی (هياطلة) هەیتەڵەکان کە دەوترێت لە نەتەوەی تورکن یاخود لە نەتەوەی فارسن و لەسەردەمی ساسانییەکاندا دورخراونەتەوە بۆ ناوچەکانی هورات و تێکەڵی

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕەگەزی تورک وڕێژەیان لە هەرێمەکەدا بڕوانە: (محمود شاکر: م.س، ص٤٥.)

[2] ن.م، ص ص٤٣-٤٩.

[3] البلاذری: م.س، ص٣٩٣، ٣٩٥.

[4] محمد حسن العمادی: خراسان فی العصر الغزنوی، ط١، دار الكندی للنشر والتوزیعات، الأردن-١٩٩٧، ص ص١٦٣-١٦٧.

[5] المسعودی: مروج الذهب ومعادن الجوهر، تح/ کمال حسن مرعی ، ط١، مطبعة العصرية، بيروت- ٢٠٠٥، مج١/ ص ١٠٣ ؛ محمود شاکر: م.س، ص ص٤٦-٤٨.

تورکەکان بوون[١]، واتا بە گشتی بەشی باکوور و باکووری ڕۆژهەلات و باکووری ڕۆژئاوای هەرێمی خوراسان زۆربەی تورک زمان یان تورک نەتەوەن.[٢]

**دووەم: ئەفغان:**

پێکهاتەی ئەفغان (افغان)، زانیاریی ئەم نەتەوەیە لە سەرچاوەکانی سەدەی چوارەم و پێنجەمدا بە کەمی و لە چەند شوێنێکی دیاریکراودا هاتووە. واتا بوونیان هەبووە بەلام بەو شێوەیەی زانیاریی تەواومان بدەنێ ئەستەمە و دەست ناکەوێت[٣]، بۆچوونی توێژەرانی ئەم بوارە هاوکاریمان دەکەن، پێیان وایە ئەفغانیەکان دەگەڕێنەوە بۆ نەتەوەی (پەشتون)، ئەم نەتەوەیە بە چەندین ناو هاتووە وەک پاتان، پختون، پکتون، بختون، بکتون.[٤] بەلام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە ئەم نەتەوەیە خاوەنی دەسەلاتی گرنگ بوون لە ناوچەکەدا، ناوی ئەفغان و پەشتون یەکن و بۆ یەک نەتەوە بەکارهاتوون واتا پەشتون وەک نەتەوە ئەژمارکراوە[٥]، ئەگەرچی بۆچوون هەیە کە پەشتون ناوی زمانەکەیان بێت کە قسەی پێ دەکەن.[٦]

سەبارەت بە بنەچە و ڕەگی پەشتونەکان توێژەرانی ئەم بوارە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، یەکێک لەو بۆچوونانە باس لە ئاریایی بوونیان دەکات، بۆچوونێکی دیکە بنەڕەتی ئەم نەتەوەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ عەرەبەکان، بەلام ئەم دوو بۆچوونە خاوەن بەلگەی یەکلاکەرەوە نەبوون، بۆچوونی سێیەم باس لە ئیسرائیلی بوونی ئەم نەتەوە دەکات، ئەمەش بە بۆچوونێکی خاوەن بەلگە و تاڕادەیەک نزیک لە ڕاستیەوە دادەنرێت.[٧]

---

[١] دەربارەی ئەم بۆچوونە لەسەر (هیاطلة) بڕوانە: (البلاذری: م.س، ص٣٩٠).

[٢] بصیر احمد دولت آبادی: م.پ، ص ص٢٩-٣٩.

(٣) البیرونی: تحقیق ماللهند من مقولة معقولة في العقل او مرذولة، تح/ احمد ارام، ط٢، عالم الکتب، بیروت، ١٤٠٣هـ ص١٤٧ ؛ مؤلف مجهول: م.س، ص٨٨.

[٤] دولت آبادی: م.پ، ص٢٧، ٥٩ ؛ فیض محمد کاتب: نژادنامەء افغان، مقدمه وتحشیه/ حاج کاظم یزدانی، چ١، مؤسسه مطبوعاتی اسماعیلیان، ایران/قم-١٣٧٢ش، ص ٤٦-٤٧ ؛ عبدالحی حبیبی: م.پ، ص٧٠-٧١.

[٥] سید محمد باقر مصباح زادە: نگاهی مختصر به تاریخ اقوام در افغانستان، د. چ، انتشارات مرندیز، ایران/ مشهد- د.ت، ص١٣.

[٦] شیروانی: م.پ، ص١٠٦-١٠٧.

[٧] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بۆچوونە جیاوازەکان بڕوانە: (سید محمد باقر مصباح زادە: م.پ، ص ص٢٢١-٣٨). ئەو بۆچوونەی سەرەوە کە باس لە ئیسرائیلی بوونی نەتەوەکە دەکات، بەلام نەک خودی ولاتی ئیسرائیلی ئێستا کە ناوی دەولەتێکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بەلکو باس لە یەهودی یان بەنو ئیسرائیلە لە مێژوودا.

**سێیەم: فارس:**

پێکهاتەی فارس یەکێکی دیکەە لە نەتەوە دیارەکانی خوراسان بەتایبەت بەشی ڕۆژئاوای خوراسان لە شارەکانی نیشابور و طوس و دەوروبەری، ئەگەرچی لەم ناوچانەدا کەمە نەتەوەی دیکەیش هەن وەک تورک و ئازەری و کورد و هیتر، سەرەڕای ئەوە فارسەکان لە مێژووی خوراساندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە دامەزراندنی دەوڵەتەکانی طاهری و سامانی و صفاری و بۆیهییەکان، ئەمە ئەگەر دەیلەم بە فارس ئەژمار بکرێت، فارسەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە مێژووی شارستانی خوراساندا بینیوە.[١]

**چوارەم: عەرەب:**

سەبارەت بە سەرەتای نیشتەجێبوونی عەرەب لە ناوچەکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای فتوحاتی ئیسلامی دوای ساڵی (٣١ک/٦٥١ز)کاتێ لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا والیەک بەناوی (أمیر بن أحمر) دەنێردرێتە ناوچەکە، ئەویش لە دەروازەی شاری مەرو خێوەتگەی سوپاکەی هەڵدەدات، وەرز دەگاتە زستان بەفرێکی زۆر دەبارێت و سەرمایەکی زۆر دەبێت، خەڵکی شارەکە بڕیاردەدەن کە خانەخوێیی بۆ سوپای والی بکەن، ئەوەبوو کارەکەیان کرد، بەڵام پاش ماوەیەک بۆیان دەرکەوت کارێکی هەڵەیان ئەنجامداوە، هەربۆیە ناچار پلانی هەڵگەڕانەوە و دەستگرتن بەسەر سوپاکە و خودی والیشیان دانا، ئەم زانیارییە لەڕێگەی دەهقانی شارەکەوە بەناوی (براز بن ماهویە) گەیەنرایە والی و بەمەش سوپاکە کەوتنە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی شاری مەرو، زۆرێکیان لی کوشتن و ماڵ و سامانی خەڵکیان زۆر دەست بەسەردا گرت، دواتر خەڵکی شارەکە ملکەچ بوون و ئەمەش یەکەم نیشتەجێبوونی عەرەبە لە ناوچەکەدا.[٢]

بەهۆی پرۆسەی فتوحاتەوە ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبەکان بە ناوچەکاندا بڵاوەیان کرد، هەرێمی خوراسانیش لەم پرۆسەیە بێبەش نەبووە، زانیاری هەیە لە ساڵی (٥١ک/ ٦٧١ز)دا لەسەر دەستی ئومەویەکان (١٥٠,٠٠٠) لە خەڵکی میسر بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە دەچنە خوراسان، ئەگەرچی ئەم ڕێژەیە زۆرزۆرە، بەڵام ئەوە دەردەخات ژمارەی عەرەبەکان ڕێژەیەکی بەرچاوی هەبووە.[٣]

زانیاریی عەرەبەکان لە خوراساندا لەلایەن مێژوونوسان و جوگرافیناسانی ئیسلامییەوە دەگێڕدرێتەوە، بەنمونە هۆزێکی عەرەب کە نیشتەجێی بیابانێکی (مەرو) بوون، مەڕدار و

---

[١] محمد حسن العمادی: م.پ، ص ١٦٨.

[٢] البلاذری: م.س، ص٣٩٦ ؛ گردیزی: زین الأخبار، چ١، انتشارات دنیای کتاب، تهران-١٣٦٣ش، ص٢٢٩-٢٣٠.

[٣] البلاذری: م.س، ص ٣٩٦.

خێوەتنشین بوون، ئەم زانیارییە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی کۆچی بۆ ساڵی ٣٩٤ک/ ١٠٠٣ز.[١]

لە کتێبە مێژوویی و جوگرافییەکاندا زانیاریی پەرتەوازە و کەمی عەرەبەکانی خوراسان هاتووە، لە شاری طوس تیرەیەکی عەرەب هەبوون کە لە هۆزی (طيىء) و چەند هۆزێکیتر بوون.[٢] یاقوت الحموی لە باسی پیاوێکدا زانیاریمان پێدەدات کە لە عەرەبەکانی خوراسان بووە، لە ناوچەی ابیورد.[٣]

**پێنجەم: کورد:**

نەتەوەی کورد ئەگەرچی بەنەتەوەیەکی سەرەکی و گەورەی خوراسان دانانرێت، بەهۆی ئەو چەند ئاماژەیەی لە سەرچاوە ڕەسەنەکاندا دەبینرێت، بە یەکێک لە نەتەوە دێرینەکانی خوراسان دادەنرێت، ئەو چەند کورتە زانیارییەی لەبارەی کوردەکانی خوراسانەوە دەست کەوتووە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینی بۆ ناوچەکانی خوراسان، کە لە هەندێ شوێندا ناوی خودی نەتەوەی کورد هاتووە و هەندێ زانیاریی دیکە ناوی شوێنێک یاخود ئاواییەکە بەناوی کوردەوە، بە نموونە (الأصطخري) زانیاریمان پێدەدات دەربارەی ماوەی دوورییەکانی خوراسان، دەڵێت: "سەبارەت بە ماوەکانی خوراسان: لە نیشابورەوە بۆ کۆتا سنوری کە دەگاتە قومس بۆ گوندی کوردان نزیک اسداباد (٧) ڕۆژە و لە گوندی کوردانەوە بۆ دامەغان (٥) قۆناغە".[٤] بەم پێیە گوندی کوردان شوێنێکی ئاوەدان بووە.

بوونی کوردەکان لە ناوچەکانی هەرێمی خوراساندا زیاتر لە ناوچەکانی باشوری ڕۆژئاوای هەرێمەکەوە بووە، لەزۆر حاڵەتدا لە شێوەی کۆمەڵەی شوانکارەیی و ناجێگیردا بوون و گەڕاون بەشوێن ئاو و لەوەڕگادا، یاخود لە گوندی شوانکارەییدا بوون[٥]، یاخود هەندێک شوێن هەبووە هیچ نەتەوەیەکی دیکەی لێ نیشتەجێ نەبووە جگەلە کوردەکان ، بەنموونە وەک بیابانەکانی

---

[١] گردیزی: م.پ، ص٣٨٤-٣٨٥.

[٢] اليعقوبي: البلدان، م.س، ص٩٣.

[٣] معجم البلدان، م.س، ج٣/ ص١٦٢.

[٤] م.س، ص١٥٨ ؛ ئەم دوو وشەیە (ڕۆژ ، قۆناغ) هەردووکیان هەر بەواتای ماوەی ڕۆژەڕێیەک دێن، واتا ئەو دووریەی کە ڕێبوارێک بە ماوەی ڕۆژێک دەیبڕێت، بڕوانە: (الفيومي: مصباح المنير في غريب شرح الكبير، د.ط، مكتبة لبنان، لبنان-١٩٨٧ز، ج٢/ ص٢٢٣).

[٥] حكيم أحمد خوشناو: الكرد وبلادهم عند البلدانيون والرحالة المسلمين، ط١، دار الزمان، دمشق-٢٠٠٩، ص١٢٧.

قوهستان، له زۆربەی گوندەکانی ئەم بیابانانەدا کوردەکان نیشتەجێبوون، ئەم کوردانە بەهۆی ئەوەی خاوەن مەڕ و ماڵات و حوشتر بوون، توانیویانە بەرگەی هەوای گەرمی ناوچەکە بگرن.[١]

سەرەڕای ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، ئێمە چاومان بە چەندین ناو دەکەوێت لە نێو سەرچاوەکاندا کە پاشگری وشەی کرد یان هەڵگرتووە، ئەگەرچی ئەم پاشگرە تەنها بەواتای کورد نایەت، بەنموونە وەک: (خسروکرد[٢] و کردرانخواش و خرکرد و فرکرد[٣])، بەڵام ئەگەری زۆر هەیە ئەم پاشگرانە بۆ کورد بگەڕێنەوە. کوردەکان لە ناوچەی (اندخذ) ی سەربە شاری (اليهودية) ی دەوروبەری شاری (فارياب) هەبوون، حەوت گوند و ماڵی کوردانی لێبووە کە خاوەنی مەڕماڵات و وشتر بوون[٤].هەموو ئەم زانیارییانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە کوردەکان لە سەدەکانی چوار و پێنجی کۆچییەوە بەشێوەی لێرەولەوێ لە ناوچەکانی خوراساندا هەبوون و زیاتر نیشتەجێی گوندەکان بوون و بە کاری مەڕدارییەوە خەریک بوون.

بوونی کوردەکان لە خوراساندا بوونێکی بێ ڕاگواستن بووە، چونکە ئەو زانیارییانەی هەیە ئاماژە بە ڕاگواستنیان ناکەن، تەنانەت تاوەکو سەدەی (٧ک/ ١٣ ز ) کوردەکان لە خوراسان هەبوون و ڕاگوێزراویش نەبوون، وەک ئەو نموونەیەی نوسەری کتێبی (پیراسته تاریخنامه هرات) زانیاریمان پێدەدات، کە پاشایەک و کوڕەکەی لە ساڵی (٦٥٠ک/١٢٥٢ز) کوردبوون و سەید بوون و دەڵێت: "مەلیک شاهنشاه و بهرامشاه کە کوڕ و باوک بوون و هەردوکیان سەید و کورد بوون"، هەر لە درێژەی ئەم باسەدا قسەی ئەو پاشایە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "خەڵکی ئەفغان چ کەسانێکی بێ باک و دز و خوێنڕێژ و فیتنەگێڕ و فێڵاوین، بەتایبەت ئەم کوردانەی کە لەگەڵ مندان".[٥]

کوردەکان تاوەکو سەدەی هەشتەمی کۆچی بەشێوەی نیشتەجێی بنەڕەتی لە ناوچەکەدا بوونیان هەبووە و هیچ گومانێک لە ڕەسەنیان ناکرێت و ئاماژە بۆ هێنانیان نابینرێت، ڕۆژهەڵاتناس (گونسالس دو کلاويخو) لە سەفەرنامەکەی خۆیدا باس لە بوونی کورد دەکات لە خوراسان و دەڵێت: " یەک فەرسەخمان مابوو بگەین بە نیشابور ئۆردوگایەکی بچوکمان بینی کە نزیکەی چوارسەد ڕەشماڵ دەبوون و ڕەشماڵی ئاسایی نەبوون و زۆر درێژ بوون و ڕەش بوون،

---

[١] الأصطخري: ن.م، ص١٥٥.

[٢] الأصطخري: م.س، ص١٤٦ ؛ ابن حوقل: م.س، ج٢، ص٤٣٣. ساغکەرەوەی بەرهەمەکەی ابن حوقل لە پەراوێزدا ئاماژە بەوە دەکات کە وشەی (كردران خواش) واتا کردان خواش، بۆیە پێمان وایە پاشگری (کرد) مەبەست کوردە، نەک (کرد) ی فارسی بەواتای کردن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر هەیە ئەم پاشگری (کرد) گرد یاخود جرد بێت ، بەوپێیەی لە هەندێ سەرچاوەدا بە (خسروجرد) هاتووە، بڕوانە: (مؤلف مجهول: م.س، ص١١٤).

[٣] ابن حوقل: م.س، ج٢/ ص٤٣٣.

[٤] ن.م، ج٢ / ص ٤٤٣.

[٥] سيفی هروی: م.پ، ص٤٩.

لەم چادرانەدا هۆزێک بەناوی (الواری) کە کوردن، دەژیان، ئەمانە درێژی و پانی ئەم ئوستانە دەگەڕێن، لەژێر فەرمانی تەیموردان و سالانە سێ هەزار وشتر و پانزە هەزارسەر مەڕی وەک باج پێ دەدەن.[١] کە ئەمە بەڵگەی زۆری ژمارەی کوردانە لەم ناوچەیە و پێ دەچێت هەمان ئەو کوردانە بن کە پێش چوارسەدە باسکراون لەلایەن (الاصطخری) کاتێک باسی گوندێک بەناوی گوندی کوردان دەکات لەسەررێی نیشابور.[٢]

### تەوەری سێیەم:

### پێکهاتە ئاینییەکانی هەرێمەکە:

لە هەرێمی خوراساندا چەندین ئاین و ئاینزا لەلایەن دانیشتوانەوە لە مێژوودا پەیڕەوی لێکراوە، بەتایبەت ئاینە هیندییەکان بەشێک لە شوێنکەوتوانی ئەم ئاینانە لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانی سەدەکانی ناوەڕاستدا نیشتەجێبوون[٣]، لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر سەرەکیترین پێکهاتە ئاینییەکانی هەرێمی خوراسان، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**یەکەم: ئیسلام:**

ئاینی ئیسلام وەک ئاینی زۆرینەی خەڵکی و تاڕادەیەک ئاینی دەسەڵاتی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاستی هەرێمەکە، هەر لە ساڵی (٣١ک/٦٥١ز) کاتێک سوپای موسڵمانەکان چوونە ناو ئەم ناوچەیەوە، خەڵکی ئاشنای ئاینە نوێیەکە بوون، بەڵام بە یەکجاری و ڕاستەوخۆ ئەم ئاینە لە دڵی خەڵکیدا جێی نەبوویەوە، چەندین ساڵی خایاند تاوەکو ئاینەکە بە ڕێژەیەکی زۆر بڵاوبوویەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی چەندین شوێنی پەرستشی ئاینەکانی پێشوویان گۆڕی بۆ مزگەوت ئەم ئاینە ڕاستەوخۆ جێگەی ئاینە ناوخۆییەکانی گرتەوە.[٤]

**دووەم: زەردەشتی:**

ئاینی زەردەشتی وەک ئاینێکی کۆن ئەژماردەکرێت لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و قەڵەمڕەوی ئیمراتۆریەتی ساسانی بەتایبەتی، چونکە ئاینی فەرمی ئیمراتۆریەتەکە بووە، خوراسانیش وەک هەرێمی چوارەمی دەوڵەتی ساسانی پەیڕەوی لەم ئاینە کراوە لەلایەن

---

[١] ئەم ڕۆژهەڵات ناسە بە درێژتر باسی ئەم هۆزە دەکات، بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (کلاویخو: سفرنامه کلاویخو، دیکه: مسعود رجب نیا، چ٥، شرکت انتشارات علمی فرهنگی، تهران-١٣٨٤ش، ص١٨٨.)

[٢] الأصطخري: م.س، ص١٥٨.

[٣] آرتور کرستین سن: م.پ، ص ٧٦.

[٤] بۆ زانیاری دەربارەی فتوحاتی ئیسلامی و بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە هەرێمی خوراسان بڕوانە: البلاذری: م.س، ص٣٩٠ ؛ الطبری: م.س، ج٤/ ص١٦١-١٦٧ و ٣٠١-٣١٤.

دانیشـتوانەکەیەوە، لە خوراسـاندا چەنـدین ئاتەشـگای زەردەشـتی بـووە، کە لەلایەن و لاتنـاس و گەڕیدەکانەوە بۆمان باسکراوە، کە لەخوارەوە باسیان دەکەین.

یەکێـــک لەو ئاتەشـــگایانە کە لەســـەدەی چـــوارەمی کۆچیـــدا ئـــاوەدان بـــووە و لەلایەن (الأصطخري)یەوە دەگێڕدرێتەوە، لەسـەر چیایەکی نزیک شـاری هـورات بە دووری دوو فرسـخ و لەسـەر لوتکەی چیاکە ئاتەشـگایەک هەبووە، هەر خـودی ئەم جوگرافیناسـە شـایەتی دەدا لەسـەر ئەوەی ئەم ئاتەشـگایە ئـاوەدان بـووە ونـاوی (سرشـک) بـووە.[١] لە زانیـارییێکی دیکەدا (المقدسـی) زانیاریمـان پێـدەدات کە لە سـەر ڕووبـارێکی شـاری هـورات پردێکـی نـاوازە لەلایەن پیـاوێکی مەجوسـی واتـا زەردەشـتییەوە دروسـتکرا، پیـاوەکە ویسـتی نـاوی خـۆی لەسـەر بنوسـێت، بەڵام سوڵتان وتبوی دەبێت ناوی منی لێبنوسرێت، سەرەنجام هەندیک دەڵێن پیاوەکە موسڵمان بوو و هەنـدێکی دیـکە دەڵـێن خـۆی فـڕێ داوەتە نـاو دەریـاکەوە.[٢]لێـرەدا ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت شوێنکەوتوانی ئاینی زەردەشتی دوای چەندین سـەدەش لە بڵاوبوونەوەی ئـاینی ئیسـلام هەر لەم ناوچانەدا ماون.

لە هەرێمی خوراساندا چەندین ئاتەشگای زەردەشتی بوونیان هەبووە، بەنموونە ئاتەشگایەک لە شـاری طوس هەبـووە[٣]، ئاتەشـگایەکی دیکەی خوراسـان نـاوی ئاتەشـگای نـوش آذاران بـووە لە شاری بەڵخ کە ئاتەشگایەکی ناسراو و گەورە و بەرچاوی زەردەشتییەکان بووە.[٤]

**سێیەم: بودایی:**

ئاینی بودایی، یەکێکی دیکەە لەو ئاینانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی خوراسـاندا بڵاوبۆتەوە، سـەرەتای بڵاوبوونەوەی ئەم ئـاینە لە ناوچەکـانی خوراسـان و دەوروبەریـدا دەگەڕێتەوە بـۆ سـاڵی ٢٦٠پ.ز بەهۆی پاشایەکی هیندی بەنـاوی ئاشـوکا لە ناوچەکانی باشـوری خوراسـاندا بڵاوبۆوە، لەڕێگەی مژدەدەرەکانییەوە کە نـاردی بـۆ ناوچەکـانی خوراسـان، و لە سـاڵی ٢٦٠پ.ز مـژدەدەری نـارد بـۆ شاری بەڵخ، پاشایەک بەناوی أجاتوکل، کە لە ناوچەکانی رخج و زرنج حوکمی کردووە و سکەی لێداوە و وێنەی بوذای لەسەر نەخشاندووە. هەروەها لە شـاری بەڵـخ ئامـاژە بە بـوونی پەرسـتگای ئەم ئـاینە کراوە، ئەویـش پەرسـتگای نەوبەهـارە کە لەسـەرەتادا ئاتەشـگای زەردەشـتییەکان بـووە، بەڵام دواتر کاتێ ئاینی بودایی پەیدا دەبێت لە نـاوچەکەدا ئەم ئاتەشـگایە دەگۆڕێت بـۆ پەرسـتگای

---

[١] م.س، ص١٥٠.

[٢] م.س، ص٣٢٩-٣٣٠.

[٣] اعتماد السلطنة: مرآة البلدان، تح: عبدالحسین نوایی وهاشم محدث، چ١، انتشارات دانشگاه تهران، تهران-١٣٦٧ش، ج١/ ص٥٧٤.

[٤] محمد مهریار: فرهنگ جامع نامهای کهن اصفهان، چ١، انتشارات فرهنگ مردم، اصفهان-١٣٨٢ش، ص٨٤٥.

بودایی، پاشاکانی چین و هیند و کابلشا سەردانی ئەم پەرستگایەیان کردووە و ئەوانیش لەسەر ئەم ئاینە بوون.[(١)] لەم پەرستگایەدا پیاوێکی ئاینی هەبووە نازناوی بەرمەکیان هەڵگرتووە، نەوە لەدوای نەوە پشتاوپشت سەرپەرشتی ئەم پەرستگایەیان دەکرد[(٢)]، لە سەردەمی (معاوية بن أبي سفيان ٤١-٦٠ك/ ٦٦١-٦٨٠ز) ئەم پەرستگایە ڕووخێنرا.[(٣)]

جگە لەوانە لە شاری بامیان گەورەترین بتی بودا و پەرستگایەکی ئەو ئاینەی لێ بووە، کە لەسەر بەردی قەدپاڵی چیایەک هەڵکەنراوە، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان و بەتایبەت سەردەمی (سابوری یەکەم ٢٤٠-٢٧٠ز).[(٤)] ئەم پەرستگایە پێ دەچێت هەمان ئەو زانیارییە بێت کە (السمعاني) نوسیویێتی: " لە بامیان دوو بتی گەورەی لێبووە، کە لەسەرچیاکە هەڵکەنراون لە خوارەوە بۆ سەرەوە، زۆر گەورە بوون و لە جیهاندا لەوێنەیان نەبووە، یەکێکیان ناوی (سرخ بت) بەواتای بتی سور، ئەوی دیکەیان ناوی (خنک بت) واتا بتی فێنک".[(٥)]

**چوارەم: مەسیحی:**

ئاینی مەسیحی، یاخود (نصاری)، بەپێی سەرچاوەکان شوێنکەوتوانی ئەم ئاینە لە ناوچەکانی هەرێمی خورساندا بوونیان هەبووە، گوایە یەکەم کەس کە ئاینی مەسیحی بردۆتە هەرێمەکەوە قەشەیەک بووە بە ناوی (سيس جاثليق)[(٦)]، وەک دەبینین (الأصطخري) کاتێ باسی شاری هورات دەکات، زانیاریمان پێدەدات کە لەنێوان ئاتەشگای سرشک و شاری هوراتدا کڵێسایەکی مەسیحییەکانی لێبووە.[(٧)] مەسیحیەکان لە سەدەی چوارەم دا لە خوراساندا بەڕێژەیەکی کەم هەبوون، بە جۆرێک لە یەهودیەکان کەمتر بوون.[(٨)]

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم پەرستگایە وجیاوازی بۆچوونەکان دەربارەی ئەوەی کە ئاتەشگای زەردەشتی بووە یان پەرستگای بودایی بڕوانە: (منصور سيد سجادي: م.س، ص٣٦٥).

(٢) المسعودي: م.س، ج٢/ ص١٨٦ ؛ عبدالحی حبیبی: م.پ، ص ص ٣٧٣-٣٧٨.

(٣) البلاذري: م.س، ص٣٩٦ ؛ سيد صادق سجادي: تاريخ برمكيان، چ١، بنياد موقوفات دكتر محمود افشار، تهران، ١٣٨٥، ص ٣٩.

(٤) آرتور كرستين سن: م.پ، ص ٧٦.

(٥) م.س، ج٢/ ص ٦٤ ؛ لەوەدەچێت مەبەست ئەو دوو پەیکەرەبێت کە لە شاری بامیانی ئەفغانستانی ئەمڕۆکە هەبوون و لە لایەن هێزە چەکدارە ئیسلامیە توندڕەوەکانەوە لە ئەفغانساتن تەقێندرایەوە.

(٦) بۆ ئەم زانیاریە وزانیاری دیکە لەسەر ئاینی مەسیحی لە خوراسان بڕوانە: (أبو ريحان البيروني: الآثار الباقية عن القرون الخالية، تح/ پرويز ازكايي، ط١، مركز نشر ميراث مكتوب، تهران -١٣٨٠ش، ص٣٦٥).

(٧) م.س، ص١٥٩.

(٨) المقدسی: م.س، ص ٣٢٣.

**پێنجەم: یەهودی:**

یەهودییەکانی خۆراسان کەم و پەرتەوازە بوون، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ئاینە بوونی هەبووە، بەنموونە لە زانیارییێکدا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی کۆچی تێیدا هاتووە لە خوراساندا یەهودی هەیە و ژمارەشیان زۆرە[١]، وا دیارە ئەم ژمارە زۆرەی یەهودی لە سەدەی سیانزەی کۆچی کەم دەکات، چونکە لە سەرچاوەی ئەم ماوەیەدا ئاماژە بە یەهودییەکانی خوراسان کراوە کەژمارەیان کەمبووەتەوە و ڕۆڵیان لە کەمی داوە.[٢]

**شەشەم: مانەویەت:**

مانەوییەت وەک ئاینێکی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئێران لە خوراساندا بوونی هەبووە، زانیاریی ئەم ئاینە لە سەرچاوەکاندا هەیە، بەڵام مانەویەکان لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا زیاتر وەک بەشێک لە ئاینی زەردەشتی یاخود جۆرێکی بێباوەڕی (زەندەقە) ئەژمار کراون، بەنموونە بۆ ئاینەکانی وەک زەردەشتی وتراوە (اصناف المجوسية)، یاخود وەسفکراون بە (کۆمەڵێک کە لە نزیک هورات هەن، سپی پۆشن و ئاینیان شتێکە نزیک لە زەندەقە)، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئاینی مانەوییەت لە خوراساندا بوونی هەبووە و تاوەکو سەدەی چوارەم ڕێژەی بەرچاویان لە خوراساندا هەبووە.[٣]

---

(١) المقدسی: م.س، ص ٣٢٣.

(٢) شیروانی: بستان السياحة، م.پ، ص٥٨.

(٣) المقدسی: م.س، ص ٣٢٣ ؛ منصور سید سجادی: م.س، ص ٣٢٥_٣٢٦.

# بەشی دووەم:

## شار و شارنشینی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە خوراساندا

## باسی یەکەم:

## شار و شارنشینی لەڕووی پێناسە و پێکهاتە و دروستبوونەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

### تەوەری یەکەم:

### ناساندنی چەمکی شار و شارنشینی:

مرۆڤەکان بەسروشتی خۆیان کۆمەڵایەتین و لەبەر چەندان هۆکار لە دەوری یەک کۆدەبنەوە، ئەم کۆبوونەوەیەشیان کۆمەڵگای دروستکردووە، کە بەیەکەوە لە شوێنێکی نیشتەجێبووندا کۆدەبنەوە، ئەو هۆکارانەی وایکردووە پێویستیان بەیەک بێت هەر ئەو هۆکارانە وادەکات کەلێنەکانی یەکتر پڕ بکەنەوە، ئەم گردبوونەوەیەش لە دەوری یەکتر خۆی لە چەند جۆرێکدا بینیوەتەوە، ئەویش بەپێی زۆری و کەمی دانیشتوان، لە بچوکترین کۆمەڵگای نیشتەجێبوونەوە دەست پێدەکات تا گەورەترین، بەمەش گوند و شار و هەرێم و شانشین دروست دەبێت.[١]

شوێنی گردبوونەوەی مرۆڤەکان زۆر ناوی لەخۆی گرتووە، لە جیهانی ئیسلامیدا و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چەندین ناو و چەمک و زاراوە بۆ شار و ئاوایییەکان بەکارهاتووە وەک (أقليم، جند، اوستان) و چەندین ناوی دیکە بۆ یەکە بچوکترەکان، ئەمەش بەپێی گەورە وبچوکیان پلەبەندی کراون.[٢]و هەندێ سەرچاوەی نوێ چەمکی شاری ئیسلامی بەکاردێنن و چەندین کتێب بەو ناوەوە لە بواری شارسازی وشارگەریدا نوسراوە.[٣]

لەزمانی کوردیدا چەمکی شار بە گەورەترین یەکەی نیشتەجێبوونی خەڵکی وتراوە کە مزگەوت وبازاڕ ونەخۆشخانە وگەرماو و خان و پیشە جۆراوجۆرەکان و زۆرێک لە شوێنە گشتییەکانی لەخۆی گرتووە، کە بە کرمانجی باژێڕیشی پێ دەوترێت، شار چەمکێکی هاوبەشی زمانی کوردی وفارسییە، ئەگەرچی لە فارسیدا زیاتر وشەی (شهر) بەکاردێت.[٤]

---

[١] ابن خلدون: م.س، ص ٤١، ١٢٥.

[٢] محمد المعتصم: المدينة الاسلامية وخصائصها (حولية كلية والعلوم الاجتماعية)، العدد الثانى، ط١، مطبعة جامعة قطر، قطر_١٩٨٠م، ص٢١٧_٢١٨.

[٣] بەنموونە وەک کتێبی (محمد عبدالستار عثمان: المدينة الاسلامية، ط١، عالم المعرفة، كويت_١٩٧٨.) و کتێبی(Hourani.A.H and stern, The Islamic City, London, oxford, 1967).

[٤] محسن حبيبى: از شار تا شهر، چ١٧، انتشارات دانشگاه تهران، تهران، ١٣٩٧ش، مقدمه ص ف.

وشـەی (شـهر) لە فارسـی کۆنـدا (خشـث)ە بە واتـای (پاشـایەتی) دێت[١]، ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ واتا عەرەبییەکەی (المدینة)دا ، کە لە خوارەوە باسی دەکەین و بەم شـێوەیە دەتوانین بڵێین لە فارسی کۆنیشدا شار بە شوێنی فەرمانڕەوایەتی وتراوە.

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (المدینة) مان هەیە کە هاوواتای وشەی (شار) ی کوردی و (شـهر)ی فارسییە، ئەم وشەیە شیکردنەوە و لێکدانەوەی زۆری بۆکراوە و بە بۆچونی جیاواز لێکدراوەتەوە کە بـنەڕەتەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ چ واتـایەک، بەڵام بەگشـتی بـۆ گردبـوونەوەی خەڵکێکـی زۆر لە دەوری یەک و نیشتەجێبوونیان لە ڕووبەرێکی گەورەدا و پشت بەستنیان بەیەکتر، بەکارهاتووە.[٢]

یەکێک لەو بۆچوونانە وشەی (المدینة) دەگەڕێنێتەوە بۆ بنەڕەتێکی ئارامی، بەوپێیەی لە وشـەی (دین) وەرگیراوە کە بە واتای شار هاتووە، شار لای ئەکەدی و ئاشورییەکان بە (الدین) ناسـراوە واتـا یاسـا، هەروەهـا وشــەی (الـدیان) واتـا (القاضـی) حـاکم، لە ئارامیـدا سـەرچاوەکەی وشــەی (مدینتنا)یە کە واتای (القضاء_ دەسەڵات) دێت. لە زمانی عەرەبیدا وشەی دەییـان (الـدیان) بەواتـای خاوەن یاخود پاشا بەکارهاتووە.[٣]

لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا شـوێنەکانی نیشـتەجێبوون چەنـد نـاوێکی جیاوازیـان هەبـووە، ئەم ناوانەش بەپێی قەبارەی شوێنەکە و پێگەی سیاسی و ئابووری و کارگێڕی ئەو شوێنە دانرابوون، بەم شـێوەیە لە گەورەوە بـۆ بچـووک (مصـر، قصـبة، مـدن، رسـتاق) و یەکێـک لە جوگرافیناسـە موسـڵمانەکان لەم بـارەیەوە بۆچـوونی خـۆی دەخـاتەڕوو، مێژوونـوس و جوگرافیناسـی ئیسـلامی مەقدسیە، کە دەڵێت: "ئێمە مصرەکانمان وەک پاشا و قەصەبەکان وەک پەردەدار و شارەکان وەک سـوپا و دێیەکـان وەک سـەرباز لێکـردووە".[٤] دیـارە شـێوەی ڕیزبەنـدییەکەی مەقدسـی لەسـەر شێوەی ڕیزبەندی حوکمداری سەردەمی خۆی بووە، پاشـا گەورەترین پلەیە و بەدوایـدا تـاوەکو بچوکترین پلە کە تاکە پیاوێک یان سەربازێکە، بەڵام ئەوەش بزانین کە مصر بە واتای نـاوچەیەکی گەورە هـاتووە و شـارێک بـنکەی ئەو نـاوچەیە بـووە، نـاوچەکەش بەنـاوی شـارەکەوە بـووە، هەر خودی مەقدسی لە تەواوکەری ئەم دەقەدا دەڵێت: " زانایان جیاوازن لەبـارەی مصـرەوە، بەڵام مـن دەڵێم مصر هەر هەرێمێکە دەسەڵاتی هەرەگەورەی تێدا بێت، دیوانەکانی تێدا کۆبکرێتەوە و کـاری دەوروبەری پێوە وابەسـتەبێت، چەندین شـار سـەر بەو بـن، وەک دیمەشـق و قەیرەوان و شـیراز،

---

[١] شهرام یوسفی فر: شهر وروستا در سدههای میانهء تاریخ ایران، چ١، پژوهشگاه علوم انسانی ومطالعات فرهنگی، تهران_١٣٩٠ش، ص٥٠.

[٢] فەرهاد حاجی عبوش: م.س، ص١٩_٢٠.

[٣] عبدالجبار ناجی: درسات فی المدن العربیة الاسلامیة، ط١، شرکة المطبوعات للنشر والتوزیع، بیروت_٢٠٠١، ص٥٧_٥٨ ؛ محمد عبدالستار عثمان: م.س، ص١٥_١٦.

[٤] م.س، ص٤٧.

لەوانەیە هەندێک جار لە مصرێکدا یان لە قەصەبەیەکدا ناوچەیەک هەبێت شارانی  دیکە سەر بەو بن وەک طخارستان بۆ بەڵخ".[١] لێرەدا دەبینین (المقدسی) لە پلەی سێیەمدا شارەکان (المدن)ی داناوە، وەک دەزانرێت مدن شێوازی کۆی المدینة یە، (ابن منظور) بۆمان پێناسە دەکات و دەڵێت:" کە شار قەڵایەکە لە چەق یاخود بەرزی ناوچەیەکدا دروست دەکرێت، هەر زەویەک لە بەرزیەکەیدا یــان لە ســەنتەرەکەیدا قەڵایەک دروســتبکرێت، ئەوە بــریتییە لە شـــار ".[٢] لەم دەقەی ســـەرەوە دەتـــوانین بڵێــین کە لە ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا شـــار بەســـتراوەتەوە بە بـــوونی قەڵاوە، ئەگەر ئاوەدانیەک قەڵای نەبووبێت پێی وتراوە دێ یاخود گوند.

فەیلەسوفی ئیسلامی (ابن خلدون) شێوازی نیشتەجێبوونی مرۆڤەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەکات، جۆرێکیان پێی دەڵێت (البدوی) واتا (سارانشین) ئەمە زیاتر لە شوێنە کراوەکاندا وەک چیا و پێدەشت و بیابانەکاندا بوون، واتا لە پەناگەی سروشتیدا بوون، جۆری دووەمیان ناودەنێت (الحضر) واتا (شارنشین) کە زیاتر لە پەناگەی دەستکردیدا بوون وەک گوند و شار و قەڵاکان ئەمەش بۆ خۆپاساردان وبەرگریکردن بووە لەخۆیان.[٣]

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین پێناسەی شار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەم شێوەیە بووە، وەکو (المقدسی) لە زاری زانایانەوە بۆمان پێناسە دەکات و دەڵێت: "زانایان دەڵێن مصر هەر وڵاتێکە کۆکەرەوە بێت و سنورێکی هەبێت و ئەمیرێک تێیدا نیشتەجێ بێت و کاروباری بەڕێوە ببرێت و ناوچەی خۆی هەبێت".[٤] ئەگەر ئێمە بڕوانینە پێناسەی زۆرێک لە زانایانی سەدەکانی ناوەڕاست ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، شار بریتی بووە لە شوێنێکی نیشتەجێبوونی خەڵکی و پارێزراو بە قەڵایەک و خاوەنی ئەمیرێک و چەندین شوێنی وەک بازاڕ و مزگەوت و گەرماوی لەخۆی گرتووە، خەڵکەکەی زیاتر لە ڕێگەی پیشە و کاری دەست و سەربازیەوە بژێوی خۆیان پەیداکردووە.[٥]

ســـەبارەت بە شارنشـــینی و جیـــاوازی لەگەڵ گوندنشـــینیدا، تـــاڕادەیەک جیـــاواز و هەنـــدێکیش لەیەکچوون هەیە، شارەکان جێگای خەڵکانێک بوون کە زیاتر لە چین و توێژەکانی دەسەڵاتداران و بازرگانـــان و پیشـــەوەران و زانایـــان بـــوون، بەهـــۆی ئەوەی شـــارەکان شـــوێنی فەرمـــانڕەوایی دەسەڵاتدارە بچوک و گەورەکان بووە، شوێنی کۆشکی بازرگانان و شوێنکاری پیشەوەران بووە،

---

[١] م.س، ص ٤٧.
[٢] لسان العرب، ط٢، دار الصادر، بیروت_د.ت، مج١٣/ ص٤٠٢.
[٣] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (المقدمة: م.س، مج١/ ص١٣٢).
[٤] م.س، ص٤٧.
[٥] عبدالجبار ناجی: م.س، ص ص٧٠_٧٥؛ شهرام یوسفی فر: م.پ، ص ٥٣.

لەگەڵ ئەوەشدا بازاڕە گەورەکان زیاتر لە شارەکاندا بووە، شارەکان زیاتر ڕۆڵی سەنتەرێکی یەکگرتنەوەی دێهاتەکانی دەوروبەریان بینیوە لە کاری بازرگانیدا[1]، هەروەها زیاتر شوێنی بەرهەمهێنانی وردەکاڵای بازرگانی بوون بۆ دێهاتەکان و شارەکانی دراوسێ.[2]

ئەگەرچی شارنشینی ئەو سیفەتانەی هەبوو کە لە گوندنشینی جیایکردۆتەوە، بەڵام هەندێکجار ڕوویداوە گوند هەبووە دارای ئەو شتانە بووە کە شار هەیبووە، ئەمەش خاڵی لێکچوونی نێوان شار و گوندەکانە لە سەدەکانی ناوڕاستدا، چونکە هەندێجار گوندەکان شوێنی کۆشکی دەسەڵاتدارەکان و بازرگانەکان بوون، هەندێکجاریش گوندێک قەڵای هەبووە، یاخود وردە کاڵای بازرگانی بەرهەمهێناوە، ئەمە وادەکات بڵێین خاڵی لێکچوون هەبووە لە نێوان گوند و شاردا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام بەگشتی شار جیاواز بووە لە دێهات.[3]

توێژەرانی بواری شارناسی بە لەبەرچاوگرتنی گێڕانەوە مێژووییەکان و چەند پێوەرێکی دیاریکراو، شوێنەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤیان بۆ چەند ئاستێک ڕیزکردووە، لە گرنگترین ئەو پێوەرانەش سەرەتا پێوەری سیاسییە، بەپێی ئەم پێوەرە هەر شارێک بنکەی دەسەڵاتی سیاسی تێدا بووبێت و لەم شارەوە شارەکانی دیکە بەڕێوەبرابن، ئەوا بووەتە شارێکی بنکەیی و جوگرافیناسانی سەردەمی ئیسلامی پێیان گوتووە (مصر) کە وەکو پایتەختی هەرێمێک ڕۆڵی بینیوە، پێوەری دواتر پێوەری ئابوورییە، واتا هەرشارێک لەڕووی ئابوورییەوە بەهێز بووبێت و خاوەن داهاتێکی ساڵانەی زۆر بووبێت گەورەتر بووە لەو شارەی داهاتی کەمتری هەبووە، یاخود بەپێی پێگەی ئابووری و بازرگانی شارەکە و هەڵکەوتە جوگرافییەکەی دەگۆڕا، ڕیزبەندکردنەکە لە گوند یاخود دێ دەستپێدەکات واتا لە بچوکەوە بۆ گەورە، بەم شێوەیەیە: گوند پاشان دێ دواتر شارۆچکە ئینجا شار دوای ئەوەش قصبە و لە کۆتاییشدا پایتەخت_مصر.[4]

---

(1) Giulia Annalinda Neglia: The City in the Islamic World, Some Historiographical Notes on the Islamic City, Brill, Boston, 2008, Vol.1, p38-37.

(2) شهرام یوسفی فر: م.پ، ص٥٧.

(3) احمد اشرف: ویژگیهای تاریخی شهرنشینی در ایران دورەء اسلامی، مجلەء مطالعات جامعە شناسی، دورە قدیم، تابستان_ شمارە٤، تهران_ ١٣٥٣ش، ص٤٥.

(4) شهرام یوسفی فر: م.پ، ص١٣١؛ محمد معتصم: م.س، ص ٢١٨_٢١٩.

**تەوەری دووەم:**

**پێکهاتەکانی شار:**

شار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خاوەن کۆمەڵێ پێکهاتەی گرنگ بووە، بەشێوەیەک بەبێ بوونی ئەم پێکهاتانە، هیچ شارێک واتا و مۆرکی شار و شارنشینی لەخۆی نەدەگرت، لەگەڵ ئەوەی ئەم پێکهاتانە مەرجی بوونی شار بوون، لەهەمان کاتدا پێویستییەکی سەردەمی بوون لە بوارەکانی بازرگانی و سەربازی و سیاسی و ئاینی و زانستی و پیشەسازیدا، پێکهاتەکانیش لە شوێن و وڵاتێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕان، لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین پێکهاتەکانی شاری سەردەمی ئیسلامی بخەینە ڕوو بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**یەکەم: (قەڵا) یاخود (دژ):**

قەڵا بە گرنگترین بەشی شار دانراوە، بەهۆی ئەوەی قەڵا پارێزەری سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی شاربووە، ئێمە دەبینین لە دروستکردنی شارەکانی خوراساندا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زیاتر بۆ خۆپاراستن بووە لە نەتەوە دەشتەکییەکان[(١)]، واتا هۆکاری یەکەمی دروستکردنی قەڵاکان بۆ خۆپاراستن بووە لە دەرەوەی شارییەکان، ئەویش چ نەتەوە دەشتەکییەکان بێت، یاخود دوژمنێکی دەرەکی، یان ئاژەڵە پەلاماردەرەکان بووبێت.

قەڵا بۆ پاراستنی شار و دەستکەوتەکانی لە سەرجەم ڕووەکانەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پێویستییەکی حەتمی بووە، لە هەمان کاتدا پێکهاتەی قەڵا بۆ شارێک سەرەنجام پێکهاتەی ئاسایشی بووە بۆ ئەو شارە، چونکە ئاسایش بەهۆی بنیاتنانی قەڵا و دژ و کەندرِ و خەنەقەکانەوە بووە، هەروەها شارەکان بە بوونی قەڵا لە گوندەکان جیادەکرانەوە.[(٢)]

لە سەردەمی ئیسلامیدا شارەکان خاوەنی قەڵای سەخت و پتەو بوون و لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی شاردا تەواوکاری یەکتربوون و بگرە پێکهاتەکانی دیکە وابەستە و مەرجداری ئەم پێکهاتەیە بوون، چونکە قەڵا و شوراکان پارێزەری شوێنە ئاینی و شوێنە ئابوورییەکان بوون.[(٣)] بە

---

[(١)] بۆ نموونە (یاقوت الحموی) لە باسی دروستکردنی شاری هرات دا بۆمان دەگێڕێتەوە ودەڵێت: " کاتێ ئەسکەندەر بەرەو چین بەڕێکەوت بەناو خوراساندا تێدەپەڕی و لە شاری هرات لە ناو خوراسان فەرمانی دروستکردنی قەڵای هرات دەدات، وەکو نەریتی خۆی بگەیشتایەتە هەر شوێنێک فەرمانی بە خەڵکەکەی دەکرد کە قەڵا وشورە دروست بکەن وخودی خۆی سەرپەرشتی دەکرد وئەندازیارییەکەی دەکردن، لە شاری هراتیش بەهەمان شێوە فەرمانی کرد بە بنیاتنانی شارەکە ودروستکردنی قەڵا بۆی ودانانی شورە وقولەکانی." بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: ( م.س، ج٥/ ص٢٩٦).

[(٢)] محمد عبدالستار عثمان: م.س، ص١٢١_١٢٢.

[(٣)] شهرام یوسفی فر: م.پ، ص ٥٩.

نمـوونه شـاری مەرو دوای قەڵای شـار شورەیەکیشـی هەبـووە کە بەدەوری هەمـوو بەشـەکانی شاردا کشاوە، کە هەمووی ڕستاقەکانیشی گرتوەتەوە، بۆ پاراستنی بەشەکانی شار.[1]

**دووەم: شوێنی ئاینی (مزگەوت):**

بە تایبەت مزگەوت، چونکە ئەو شارانەی ئێمە مەبەستمانە وسـەردەمی توێژینەوەکەمـان زیـاتر ئەو سەردەمەیە کە ئاینی ناوچەکانی هەرێمی خوراسـان ئـاینی ئیسـلام بووە، ومزگەوتیش لەگەڵ ئەوەدا مەرجی هەر شـارێک بـووە، واتـا ئەگەر شـارێک مـزگەوت ومینبەری هەبوایە پێی دەوتـرا شار،[2] بەڵام دەبوو ئەو مزگەوتە گەورەبوایە کە پێیان دەوت (مسجد الجامع)[3] و مینبەری هەبوایە ئەمەش نیشانەی سەربەخۆ بوونی ئەو شارەی دەگەیاند لەگەڵ شارێکی دیکەدا، بەڵام هەموو کـات بوونی (مسجد الجامع) ومینبەر لە ئاواییەکدا بەس نەبووە بۆ ئەوەی ئەو ئاواییە ببێتە شار، چونکە لە جیهانی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاستدا چەندین گوند هەبووە وخاوەنی مسـجد الجامع ومینبەر بووە وپێشی نەوتراوە شار، زۆرجار قەڵاشی هەبووە، بەڵام پێی نەوتراوە شار.[4]

سـەبارەت بەوەی کە مینـبەر تـاکە نیشـانە و پێکهـاتەی شـارە، لەوڕوانـگەیەوەیە لە سـەردەمە سـەرەتاکانی ئیسـلامدا بـوونی مینـبەر نیشـانەی گەورەیـی ئەو شـارەی دەگەیانـد، بەڵام ئەمە بـۆ سـەدەکانی دواتـر و بەتـایبەت سـەردەمی تـوێژینەوەکەی ئـێمە کەمتـر وەردەگیرێـت، چـونکە لەو سـەردەمەدا مینـبەر وەکـو پێکهـاتەیەکی دووەمـی تەماشـاکراوە و زۆر گونـد و ئـاوایی هەبـوون خـاوەنی مینبەر بـوون، لەگەڵ ئەوەشـدا مینبەر هاوشـانی (مسـجد الجـامع) نیشـانە و پێکهـاتەیەکی

---

[1] الاصطخری: م.س، ص١٤٨.

[2] بۆ گەڕانەوە بۆ چەند نموونەیەکی ئەو شارانەی لە خوراساندا خاوەنی مسجد الجامع بوون بڕوانە: (ابن حوقل: م.س، مج ٢/ ص ص ٤٢٦، ٤٣٥، ٤٣٧، ٤٣٨).

[3] ئەم ناوە لە کوردیدا بەواتای مزگەوتی گەورە یاخود مزگەوتی سەرەکی دێت، جیاوازی ئەم یەکەیە لەگەڵ مزگەوتی ئاساییدا ئەوەیە مزگەوتی گەورە زۆر دەزگای دیکە لەخۆ دەگرێت، وەک کاروباری سیاسی ووتاردانی کاربەدەستانی دەسەڵات وپیاوانی ئاینی، هەروەها قوتابخانەی خوێندنی سەرجەم زانستەکان وهونەرەکان بووە، تەنانەت شوێنی مانەوەی بەردەوامی قوتابیانی زانستەکان بووە، ئەمە جگە لەوەی شوێنی نوێژ وعیبادەتی هەموو موسڵمانێک بووە، بۆ درێژەی زیاتر لەسەر مسجد الجامع وپێگەی لە شاری سەردەمی ئیسلامیدا بڕوانە: (محمد طاهر الکردی: التاریخ القویم لمکة وبیت الله الکریم، ط١، مطبعة دار خضر، بیروت_١٤٢٠هـ مج ٣/ ج٥/ ص١٦٤_١٦٥؛ محمد عبدالستار عثمان: م.س، ص ص ٢١٠_٢١٦ ؛ Robert Bertran: The Islamic City, 1est edition , publishing by unisco, 1980, p74.).

[4] احمد اشرف: م.پ، ص١٣

گرنــــگ و ســــەرەکی شـــار بـــووە لە ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا و بەتـــایبەت لە ســـەردەمی توێژینەوەکەماندا.[١]

هەرچـی مەسـەلەی ئەژمـارکردنی بـوونی (مسـجدالجامع) وەک پێکهـاتەیەکی سـەرەکی و بـێ جێگرەوە بۆ شار، ئەمە یکلایی بۆتەوە لای توێژەرانی ئەم بوارە، بەو پێیەی پێکهاتەیەکی گرنگ و جیاکەرەوە بووە بۆ گەشـەی شارسـتانی هەرشـارێک، چونکە لەم یەکەیەدا زۆربەی کارە ئـاینی و زانستی و کارە سیاسییەکان ڕایی دەکران، شوێنی نوێژە گشتییەکان و خوێندنی زانستەکان بووە و مینبەر و بڵندگۆی ئاینی و وتاردانی سیاسی بووە.[٢]

**سێیەم**: **بازاڕ**[٣]:

وەک پێکهـاتەیەکی بنەڕەتـی هەرشـارێک و پێویسـتییەکی خـۆکرد بـۆ دانیشـتوان و ڕێبـوارانی شـارە گەورەکـان ئەژمـارکراوە، لە نێـو شـارە ڕۆژهەڵاتییەکانـدا شـارێی نێـو شـارەکان واتـا لە دەروازەی قەڵا بـۆ مزگەوتـی گەورەی شـار و خـانەی میرنشـینی، شـوێنێکی گونجـاوی بازاڕەکـان بـووە، هەنـدێکجار لە دەرەوەی شـارەکان و لە بەشـی (الـربض)[٤]دا بازاڕەکـان شـوێنێکی گرنگـی شارەکانیان دەگرت[٥]. (حـاکمی نیشـابوری) زانیاریمـان پێدەدات لە بـارەی شـاری نیشـابورەوە، کە دوو بـازاڕی هەبـووە، بـازاڕێکی بچـوک و بـازاڕێکی گەورە، بـازاڕە بچـوکەکە درێژبـۆتەوە تـا گەیشتۆتە بازاڕە گەورەکە و وەهەروەهـا چەنـدین لقە بـازاڕی دیکەی هەبـووە، کە هەنـدێک لەو لقە

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر وگەڕانەوە بۆ دەقە ئیسلامییەکان و وەرگرتنی نموونەی شار وئاواییەکان، بڕوانە: (عبدالجبار ناجي: م.س، مج١/ ص ص ١٠١_١١٢).

[٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالجبار ناجي: ن.م، مج١/ ص ص ١٠١_١٠٣.

[٣] بازاڕ: وشەیەکی کۆنە و لە زمانە کۆنەکانی ناوچەکەدا بەکارهاتووە، لە زمانی فارسیدا بە (وازار) و لەشێوەکانی وەک (وازارگ_ بازاری) و (وازارگان_ بازرگان) بەکارهاتووە، لە زمانی پارسیدا بە (واژار) هاتووە، بنەڕەتی وشەکە، دەگەڕێنرێتەوە بۆ زمانی پەهلەوی و لە شێوەی (واکار)دا، بڕوانە: (حسین سلطان زاده: بازارهای ایرانی، چ٥، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران، ١٣٩٣ش، ص١١).

[٤] (الربض): بەواتای پاشکۆ یاخود دەوروبەری شار، ئەمە زیاتر بۆ ئەو بەشەی شار بەکارهاتووە کە دوای بەشی شارستان دروست بووە، چونکە زۆربەی شارەکانی سەردەمی ئیسلامی وخوراسانیش لەو نێوەدا لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتوون دوابەدوای یەک (کۆهندژ یان قەڵا_ شارستان_ الربض یان دەوروبەری شار)، کاتێ دانیشتوانی شارێک زۆربوون ولە نێو بەشی شارستان وقەڵادا جێگەی نیشتەجێبوونیان نەبۆتەوە ڕوویان دەوروبەری شار کردووە بۆ نیشتەجێبوون، کە سەرەنجام بووەتە بەشێکی سەرەکی شار وخودی شارەکەش، وزۆرجار بازاڕ ومزگەوتی گەورەی تێدا بووە، وزۆرجار ئەم بەشەی شار شورەی هەبووە وشورەکەش چەند دەرگایەکی هەبووە بە ناوی تایبەت بە خۆیان: (ابن حوقل: م.س، ج٢/ ص٤٣٢ ؛ یوسفی فر: م.پ، ص ٦١ ؛ عبدالجبار ناجي: م.س، ص ٩٢ ؛ احمد اشرف: م.پ، ص ١٥).

[٥] کی لسترنج: م.س، ص ٤٦٠.

بـازاڕانە گەورەییەکەیـان وەک بـازاڕێکی سـەرەکی بـووە، بەنمـوونە بـازاڕی (حیـرە) لە شـاری نیشابوردا بازاڕێکی گەورە بووە و زانیاریی ئەم بازاڕە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سـەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زاینی، گەورەترین بازاڕی نیشابور بووە، درێژییەکەی نزیکەی یەک فەرسـەخ بووە (٥٨٠٠م)، تەواوی بازاڕەکە سەرداپۆشراو بووە، بەم پێیەبێت دەتوانین بڵێین نیشابور شارێکی زۆر گەورەی بازرگانی بووە.[١]

لە شارەکانی جیهانی ئیسلامی و شارەکانی خوراساندا بازاڕەکان بە دەوری مزگەوتدا بوون و مـزگەوت کەوتـۆتە ناوەڕاسـتی بـازاڕەوە[٢]، وەکـو بـازاڕی شـاری بەڵـخ کە بەدەوری مزگەوتـی گەورەی شـارەکەوە بـووە.[٣]هەر لەم بـارەیەوە دەتـوانین بڵێـین مزگەوتەکـان ناوەنـد بـوون بـۆ بازاڕەکـان، بەجۆرێـک یەکەمـین ڕیـزی بازاڕەکـان لە دیـواری مزگەوتەکانەوە دەسـتی پێکـردووە، سـەرەتا دوکانەکـانی پەیوەسـت بە بخـورد و تەسـبیح و بـۆن و سـیواک فرۆشـیەوە هەبـووە ڕاسـتەوخۆ دیـوار بەدیـواری مـزگەوتەوە بـوون، پاشـان ئەو دوکانـانەی کە پێداویسـتیی خوێنـدنگەکانیان فرۆشـتووە، وەک کـاغەز و بەرگتێگـرتن و مەرەکەب و شـتی دیـکە، کە دروازەی مـزگەوت و خوێنـدنگەکان بەڕووی ئەم دوکانـانەدا دەکـرانەوە، لە دوای ئەمـان بەشـێوەیەکی جیاکراوە بازاڕچەکانی قەیسەریە و دارتاشان و مسگەران و قوفڵسازان و ئاسنگەران و تا کۆتایی، هەر جۆرە پیشەیەک بازاڕی خۆی جودا بووە.[٤]

بازاڕ لە سەردەمی ئیسلامی و لە خوراساندا بەتایبەتی زۆر شتی لەخۆ گرتووە، هەر لە کڕین و فرۆشتن و بنکەی بازرگانی و خانبارەکان وەک شوێنی مانەوەی بازرگان و ڕێبواران،گەرماوەکان، هەروەک (ابـن حوقـل) زانیاریمـان پێـدەدات لە باسـی بـازاڕی شـاری نیشـابوردا و دەڵێـت: "لەم بازاڕانەدا میوانخانە و خانەکان هەبوون کە بازرگانەکانی تێدا دەمایەوە، تێیدا خانبارات هەبووە بۆ کڕین و فرۆشـتن و لەبەر ئەمە هەر تـوێژە لە بازرگانـان دەچونە بەشـی تـایبەت بە هاوپیشـەکانی خۆیـان."[٥] هەروەهـا میوانخـانەی تـایبەت بە ڕێبـواران هەبـووە، جگە لەوە میوانخـانەی جیـاواز لە ڕێبواران هەبووە کە تایبەت بووە بە خاوەن پیشە جیاوازەکان.[٦]

---

[١] م.پ، ص ٢٠٠.

[2] Muhammad Gharipour: The Bazar in the Islamic City, 1est edition, darelkutub, Egypt, 2012, p14, 124.

[٣] محمد بن عبدالمنعم حمیری: م.س، ص٩٦.

[٤] ابن حوقل: م.س، ج٢، ص٤٣٣ ؛ محسن حبیبی: از شار تا شهر، م.پ، ص ٤٥.

[٥] صورة الارض: م.س، ج٢/ ص٤٣٢ ؛ سەبارەت بە جۆرەکانی بازاڕ بڕوانە: (محمد المعتصم: م.س، ص٢٤١).

[٦] ابن حوقل: م.س، ج٢/ ص٤٣٢.

**چوارەم: پێکهاتە گشتییەکان:**

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوەی شارەکانی لە گوندەکان جیاوازتر دەردەخست و جیاکەرەوەی نێوانیان بووە، بوونی کۆمەڵێک پێکهاتەی گشتی بووە، کاتێ دەڵێین گشتی مەبەست لەوەیە ئەم پێکهاتانە زۆربەی خەڵکی بە سەرجەم چین و توێژ و ڕەگەزەکانەوە و زۆرترین کەس لێی سودمەند بوون، ئەوانیش سەرجەم، ڕێگا گشتییەکانی ناو شار و دەرەوەی شار ،کارگەکان و گەنجینەکانی بەفر و ئاو، کتێبخانە و قوتابخانەکان، لەگەڵ هەر بەشێکی گشتی شار کە زۆرینە سودیان لێ ببینێت، ئەمەش ئەو شتانەبوون کە زۆرجار جیاکەروەی گوند و شار بوون.[١]

شار لە سەردەمی ئیسلامیدا وەکو سەردەمەکانی پێش خۆی خاوەنی قەڵا و شورەی خۆیان بوون و ئەم قەڵایانە کاریان دەکردە سەر شێوازی ڕێگەوبانەکان لە ناو شار و دەرەوەی شارەکاندا، لەلایەکەوە قەڵا چەند دەرگایەکی هەبووە کە هەر یەکێکیان ناوێکی تایبەتی هەبووە و لەگەڵ ئەو ئاڕاستەیەدا گونجاوە کە هەیبووە، واتا بەناوی ئەو ڕێگایەوە ناونراوە کە لە دەرەوە دەهاتەوە سەر شارەکە، بەنموونە دەرگای قەڵایەک ڕووی لە ڕێگای شارێکی بەناوبانگ بووبێت، بەو ناوەوە ناسراوەتەوە.[٢]

١. ڕێگا دەرەکیەکان و دەرگاکانی شار:

بەم شێوەیە دەبینین هەر شارێک لە ڕێی قەڵاو شورەکەیەوە چەند دەرگایەکی هەبووە و ئەم دەرگایانەش هەر یەکەیان دەروازەی ڕێگایەک بوون، ئەمانە ڕێگا دەرەکییەکانی شار بوون و بۆ چەندین مەبەستی بازرگانی و سەربازی و کشتوکاڵی بەکارهاتوون، هەندێک شار کە دەکەوتنە سەر ڕێگا سەرەکییە گەورە جیهانییەکان، بۆخۆی مانایەکی ئابووری دەدا بەو شارە.

٢. ڕێگاکانی نێو شارەکان:

زۆرێک لە شارەکان لەسەردەمی ئیسلامیدا خاوەنی ڕێگەوبانی ناو شار بوون و پانی و درێژی دیاریکراویان هەبووە و بەپێی پلانی شار ڕێکخراون و کاری فەرشکردنیان بۆکراوە کە ئەم فەرشکردنە زۆرجار هەر بە بەرد ڕووپۆشکراوە تەنانەت هەندێ شاخ و گردۆڵکە هەبوون تەنها بۆ دەرکردنی بەردەکەیان و فەرشکردنی شەقامەکانی شار سودیان لێ وەرگیراوە.[٣]

---

[١] یوسفی فر: م.پ، ص٦٠_٦١.

[٢] محمد عبدالستار عثمان: م.س، ص١٥٨_١٥٩.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مەوادی تەلارسازی شارەکان بڕوانە: (نوال دیکەکی موسی وبهاء موسی حبیب: العوامل المؤثرة على تخطيط المدينة العربية الاسلامية، مجلة كلية التربية للبنات للعلوم الانسانية، جامعة الكوفة، العدد ١٣، السنة السابعة، العراق، كوفة، ٢٠١٣، ص ١٧٨).

٣. کایەی زانست و زانیاریی:

یەکێکی دیکە لەو پێکهاتە گشتییانە قوتابخانە و کتێبخانە و خانەقاکان بوون، ئەگەرچی ئەمانە لە هەموو شارێکدا لە هەموو قۆناغەکانی سەردەمی ئیسلامیدا بوونیان نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکێک لە پێکهاتەکانی شار دانراوە، ئەم سێ کەرتە گشتییەمان بەیەکەوە باسکردووە، چونکە زیاتر لەناو یەک کایەدا خزمەتیان بۆ خەڵک هەبووە، کە کایەی زانست و زانیاریی بووە.[١]

٤. *گەرماوەکان:*

گەرماوەکان وەک بەشێکی سەرەکی و گرنگ لە شارەکاندا بوونیان هەبووە، بەشێوەیەک لەبەرامبەر هەرمزگەوتێک لە شاردا گەرماوێک و زیاتریش هەبووە، گەرماوە گشتییەکان لە شارەکاندا بەهۆی کەمی گەرماوە تایبەتییەکانی ماڵانەوە بووە، بە دەگمەن خەڵکی توانیویانە گەرماوی تایبەتی خۆیان هەبێت، بەنموونە کەسێکی وەک (أبو عبدالله حاکم نیشابوری٣٢١-٤٠٥ک/ ٩٣٣-١٠١٤ز) خاوەنی کتێبی (تاریخ نیشابور) شێوازی مردنەکەی پێمان دەڵێت کە گەرماوی خۆی نەبووە، چونکە کاتێک لە گەرماوی گشتی دێتە دەرەوە لەنێو هۆڵی گەرماوەکەدا کتوپڕ دەمرێت، بەجۆرێک هێشتا خاولی گەرماوی لەخۆی نەکردۆتەوە، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت کەسایەتییەکی وەک ئەم خاوەنی گەرماوی تایبەتی نەبووە لە ماڵی خۆیدا[٢]، لەبەرئەمە گەرماوەگشتییەکان جێگەی ئەو بۆشاییەیان پڕکردوەتەوە و زۆربەی خەڵکی لە شارەکاندا پشتیان پێ بەستوون، ئەمەش بەهۆی ئەو تێجوونەی گەرماوی تایبەتی دەیخواست. گرنگی گەرماوەکان لەشارەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵەی گەرماوەکان لە پاک و خاوێنی هاوڵاتیاندا هەیان بووە.[٣]

**پێنجەم: پێکهاتەی سیاسی شار:**

ئەم پێکهاتەیە خۆی لە لایەنی سیاسی و فەرمانڕەوایی شاردا دەبینێتەوە، ئەگەرچی گوندەکانیش خاوەن یەکەی فەرمانڕەوایی خۆیان بوون، بەڵام دەتوانین بڵێین فەرمانڕەوایی شارەکان جیاواز بووە، ئەمە جودا لەوەی هەندێ لە شارەکان بنکەی فەرمانڕەوایی میرنشین و دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوون، لەگەڵ بنکەی فەرمانڕەواییدا شارەکان بنکەی دادگاکانیان لەخۆ

---

[١] محمد عبدالستار عثمان: م.س، ص ٢٢٠.

[٢] بڕوانە: (حاکم نیشابوری: م.پ، مقدمە، ص ٣٢).

[٣] فیروز مهجور: مجلات تخصصی نور، شمارە ٥٧و٥٨، خرداد وتیر ١٣٨٢ش، پایگاه نورمگز، تهران_١٣٨٢، ص٦_٦٧ ؛ محمد عبدالستار عثمان: م.س، ص ٢٢١_٢٢٢.

دەگرت و دادوەر (قاضی) لە دادگادا (القضاء)دا کارە شەرعییەکانی خەڵکی ڕایی دەکرد، ئەگەرچی ئەم پلەیە زیاتر ئاینی بووە، بەڵام وەک بەڕێوەبردن دەچێتە نێو پێکهاتەی سیاسی شارەوە.[١]

وا دەردەکەوێت لە سەدەی (٤ و ٥ ک/١٠ و ١١ز) بەتایبەتی هەر ئاوەدانیەک بۆ ئەوەی ببێتە شارێکی سەربەخۆ چەند نیشانەیەکی سیاسی و کارگێڕی هەبووە، لەڕێگەیەوە وەک شارێک دەناسرا، ئەوانیش فەرمانڕەوایەک بۆ بەڕێوەبردنی شار و ئالایەک و تەپڵیش وەک ئامێرێک بۆ کاری ئاگادارکردنەوەی خەڵکی و ڕاگەیاندنی بڕیارێکی سیاسی، چونکە ئێمە دەبینین مەقدسی باسی گەڕەکێکی شاری نیشابور دەکات گوایە ئەوەندە گەورە بوو، ئەگەر سەربەخۆ ببێت پێویستی بەو سێیە دەبێت، واتا وەک شارێکی لێدێت و بەو سێ مەرجەش لەڕووی کارگێڕیەوە سەربەخۆ دەبێت.[٢]

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دەسەڵاتە سیاسییەکانی نێو شارەکان بەتایبەت شارەکانی ئێران، بڕوانە: (احمد اشرف: م.پ، ص٢٤_٢٨).

[٢] م.س، ص ٣١٥.

## تەوەری سێیەم:

## هۆکارەکانی دروستبوونی شار و بچووکبوونەوە و لەناوچوونی:

بابەتی دروستبوونی شارەکان، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و هۆکارەکانی ئەو گردبوونەوە مرۆییە، بەوردی لەلایەن پسپۆڕانی بواری شارناسییەوە خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە، و چەندین بیردۆزە لە بارەی سەرەتای دروستبوونی شار و هۆکارەکانی، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا خراوەتە ڕوو، کە هەر بیردۆزەیەک تێز و تەونی خۆی هەیە بۆ ئەم بابەتە، کە بەداخەوە ئێمە لێرەدا ناتوانین سەرجەمیان بخەینە ڕوو.

**یەکەم: هۆکارەکانی دروستبوون و فراوانبوونی شار:**

لە ڕاستیدا زۆر هۆکار بەشداری دەکەن لە دروستبوونی شارێکدا، ئەگەرچی هۆکارەکان بەپێی جۆری شارەکان و شوێن و ژینگەی جوگرافییان دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی بەرچاوە و خۆی لە دروستبوونی چەندین شاری جیهانیدا بینیوە و فاکتەری دامەزراندن و گەورەبوونی شارەکان بووە بەگشتی، لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین و کاریگەرترین ئەو هۆکارانە بخەینە ڕوو، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

١. **هۆکاری سیاسی:** دەسەڵات و فەرمانڕەواکان فاکتەرێکی گرنگ بوون لە دروستبوونی شارەکان و فراوانبوونیاندا، هەروەک (ابن خلدون) وەک لە پێشینەترین ئەو فەیلەسوفانەی لەم بارەیەوە بۆچوونی هەبووە، دەڵێت: " بە دڵنیاییەوە دەبێ دابەشکردنی ناوچەکان و پلانی شارەکان لە دەوڵەت و پاشاوەبێت"[(١)] ، ئەمە و چەندین دەقی دیکەی (ابن خلدون) ئەوەمان پێ دەڵێت: " کە پاشا و فەرمانڕەواکان هۆکاری یەکەمی دروستبوونی شارەکانن".[(٢)]

دەوڵەت وەک واتا گشتیەکەی دەسەڵاتی سیاسی جگەلەوەی هۆکاری دروستبوون و دامەزراندنی شارەکانە، هۆکارێکی گرنگی پاراستن و ئاوەدانکردنەوە و پێشخستن و چاککردنێتی، چونکە ئەگەر شارێک دەسەڵاتێکی سیاسی پێی ڕانەگات و سەرپەرشتی نەکات و چاودێری ئاوەدانکارییەکانی نەکات، بەرەو خراپ بوون دەچێت و ئاوەدانکارییەکانی بەردەوام نابێت، مەگەر ئەو شارە لە هەڵکەوتەیەکی جوگرافی ئاسێ و قەدپاڵدا هەڵکەوتبێت.[(٣)] زۆرجار بووە و ڕوویداوە کاتێ شارێک بووەتە پایتەختی شانشینیەک یان میرنشینێک ئەو شارە بوژاوەتەوە و گەشەی

---

(١) م.س، ص ٨_٩.

(٢) محمد عبدالستار عثمان: م.س، ص ٢٦٥_٢٦٦ ؛ نوال دیکەکی موسى وبهاء موسى حبیب: م.س، ص ١٧٦_١٧٧.

(٣) ابن خلدون: م.س، ص٨ ؛ مصطفى عباس الموسوي: العوامل التاريخية لنشأة وتطور المدن العربية الاسلامية، ط١، دار الرشيد للنشر، العراق_١٩٨٢، ص ١٢٧_١٢٨.

کردووە و فراوان بووە، بەنموونە وەک شاری نیشاپور کاتێ دەوڵەتی تاهرییەکان پایتەختی خۆیان دەبەنە ئەو شارە ئاوەدان دەبێتەوە و گەورە دەبێت و سەروەتی زیاد دەکات، یاخود فراوانبوونی شاری مەرو لەسەر دەستی ئەبو موسلیمی خوراسانی.[١]

**٢. هۆکاری ئابووری:** ئەم لایەنە وەک فاکتەرێکی دیکەی گرنگ لە دروستبوون و گەشەکردنی هەندێک لە شارەکاندا، کە خۆی لە لایەنی بازرگانی و گواستنەوە (ترانزێت) و کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی کاڵا و باج و خەراجدا دەبینێتەوە، هۆکاری دروستبوونی زۆرێک لەشارەکان بووە، لایەنی بازرگانی و گواستنەوە زیاتر یارمەتی ئەو شارانەی داوە کە دەکەوتنە سەر ڕێگە بازرگانییەکان و زیاتر لە پێدەشتەکاندا هەڵکەوتبوون، ئەمەش یاخودە وەک بەرهەمهێنی کاڵا بوون و یان وەک شوێنێکی پارێزراوی گواستنەوەی کەلوپەلە بازرگانییەکان بوون.[٢]

ئەو شوێنانەی کە دەکەوتنە سەر ڕێگە بازرگانییەکان، یاخود بازاڕە هەفتانە و مانگانەکان و ساڵانەکانی تێدا دەکرایەوە، بە تێپەڕبوونی کات فراوانتر دەبوون و بە کۆبوونەوەی زیاتری خەڵکی و جموجۆڵی زیاتر پێویستی دروستبوونی شار دەبووە ئەگەرێکی نزیک، هەندێکجار گوندێک یاخود شارێکی بچووک بەهۆی چالاکی بازاڕەکانەوە دەبووە شارێکی دیار.[٣]

لایەنێکی دیکەی ئابووریی گوند و شارەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بریتی بووە لە کشتوکاڵ، کە لایەنی سەرەکی ژیانی ئابووری هەر ئاوەدانیەک بووە، هۆکارێکی دیکەی ئابووری دروستبوونی شارەکان یاخود گەورە بوونی گوندێک بووە بۆ شار، ئەمەش بەهۆی ئەو داهاتە زۆرەی لەڕێگەی کشتوکاڵی گوندەکانەوە بەدەست دەهات، و دواتر لە گوندێکی گەورە یاخود لە شارێکی بچووک کۆدەبوویەوە، ئەمە و ای دەکرد ئەو ئاواییە ببێتە شارێکی گەورەتر.

ئەوەی ماوە باس بکرێت لەسەر لایەنی ئابووری کاریگەری پیشەسازیە لەسەر دروستبوون و گەورەبوونی شارەکان، ئەگەرچی پیشەسازی بەتەنها نابێتە هۆی دروستبوونی شارەکان، بەڵام لە هەموو سەردەمەکاندا پیشەسازی هۆی فراوانبوونی شارەکان بووە، بەهۆی پێشکەوتنی کار و بەرهەم و کۆبوونەوەی دانیشتوانی زیاتر لە شارێکدا.[٤]

---

[١] الاصطخری: م.س، ص١٤٧.

[٢] جمال حمدان: جغرافية المدن، ط٢، عالم الكتب، القاهرة_د،س، ص٤٥_٤٦ ؛ نوال دیکەکی موسی وبهاء موسی حبیب: م.س، ص ص١٧٣_١٧٦.

[٣] شهرام یوسفی فر: الگوهای پیدایش شهر وشهرنشینی در تاریخ ایران، مجلات تخصصی نور، شماره ٦٤، بهار ١٣٨٩ش، ص١٦٠_١٦١.

[٤] جمال حمدان: م.س، ص١١٦.

## دووەم: بچوکبوونەوە و لەناوچوونی شارەکان:

شارەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە چەندین قۆناغی دروستبوون و گەورەبوون و هەندێکجار بچووکبوونەوە و لەناوچوون بوونەتەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو شارێک کە دروستبوو و دواتر گەورە بوو، ئیتر کارێکی حەتمی بێت بۆ بەدوادا هاتنی ڕووخان و لەناوچوونەکەی، چەندین شار هەیە لە مێژووی دروستبوونییەوە چەندینجار تێکچووە و ڕووخاوە و وێران بووە و دواتر سەرلەنوێ بنیاتنراوەتەوە و تا ئێستا ژیان لە هەمان شوێندا بەردەوامە وەک شاری هەولێر لە باشوری کوردستان، نموونەی چەندین شاری خوراسان وەک مەرو و هورات و بەڵخ.

سەبارەت بە بچووکبوونەوە و لەناوچوونی شارەکان، لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە مێژوویی و جوگرافییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەتوانین بڵێین هەروەک دروستبوونەکەی ئەمیش هۆکاری خۆی هەبووە، کە لێرەدا هەوڵ دەدەین تاڕادەیەک بیانخەینە ڕوو، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**١. هۆکاری مرۆیی:** کە زیاتر خۆی لە جەنگ و وێرانکارییەکانی دەستی مرۆڤەکاندا دەبینێتەوە، وەک ئەو شەڕ و ماڵ وێرانیانەی بەسەر شارەکاندا هاتوون لە ئەنجامی هەڵگیرسانی شەڕی گەورە لە نێوان مرۆڤەکاندا، جا ئەو شەڕانە شاڵاوی دەرەکی بووبن یاخود شەڕی ناوخۆیی دەسەڵاتداران، بەتایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا جۆری خانوو و باڵەخانەکان زیاتر لە کەرەستە سروشتییەکان بوون، لەکاتێکدا لە جەنگەکاندا زیاتر پەنا بۆ سوتاندن براوە، ئەمەش وایکردووە شارەکان زۆر بە ئاسانی لە میانی جەنگەکاندا لەناوبچن و بۆ ساڵانێکی زۆر چۆڵەوانی بن و خەڵکەکەی ئاوارەبین.[١]

هەرشارێک خاوەنی پێگەی سیاسی یان بازرگانی یاخود ئاینییە، جا بە لەدەسەتدانی هەر یەکێک لەو پێگانە شار بەرەو بچوک بوونەوە و هەندێ جار لەناوچوون دەچێت، سەرەتا تیشک دەخەینە سەر پێگەی سیاسی یاخود لایەنی دەسەڵاتدار، چونکە بەنەمانی پێگەی سیاسی شارێک، هەندێک جار شارەکە بەرەو بچووک بوونەوە و بەدەگمەن جارێکیش بەرەو نەمان چووە، بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکان ئەو لایەنەن کە زیاتر بە ئاوەدانکردنەوە و بوژاندنەوەی شار و چاکردنەوەی بەشە خراپ بووەکانی قەڵای شاردا ڕادەگەن، هەرکاتێک ئەم دەسەڵاتدارێتیە بنکەی

[١] بە نموونە هێرشەکانی غوزە تورکەکان بۆ سەر شاری نیشابور لە ساڵی( ٥٤٩ک/١١٥٤ز) ئەو شارەیان بەتەواوی وێران کرد، و لە ساڵی ٥٥٠ک شاری بەڵخیان بەتەواوی وێران کرد و دواتر خەڵکی شارەکە لەنزیک شارەکەی پێشوو دووبارە ئاوەدانیان کردەوە، بڕوانە: ابن حوقل: م.س، ج٢، ص٤٣١ و ٤٤٧؛ یاخود هێرشی مەغۆلییەکان کارێکی زۆر بنەچە هەڵتەکێنی کردە سەر شارەکانی خوراسان وەک شاری هرات ونیشابور، بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (یاقوت الحموی: م.س، ج٥/ ص٣٣٢، ٣٩٦ ؛ محد قراگزلو: مروری بر نتایج یوروش مغولان، مجلات تخصصی نور، میان رشته ای: کیهان فرهنگی، شماره ١٥٣، پایگاه نورمگز، تهران_١٣٧٨ش، ص٥٩).

لەم شـارەدا نەمـا، شـار بـێ خـاوەن و بـێ خەمخـۆر دەبێـت و چیتـر لایەنێـک نـامێنێ توانـای سەرپەرشـتیکردن و نـۆژەنکردنەوەی شـارەکە لە ئەسـتۆ بگرێـت. ئەم کـاریگەرییەی لایەنـی دەسـەڵاتدار لەکاتێکدا دەردەکەوێت کە ئەو شـارە یـان ئەو قەڵایە پشـتی بە هـیچ ڕکە و شـوێنێکی ئاسێوە نەبێت و پاڵپشتی سروشتی و جوگرافی سەختی نەبێت.[١]

**٢. هۆکاری سروشتی:** هۆکارە سروشتییەکان زۆرن کە دەتوانن شارێکی سەدەکانی ناوەڕاستدا بە تەواوی وێران بکەن، وەکو لافاو و ئاگرکەوتنەوە و تاعون و بومە لەرزە، بەڵام ئەوەی کە لە خوراساندا زیاتر ڕوویداوە، بومەلەرزە بووە، کە زۆرجار شارێکی بە تەواوی لەناو بردووە، بومە لەرزە لەم هەرێمەدا زۆر ڕوویـداوە، بەتـایبەت شـارەکانی نیشـابور و بەیـهەق، کە لەمێـژووی ئەم دوو شـارەدا چەنـدین بـومەلەرزەی دیـار و بەناوبانـگ ڕوویـداوە، بەنمـوونە شـاری بەیـهەق بـومەلەرزەیەکی گەورە لە سـاڵی (٤٤٤ک/ ١٠٥٢ز)دا ڕوو لەم شـارە دەکـات و زۆربەی مـاڵ و شـوێنی نیشـتەجی بوونەکـانی خەڵکی دەڕووخێنێت، شارنشـینان بـۆ مـاوەی چـل شـەو و ڕۆژ لە بیابـان و دەشـتاییەکانی دەرەوەی شـاردا ژیـان بەسـەر دەبەن، ئەم بـومەلەرزەیە وەهـا کـاری لە شارەکە کرد ئەو ساڵە ناونرا ساڵی بومەلەرزە.[٢]

شـاری نیشـابوریش لە تەمەنـی خۆیـدا چەنـدین جـار توشـی بـومەلەرزە بـووە، دیـارترینی بومەلەرزەکان، لە سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچیدا بووە، کاتێک ئەم شارە بەم بوومەلەرزەیە بە تەواوی تەفروتونا دەبێت و داری بەسەر بەردیەوە نامێنێت، خەڵکی لە لایەکی شارەکەوە و لە نزیک گەڕەکی شاذیاخەوە، کە بەشێک بووە لە شارەکە دووبارە ئاوەدانی دەکەنەوە و هەمان ناوی ئەو گەڕەکە بۆ ماوەیەک وەردەگرێت، ئەم شارە دوای ئەو بوومەلەرزەیە جارێکی دیکە لە ساڵی (٨٠٨ک/١٤٠٥ز) بوومەلەرزەیەکی توونـد ئەم شـارەی وێرانکردەوە[٣]، بوومەلەرزەکانی ئەم شـارە ئەوەنـدە بەناوبانـگ بـوون کە ڕێکەوتـی ڕووداوی هەرێمەکـانی دیکەی پـێ دیـاریکراوە، بەنموونە وتراوە ئەم ڕووداوە پێش بومەلەرزەی نیشابوری بە ماوەیەکی کەم ڕوویداوە.[٤]

---

[١] ابن خلدون: م.س، ج٢، ص ٨_٩.

[٢] إبن فندق: تاريخ بيهق، ص ٥٢.

[٣] شيرواني: م.پ، ص ٥٧٤.

[٤] مؤلف ناشناخته: هفت كشور_صور الأقاليم، تح/ منوچهر ستوده، چ١، بنياد فرهنگ ايراني، تهران، ١٣٥٣ش، ص٥٦.

## باسی دووەم:

## شار و شارنشینی لە خوراسان

### تەوەری یەکەم:

#### ئاستی ئاوەدانی لە خوراساندا:

لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە مێژووییەکاندا دەردەکەوێت خوراسان هەرێمێکی ئاوەدان بووەو لە نێو هەرێمە ئاوەدانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاستی مامناوەندی هەبووە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی هەرێمەکە هەموو شوێنێکی لە سروشتی خاک و ئاویدا گونجاونەبووە بۆ نیشتەجێبوون، زۆر شوێنی بە هۆی گەرمی و وشکی بیابانییەوە بەکەڵکی ئاوەدانی نەهاتووە، هەندێ شوێنیشی بەهۆی سەرماوسۆڵە و سەختی و تەڕوتوشییەوە بۆ ئاوەدانی و دواتر شارنشینی لەبار نەبووە، لەگەڵ ئەوەدا کە زۆرجار بە هەرێمێکی خاوەن دانیشتوانی زۆر ناوی هاتووە، بەبەڵگەی ئەو دەقانەی باسی زۆری ژمارەی سەرباز و چەکداری ئەم هەرێمە دەگێڕنەوە.[1] زیاتر ئەو بەشانەی ئاوەدان بووە کە لەسەر ڕووبارەکان بوون.[2]

ناوەندەکانی کۆبوونەوەی خەڵک لەدەوری یەکتر بە مەبەستی نیشتەجێبوون، چەند ئاستێکیان هەبووە، کوورە یان مصر، کە گەورەترین بووە، پاشان قەصەبە و دواتر رستاق و دوای ئەویش گوندەکان بووە، لێرەدا و بە کورتی ناساندنێک دەکەین بۆ ئەم چەمکانە:

١. **کوورە:** چەمکێکی سەردەمی ئیسلامیە و لە بنەڕەتدا وشەکە لە زمانی عەرەبیدا بە چەند واتایەک بەکارهاتووە، یەکێ لەوانە بە واتای پورە یاخود کوورەی هەنگ هاتووە، واتایەکی دیکەی بۆ لۆی هەر قوماشێک بەکارهاتووە کە لول کرابێت، وەکو لۆی جامانە و مێزەر، بە واتای شاریش بەکارهاتووە، ئەوەی گرنگە لای ئێمە ئەوەیە جوگرافیناسانی سەردەمی ئیسلامی ئەم چەمکەیان بەواتای ناوچەی فراوانی سەر بە شارێک، واتا شارێک کە چەندین ناوچەی دیکەی لەسەر بووە، بەکارهێناوە، لەهەمان کاتدا چەمکی (مصر) بەکارهاتووە، هەمان واتا و بەکارهێنانی هەیە.[3]

٢. **قەصەبە:** لە زمانی عەرەبیدا زۆر واتای دیکەی وەک قەدی ڕووەک، یان ئێسکی شێوە قامیشی کە مۆخی تێدا بێت هاتووە، بەڵام بۆ بابەتی شارەکان، بە بەشی ناوەوەی قەڵایەک وتراوە کە کۆشکی تێدا دروستکراوە.[4]

---

(١) المقدسی: م.س، ص٢٩٣.

(٢) بڕوانە: (ئەم توێژینەوەیە: بەشی سێیەم، باسی یەکەم، تەوەری سێیەم، ل ٩٧).

(٣) الفیومی: م.س، ج٢/ ص٢٠٧.

(٤) ابن منظور: م.س، ج١/ ص ٦٧٦.

٣. **رستاق:** وشەیەکی عەرەبی بە بنەڕەت فارسییە (الرستاق) کە لە وشەی (رزداق) وەرگیراوە و بە واتای ناوچەی دەوروبەری هەرێمێک دێت[١]، ؛ بەڵام ئێمە بۆ ئەم ناوە ڕاڤەیەکی تایبەتی و جیاوازمان هەیە ئەگەر ڕاست بێت، پێمان وایە رستاق ناوچەیەکی زەوی و زاری سەر بە شارێکە، واتا ڕووبەرێکە لە زەوی و زار و تێیدا ئاوەدانیەکانی وەک گوندەکان هەیە، ئەم زەویانەش زۆربەی کات کشتوکاڵی بووە، بەڵام چەند گوندێکی لەخۆ گرتووە، واتا دێیەک ناوەندی هەموو ڕستاقەکە بووە، هەر بەم هۆیەوەیە بە ڕستاق وتراوە دێ، بەنموونە (نرشخی ٢٨٦-٣٤٨ك/ ٨٩٩-٩٥٩ز) باسی پیاوێک دەکات، دەڵێت: " ئەم پیاوە سەر بە ڕستاقی مەروە، خەڵکی دێی (کازە)یە" لێرەدا دەبینین رستاق بەواتای زەویەکانی مەرو دێت و لەناو ئەو زەویانەدا خەڵکی دێیەکە.[٢]

هەر یەک لە چوار شارە گەورەکەی خوراسان چەندین شار و شارۆچکە و ئاوایی و گوند و دێ و لادێی لە خۆ گرتووە، ئەگەرچی لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینیدا ئەم دابەشبوونەی خوراسان کە چوار بەش بووە، دەگۆڕێت بۆ نۆ کور و چەندین قەصەبە، ئەمەش بە پشت بەستن بە گێڕانەوەکانی (المقدسی)[٣]. لەم ڕیزبەندیەی شوێنەکانی نیشتەجێبوون لە هەرێمەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە شارەکان بەپێی گەورەییان و گرنگیان دابەشکراون و بە چەند بار لە گوندەکان گەورەتر بوون، چونکە گوند کە بچوکترین یەکەی نیشتەجێبوونی مرۆییە دوای چەند یەکەی گەورەتری ئاوەدانی ناوی هاتووە، واتا جوگرافیناسانی سەدەکانی ناوەڕاست چەندین شوێنی گەورەتر لە گوندییان باسکردووە وەکو کوورە و قەصەبە و رستاق، ئەوجا دێتە سەر گوند، ئەمەش دوو بابەتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، سەرەتا گەورەیی شارەکانی خوراسان و دواتر ڕێژەی ئاوەدانی ناوچەکان، واتا دەتوانین ڕاڤەی ئەو زانیارییانە بکەین کە و لاتناسان و جوگرافیناسان بۆیان گێڕاوینەتەوە، لەوەوە وێنەی ئاستی ئاوەدانی ئەوکاتەمان تاڕادەیەک بێتە بەرچاو.

لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی ناوی هەر نۆ کور و قەصەبەکانیان و شارەکانیان بخەینە ڕوو، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

**یەکەم: کوورەی نیشابور**، بە خودی شاری نیشابور دەگوترێت کە شارێکی زۆر ئاوەدان بووە و پانیەکەی یەک فەرسەخ و درێژییەکەی یەک فەرسەخ بووە، واتا پانیەکەی نزیکی شەش کیلۆمەتر

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ابن منظور: م.س، ج١٠/ص١١٦ ؛ الفیومی: م.س، ص٨٦ )

[٢] تاریخ بخارا، دیکه و تح/ أمین عبدالمجید بدوي ونصرالله مبشر الطرازی: ط٣، دار المعارف، القاهرة، د.ت، ص ٩٨ ؛ یەکێک لەو سەرچاوانەی واتای (رستاق)ی بە دێ داناوە بڕوانە: (عبدالحی حبیبي:م.پ، ص ٥١٤).

[٣] ن.م، ص٢٩٥.

و درێژییەکەی نزیکی شەش کیلۆمەتر بووە[١]، لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەمە مەبەست لە خودی قەڵاکە و بەشی رەبض و تەنانەت (شاذیاخ[٢])یشە کە بەشیکی دیکەی شارەکە بووە لەلایەن (عبداللە بن طاهر)ەوە دروستکرابوو، شاری نیشابور زانیاریی هەیە کە شارێکی قەرەباڵغ بە دانیشتوان بووە[٣]، ئەمە دەربارەی ناوەندی شارەکە بوو و لەیەک قەصەبە و چەند ڕستاقێک پێکهاتووە، قەصەبەکەی هەر خودی شارەکە خۆیەتی و بەناوی قەصەبەی (ایران شهر) کە دوانزە ڕستاق سەر بەم کوورەیە بوون، ئەویش ڕستاقەکانی (بشت بیهق جاجرم اسفراین أستوا أسفندجام اخرز خواف زاوه رخ الدار روزن القصر بوزجان)، لەگەڵ سێ لە شارە بەناوبانگەکانی خوراسان کە سەر بە نیشابور بوون و بە خزائن ی نیشابور ناسراون ئەوانیش (طوس، نسا، أبیورد) بوون، سەرجەمی دوانزە ڕستاقەکە ژمارەیەکی زۆر گوندیان لە خۆیان گرتبوو بە شەش هەزار گوند دانراوە، بە کۆی هەموویان خاوەنی سەد و بیست مینبەر بوون.[٤]

بەپێی ئەم زانیارییەی سەرەوەبێت نیشابور شارێکی زۆر ئاوەدان و پڕ لە دانیشتوان بووە و ناوچەگەلێکی زۆری لەسەر بووە، بەجۆرێک ئەم شارە لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینی بەدواوە تاوەکو هێرشی مەغۆلەکان ژمارەی گەڕەکەکانی ئەم شارە چل و حەوت گەڕەک بووە و ژمارەی کوچە و کۆڵانەکانی گەڕەکێکی مامناوەندی نەزۆر گەورە و نەزۆر بچوک زیاتر لە سێ سەد (٣٠٠) کۆڵان بووە، ئەمە وەک ناوخۆی شارەکە، بەڵام ئەگەر تەنها رستاقەکانی حساب بکەین، دەتوانین بڵێین ئاستی ئاوەدانی لەم شارە و دەوروبەریدا بۆ سەردەمی سەدەکانی(٤ و ٥ک/١٠و١١ز) ئاستێکی ئاوەدان و پڕ جموجۆڵ بووە، بەپێی ئەو زانیارییانەی بۆمان گوازراوەتەوە لە هەرێمی خوراساندا شارێکی گەورەتر لە شاری نیشابور نەبووە خاوەنی سنورێکی فراوان و رستاق گەلی ئاوەدان بووە.[٥]

هەر سەبارەت بە ناوچەکانی سەربە نیشابور حاکمی نیشابوری(٣٢١-٤٠٥ک/٩٣٣-١٠١٤ز) زانیاریمان پێدەدات کە نیشابوور چوار بەش بووە (ریوند و مازل و شامات و بشفروش)، ئەگەرچی ئەمە لە سەرچاوە جوگرافییەکانی دیکەدا بەدی ناکرێت، و زانیاریمان پێدەدات کە

---

[١] بۆ زانینی پێوانەی فەرسەخ بڕوانە : (لاپەڕە(١٦)ی ئەم توێژینەوەیە).

[٢] ئەم ناوە (شاذیاخ) ناوی شوێنێکی تەنیشت شاری نیشابور بووە وکاتێک سوپاکەی عبدالله بن طاهر (٢١٣_٢٣٠هـ) لەم شارەدا نیشتەجێبوون وبەسەر ماڵەکاندا دابەش بوون، دەبنە هۆی بێزارکردنی خەڵکی شارەکە بەمەش عبدالله بن طاهر بڕیار دەدات کە هەر سەربازێک لە ناو شارەکەدا بمێنێت خوێنی حەڵاڵە، بۆ خۆشی چووە ئەم ناوچەیە کە ناوی (شاذیاخ) بووە وکۆشکێکی بنیات ناوە وسەربازەکانیشی بەدەوریدا خانویان دروستکردووە، بەمەش بووە شارێکی زۆر ئاوەدان وڕازاوە. بڕوانە: (القزوینی: م.س، ص٣٩٦.)

[٣] مؤلف مجهول: م.س، ص١١٤.

[٤] المقدسی: م.س، ص٣٠٠.

[٥] الاصطخری: م.س، ص١٤٦ ؛ حاکم نیشابوری: م.پ، ص ٢٠٠.

هەریەک لەم بەشانە ناوچەی فراوانی سەربە شارەکە بوون و بە هەزاران گوند و دێیان تێدا بووە.[١] جا ئیتر ئەم شوێنانە بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاریەکی کەمیان بەسەردا هاتووە، بەڵام دواجار نیشابور (ابرشهر) هەر کوورەیەکی گەورەو خاوەن ناوچەگەلێکی زۆر بووە.[٢]

**دووەم: کوورەی بەڵخ**، وەک بەشێکی دیکەی چوار بەشەکەی هەرێمی خوراسان لە نێو سەرچاوەکاندا گرنگی ڕۆڵی ئەم شارە باسکراوە[٣]، تەنانەت کتێبی تایبەت لەسەر فەزائیلەکان (شانازییەکان)ی بەڵخ دانراوە.[٤]

شاری بەڵخ لە مێژووی دروستبوونی لە پێش زاینییەوە تاکو سەردەمی ئیسلامی و سەردەمی تویژینەوەکەی ئێمە ئاوەدان بووە و زانیارییێکی لەو شێوەیە نییە، کە وێران کرابێت و لە ناوچووبێت، ئەگەر چەند سەد ساڵێک جارێکیش وێرانبووبێت ئاوەدانکراوەتەوە و باشتر خۆی گرتۆتەوە[٥]، هەربۆیە لە سەردەمی ئیسلامیشدا شارێکی ئاوەدان و خاوەن پێگەی سیاسی و ئابووری و زانستی و چەندین بواری دیکە بووە.[٦]

شاری بەڵخ لە سەردەمی ئیسلامیدا شارێکی گەورە و گەشاوە بووە، ڕووبەری ئەم شارە نزیکەی نیو فەرسەخ بە نیو فەرسەخ بووە (٢٩٠٠م بە ٢٩٠٠م) بووە، واتا نیوەی شاری نیشابور بووە، لە چەندین قەصەبە و رستاق و گوند پێکهاتووە، کە کۆی قەصەبەکانی پێنچ قەصەبە و چوار ڕستاقن لەگەڵ چەندین گوندی زۆر، دەتوانین قەصەبەکانی کوورەی بەڵخ بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژە پێ بکەین:

١. *قەصەبەی بەڵخ*: خودی شارەکە جگەلەوەی ناوەندی کوورەی بەڵخە، بۆخۆی قەصەبەیەکە و چەند شارۆچکەیەکی لەخۆ گرتووە، ئەوانیش شارەکانی (أشفورقان و سلم و کرکوجا و مذربرواز).[٧]

---

[١] ابو عبدالله حاكم نیشابوری: م.پ، ص٢١٤.

[٢] ابن رستە: م.س، ص ٢٧٨.

[٣] ابن الفقیه الهمداني: م.س، ص ٦١٦ ؛ یاقوت الحموی: م.س، ج١/ ص٤٧٩.

[٤] الواعظ بلخي: فضائل بلخ، تح/ عبدالحي حبیبي، چ١، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران_ چاپخانهء داور پناه، تهران_١٣٥٠ش، ص ص ١٣_١٧.

[٥] بۆ زانیاری دەربارەی دروستکردنی شارەکە وتێکچوونی ودووبارە ئاوەدانکردنەوەی، ئەگەرچی تێکەڵێک لە ئەفسانەی لەخۆگرتووە، بڕوانە: (الواعظ بلخي: هـ . م، ص١٧).

[٦] المقدسي: م.س، ص٢٩٨.

[٧] ابن رستە: م.س، ص٢٨٧.

٢. *قەصەبەی طخرستان*: بە قەصەبەیەکی گەورەی کوورەی بەڵخ ئەژمار کراوە، ئەم بەشە چەندین شاری لەسەر بووە کۆی هەموویان چواردە شار بووە، ئەوانیش (ولوالج و الطالقان و خلم و غربنک و سمنجان و اسکلکند و رؤب و بغلان السفلی و بغلان العلیا و اسکیمشت و راون و آرهن و آندراب خست و سرای عاصم).[١]

٣. *قەصەبەی بامیان*: ئەم قەصەبەیە ئەگەرچی لە چاو قەصەبەکانی دیکەدا بچوکتر بووە و تەنها دوو شاری دیکەی لەسەر بووە، بەڵام جوگرافیناسانی ئیسلامی زۆربەی کات بە قەصەبەیەکی سەربەخۆ دایاننناوە کە بەبۆچوونی ئێمە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێگەی ئاینی ئەم شارە، چونکە بنکەیەکی گەورەی ئاینی بودایی بووە و پەیکەری گەورەی بوودا لەم شارەدا هەبووە، ئەو دوو شارەی سەر بەم قەصەبەیە بوون (بسغورفند و سکاوند)ن.[٢]

**سێیەم: کوورەی غـزنین**: لەلای جوگرافیناسانی ئیسلامی شاری غزنین وەک قەصەبەیک ئەژمارکراوە، چونکە ئەم شارە پایتەختی غەزنەوییەکان بووە[٣]، شارێکی خاوەن پێگەی سیاسی و سەربازی گرنگ بووە، ئەمەش زیاتر دوای چارەکی کۆتایی سەدەی (٤ک/١٠ز) بووە، چونکە پێش ئەو سەردەمە غزنین زۆر شایانی باسکردن نەبووە و زیاتر وەک شارێکی سەر بە شاری بامیان ئەژمارکراوە[٤]، بەڵام لە کۆتایی سەدەی (٤ک/١٠ز)ولای مەقدسی بە کوورەیەک و قەصەبەیەکی سەربەخۆ ئەژمارکراوە و چەندین شاری گرنگی لەسەر بووە ئەوانیش شارەکانی (کردیس و سکاوەند و نوە بردن و دمراخی و حش باری و فرمل و سرهون و لجراخواست و زاوە و کاویل و کابل و لمغان و بودن و لهوکر) و خاوەنی شەش مینبەر بووە بەناوەکانی (ابشین و اسبیجة و مستنک و شال و سکیرة و سیوە)، جگە لەوانە خاوەنی دوو هەزار و دووسەد گوندبووە.[٥]

---

[١] الاصطخری: م.س، ص ١٤٧.

[٢] القزوینی: م.س، ص ١٥٤.

[٣] غەزنەوییەکان(٣٨٩_٤٣٢ک/ ٩٩٩_١٠٤١ز) سەر بە هۆزی غوزی تورکین وباپیرە گەورەیان ناوی الپتگین یاخود البتکین بووە، لە ناوچەکانی ئەودیو ڕووبارەوە کۆچیان کردووە، والبتکین سەرباز بووە لە دەوڵەتی سامانیدا وپلەی بەرز بۆتەوە، تاوەکو بووەتە حاجب الحجاب، لە سەردەمی ئەمیر عبدالملک بن نوح (٣٤٣_٣٥٠ هـ)، تا ئەوەی دەسەڵاتەکانی زۆر زیاد دەکات وگەورە دەبێت. بڕوانە: (کلیفورد ادموند باسورث: تاریخ غزنویان، دیکەجمة: حسن انوشە، چ١، مؤسسە انتشارات امیر کبیر، تهران_١٣٧٨ش، ص ٢٧_٣٣) ؛ بۆ زنیاری زیاتر سەبارەت بە تورکە هاتووەکان بڕوانە: (عصام الدین عبدالرئوف الفقي: الدول المستقلة فی المشرق الاسلامی، ط١، دار الفکر العربي، القاهرة_١٩٩٩، ص٩٥_٩٨.)

[٤] بڕوانە: (الاصطخری: م.س، ص١٥٦).

[٥] المقدسی: م.س، ص٢٩٦_٢٩٧.

هەروەها لە لای یاقوت الحموی بەهەمان شێوە ناوی (غزنة) بە شارێکی گەورە و ناوچەیەکی فراوان هاتووە.[1]

**چوارەم: کوورەی بست**: ئەمیش لای (المقدسی) بە کوورەیەکی سەربەخۆ ئەژمار کراوە، خودی شاری بست قەصەبەکەی بووە و کۆمەڵێ شاری لەسەر بووە، ئەوانیش (جهالکان و بان قرم و بوزاد و ارض داور و صروستان و قریة الجوز و رخود و بکراواذ و بنجوی و کش روذان و سفنجاوی و طلقان)، هەروەها ئەم کوورەیە هەزار و سەد گوندی لەخۆی گرتووە، ویلایەتێکی گەورە بووە.[2]

ئەوەی جێگای تێبینیە ئەوەیە ئەم ناوچانەی لە سەرەوە باسکران لەلای جوگرافیناسان جێگای مشتومڕ و جیاوازییە لە گێڕانەوەدا، بە تایبەت ئەو ناوچانەی کە لەسەر سنوری هەرێمی خوراسانن، بەنموونە قەصەبەی بست و قەصەبەی غەزنین لە لای (الأصطخری) بە بەشێک لە هەرێمی سجستان ئەژمارکراوە[3]، لەکاتێکدا لەلای (المقدسی) سەر بە کوورەی بەڵخە و خودی مەقدسی سەرنجی خۆی لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە، بەتایبەت لەسەر شارەکانی سەر بەقەصەبەی (بست)و دەڵێت:"ئەم شارانە کە دەخرێتە سەر سجستان هەڵەیە و کەمیشن ئەوانەی ئەم کارە دەکەن و ابو زید بلخی، غزنین و بست لەسەر سجستان ئەژمار دەکات، خەڵکیتر هەن لە ناو کوورەیەکی سەربەخۆدا بەناوی کابلستان دایدەنێن."[4] لای (یاقوت) شاری (بست) سەر بە کابولە و کابولیش سەر بە طخارستانە و طخارستانیشی وەک کوورەیەک لە سنوری خوراسان ئەژمار کردوە.[5] زۆرکاتیش بست بە ویلایەتێکی سەربەخۆ دانراوە[6]، بەبۆچوونی ئێمە ئەمە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییەی لە سەردەمی غەزنەوییەکاندا و لە کۆتایی سەدەی (٤ک/١٠ز) و سەرەتای سەدەی (٥ک/١١ز) لە هەرێمی خوراساندا ڕوویداوە.

**پێنجەم: کوورەی سجستان** لە سەردەمی (المقدسی)دا سجستان کوورەیەکی سەر بە خوراسان بووە، کە قەصەبەکەی ناوی (زرنج)بووە و شارەکانی (کوین و زنبوک فره و درهند و قرنین و کواربواذ و بارنواذ و کزه و سنج و کروادکن و الطاق)ی لەسەر بووە.[7]

---

(١) یاقوت الحموی: م.س، ج٤/ ص٢٠١.

(٢) المقدسی: م.س، ص ٢٩٧ ؛ إبن فندق: تاریخ بیهق، م.س، ص ١٨.

(٣) الاصطخری: م.س، ص ١٣٩.

(٤) المقدسی: م.س، ص ص ٢٩٦_٢٩٨.

(٥) یاقوت الحموی: م.س، ج٤/ ص٢٣.

(٦) إبن فندق: تاریخ بیهق، م.س، ص١٨.

(٧) المقدسی: م.س، ص٢٩٧.

**شەشەم: کوورەی هورات**، شاری هورات کە گەورەترین شاری ئاوەدانی هەرێمی خراسان بووە[١]، ناوچەگەلێکی زۆری لەسەر بووە، کۆی ناوچەکانی پێنچ قەصەبە و چەندین شار بووە[٢]، ئەمە جگەلەوەی ژمارەیەکی زۆر گوند و ئاوایی هەبووە و زۆر ئاوەدان بووە[٣]، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە قەصەبەکانی و شارەکانی دەدەین:

١ . *قەصەبەی هورات*: بە پشت بەستن بە گێڕانەوەی مەقدسی خودی ناوەندی شاری هورات خۆی قەصەبەیەک بووە، چونکە کاتێک باسی شارێک دەکات ئەگەر بیەوێت بڵێ ئەم شارە خودی خۆی قەصەبەیەک بووە و چەندین شاری لەسەر بووە ئەوانیش (کروخ أوبە و مالن و خیسار و استرینان و ماراباذ).[٤]

٢ . *قەصەبەی بوشنج*: یەکێک بووە لە قەصەبەکانی دەوروبەری هورات و گرنگترین شار بووە لەنێوان هورات و نیشابوردا[٥]،وچوار شاری لەسەر بووە بە ناوەکانی (خرکرد و فرکرد و کوسوی و کره).[٦]

٣ . *قەصەبەی باذغیس*: ئەمیش هەشت شاری لەخۆگرتووە (دهستان و کوغاناباذ و کوفا و بشت و جاذاوا و کابرون و کالون و جبل الفضة).[٧]

٤ . *قەصەبەی کنج رستاق*: شارەکانی بریتی بوون لە (بین و کیف و بغشور و بنج دە).[٨]

٥ . *قەصەبەی اسفزار*: چوار شاری لەسەر بووە (کواشان و کواران و کوشک و ادرسکر) کە بە هەموویان ڕووبەریان قۆناغێک بووە.[٩]

**حەوتەم: کوورەی جوزجانان**- کە هەر (جوزجان)ە: مەقدسی دەڵێت:"ئەم کوورەیە پێشتر کوورە نەبووە، بەڵکو خرابووە سەر ناوچەکانی دەوروبەری بەڵخ، بەڵام ئەمڕۆ شارێکی سەرەکییە و لە کوورە سەرەکییەکانە و شاری زۆریشی لەسەر نیە و خەڵکەکەی کەمن" و خاوەنی یەک قەصەبە

---

(١) ابن بطوطة: م.س، ج٣/ ص ٤٤.
(٢) المقدسی: م.س، ٢٩٨.
(٣) ابن بطوطة: م.س، ج٣/ ص ٤٤.
(٤) المقدسی: ن.م، ص٢٩٨.
(٥) یاقوت الحموی: م.س، ج١/ ص ٥٠٨.
(٦) إدریسی: نزهة المشتاق فی اختراق الآفاق، ط١، عالم الکتب، بیروت، ١٤٠٩هـ ، ج١/ ص ٤٧٣.
(٧) ابن حوقل: م.س، ص ٤٤٠.
(٨) ابن عبدالحق بغدادی: مراصد الإطلاع علی أسماء الأمکنة والبقاع، ط١، تح/ علی محمد بجاوی، دار الجیل، بیروت، ١٤١٢هـ ، ج٣/ ص ١١٨٠.
(٩) ابن حوقل: م.س، ص ٤٥٣ ؛

بووه بەناوی (اليهودية) و شارەكانيشی بريتی بوون لە (أنبار و برزور و فارياب و كلان و شبورقان).[1]

**هەشتەم: كوورەی مەرو** (مەروشاهجان): باشترين كوورەی خوراسان بووە[2]، مەرو كە خۆی قەصەبەيەک بووە و شارەكانی (خرق و هرمز فره و باشان و سنجان و سوسقان و صهبة و كيرنک و سنک و عبادی و دندانقان)ی لەسەر بووە. قەصەبەی دووەم لەسەر كوورەی مەرو بووە شاری (مروالروز)ە، كە چەندين شاری لەسەر بووە وەكو (الطالقان و قصر أحنف و حسة و لوكر). [3]

**نۆيەم: كوورەی قوهستان** (كوێستان): بە نۆيەم و كۆتا كوورەی خوراسان دادەنرێت لە كۆتايی سەدەی (٤ و ٥ک/١٠و١١ز)دا، قەصەبەكەی شاری (قاين)بووە و شارەكانيشی (تون و جنابد و طبس العناب و الرقة و خور و خوست و كری و طبس التمر) بوون.[4]

**تەوەری دووەم:**

**شێوازی شار و شارنشينی لە هەرێمی خوراسان:**

شارەكانی خوراسان وەكو سەرجەم شارەكانی ديكەی سەردەمی ئيسلامی، بەگشتی لەڕووی شوێنی نيشتەجێبوونەوە، سێ بەشی سەرەكييان هەبووە، ئەوانيش (قهندز، مدينة، ربض) كۆهندژ و شارستان و رەبض[5]، ئەم سێ بەشە بەهۆی فراوانبوونی شارەكانەوە دروستبوون، وەک دەبينين زۆرجار كۆهندژ كە كۆنترين بەشی شارەكان بووە وێرانە بووە يان چۆڵكراوە و شارستان و رەبض ئاوەدان بوون، واتا بەشی يەكەمی شار پشتگوێ خراوە و بەشی دووەم و سێيەمی شار

---

[1] ن.م، ص ٢٩٨ ؛ ئەگەرچی ابن حوقل (م ٣٦٧ک) ناوی چەند شارێكی ديكەی هێناوە كە جياوازە لەمانەی مەقدسی(م٣٨٦ک)، بەڵام ئەم جياوازيە لەنێو سەرچاوەكاندا هەيە وئاساييە چونكە جياوازی ساڵی مردنيان وسەردەميان وجياوازی كاركردنی هەريەک لە جوگرافيناسانی سەردەمی ئيسلامی وادەكات هەندێكجار گێڕانەوەكانيشيان جياواز بێت، بڕوانە: (ابن حوقل: م.س، ج٢/ ص٤٤٢).

[2] ابن رستة: م.س، ص٢٧٩.

[3] المقدسی: م.س، ص ٢٩٧.

[4] المقدسی: م.س، ص٣٠١.

[5] بۆ زانياری زياتر دەربارەی ئەم سێ بەشەی شار بڕوانە: (حسين سلطان زاده: مقدمەء بر تاريخ شهر وشهرنشينی در ايران، چ٢، انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٦٧ش، ص٦٧_٦٨).

ئاوەدان بووە[١]، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازە شارەی بەهۆی هاتنی موسڵمانەکانەوە بۆ ئەم ناوچەیە، باڵی بەسەر شێوازی نیشتەجێبووندا کێشا، کە لە مۆرکێکی قەڵائاسا و شوێنی فەرمانڕەواکان و باجگرەکانەوە گۆڕا بۆ شوێنی کۆبوونەوەی زۆرترین کاسبکار و پیشەوەر و خەڵکانی جۆراوجۆر.[٢]

شارەکانی خوراسان وەکو سەرجەم شارەکانی سەردەمی ئیسلامی دوای سەدەکانی (٤ و ٥ک/١٠و١١ز) گەورەبوونێکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی و لە شارێکی وەکو قەڵاوە بوون بە شارێکی فراوان، بەشێوەیەک ڕووبەری هەندێکیان نزیکەی شەش بەشەش کیلۆمەتر بووە، ئەم فراوانبوونەش گۆڕانکاری گرنگ و بەرچاوی لە دابەشبوونی پێکها تە گرنگەکانی شاردا دروست کردووە.[٣]

هەر لە چوارچێوەی شێوازی شار و شارنشینیدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە شارەکان لە سەردەمی ئیسلامیدا بەگشتی شوێنی سەرجەم چین و توێژەکان بوون،[٤] واتا تەنها شوێنی نیشتەجێبوونی پاشا و دەسەڵاتدارەکان نەبووە،[٥] یاخود شوێنی پاراستنی سەروەت و سامانی پاشاکان و دەسەڵاتدارەکان نەبووە، بەڵکو سەرجەم چین و توێژەکان لە دەرەوەی قەڵاکان و لە بەشی (الربض)دا نیشتەجێبوون.

لە هەرێمی خوراساندا، شار لە سەدەی (٤ و ٥ک/١٠و١١ز)دا، وەک داینەمۆیەکی لایەنەکانی ئاینی و سیاسی و ئابووری (بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ)بووە بۆ ناوچەکانی خۆی، چونکە هەرشارێک ناوچەیەکی فراوانی پێوەگرێدراو بووە، واتا شارێکی گەورە ناوەندی چەندین شاری دیکە و شارۆچکە و گوند و ئێل بەگی زۆر بووە، کە بەهۆی چەندین تایبەتمەندییەوە

---

[١] بەنموونە وەک شاری مەرو کە لە سەدەی چوارەمدا کۆهندژەکەی چۆڵکراوە، بڕوانە: (الاصطخری: م.س، ص١٤٧.)

[٢] محسن حبیبی: از شار تا شهر، م.پ، ص٣٧.

[٣] بەنموونە شاری نیشابور لە سەدەی چورەمی کۆچیدا نزیکەی یەک فەرسەخ بە یەک فەرسەخ بووە، بڕوانە: (ئەم توێژینەوەیەمان، بەشی دووەم، باسی دووەم، تەوەری یەکەم، ل ٦١).

[٤] محسن حبیبی: م.پ، ص٤٠.

[٥] لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شارەکانی لەمەڕ ئەوروپا خاوەنی قەڵای سەخت بوون، ئەمەش زیاتر بۆ پاراستنی سەروەت وسامان بووە کە لەناو شارەکاندا کۆدەبۆوە وخاوەنەکەشی تەنها لایەنی دەسەڵاتدار بووە. بڕوانە: (جیمز موریس: تاریخ شکل شهر، دیکە: راضیە رضازادە، چ١٤، انشرارت دانشگاە علم صنعت ایران، تهران، د.ت، ص١٠٣).

بـوونەتە ڕووگەیەکـی هەمەلایەنە بـۆ شـاروئاواییەکانی دەوروبەریـان، بەم شـێوەیە ناسـنامەی گەورەتریان پێ بەخشراوە، ئەمە بۆ زۆرێک لە شارەکانی سەردەمی ئیسلامی ڕاستە.[١]

وەک نمـوونە شـاری نیشـابور ناوەنـدێکی زانسـتی ئـاینی گەشەسـەندوو بـووە بـۆ ناوچەکـانی دەوروبەری خـۆی و بە دووەم ناوەنـدی زانسـتی لەدوای بەغـداد هـاتووە بەتـایبەت لە سـەردەمی سەلجوقییەکاندا.[٢] بەکورتی شارەکان بەتەنها خۆیان نەبوونەتە ناوەندێکی شارستانی بەڵکو بەو ناوچـانەی کە هەیـان بـووە و بەو ڕۆڵەی کە لە نـاوچەکەدا گێڕاویـانە بـوونەتە ناونـدێک بـۆ گەشەکردن، ئەمەش واتای شارمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لەو سەردەمەدا.

بە پێی ئەو ڕوونکردنەوانەی پێشوو دەرکەوت لە شـارەکانی خوراسـانی سـەردەمی ئیسـلامیدا، باری نیشتەجێبوون زیاتر لە ناوچەی دەرەوەی قەڵاکان و شارستاندا بووە، واتا لە بەشی (الربض) دا بووە، ئەم بەشە زۆرکات شورەی تایبەت بەخۆی هەبووە، بەمانایەکی دیکە و بەپێی گێڕانەوەی جوگرافیناسـان دەتـوانین لەوە تێبگەین کە زیـاتر شـارە گەورەکـان شـورەیان هەبـووە بە دەوری بەشە گەورە و دەرەکییەکەی شـاردا، بەنمـوونە شـاری بەڵـخ شـورەیەکی هەبووە بەدەوری بەشـی (الـربض)دا، (الأصـطخری) زانیاریمـان پێدەدات کە خـاوەنی هەشـت دەرگـا بـووە[٣]، و ابـن رسـتە دەگێـڕێتەوە چـوار دەرگـا بـووە و نێـوانی شـورەی شارسـتان و شـورەی بەشـی دەرەکـی شـار (الربض) یەک فەرسەخ نزیکەی( ٥٫٨کم) بووە، واتا شورەیەک بەدەوری شارستاندا و شورەیەکیش بەدەوری بەشی دەرەکی شاردا هەبووە،[٤] هەروەها شاری هورات نموونەیەکی دیکەی ئەو شارانە بووە کە بەشی دەرەکی شار (الربض) سێ دەرگای هەبووە، دەتوانین بڵێین شورەی هەبووە بۆیە خاوەنی سێ دەرگـا بووە بەرامبەر دەرگاکـانی شارسـتانەکەی و هەرسـێکەیان بەهەمـان ناوەکـانی دەرگاکانی شارستانەکەوە ناونراون.[٥]

کۆتا شورەی دەرەکی شارەکان زیـاتر هێندەی بـاڵا زەڵامیک بـووە و بەرزتـر و بۆ پارێزگـاری بـووە لە هێرشـی دڕنـدە و سـوارەکان و جەردە و ڕێگـر و دزەکـان و بـۆ کـۆنترۆڵکردنی کـاروانە بازرگانییەکان و مەبەستی دیکەی هاوشێوەی ئەمانە[٦]، چونکە ئەو شورەیەی بەدەوری شـارەکاندا

(١) شهرام یوسفی فر: مناسبات شهر وشهر نشینی در دوره سلجوقیان، چ١، پژوهشگاه علوم انسانی ومطالعات فرهنگی، تهران، ١٣٩٠ش، ص١٢١.

(٢) حسین سلطان زاده: م.پ، ص ٩٣.

(٣) الاصطخری: م.س، ص١٥٥.

(٤) ابن رستە: م.س، ص٢٨٧ ؛ الیعقوبی: البلدان، م.س، ص ١١٦.

(٥) المقدسی: م.س، ص٣٠٧.

(٦) بەنموونە شاری بوخارا کە ئەو کات لەڕووی ئیداریەوە سەربە هەرێمی خراسان بووە، نرشخی بۆمان دەگێڕێتەوە کە: " خەڵکی شاری بوخارا چوونە لای (محمد کوڕی عبدالله کوڕی طلحة طاهری) کە ئەوکات ساڵی

هەبــوون کەمتــر بە مەبەســتی بەرگــری ســەخت درواســتکراون و جوگرافیناســان زۆر ئاســایی زانیـاریی ئەو شـورایانەیان بۆ گێڕاوینەتەوە، لە کاتێکدا زانیـاریی دژ و قەڵا سـەختەکان تژییە لە دەربڕین و دەرخەری سەختی ئەو قەڵایانە.

ســەبارەت بە شـێوازی ئەنـدازەیی شــارەکانی خوراســانی ســەردەمی ئیســلامی، بەپێــی ئەو زانیارییـانەی لەبەردەسـتدایە زیـاتر شـێوەی بـازنەیی بـووە و مزگەوتـی گەورە لە ناوەڕاسـتدا و خانەی میرایەتی لە نزیکی ئەو و بەندیخانەش لەو نزیکە و بـازاڕیش لە لایەکی نزیکی مـزگەوتەوە بووە، ئەمە بەشێوەیەکی گشـتی شـارەکانی خوراسـانی دەگرتەوە، بەڵام حـاڵەتیش هەبـووە جیـاواز لەم شێوەیەی شار، بەنموونە شـاری هـورات بنکەی کـارگێڕی شـار واتـا (دارالامـارة) نـزیکەی نیـو فەرسەخ (٢٩٠٠م) لە شارستانەکەیەوە دووربووە[١]، بەڵام بەگشتی لایەنە ڕەسمی و کارگێڕییەکـان و شـوێنە گشـتییەکان لە ناوەنـدی شــاردا بـوون و دواتـر گەڕەک و کۆڵانەکـانی شــار لە گەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکانەوە دەستیپێکردووە و تاوەکو کەناری شار.[٢]

زۆرجـار لەنـاوخۆ و لەکەنـاری شـارەکاندا کشـتوکاڵ کـراوە و بـاخ و باخـاتی زۆر هەبـوون[٣]، ئەمەش بەپێـی ئـاوداری ئەو شـارە بـووە، ئەگەر شـارێک ئـاوی زۆری نەبووبێت نەیتوانیـوە ببێتە خــاوەنی بــاخ و بێســتانی خــۆی، ســەرەڕای ئەوە لە شــارەکاندا زۆرجــاری وا بــووە ئاژەڵــداری بەشێوەیەکی ڕێژەیی کراوە و بوونی هەبووە.

بەم پێیەبێت دەتـوانین بڵێین شارنشـینی تەنهـا پشـکی چینە دەسرۆیشـتووەکان نەبـووە، بەڵکو شــوێنی پیشــەوەر و جوتیارەکــانیش بــووە، بەڵام بەهــۆی ئاســتی بژێویــان و سروشــتی کــار و

---

(٢٣٥ک/ ٨٤٩ز) والی خوراسان بووە، وداوایان لێ کردووە بەشی دەرەکی شاریان بۆ دروستبکات ومەحکەمی بکات بۆیان ودەرگای بۆ دروست بکات تاوەکو بە شەوان دەرگاکانی دابخرێت، بەمەبەستی ڕێگریکردن وپاراستنی شار لە دز وڕێگرەکان." بڕوانە: (م.پ، ص ٥٩) ؛ یاخود نموونەی شاری هرات کە شورەیەک بە دەوری هەموو قەڵای شاردا هەبووە و زیاتر لە سی (٣٠) هەنگاو نێوانی ئەم دیوارە و قەڵا بووە و لە باڵا زەلامێک بەرزتر بووە، بڕوانە: ابن حوقل: م.س، ج٢، ص ٤٣٧.

[١] الاصطخری: م.س، ص١٥٠.

[٢] الاصطخری: ن.م، ص١٤٦.

[٣] قەلقەشەندی لە باسی مەرودا ئاماژە بەوە دەکات کە مەرو خاوەنی چاندن بووە لە سەر ڕووبارەکانی واتا لە خودی شارەکەدا هەبووە، بڕوانە: (صبح الأعشى في صناعة الانشاء، تح/ محمد حسين، د.ط، دارالكتب العلمية، بيروت، د.ت، ج٤/ ص٣٩٤ ) ؛ یاخود بە نموونە کاتێک فیردەوسی دەنێژرێت، پێشنیار دەکرێت لە باخەکەی خۆیدا کە لە ناو دەروازەی شاری (طوس)دا بووە بینێژن، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە لە ناو دەروازەی شاردا باخ وباخات هەبووە. بڕوانە: (نظامی عروضی سمرقندی: چهار مقاله، تح/ محمد قزوینی، چ١، انتشارات ارمغان، تهران، د.ت، ص٨١).

پیشەکانیان دەبوایە لە دەرەوەی شارەکان بژین، زۆرجار ئەم دوو توێژە لە کەناری شارەکانەوە نیشتەجێبوون.

لە شارەکاندا زیاتر چەند توێژێک نیشتەجێبوون، لە پێشی هەموانەوە توێژی سیاسی و دەسەڵاتدارەکان بووە، کە زیاتر نیشتەجێی خانەی میرایەتی (دارالامارة) بوون، زۆرکاتیش ئەم توێژە نیشتەجێی ناو قەڵاکانی شاربوون، کە پارێزراوتر بووە، توێژی دوای ئەوان پیاوانی ئاینی بووە لەگەڵ وەزیر و کاربەدەستانی فەرمانڕەوایان، ئەمانە زیاتر لە بەشی شارستاندا نیشتەجێبوون، لە بەشی سێیەمی شاریشدا کەبەشی دەرەکی شار (الربض) بووە چینە گشتیەکانی وەک پیشەوەران و جوتیاران نیشتەجێبوون[1]، بێگومان لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا هۆکارەکانی هاتووچۆ بەشێوەی خێرا وەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ نەبووە، بۆیە دەکرێ بڵێین کاتێ جوتیارێک لە ناو بەشی دەرەکی شارێکدا جوتیاری کردووە، بێگومان بۆ کارەکەی وەها ئاسانتربووە نیشتەجێی شار بووبێت.[2]

سەبارەت بەوەی شارنشینی جیاوازی چی بووە لە گوندنشینی و دەوارنشینی و کۆچەری، ئەمە کارێکی ئاسان نیە بتوانین یەکلایی بکەینەوە و بڵێین شارنشینی تەواو جیاواز بووە، بەهۆی ئەوەی زۆرێک لە شارەکان چەندین خەسڵەتی گوندیان تێدا بووە و هەندێک لە گوندەکانیش خەسڵەتەکانی شار وەکو بوونی مزگەوتی گەورە و مینبەر و قوتابخانەی زانستی و بنکەی سیاسی و بازاڕی بازرگانیان تێدا بووە، بەڵام لەو ڕووەوە کە شارەکان شارنشین و دانیشتوانی زیاتریان تێدا نیشتەجێ بووە و هەمەتوێژ و هەمەکار بوون، سەرەنجام پێداویستیی زیاتری ژیان لە شارەکاندا فەراهەم دەبوو، بەمەش شارەکان زیاتر بوونەتە ناوەندێک بۆ گەشەکردنی شارستانییەت.[3]

سەبارەت بە هۆکارو هاندەرەکانی خەڵکی بۆ ڕووکردنە شارنشینی، زانیاریی و گێڕانەوەکان زۆرکەم هاوکاریمان دەکەن، تاوەکو لە دۆخ و هۆکاری نیشتەجێبوون لە شارەکاندا تێبگەین، بەهۆی ئەوەی سەرچاوە ڕەسەنەکان گرنگیان بە درێژەی بابەتەکان نەداوە و یاخود خۆیان بەدوور گرتووە لە درێژدادڕی، ئەم بابەتانە جێی سەرنجی ئەوان نەبووە، بەڵام بەهۆی هەندێ ئاماژە و زانیاریی لێرەولەوێ و کورتەوە دەتوانین چەند شتێک لەوبارەیەوە هەڵێنجین.

گرنگترین هۆکاری نیشتەجێبوونی خەڵکی لە شارەکاندا هاندەری بژێوی بووە، واتا شارنشینان بۆ مەبەستی پەیداکردنی بژێوی ژیانیان لە شارەکاندا نیشتەجێ دەبوون، جا ئەو مەبەستە لەڕێی

---

[1] شهرام یوسفی فر: مناسبات شهر و شهرنشینی در دوره سلجوقیان، م.پ، ص ٩٩.

[2] شهرام یوسفی فر: شهر وروستا در سدەهای میانه تاریخ ایران، م.پ، ص ص ١٠٦_١٠٨.

[3] محسن حبیبی: م.پ، ص ٦٠ ؛ شهرام یوسفی فر: شهر وروستا در سدەهای میانه تاریخ ایران، م.پ، ص ص٥٥_٥٦، ٧٧_٧٨.

پەیداکردنی سەرچاوەی ئاوی زیاتر و یاخود شوێنێکی گونجاوتری ژیان و یاخود کاری باشتری وەک بوون بە سەرباز بووبێت یاخود بازرگانی بووبێت یان جوتیاری یاخود هەر پیشەیەکی کاریی دیکە بووبێت، واتا هۆکاری ئابووری هۆکارێکی گرنگی نیشتەجێبوونی خەڵکی بووە لە شارەکاندا.(١)

**تەوەری سێیەم:**

### پەیوەندیی نێوان شار و گوند:

ئێمە کاتێک دەڵێین شارەکان ڕۆڵی ناوند و سەنتەری سەرەکی شارستانییەتیان بینیوە، مەبەست لەوەیە کە شارەکان لە میانی ئەو پەیوەندییەی کە هەیان بووە لەگەڵ شارە بچووکەکانی خۆیان(٢)، گوند و ئاوایی و وارگەکانی دەوروبەریان و شارە هاوکوفەکانی خۆیان لە هەمان هەرێم، بوونەتە ناوەندێک بۆ کۆبوونەوەی بەرهەمە ماددی و مەعنەوییەکانی سەرجەم دانیشتوانی سەر بەو شارانە.(٣)

ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا تۆڕێکی گەورەیە لە پەیوەندیی نێوان سەرجەم ئاوەدانییەکانی هەرێمێک لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەرچی پەیوەندیی نێوان شار و گوندە ئەوە بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا زیاتر تێکەڵ و ئاوێتە بوون، بەشێوەیەک زۆرجار شارەکان چەند گوندێکیان لە شورەی دەرەکی شاردا لەخۆ دەگرت، واتا شێوە ژیانی شار و شێوە ژیانی گوند زۆر لە یەکتر نزیک بوون.(٤)

لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە گرنگترین دەمارە سەرەکیەکانی پەیوەندیی نێوان شار و گوند دەکەین، واتا ئەو ڕەگانەی کە شاریان کردووەتە سەنتەرێک بۆ گوندەکان، بە واتایەکی دیکە بەخششەکانی شار بۆ گوندەکان لە چەند ڕوویەکەوە بووە و لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەین، کە ئەم بابەتە ناوەڕۆکی بابەتی بە ناوەند بوونی شارەکان بۆ گەشەکردنی شارستانییەت دەخاتە ڕوو، ئەو ڕەگە سەرەکیانەش بریتین لە:

---

(١) شهرام یوسفی فر: هـم، ص٩٣_٩٤ ؛ سلطان زادە: م.پ، ص٨٥.

(2) Salma K.Jayyusi, Renata holod, Atilio petruccioli and Andre Raymond, The City in the Islamic world, V1 1est edition, BRILL, LEIDEN, 2008, P64.

(٣) دەربارەی پەیوەندیەکانی نێوان شارەکان ئەو گوندانەی سەربەوان بوون و لەگەڵ شارە هاوکوفەکانیان لەهەمان هەرێم بڕوانە : (شهرام یوسفی فر: م.پ، ص ص ٨٤_٨٨).

(٤) شهرام یوسفی فر: هـم، ص ٥٥_٥٦.

### ١. بنكە كارگێڕی و سیاسییەکان:-

سەرەتا پێویستە بەرچاوڕوونی ئەوەمان هەبێت کە شارەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شێوە گوندێکی گەورە و گەشاوە بوون و گرنگترین خەسڵەت کە لە گوندەکان جیای کردوونەتەوە، بوونی بنکە کارگێری و سیاسیەکان بووە لە شارەکاندا، لەبەرئەمە گوندەکان لە یەکەم هەنگاویاندا گەورەترین پێویستیان بە شارەکان دەبوو، لەو ڕووەوە کە شارەکان ناوەندی هێز و دەسەڵاتی ناوچەکە بوون، لەڕووی کارگێڕی و باج و خەراج و دادگا و سوپا و پاراستنەوە گوندەکان دەبوو بگەڕێنەوە بۆ شارەکان.[١]

بەهۆی ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دابەشبوونە ئیدارییەکان بەشێوەیەک بووە کە شارێک ناوەندی ناوچەیەکی شاری بووە و چەندین شار و گوندی لەسەر بووە، ئەمەش بە ناوەند بوونی شاری لە ڕووی کارگێڕییەوە بۆ شار و گوندەکانی دەوروبەری زیاتر دەچەسپاند.[٢]

شارەکان شوێنی چەندین یەکەی کارگێڕی دەوڵەتی بوون، وەک (دار الأمارة-خانەی میرایەتی ، قضاة-دادوەر یان قازی[٣] لەگەڵ (قاضی المظالم) کە لە قازی گەورەترە [٤]، حسبة- چاودێری بازاڕ[٥]، سوپا و پاسەوانی شار[١] )، ئەمانە شێوەیەکی کارگێڕی ڕەسمیان بە شارەکان داوە و بە

---

[١] سەبارەت بە تایبەتمەندییە سیاسییەکانی شار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وبەناوەندبوونی شار لەڕووی سیاسییەوە بۆ شارەکان وگوندەکانی دەوروبەری بڕوانە: (شهرام یوسفی فر: م.پ، ص ص ٨٧ و١٧٦_١٧٧، ١٨٨ و١٩٠) ؛ أحمد أشرف: م.پ، ص ٢٤.

[٢] بۆ ئەو مەبەستە نموونەی زۆر لەبەردەستدا هەیە و بگرە زۆربەی شارەکانی سەردەمی ئیسلامی وخوراسانیش لەونێوەندەدا، بنکەی کارگێڕی بوون بۆ شار وئاواییەکانی دەوروبەریان، بڕوانە: (ئەم توێژینەوەیە، بەشی دووەم، باسی دووەم، تەوەری یەکەم، ل ٦٤-٧٢).

[٣] بە نموونە شاری نیشابور قازی خۆی هەبووە وبە پشتاوپشت گوازراوەتەوە، بڕوانە: (یاقوت حموی: م.س، ج١/ ص١٧٥). ئەم شارە ئەمیرێکی هەبووە پێی وتراوە ئەمیری شار بۆ نموونەی ئەم پۆستە بڕوانە: (الثعالبی: یتیمة الدهر في محاسن أهل العصر، تح/ مفید محمد قمیحة، ط١، دار الکتب العلمیة، لبنان_بیروت، ١٩٩٩، ج٤/ ص ٤٠٧.)

[٤] بۆ زانیاری دەربارەی کارەکانی قازی بڕوانە: ( أبی یعلی الفراء الحنبلی: الأحکام السلطانیة، تح/ محمد حامد الفقي، د.ط، دارالکتب العلمیة، لبنان، ٢٠٠٠، ص ص ٦٥_ ٦٨ ودواتر) ؛ نموونەی ئەو کەسانەی لە نیشابور ئەم پۆستەیان وەرگرتووە، بڕوانە : (السمعانی: م.س، ج٢/ ص ٦٣).

[٥] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم پۆستە بڕوانە: (ابن اخوه: معالم القربة فی أحکام الحسبة، تح/ صدیق عیسی المطیعی، محمد محمود شعبان، ط١، مکتب الأعلام الأسلامی، قم، ١٤٠٨هـ ص ٥١) ؛ هەروەها ئەم پۆستە لە خوراساندا هەبووە بەبەڵگەی ئەوەی (عروضی) لە کتێبی (چهار مقاله)دا زانیاریمان پێدەدات چۆن (محتسب) لە کۆبوونەوەی خوانێکی شەوانەی سوڵتان محمودی غەزنەویدا ئامۆژگاری سوڵتان دەکات، بڕوانە: (نظامی عروضی: م.پ، ص٥٥).

ناوەندبوونی شاریان زیاتر چەسپاندووە، ئەگەرچی لەیەک کاتدا و لەیەک شاردا سەرجەمیان بوونیان نەبووە، یاخود هەندێ کات بەشێکی وەکو خانەی میرایەتی لە شارێکی سەرەکی وەکو پایەختدا هەبووە، سەرەڕای ئەمانە سەرۆکی شار بەرپرسی سەرجەم پلە کارگێڕییەکانی سەرەوە بووە.[٢]

سەرەڕای ئەوانە شارەکان زۆرجار بوونەتە پایتەختی میرنشینێک یاخود دەوڵەتێک، ئەمەش بووەتە هۆی پێشخستنی زیاتری شارەکە و لەبەرامبەردا شارەکە بووەتە ناوەندێکی گرنگی سەرجەم بوارەکانی ژیان و گەشەی شارستانی زیاتری خستووەتە ناوچەکەوە، بەجۆرێک هەندێک جار شارێکی بچووک بەم هۆیەوە بووەتە شارێکی گەورە و بەناوبانگ، بەنموونە شاری غەزنین دوای ئەوەی غەزنەوییەکان تێیدا گەشەیان کرد و کردیانە پایتەختی دەوڵەتەکەیان، بووە شارێکی گەشاوە و دواتر گەورە بووە[٣]، مەقدسی زانیاریمان پێدەدات کە سەردەمی ئەو کوورەیەکی خوراسان بووە و قەصەبەی کوورەکەش خودی شارەکە بووە.[٤] هەر دەربارەی گرنگی ڕۆڵی سیاسی کاتێ شاریک دەبێتە پایتەختی میرنشێنیک چۆن فراوانبوون و گەشە بەخۆیەوە دەبینێت، بە نموونە شاری نیشابور کاتێ دەبێتە پایتەختی طاهرییەکان، لە سێ ڕووەوە گەشەدەکات، ئاوەدان دەبێتەوە و گەورەدەبێت و داهات و سەروەتی زیاتردەبێت.[٥]

لە شاری نیشابوردا جۆرێک لە دادگا هەبووە، کە ڕۆژانی یەک شەممان و چوار شەممان دادەنیشت، پێی وتراوە (المظالم) کە سەرکردەی سوپا یاخود وزیر سەرۆکایەتی دەکرد و بە

---

[١] بەنموونە نیشابور یەکێکە لەو شارانەی سوپای هەبووە بەناوی (شەحنەی نیشابور) شەحنە وشەیەکە بەکارهاتووە بەواتای سوپا، بڕوانە: (إبن فندق: م.س، ص٢٧٢) ، هەر لە بەیهەقیدا ئاماژە بە پۆستێکی دیکەی شاری کراوە بە ناوی (صاحب دیوان) کە ئاماژە بەبوونی ئەم پۆستە کارگێڕییە دەکات لە شاری نیشابور، بڕوانە: (هـم، ص ص ١٠٨و١٨٠) ؛ هەروەها لە شارێکی وەکو غەزنەدا شەحنەیەک یان سوپایەک بۆ پاراستنی شار هەبووە لە سەردەمی غەزنەوییەکاندا، بڕوانە: (رشیدالدین فضل الله همدانی: جامع التواریخ، چ١، انتشارات: میراث مکتوب، تهران، ١٣٨٦ش، ص ٧٨).

[٢] نظام الملک طوسی: م.س، ص ٦٣ ؛ شهرام یوسفی فر: م.پ، ص ٥٨.

[٣] غەزنین یاخود غەزنی، پایتەختی دەوڵەتی غەزنەویەکان(٣٥١_٥٧٩هـ) بووە لە سەردەمی سبکتکین دامەزرێنەری سەرەتاکانی دەسەڵاتی غەزنەوی لە شاری غەزنە، بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: ( ابی نصر عتبی: الیمینی، تح/ احسان ذنون الثامری، ط١، دارالطلیعة، بیروت، ٢٠٤، ص١٠٧_١٠٨ ؛ خلیل الله خلیلی: سلطنت غزنویان، چ١، انتشارات امیری، افغانستان ١٣٤٨ش، ص ص ٢٢ و٣٢ ؛ أحمد محمد عدوان: موجز فی تاریخ دویلات المشرق الأسلامی، ط١، دارعالم، الریاض، ١٩٩٠، ص ص ١٢٣ و١٢٦)، سەبارەت بە فراوان بوونی غەزنین لە سەردەمی سوڵتان محمودی غەزنەویدا بڕوانە: (سلطان زادە: م.پ، ص ٩٣).

[٤] بڕوانە (لاپەڕە٦٤)ی ئەم توێژینەوەیە

[٥] الاصطخری: م.س، ص ١٤٧.

هاوشانی لەگەڵ قازی و سەرۆکی شار و زانایان و خانەدانان و ئەنجومەنی حوکم گوێیان لە چیرۆکی مافخوراوان دەگرت و دادگەریان بۆ دەکردن.[١]

### ٢. بنکە ئابووری و بازرگانییەکان:

مەبەست لە بنکە ئابووری و بازرگانییەکان، ئەو ڕۆڵەی شارە کە لە بواری بەرهەم و کالاّ و جموجوڵە ئابووری و بازرگانیەکاندا گێڕاویتی، لەماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەگشتی و سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی/ دەیەم و یانزەیەمی زاینی بە تایبەتی، لێرەدا هەوڵ دەدەین بەوردی ئەوە ڕوون بکەینەوە کە شارەکانی خوراسان لەو سەردەمەدا چۆن بوونەتە ناوەند و بنکەیەک بۆ جموجوڵە ئابووریەکان بۆ گوند و شارەکانی دەوروبەری خۆیان.

جموجۆڵە ئابووریەکانی سەردەمی توێژینەوەکەمان لە خوراساندا چەند لایەن دەگرێتەوە، بۆ ئەوە دەتوانین بڵێین هەرچی زیادەی بەرهەمە دەستی و خۆڕسکەکانی گوند و شارەکان لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و باخداری و چنینەوەی بەرهەمە کێوییەکان و ڕاوکردنەکان هەیە، جۆرێک لە جموجوڵی ئابووریان لە شارەکاندا دروستکردبوو.[٢]

شارەکان ناوەندێکی کۆبوونەوەی بەرهەمە زیادەکانی گوندەکان و شارە بچوکەکان بوون، ئەم بەرهەمە زیادانەش کە لە شارەکاندا کۆدەبوویەوە بە دوو جۆر ساغ دەبوویەوە، بەشێکی بۆ پێویستی ناو شارەکە بەکاردەهات، بەشێکی دیکەی بەشداری پێ دەکرا لە بازرگانی دەرەکیدا، لەلایەکی دیکەوە گوندەکان بۆ بەشێک لە پێویستییەکانی خۆیان وەک ئەو بەرهەمانەی لە شارەکاندا بەرهەم دەهات ڕوویان دەکردە شارەکان و لەوڕێگەیەوە پێداویستیی خۆیان دابین دەکرد، ئەمەش جۆرێک لە بنکەیی بوونی ئابووری و بازرگانی دەبەخشیە شارە گەورەکان.[٣]

---

(١) المقدسی: م.س، ص٣٢٨.

(٢) شهرام یوسفی فر: شهر وروستا در سدههای میانه تاریخ ایران، م.پ، ص ١٧٢_١٧٣.

(٣) شهرام یوسفی فر: م.پ، ص ص ٢١٨_٢٢٠ ؛ شایانی باسکردنە لەم توێژینەوەیەماندا و لە بەشی سێیەم_ باسی سێیەم _ تەوەری دووەم وسێیەمدا، باسی ئەم بابەتە بە درێژتر وتەواوەتی دەکەین.

# بەشی سێیەم:

## شار لە پێگەی ناوەندێتیدا بۆ گەشەکردنی شارستانییەت

## باسی یەکەم:

## پێکهاتە بونیادییەکانی شار

### تەوەری یەکەم:

### بونیادی قەڵاکان و شورەی شارەکان:

لێرەدا پێویستە بونیاد و هەڵکەوتەی شارەکان ڕوونبکرێتەوە، بەمەبەستی دەرکەوتنی زیاتری ڕۆڵی شارەکان لە ناوەندێتیان بۆ گەشەکردنی شارستانییەت، ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە ڕوون دەکرێتەوە، لە ڕووی هەڵکەوتەی شارەکان لەو شوێنەی کە شارەکەی تێدا دروستکراوە، لەڕووی بوونی قەڵا و شورەی شار و دەروازەکانی شارەوە.

شارەکانی خوراسان بەتایبەتی شارە گەورەکانی زیاتر لە ناوچەیەکی پێدەشت و فراوان و تەخت لە ڕووی تۆبۆگارفییەوە هەڵکەوتوون، ئەمەش بە پشت بەستن بە سەرچاوە جوگرافییەکان و ئەو شوێنەوارانەی لە ڕۆژگاری ئێستادا لەو شارانە ماونەتەوە، بەهۆی ئەوەی پێدەشتەکانی ئەم هەرێمە زیاتر وشک و گەرمن و کەمتر تەڕ و زۆنگاوین بۆیە گونجاوبوون بۆ بنیاتنانی شار[1]، لە لایەکی دیکەوە ئەم پێدەشتانە بە چیا و دۆڵ دەورەدراون و لە بناری چیاکان و لە دەوروبەری شارەکانەوە دارستان و کانیاوی زۆر هەبوون.[2]

ئەم هەڵکەوتەیەی شارەکانی خوراسان لە ڕووی بەرزی و نزمیەوە کە لە ناوچەیەکی تەختدا بوون و ڕاستەوخۆ پشتیان بە هیچ چیایەکەوە نەبووە، یاخود بڵێین چیایان لێ نزیک نەبووە، بە چەند فەرسەخێک نەبێت، وەک شاری بەڵخ کە نزیکترین چیا لەم شارەوە، چوار فەرسەخ دووربووە[3]، وایکردووە دەسەڵاتداران و دانیشتوانی ئەم شارانە بیر لە چەندین داهێنانی وەک لێدانی خەندەق و شورەی چواردەوری شارەکان بکەنەوە، شار لێرەدا هۆکارێک بووە بۆ پێشکەوتن و داهێنان و دروستکردنی ئامرازی بەرگری، بەنموونە شاری نیشابور هەروەک حاکم نیشابوری دەنوسێت لەبارەی سەرەتای دروستکردنیەوە کاتێ شاپوری یەکەم کوڕی ئەردەشێر شای ساسانی دەیەوێت شارەکە زیاتر توندوتۆڵ بکات، خەندەقێک و شورەیەکی پتەو بە چواردەوری شارەکەدا دروست دەکات.[4]

---

(١) الاصطخري: م.س، ص ص ١٤٥، ١٤٧، ١٥١، ١٥٤، ١٥٥.

(٢) بەنموونە وەک شاری نیشابور، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حاکم نیشابوری: م.پ، ص ١٩٧).

(٣) ابن حوقل: م.س، ص ٤٤٧.

(٤) حاکم نیشابوری: م.پ، ص١٩٨.

زۆرینەی شارەکانی خوراسان خاوەنی شورە و قەڵای خۆیان بوون، بەڵام زۆرکەم بەرچاو دەکەوێت لە کتێبە جوگرافییەکاندا بنوسرێت فڵان گوند شورە و قەڵای بۆ دروستکراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شارەکان هۆکاری پێشکەوتنی مرۆڤ بوون، چونکە بۆ پاراستنی خۆی و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتیەکەی لە شارەکاندا، هۆکاری جیاوازی پاراستنی هەڵبژاردووە.

قەڵا و شورەی شارەکان لە خوراساندا زۆر باو بووە، شار کە لە سێ بەشی قەڵا و شارستان و دەوروبەری شار پێکهاتووە، زۆرجار بۆ هەرسێ بەشەکە شورە و کەندرِ یان خەرەندیان دروستکردووە، زۆرجاریش تەنها گرنگی دراوە بە شورەی بەشی سێیەمی شار کە دەوروبەری شارە و دوو بەشەکەی دیکەی لەخۆ گرتووە، زۆرجاریش بەدەوری گوند و زەویە کشتوکاڵیەکانی شارێکدا شورەیەکی مەزن هەبووە، کە سەرجەم سنوری ئەو شارەی لەخۆ گرتووە، بەنموونە وەک ئەو شورەیەی شاری بەڵخ هەیبووە.[١]

شێوەی شورەی ئەم شارانەی خوراسان بەتایبەت شارە گەورەکانی وەک نیشابور، بەهۆی ئەوەی دروستکردنیان بۆ پێش سەردەمی ئیسلام، زیاتر بۆ سەردەمی ساسانی دەگەڕێتەوە، پتر بازنەیی بووە و خاوەنی چوار دەروازە بوون، ئەم شێوازە تاوەکو سەردەمی ئیسلامیش هەر بەردەوام بووە.[٢]

شورە یاخود حەسار دیوارێکی بەرز و پانە و بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێکوپێک و پتەو بە دەوری شارەکاندا بونیادنراوە، شوراکان لە هەرێمی خوراساندا زیاتر لە مادەی قوڕ بونیادنراون[٣]، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا و لە هەندێک شاردا شورەی شارەکە لە گەچ و بەرد دروستکراوە ئەگەرچی ئەم نمونەیەمان لە هەرێمی خوراساندا نەبینیوە، بەڵام نزیک لەم هەرێمە ئەم جۆرەی تەلارسازی هەبووە، وەکو شاری (منک)[٤] ، ئەمەش لە نوسینەکانی جوگرافیناسانەوە دەردەکەوێت کە ئاماژەیان بە پێکهاتەی قەڵاکان کردووە.[٥]هەندێک جاریش شورەی شارێک لە

---

[١] ابن رستە: م.س، ص ٢٩١ ؛ حسین سلطان زادە: م.پ، ص٩٢.

[٢] حسین سلطان زادە: هـم، ص ص٧٤_٧٩و٩١_٩٢.

[٣] ابن حوقل: م.س، ص٤٤٨.

[٤] شاری (منک) گەورەترین شاری ناوچەی ختل بووە ، ئەگەرچی لەسەر هەرێمی ئەودیوڕووبار ئەژمارکراوە، بەڵام توێژەر وەکو نموونەیەکی ئەم جۆرە لە بونیادنان وەریگرتووە بەهۆی نزیکی لە هەرێمی خوراسانەوە، بەهۆی بوونی چیا لە نزیک ئەم شارەوە شورەی شارەکە لە بەرد وگەچ دروستکراوە، بڕوانە: (الاصطخری: م.س، ص١٥٥ ؛ ابن حوقل: م.س، ص٤٤٨_٤٤٩).

[٥]المقدسی: م.س، ص ٢٩٣_٣٠٥ ؛ کی لسترنج: م.س، ص ص ٤٦٢_٥٠٨.

خشتی قوڕ دروست دەکرا، کە لە خوراساندا پێی دەڵێن (آجر- خشت)، ئەمەش بۆ زیاتر پتەو بوونی شورەی شارەکە بووە.[١]

زۆرجار شارەکان بۆئەوەی زیاتر پتەوبن یاخود بۆ ئەوەی سنوری ناوچەی شارەکە و خودی شارەکە لەیەکتر جیابکرێتەوە، دوو شورەی بۆکراوە، چونکە سەردەمی ئیسلامی شارەکانی خوراسان لەڕووی ئیدارییەوە پێگەی خۆیان هەبووە، بەتایبەت چوار شارە گەورەکە (نیشابور و بەڵخ و مەرو و هورات)، بەجۆرێک هەر شارێک سنوری شار و ئاواییەکانی جودا بووە، جگە لەو سنورەی خودی شارەکە هەیبووە.[٢]

بەنموونە شاری بەڵخ کە لە ناوچەیەکی پێ دەشت و وشکدا بووە، ناوچەی شارەکە شورەیەکی تایبەت بەخۆی هەبووە و شارەکەش بەجیا شورەیەکی هەبووە، بەجۆێک لە دەرەوەی شورە گەورەکە هیچ ئاوەدانیەک و سەوزایی و کشتوکاڵێکی لێ نەبووە، بەڵکو لمین بووە، ناوەوەی شورە گەورەکە گوندەکان و کشتوکاڵەکان و ژیانی خەڵکی دەرەوەی شارەکەی لەخۆ دەگرت، تیرەی ئەم شورە گەورەیە دوانزە فەرسەخ بووە، ئەگەر بۆ هەر فەرسەخێک (٥,٨کم) ئەژمار بکەین دەکاتە (٦٩,٦کم) واتا تیرەی شورە گەورەکە بە زمانی ئەمڕۆ شەست و نۆ کیلۆمەتر بووە، ماوەی نێوان ئەم شورەیە و شورە بچوکەکە پێنج فەرسەخ بووە، کە دەکاتە (٢٩کم)، بەم پێیە بێت شورە بچوکەکەی بە دەوری (الربض)دا بووە، تیرەکەی (١١,٦کم) بووە، کە ئەمە تیرەی شاری بەڵخ بووە، ئەگەر لە هەموو لایەکەوە ماوەکەی لەگەڵ شورە گەورەکەدا وەک یەک بوبێت. لە دوای شورەی دووەم (شورەی الربض)، شورەیەکی دیکە هەبووە، بە دەوری بەشی شارستاندا، کە نێوانی ئەم دوو شورەیە (٥,٨کم) بووە، چێوەی بەشی شارستانی بەڵخ سێ بە سێ میل بووە.[٣]

ئەم شورایانە کە بەدەوری شارەکاندا هەبوون بۆ چەند مەبەستێک بووە، شورە گەورەکە زیاتر بۆ دیاری کردنی سنور بووە، ئەوانی دیکە زیاتر بۆ پاراستنی ئاسایشی شار بووە، چونکە گرنگی زیاتر دراوە بە قەڵاکانی نزیک شار، ئەم شورە و قەڵایانە چەندین دەرگایان هەبووە، هەر دەرگایەکیش ناوی تایبەتیی خۆی هەبووە.[٤]

---

[١] عبدالحی حبیبی: تاریخ افغانستان بعد از اسلام، م.پ، ص٧٠٣ .

[٢] بڕوانە: (لاپەڕە(٦١_٦٩)ی ئەم توێژینەوەیە).

[٣] الیعقوبی: البلدان، ص ١١٦_١١٧.

[٤] بەنموونە شاری هرات خاوەنی قەڵایەکی بەهێز بووە، لە هەموو سەردەمەکاندا ئاماژە بە بەهێزیەکەی کراوە بۆ پاراستن وبەرگریکردن بەکارهاتووە، بڕوانە : ( برنارد اوکین: معماری تیموری در خراسان، دیکە: علی آخشینی، چ١، بنیاد پژوهشهای اسلامی، مشهد، ١٣٨٦ش، ص٤١).

بەنموونە شاری نیشابور بۆ هەرسێ بەشەکەی شار شورەی هەبووە و هەر بەشێکیش چەند دەرگایەکی هەبووە، ئەوەی لێرەدا گرنگە دەرگاکانی بەشی (الربض)ە کە زیاتر هەرێمیە و ناوی دەروازەکانیش بەناوی یەکێک لە ڕێگە کاروانیەکانەوەیە، ئەو دەرگایەی کە بۆ عێراق و جوزجان دەرچووە ناوی دەروازەی (قباب بووە)، ئەو دەروازەیەی کە بۆ بەڵخ و ئەودیو ڕووبار دەرچووە ناوی دەروازەی (جنک) بووە، بەم شێوەیە چەندین دەرگای دیکەی هەبووە کە ئاراستەی دەرچوونی هەر یەکێکیان بۆ هەرێمێک بووە و ناوێکی تایبەت بە خۆی هەبووە.[١]

لێرەدا توێژەر بەباشی دەزانێت بۆ هەڵوێستەکردن لەسەر بابەتی دەروازەکان، لە شێوەی ناونانیان و ئەو هەرێمانەی بۆی دەردەچوون، کە بۆخۆی چەندین خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، یەکێکیان ئەوەیە دەری دەخات کە شارەکان لەو سەردەمەدا ناوەندێکی گرنگی کاروانە بازرگانیەکان و گەڕیدە و گەشتیارەکان بوون، یەکێکی دیکە ئەوەیە شار پێگەیەکی گەورەتری هەبووە و بە ئاسۆیەکی فراوانترەوە بەستراوەتەوە، یەکێکی دیکە سنورداری تواناکانی مرۆڤ، لەڕووی کاروانی بازرگانی و گواستنەوەوە دەردەخات.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شارەکانی جیهان بەگشتی و شارەکانی خوراسان بەتایبەتی، خاڵی بەیەک گەیاندنی کاروان و ڕێگا بازرگانیەکان بوون، ئەمە وایکردووە، هەر شارێک چەند ڕێگەیەکی بازرگانی بۆ بچێت و چەند ڕێگەیەکیشی لێ دەربچێت، بۆیە ناونانی دەرگاکانی شورەی شار بەمەبەستی دیاریکردنی دەروازە بووە بۆ هەر ڕێگایەک، بۆیە دەبینین سەرجەم شارەکان دەرگای هەر ڕەخێکی هەرێمێکی جودایان بە ناوێکەوەتایبەتەوە ناوناوە، ئەگەرچی هەموو کات ئەم دەروازانە بۆ کاروباری جگەلە بازرگانی بەکارهاتوون، بۆ ئەوەی کاتێک کەسێک لە شار دەردەچێت و بەمەبەستی هەرێمێک ڕێگە دەگرێتەبەر، لە دەروازەی تایبەت بەو هەرێمەوە بڕواتە دەرەوە.[٢]

هەر دەروازەیەکی شار دەرگایەکی هەبووە بۆ تێپەڕینی خەڵکی، کەئەو دەرگایە لە کاتی دیاریکراودا داخراوە و کراوەتەوە، زۆجار دەرگاکان لە تەختەودار دروستکراون و هەندێکجاریش لە ئاسن، لەو بڕوایەداین بەهۆی تێچوونی زۆری دروستکردنی دەرگای ئاسن لەو ڕۆژگارەدا، کەمتر دەرگای ئاسن بەکارهاتووە، ئەگەرچی دەرگا ئاسنینیەکان زۆر بەهێزتر و پتەوتر بوون، هەربۆیە هەندێک شار دەرگای سەرەکی قەڵاکەی لە ئاسن دروستکراوە.[٣]

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە: (الاصطخری: م.س، ص١٤٦).

[٢] بۆ بینینی نموونەی ناوی ئەو دەرگایانە بڕوانە: (الاصطخری: م.س، ص ١٤٦، ١٤٨، ١٥٠، ١٥١).

[٣] بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (المقدسی: م.س، ص ص ٢٨٩ و٣٠٩).

**تەوەری دووەم:**

## شوێنە گشتییەکان :

### یەکەم: شوێنە ئاینی و سیاسییەکان (مزگەوت):

هەرێمی خوراسانی سەدەکانی (٤ و ٥ک/١٠و ١١ز)، هەرێمێکی فرە ئاین بووە، سەرەتایەکی کەمی فرە مەزهەبیش دەرکەوتووە، ئەوەی لە سەرچاوەکانەوە بۆ ئێمە نوسراوەتەوە و ماوەتەوە چەندین ئاماژەیە بە بوونی شوێنی ئاینی ئەو ئاینە جیاوازانە، بەڵام دیارترین شوێنی ئاینی نێو شارەکانی خوراسان، بریتی بووە لە مزگەوتەکان، لەبەرئەوە تەنها باسی ڕۆڵی مزگەوتەکان و منارە و قوببە خانەی میرایەتی دەکەین وەک چەند شوێنێکی ئاینی – سیاسی لەنێو شارەکاندا.[١]

مزگەوتەوکانی خوارسان، لەگەڵ فراوانبوونی دەسەلاتی موسڵمانان و باوەڕهێنانی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی خوراسان بەم ئاینە، کردنەوەی مزگەوت و منارە و خانەی میرایەتی و قوببەکان زۆر زیادیان کرد.[٢]

لە سەرچاوەکانی بەردەستدا جگەلە مزگەوتەکان، ئاماژە بە بوونی چەندین منارە و شوێنی ئاینی دیکەی وەکو گڵکۆی کەسایەتییە ئاینییەکان، لە هەرێمی خوارساندا کراوە[٣]، بەڵام ئەوەی

---

[١] بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم بۆچونەمان دەتوانی دەقی نوسینی جوگرافی ناسان بە بەڵگە بهێنینەوە کە باس لە قەرەباڵغی مزگەوتی شارەکان دەکەن، ولە بەرامبەردا باسێکی ئەوتۆی پەرستگا وشوێنی پەرستشی ئاینەکانی دیکە نەکراوە، بڕوانە: (الاصطخری: م.س، ص ١٤٥_١٤٦).

[٢] بەنموونە لە شاری مەرو لەسەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلامدا مزگەوتێک بنیات دەنرێت، بەڵام کاتێک ئیسلام زیاتر بڵاودەبێتەوە مزگەوتێکی دیکە دروستکرا، کە بە مزگەوتی (العتیق) نوێژی هەینی گوازرایەوە بۆ ئەم مزگەوتە و مزگەوتەی یەکەم کە بە مزگەوتی (بنی ماهان) ناسرابوو، نوێژی هەینی تێدا نەدەکرا، ودواتر مزگەوتێکی دیکە دروستکرا، واتا سێ مزگەوت دروستکراوە، بڕوانە: (الاصطخری: م.س، ص١٤٧).

[٣] لە سەدەی چوارەمی کۆچی بەدواوە، گڵکۆ وئارامگاکان لە هەرێمی خوراساندا ڕووی لە زیادبوون کردووە، کە جۆرێک بووە لە تەلارسازی ئیسلامی وئەگەرچی مۆرکی زەردەشتی وئێرانی پێش ئیسلام ومۆرکی تورکی بەخۆیەوە گرتووە، بەنموونە وەک: ئارامگای سوڵتان سنجر ی سەلجوقی لە شاری مەرو، ئارامگاکانی پاشاکانی سامانیەکان لە بوخارا ومەحمودی سێیەمی غەزنەوییەکان، کە تائێستا شوینەواری ئەم ئارامگایانە ماون، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (روبرت هیلن برت: معماری اسلامی، دیکە: باقر آیت الله زاده شیرازی، چ٨، انتشارات روزنە، تهران، ١٣٩٥ش، ص ص ٢٧٩_٢٩٠) ؛ هەروەها گۆڕی خواجە نظام الدین، لە دیکەبت حیدریة لە نزیک سەبزەوار لە نیشابور، بڕوانە: (محمد یوسف کیانی: معماری ایران دوره اسلامی، چ١٢، سازمان مطالعه وتدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، تهران، ١٣٩٣ش، ص٨٦) ؛ دەتوانین بڵێین کە شتێکی ئاسایی بووە کەسە زانا و ناودارەکان گۆڕەکانیان لەناوەندی شارەکاندا بنێژرێت، بڕوانە: (السمعانی: م.س، ج١٠، ص٣٦) باس لە گەڕەکی غزوانی شاری هرات دەکات لە ناوەندی شاردا گۆڕی زانا و ناودار (أزدي الهروي٤٤٠ک/ ١٠٤٨ ز) تێدابووە.

شـــایانی باسـکردنه له ســـەردەمی ئیســـلامیدا شـــوێنە ئاینیەکـــانیتر له هەرێمـــی خوراســـاندا ئەو گرنگییەیـــان نەمـــا، بەنمـــوونه پەرســـتگای سرشـــک ی زەردەشـــتییەکان و نەوبەهـــار و بامیـــان ی بودییەکان و کڵێسەی مەسیحیەکان[١]، یاخود هەندێک جار بەشێکی ئەو پەرستگایانە تێک دەدران و دەکـران بە مـزگەوت، وەک ئەوەی (فضـل بەرمەکـی) له شـاری بەڵـخ کـردی، کاتێـک گۆشـەیەکی پەرستگای نەوبەهاری کردە مزگەوت.[٢]

لەلایەکی دیکەەوە مزگەوتەکان گرنگترین بنکەی کۆبوونەوی زۆرترین خەڵک بوون له سەرجەم چین و توێژەکان، بەنموونە مزگەوتی گەورەی شاری بەڵخ، بەبەردەوامی و لەسـەرجەم ڕۆژەکانی ســاڵدا پـڕ قەرەبـاڵغترین مـزگەوت بـووە بە خەڵکـی[٣]، مزگەوتەکـان زیـاتر دەکەوتـنە ناوەڕاسـتی بازاڕەکانەوە، ئەمەش گشتی بوونی مزگەوت زیاتر دەسەلمێنێت.[٤]

مزگەوتەکان له هەموو شار و ئاوەدانیەکدا هەبوون، مەگەر ئاوەدانیەکی نوێ یاخود دەوارنشین یان تازەدێ بووبێت، ئەگەرنا هەموو ئاواییەک مزگەوتی لێ بووە، شارەکان زیاتر له مزگەوتێکیـان تێدابووە، بەڵام بەگشتی مزگەوتی گەورەی شـارەکان بەکاردەهـات بـۆ کۆبـوونەوەی بـاوەڕدارانی شـارەکە و بەجێگەیانـدنی ئەرکە ئـاینیە بەکۆمەڵەکـان، بەم هـۆیەوە دەتـوانین بڵێـین مـزگەوت ئەو شـوێنە گشـتیە نەبووە کە شـار بکـاتە ناوەنـدێک بـۆ شـوێنەکانی دیکە، چـونکە لە هەمـوو شـوێنێک جێگـای عیبـادەت هەبـووە و وابەسـتە نەبـوون بە شـارەکانەوە، ئەوەی هەیە مـزگەوت واتـایەکی شارستانی جیاوازی داوە بە شارەکان.

مینبەر و خـانەی میرایەتـی و قوببە یەکێکـی  دیکە بـوون لە شـوێنە ئـاینی و سیاسـییەکانی نـاو شارەکان، ئەگەرچی بەشێک بووبن لە مزگەوتەکـان، بەڵام ئەم بەرهەمەی شارسـتانییەتی ئیسـلامی ڕۆڵی هەبووە لە بەناوەنـدی کردنـی شـارەکان بـۆ ناوچەکـانی دەوروبەری شـار، چـونکە لە هەمـوو شوێنێک مینبەر و خانەی میرایەتی و قوببە بوونی نەبووە.[٥]

---

[١] بۆ زانیاری دەربارەی ئەم پەرستگایانە بڕوانە: (الاصطخری: م.س، ص١٥٠، ٢٦٥ ؛ المسعودی: م.س، ج٢، ص١٨٦ ؛ ارتور کرستین سن، م.پ، ص٧٦) ؛ ودەربارەی پەرستگای بودیەکان نوبهار بڕوانە: (عبدالحی حبیبی: م.پ، ص ٦٦٧).

[٢] عبدالحی حبیبی: هـ م، ص ٧٠٨.

[٣] الاصطخری: ن.م، ص ٢٧٨.

[٤] بەنموونە مزگەوتی شاری هرات وبەڵخ دەکەوتنە ناوەڕاستی بازاڕەکانەوە، بڕوانە: (الاصطخری: ن.م، ص٢٦٥، ٢٧٨).

[٥] سەبارەت بە بنەڕەتە زمانەوانیەکانی وشەی منارە و لایەنی تەلارسازی وجۆرەکانی منارە بڕوانە: (روبرت هیلن برت: م.پ، ص ص ١٢٩_١٣٦).

له زۆربەی شارەکانی خوراساندا خانەی میرایەتی هەبووە و قوببەش بەشێک بووە لە خانەی میرایەتی، بەنموونە لە شاری مەرو خانەی میرایەتی و قوبەی ئەبو موسلم هەبووە، کە بە فەرمانی ئەبوموسلم دروستکراوە، قوببەکە لە ڕوویەکی خانەی میرایەتی و بەتەنیشتی مزگەوتەوە بووە و ناوبراو خۆی لەو شوێنە بۆ فەرمانڕەوایی دانیشتووە، دواتر لەسەردەمی خەلیفە (مأمون)دا خەلیفە لەو شوێنە فەرمانڕەوایی کردووە و تاوەکو سەدەی چوارەمیش ئەم قوببەیە هەر ماوە و فەرمانڕەواکانی خوراسان فەرمانڕەواییان تێدا کردووە.[1]

**دووەم: بازاڕەکان:**

بازاڕ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە شارە گەورەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە، بەشێوەیەک بازاڕەکان شارەکانیان کردبووە ناوەندێک بۆ جموجۆڵە ئابووریەکانی دەوروبەر، بەشێوەیەکی گشتی بازاڕەکان لە یەکەمین ڕاستە شەقامی شارەوە، واتا لە دەروازەی سەرەکییەوە دەستیان پێدەکرد و بە شەقامێکی پان و بەریندا تاوەکو ناوەڕاستی شار ئەوەی پێی وتراوە مەیدانی شار، کە لەم مەیدانەدا دامودەزگا گشتی و فەرمیەکان هەبوون، بۆ شارەکانی سەردەمی ئیسلامی مزگەوت و بەندیخانە و خانەی میرایەتی دەکەوتنە ناوەڕاستی شارەوە، زۆرکات مزگەوتەکان دەکەوتنە ناوەڕاستی بازاڕەکانەوە.[2]

بازاڕەکانیش لە پلانی شاری سەردەمی ئیسلامیدا پێگەی تایبەتیان هەبووە، هەرچەندە سەردەمانی پێشووتریش لە شارەکاندا هەبوون، بەڵام بازاڕەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە لە شارە ئیسلامیەکان و شارەکانی خوراساندا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە.[3]

هەرشارێکی خوراسان بەتایبەتی شارە گەورەکان لە بازاڕێک زیاتریان تێدا بووە، ئەو بازاڕانەی لەناو شارەکاندا بوون، جگە لە کاری کڕین و فرۆشتن، چەندین ڕۆڵی دیکەیان هەبووە، گرنگترینیان بریتی بووە لە کاری ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاریی و فەرمانە فەرمیەکان و

---

[1] قوببە: ئەم ناوە و ئەم جۆرەی تەلارسازی تایبەت بووە بە شوێنی فەرمانڕەوایی، لە زمانی کوردیدا گوموز یاخود گومبەدی پێ دەڵێن، ئەم تەلارە بە قوببەی فەرمانڕەواکانی خوراسان دانراوە، لەڕووی قەبارەوە پەنجا باڵ بە پەنجا باڵ بووە و سەرپۆشی هەبووە و لە ناوەوە چەندین قوبەی دیکەی هەبووە لە نێوان پایەکانیدا، چوار دەرگای هەبووە، هەر دەرگایەکی چۆتە سەر هەیوانێک و سەرجەم هەیوانەکانیش چوونەتەوە سەریەک: (الاصطخری: م.س، ص ١٤٧).

[2] بۆ زانیاری دەربارەی شێوەی شارەکان بەگشتی لە سەدەکانی ناوەڕاسدا بڕوانە: (جیمز موریس: م.پ، ص١٠٥).

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕۆڵی بازاڕ وجۆرەکانی لە ڕۆژهەڵات بڕوانە: (حسین سلطان زادە: هـم، ص ص٢٨، ٥٣_٥٨).

پرسـەداری و کاروبـارە دەوڵەتییەوکـان، بەهـۆی ئەوەی چینـی گشـتی خەڵـک و سـەرجەم چـین و توێژەکان لە بازاڕدا بوونیان هەبووە.[1]

ئەوەی بـۆ ئەم تـوێژینەوەی ئـێمە گـرنگە ئەوەیە ڕوونیبکەیـنەوە، بازاڕەکـان چ ڕۆڵێکیـان لە بەناوەندکردنی شارەکاندا بینیوە لە گەشـەکردنی شارسـتانییەتدا، بۆ ئەو مەبەسـتە دەتوانین بڵێین بەهۆی بازاڕەکانەوە، بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی ئاوەدانیەکانی دەوروبەری شارەکان لە شـارەکاندا کۆدەبووەوە، لە بەرامبەردا بۆ بەڕێکردنی کاروباری ئەم بازاڕانە دەسەڵاتدارانی شـار و بازرگانـان هەڵدەستان بە دابینکردنی شوێن و پێداویستییەکانی بازاڕ.[2]

بازاڕەکـان گرنگتـرین بەشـی شـار بـوون، کاتێـک کەسـێکی ڕێبـوار ڕێـی بکەوتـایەتە شـارەکان ڕاستەوخۆ لە دەرگای شارەوە دەچووە بازاڕەوە، پڕ جموجۆڵترین شـوێنی شـار بـووە، لەسـەدەی (٤ و ٥ک/١٠و ١١ز)دا شـارەکانی خوراسـان لەڕووی بـوونی بـازاڕەوە زۆر هەنگاویـان بەرەوپێش هەڵناوە، بەبەڵگەی بوونی چەندین بـازاڕی هەمیشـەیی لە شـارەکاندا، وەک بازاڕەکـانی نیشـابور کە بە (المربعة الکبیرة) و (المربعة الصغیرة)[3] ناسـراون ، کە دوو بـازاڕی گەورەی شـاری نیشـابور بـوون لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، بـازاڕێکی دیکەش هەبـووە بەنێـو ئەم دوو بـازاڕەدا وەک یەکتـر بڕێک تێپەڕیوە، ناوی بازاڕی (حیرە)بووە[4]، لەم بازاڕانەدا کۆڵانەکان و دوکانەکان بۆ هەر بەشـێک و بـۆ هەر کارێـک جـودا بـووە، یـاخود بازاڕەکـانی شـاری بەڵـخ (بـازار عاشـقان) کە بـازاڕێکی بەناوبانگ بووە، جگەلە کاری کڕین و فرۆشتن شوێنی ڕاگەیاندنی کاروبارە ڕەسمیەکان بووە.[5]

**سێیەم: ڕێگەوبانەکان:**

ڕێگەوبانەکـان مەبەسـت لە ڕێـگە دەرەکیەکـان و شـەقامە ناوەکیەکـانی شـارە، یەکەمیـان ئەو ڕگایـانەیە کە پەیوەسـتن بە دەروازەی شـارەکانەوە، تەنهـا لەو ڕووەوە لەسـەریان دەنوسـین کە پەیوەندییان بە شارەوە هەیە و ناچینە نێو درێژەی ئەو ڕێگاینەوە، دووەمیـان لە بـارەی شـەقامە ناوەکیەکانەوەیە، ئەوانەی لەنێو شارەکاندا هەبوون، هەڵبەتە لێرەشـدا تەنهـا ئەوەنـدە دەنوسـین کە دەقە مێژوویەکان لەبارەیەوە دەدوێن.

---

[1] بڕوانە: (أبو الفضل محمد البیهقی: تاریخ بیهقی: تح/ خلیل خطیب رهبر، چ٤، انتشارات مهتاب، تهران، ١٣٧٤ش، ج٣، ص٨٨٣).

[2] محسن حبیبی: م.پ، ص ٤٧ ؛ شـهرام یوسـفی فر: شـهر و روسـتا در سده هـای میانه تـاریخ ایران، م.س، ص ١٧٢-١٧٣.

[3] الاصطخری: م.س، ص١٤٦.

[4] حاکم نیشابوری: م.پ، ص ٢٠٠ ؛ عبدالحمید مولوی: خراسان، به کوشش: سید محسن حبیبی، چ٢، انتشارات آستان قدس رضوی، مشهد، ١٣٩٠ش، ص٣٢٣_٣٢٤.

[5] البیهقی: تاریخ بیهقی، م.پ، ص ص ٢٠٩، ٢٣٤، ٨٨٢.

سەرەتا بەباشی دەزانین ئەوە بخەینە ڕوو، کە لەمیانی سەردانێکی مەیدانیدا بۆ شوێنەواری کۆنەشاری شاذیاخ کە هەمان شاری نیشابوورە، شایەتحاڵی بینینی بەشیکی کنەکراوی ئەو شارەبووین، نموونەیەکی کۆڵان و ڕێگەی ناوشاری نیشابوری خوراسانمان بینی و زۆر ڕاستی مێژووییمان بۆ دەرکەوت.[١]

شارەکانی خوراسان، هەروەک شارەکانی دیکەی هاوسەردەم لە جیهانی ئەو ڕۆژگارەدا، خاوەنی کوچە و کۆڵانی بەرتەسک و پێچاوپێچ و بچوک بوون، هەمان ئەم پەسنانەمان لە شوێنەوارەکەی شاری نیشابوردا بینی، کە بێگومان ئەوە نموونەیەکی شارەکانی دیکەی خوراسانە، شارەکانی دیکەی وەکو مەرو و هورات و بەڵخ لەڕووی شارسازیەوە زۆر لەیەکتر نزیک بوون.

ئەوەی جێگەی داخە لە سەرچاوە جوگرافی و مێژووییەکاندا هیچ ئاماژەیەک بە هۆکارەکانی گواستنەوە لەناو شارەکاندا نەکراوە، بەڵام بە تێڕوانینی کۆی زانیارییە مێژووییەکان ئەوە ڕوونە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەگشتی سود لە وڵاخی باری وەکو (ئەسپ و گوێدرێژ و هێستر) لەگەڵ گالیسکە وەرگیراوە، هەربۆیە کۆڵانەکانی شار بەرتەسک و تەنگەبەر بوون، زۆرجار بۆ سود وەرگرتن لە زەویەکی زۆرتری ناو قەڵاکان هەربەمەبەست ڕێگاکانی ناوشار جگە لە ڕاڕەوی سەرەکی بازاڕی شار، بە شێوەیەکی تەنگەبەر دروستکراون.[٢]

سەرەڕای ئەو شارانەی کە شەقام و کۆڵانەکانیان بەردڕێژ کراوە بە بەردی کەناری ڕووبارەکان[٣]، هەندێک شاری دیکە هەبوون کە لەنزیک چیایەکی بەردین و بێ سەوزایی بوون، بەردی چیاکەیان بەکارهێناوە بۆ بەردڕێژ کردنی ڕێگەوبانەکانی شارەکان، بەنموونە شاری هورات نزیکەی دوو فەرسەخ لە چیاوە دووربووە، بەڵام ئەم چیایە وشک و ڕووتەن بووە، بەجۆرێک بۆ هیچ باخداری یان ئاژەڵداری و پوش و پاوانێک سودی لێ نەبینراوە، ئەوەندە نەبێت بەرد و

---

[١] تویژەر بە یاوەری تیمێکی زانستی لەگەڵ پرۆفیسۆر د.حکیم أحمد خوشناو و م.سۆران بهاء أحمد و لە کوردستان و پ.ی.د.علی یحیایی و م.حسین حیدری لە زانکۆی حکیم سبزواری سەردانێکی مەیدانی کردووە لە بەرواری ٢٥/٧/ ٢٠١٩، ماوەی هەفتەیەک بەنێو شارەکانی (سەبزوار و نیشابور و مەشهەد و چەندین گوندی وەک و دررود و قدمگا و زعفرانیە)دا گەڕاین، زۆرێک لە شوێنەوارەکانی ناوچەکەمان بەسەرکردەوە و لە نزیکەوە ئاشنای بەشێکی هەرێمەکە بووین.

[٢] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شێوەی شارەکانی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست بڕوانە: (جیمز مۆریس: م.پ، ص١٠٥).

[٣] الاصطخری: م.س، ص٢٥٤ ؛ ابن حوقل: م.س، ص ٤٣١ ؛ ئەو شوێنەوارەی شاری شاذیاخ کە لە شاری نیشابور کنەوپشکنین کراوە تێیدا دەردەکەوێت بەبەردی کەنار ڕووبارەکان، کە بەردێکی گۆیی وسفتە، شەقام وکۆڵانەکانی شار بەردڕێژ کراوە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥).

تاوێرەکانی سودی لێبینراوە بۆ دروستکردنی خانوبەرە و فەرشکردنی ڕێگەوبانەکان.[١] شاری دیکە هەبووە ئاماژە بە ڕەسیفکردنی شەقامی بازاڕەکەی کراوە.[٢]یاخود شار هەبووە کۆڵان و شەقامەکانی فەرشڕێژ کراون بە خشتی قوڕ، وەکو شاری دیکەمز کە زۆربەی شەقامەکانی و بازاڕەکانی بەو کەرەستەیە خشترێژ کراون.[٣]

**چوارەم: گەرماوەکان:**

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین مەبەست لە گەرماوەکان، ئەوانەی کە دەستکردی مرۆڤەکان بوون لە شارەکاندا، بۆ مەبەستی خۆپاکڕاگرتن، ئەم گەرماوانە زیاتر لە شارە گەورەکاندا هەبوون، ئەوانیش دوو جۆر گەرماو بوون، جۆریکیان گەرماوە گشتیەکان بووە کە وەکو شوێنێکی گشتی بەکارهاتوون، خەڵکی لە ڕۆژە دیارەکانی ساڵدا وەکو بۆنە ئاینی و نەتەوەییەکان ڕوویان دەکردە ئەم گەرماوانە و خۆیان و جلوبەرگیان تێدا پاک دەکردەوە، ئەمەش وەکو کلتورێکی شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست تەماشا دەکرێت.[٤]

جۆری دووەمی گەرماوەکان گەرماوە تایبەتیەکان بوون، کە ئەمەیان زیاتر تایبەت بووە بە خەڵکانی پلەبەرز و خاوەن توانستی دارایی بەرز، وەکو دەسەڵاتدارەکان و بازرگانە گەورەکان، کە لە کۆشک و تەلارە تایبەتیەکانی خۆیاندا گەرماویان هەبووە، چونکە دروستکردنی گەرماو تێچوونێکی زۆری ویستووە و پێویستی بە بینای تایبەت هەبووە، سەرەڕای خەرجی پێویستی ڕاکێشانی ئاو و گەرمکردنی و خەرجی کەرەستەکانی دیکەی گەرماو.[٥]بەشێوەیەکی گشتی حمام لە شارەکانی سەردەمی ئیسلامیدا هەبوون و خەڵکی بەکاریان هێناوە، بە ئەگەرێکی بەهێزیش لە گوندەکاندا گەرماو هەبوون بۆ پاک و خاوێنی خەڵکی بەکاریان هێناوە.[٦]

لە خوراساندا جگە لە گەرماوە بەردەوامەکان، کە بەڕووی خەڵکیدا کراوەنەتەوە، زانیاریی ئەوە هەیە کە جۆرە گەرماوێکی گشتی هەبووە، سەرجەم خزمەتگوزاریەکانی بەخۆڕایی و بێ بەرامبەر بووە بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی شار، ئەمەش وەکو هاوکارییەکی خەڵکی گشتی، چونکە هەموو کەسێک لە چینی گشتی توانیویانە بچنە ئەو گەرماوەوە وخۆیان بشۆن و ئەو کارە سەرسامکەرە

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (المسالك والممالك، م.س، ص ص١٤٥_١٥٢).

(٢) المقدسي: م.س، ص ٣٢٠.

(٣) الاصطخري: م.س، ص١٦٧ ؛ الأدريسي: م.س، ج١/ ص٤٨٢.

(٤) محمد يوسف كياني: م.پ، ص ٢٤٦_٢٤٧.

(٥) فيروز مهجور: حمام در شهرهای ایرانی _ اسلامی، پایگاه مجلات تخصصی نور، نسخه پژوهی از كتاب ماه هنر شماره ١٦٩، تهران، ١٣٨٢ش، شماره ٥٧ و٥٨، ص ٦٤_٦٥.

(٦) محمد يوسف كياني: م.پ، ص ٢٤٦.

ببینن و هەرکەسێکیش چووبێتە ژوورەوە هیچ بڕە کرێ و پارەیەکی لێوەرنەگیراوە و بەخۆڕایی بووە و سەرجەم کەرەستەکانی وەک سەتڵ و تەشت و مەئازر و گڵەسەر و شانە و وشککەرەوە و هەموو شتێک کە کەسێک لە گەرماوکردندا پێویستی دەبێت، دابینکراوە.[١]

## پێنجەم: خانەکان:

خانەکان، چەندین ناوی دیکەی لە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەدا هەیە وەک (کاروان سەرا، کاربات، ساباط، رباط و خان)، بەهەرحال ئێمە لێرەدا زیاتر (خان) بەکاردەهێنین لەگەڵ (کاروانسەرا)[٢]، یەکێکە لە بەرهەمە شارستانیەکانی مرۆڤ لە مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا، لەمەشدا بوونی شارەکان هۆکارێک بووە بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە لە تەلار و بونیاد، بەتایبەت ئەو شارانەی کە دەکەوتنە سەرەڕێی بازرگانی، خوراسان کە گەورەترین ڕێگای بازرگانی جیهانی سەردەمی ئیسلامی پێدا تێدەپەڕی، ئەوەی بەڕێگەی ئاوریشم ناسراوە، لای موسڵمانەکان بە ڕێگەی خوراسان ناوبراوە، خاوەنی چەندین کاروانسەرا بووە، بەشێکی زۆری ئەو کاروان سەرایانە لە دەرەوەی شارەکان بوون، بەڵام وەک بەشێک لە بەرپرسیاریێتی شارەوانیەکان دانراوە.[٣]

کاری گرنگی کاروانسەراکان بە پلەی یەک پاراستنی ئاسایشی کاروان و کاروانیان بووە، بۆیە زیاتر لە نیوە ڕێگا و لە نزیک شارەکان دروستکراون و پارێزراون بە سوپا و ئەسپی ئامادەکراو و کەرەستەی جەنگی لە هەمولایەکەوە.[٤]

توێژەر لە میانی سەردانێکی زانستی بۆ شارەکانی خوراسان شایەتحاڵی چەند کاروان سەرایەک بوو لە شاری نیشابور، یەکێک لەوانە لە ناوەندی ڕێی سەبزەوار بۆ نیشابور لە گوندی زەعفەرانیە، کە سەردەمەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەردەمی غەزنەویەکان، تاوەکو ئێستا بەپێوە ماوە و لەژێر کاری نۆژەنکردنەوەدایە، کاروان سەرایەکی دیکە کە سەردەمەکەی بۆ دوای سەردەمی ئیسلامی دەگەڕایەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی نزیک لە شاری نیشابور بوو، توێژەر پێی وایە لەسەر بناغەی کاروانسەرای کۆنتر دروستکرابێت، چونکە مەغۆلەکان لەسەدەی شەشەمی کۆچی/ دوانزەیەمی زاینی شاری نیشابوریان خاپورکرد، کاری کاروانسەراکانی نزیک شارەکان

---

[١] القزويني: م.س، ص ٣٩٠.

[٢] محمد يوسف كياني: م.پ، ص ٢٦٥.

[٣] محمد يوسف كياني: هـم، ص ٢٦٧_٢٦٨.

[٤] المقدسي: م.س، ص ٣٠٦.

زیاتر بۆ خۆ پاراستن و چاوەڕوانی کردنی کرانەوەی دەرگای شارەکان بووە، کاتێ کاروانەکان لە شەودا دەگەیشتنە نزیک شارەکان و دەرگای شارەکان داخرابوون.[1]

لە خوراساندا کاروانسەرای زۆر هەبوون، کە جوگرافیناسان زانیاریمان پێدەدەن لەڕێگەی نوسینەکانیانەوە، بەنموونە لە شاری نەسا کاروانسەرایەکی بەناوی (فراوە) لێبووە کە زۆر گەورە و گەشاوە بووە، لە دەرەوەی شار و لەناو باخ و باخاتدا بووە، وێنەی نەبووە لەڕووی تەلارسازیەوە[2]، بەگشتی لە خوراساندا کاروانسەرای زۆر هەبوون.[3]

میوانخانەکان و خانەخوێکانی نێو شارەکان ئەمانیش جۆرێک بوون لە کاروانسەرا، بەڵام ئەمان لەناو شارەکاندا بوون و وەک بەشێک لە بازاڕەکانی شارەکان ئەژمارکراون، لە نێو بازاڕەکاندا بوون، بۆ هەر پۆل و جۆرێکی جیاوازی بازرگانان میوانخانەی جیاواز هەبووە، ئەگەر بێت و میوانخانە کەمیکردایە و شوێن بۆ مانەوە نەمایە، جێگای جۆرێکی دیکەی جیاوازیان نەدەکردەوە، لەگەڵ ئەم میوانخانانەدا شوێنێک هەبووە پێی وتراو (خانبارات)، بۆ کڕین و فرۆشتن بەکاریانهێناوە، هەرکەس ئەهلی کاروانیی بووایە، دەبوو لە بەشی تایبەت بە کاروانییەکان بمایەتەوە، پیشەوەرەکان و ئەهلی پیشەسازییەکان شوێنی خۆیان هەبووە، لە سێ بەش پێکهاتووە، دووکانەکانیان بۆ کڕین و فرۆشتن و ژووری تایبەت بە حەوانەوە و کارگەکانیان بۆ دروستکردنی کەلوپەلەکانیان، بەم شێوەیە هەر پۆلێکی پیشەوەر خاوەنی میوانخانەی خۆیان بوون.[4]

---

[1] محمد یوسف کیانی: م.پ، ص ص ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٧١_٢٧٢.

[2] القزوینی: م.س، ص ٤٦٥ ؛ الاصطخری: م.س، ص ٢٧٣.

[3] بەنموونە المقدسی لە کتێبەکەیدا باسی زۆرێک لە خانەکانی خوراسان دەکات لەگەڵ ماوەی نێوانیان بڕوانە: (المقدسی: م.س، ص ص ٣٣٣_٣٣٤ ، ٣٤٣ ، ٣٤٧_٣٥٠ ، ٣٥٢ ؛ ابن رستە: م.س، ص ١٧٢؛ ابن حوقل: م.س، ص ص ٤٣٨، ٤٤٣_٤٤٤ ؛ الاصطخری: م.س، ص ص ١٥١، ١٥٤_١٥٥).

[4] ابن حوقل: م.س. ج٢، ص ٤٣٣.

**تەوەری سێیەم:**

**سەرچاوەکانی ئاو و ڕێچکە دەستکردەکانی نێو شارەکان و ئاوەڕۆکانی:**

لە هەرێمی خورساندا زیاتر پشت بە دوو جۆر لە سەرچاوەی ئاوی بەستراوە، سەرچاوەی ڕووبارەکان لەگەڵ سەرچاوەی کانیاو و کارێزەکان و بیرەکان، لەبەرئەوەی هەموو شارەکان لە ئاوی ڕووبارەکان سودمەند نەبوون، سەرەنجام پشتیان بە ئاوی کانیاو و کارێزەکان بەستووە، ئەگەر ئەوانیشیان نەبوایە پشتیان بە بیرهەڵکەندن دەبەست، چونکە هەموو شارەکانی هەرێمەکە وەکویەک تەڕوپاراو نەبوون و خاوەن سەرچاوەی ئاوی زۆر نەبوون، هەرچەندە کارێز و کانیاوەکانیش پێویستیان بە دەستی مرۆڤ هەبووە بۆ ڕێکخستنیان.[١]

سەرچاوەی ڕووبارەکان زۆربەی شارەکانی خوراسانی دەگرتەوە، بەتایبەت ئەوانەی ڕووباریان لێ نزیک بووە و بەنێو شارەکەدا ڕۆیشتووە، وەک شاری (هورات و مەرو و بامیان و طوس ابیورد و بەڵخ و طالقان و دیکەمز هیتر)، نموونەی ئەو شارانەی کە ڕووباریان پێدا تێ نەپەڕیوە و کەمێک لێیان دوور بووە، شاری (نیشابور و غەزنە و قومس و طبس و قاین).[٢]

کانیاو و کارێزەکانیش لەو ناوچانەی خاکێکی وشکیان هەبووە، کەم بووە و زیاتر پشت بە ئاوی ئەو بیرانە بەستراوە کە هەڵکەنراوی دەستی مرۆڤ بوون، کە ئەم حاڵەتە لە شارە گەورەکاندا کەمتر بووە، چونکە شارەکان پێویستیەکی زیاتریان بە ئاو هەبووە و ئاوی بیرەکان بەشی نەکردوون، ئەگەرچی سەرەڕای ئاوی ڕووبارەکان پشت بە کارێزەکانیش بەستراوە، چەندین کەرەستەی وەکو دۆڵاب و شتی لەو جۆرە بەکارهاتووە بۆ ڕکێشانی ئاو بۆ شوێنە بەرزەکان، دەگوترێت حەکیمی خوارەزمی (أبو ریحانی البیروني) ئەوەی دۆزیوەتەوە کە چۆن ئاو بۆ شوێنە بەرزەکان بگوازێتەوە.[٣]

لە جیهانی ئیسلامیدا سەرچاوە ئاویەکان زۆر گرنگ بوون بەتایبەت ڕووبارەکان، بەنموونە خەلیفە المقتدی باالله (٤٦٧– ٤٨٧ک/ ١٠٧٤–١٠٩٤ز) بۆ پاراستنی ئاوی ڕووباری دیجلە بڕیاری دەرکرد نابێت ئاوی گەرماوەکان بکرێنەوە ناو ڕووبارەکە، بۆ ئەو مەبەستە هەر گەرماوێک

---

[١] بۆ زانیاری دەربارەی شیکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە بڕوانە: (عبدالحی حبیبی: م.پ، ص ٤٦٤_٤٦٥).

[٢] بەشێک لە جوگرافی ناسان هەواڵی ڕووبارەکنیان لەگەڵ شارەکاندا تۆمارکردووە وئاماژەیان پێکردووە، بەنموونە بڕوانە: (الاصطخری: م.س، ص ص ١٤٦_١٥١).

[٣] حاکم نیشابوری: م.پ، ص ٢١٥ بەدواوە.

چاڵێکی گەورەی لە تەنیشت خۆیەوە هەڵدەکەند و ئاوەکە دەکرایە ناو ئەو چاڵەوە و دواتر ئاوەکە لە ژێر زەوی و بەپاڵێوراوی دەچووەوە ناو ڕووبارەکە.[1]

لە خوراساندا کارکراوە بۆ پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان، بۆ ئەو مەبەستە لە یەکێک لە ڕووداوەکاندا گەردیزی (٤٣٣ک/ ١٠٤١ز) زانیاریمان پێدەدات: "خەڵکی خوراسان و نیشابور کۆدەبنەوە و دەچنە لای (عبدالله بن طاهر) تاوەکو ڕێگەچارەی ڕێکخستنی ئاویان بۆ بدۆزێتەوە، چونکە تا ئەو سەردەمە لە شەریعەتی ئیسلامیدا نوسراوێک نەبووە کاروباری ئاوەکان و جۆگە و بەشە ئاوەکان ڕێکبخات، بۆ ئەو مەبەستە (عبدالله بن طاهر) زاناکانی خوراسان و بەشێکی زاناکانی عێراق کۆدەکاتەوە و بەهەموویان کتێبێک دەنوسن لەسەر پاراستن و ڕێکخستنی کارێزەکان لەنێوان خەڵکیدا بەناوی (کتێبی کارێز/ کتاب القنی)، کە ئیتر لەوە بەدواوە کاری کارێزەکان بەپێی ئەو کتێبە ڕێک دەخرا" هەروەها دەڵێت: "تاوەکو سەردەمی من ئەو کتێبە بوونی هەبووە".[2]

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد خوراسان هەرێمێکی خاوەن ڕووباری زۆر بووە، بەڵام ئەوانە بۆ ئێمە گرنگن کە لەنزیک شارەکان بوون و کاریگەریان کردووەتە سەر شارەکان، چونکە ئێمە دەمانەوێت لێرەدا کاریگەری ڕووبارەکان بەسەر شار و شارنشینی و گەشەکردنی شارستانییەتەوە دەربخەین، هەربۆیە لێرەدا بەچەند نموونەیەک ئەوە دەخەینە ڕوو، بۆ ئەو مەبەستەش چەند ڕووبارێکی بەناوبانگی هەرێمەکە وەردەگرین.

لە هەرە گرنگترین ڕووبارەکان، ڕووباری مورغابە کە بەواتای ئاوی مەرو دێت، یاخود بۆچوونێکی دیکە پێی و ایە لە ناوی باڵندەی مرغ ەوە هاتووە، بۆچوونێکی دیکە پێی وایە لە ناوی ئەوشوێنەوە هاتووە کە سەرچاوەی ئاوەکەی تێدا هەڵدەقوڵێت، کە سەرچاوەی ئەم ڕووبارە لە بامیانەوە هاتووە، ڕوودەکاتە ناوچەکانی مەرو، سەرەتا لە مەروروذ دەست پێ دەکات، کە پێ دەچێت ناوی مرغاب یش هەر لە (مرآب- ئاوی مەرو)ەوە هاتبێت، چونکە لە زمانی فارسیدا بە ڕووبار وتراوە ڕوود (رود) مەرورود و مەروروذ.[3]

دوای ئەوەی ڕووبارەکە لەم شارە تێدەپەڕێت و بە ناوچەکانی دیکەدا دەگاتە شاری مەرو، پێش ئەوەی بگاتە ناو شارەکە لە گوندێک بەناوی (زرق یان زریق)، کاری دابەشکردنی ئاوی ڕووبارەکە

---

(١) محمد یوسف کیانی: هـم، ص ٢٥٠.

(٢) گردیزی: م.پ، ص ٣٠١.

(٣) الاصطخری: م.س، ص ١٤٨ ؛ سید منصور سید سجادی: م.پ، ص ٣٣٤.

بۆ ناو شاری (مەروشاهجان- مەرو) دەست پێ دەکات.[1]کە ئەم ئامێری دابەشکردنی ئاوانە پێدەچێت لە زۆربەی هەرێمەکەدا هەبووبن، بەتایبەت لە سەردەمی سەلجوقیەکاندا.[2]

ئەگەرچی مەرو لە چەندین سەرچاوەی کانیاوەوە ئاوی خۆی وەرگرتووە[3]، بەڵام پرۆسەی دابەشکردنی ئاوی ڕووباری مرغاب بەشاری مەرودا سەرەکیترین سەرچاوە بووە، هەروەها یەکێک بووە لە بەرهەمە شارستانیەکانی شارنشینانی شاری مەرو، لێرەدایە کە گەشەکردنی شارستانییەت لە شارەکاندا دەبینین، هەروەک جوگرافیناسی بەناوبانگ (الاصطخری- ٣٤٦م) نوسیویەتی دەربارەی ئەم کارە شارستانیە و تاڕادەیەک بەوردی زانیاریمان پێدەدات، سەرەتا بە گوندی (زریق) دەست پێ دەکات، و دەڵێت: " ئەم گوندە دابەشکاری ئاوی مەروی تێدا بووە".[4]

ئەم پرۆژەیە سەرەتا بە دابەشکردنی ڕووبارەکە دەستی پێکردووە، پاشان کراوە بە چەند ڕووبارێکی بچوکترەوە و چەند ڕووبارۆچکەیەکی لێ جیاکراوەتەوە بۆ هەر گەڕەک و کۆڵانێک بەشی خۆی نێردراوە، هەر ڕووبارۆچکەیەکیش پارچە لەوحێکی تەختەی لەسەر بووە و چەند کونێکی تێدا بووە، کە خەڵکی بەشی خۆیان بەیەکسانی لەو ئاوە وەرگرتووە، هەر کەسێک بەشەکەی کەم بوایە و بەشی نەکردایە زیاتری وەردەگرت و هەرکەسێکیش بەشەکەی لێی زیاد بوایە، بۆی کەمدەکرایەوە.[5]

ئەم پرۆسەی دابەشکردنە بێگومان هەروا بێ سەروبەر نەبووە و کارەکە بێ خاوەن نەکراوە، بەڵکو ئەمیرێکی هەبووە و هەرکەس ئەو پلەیەی وەرگرتایە دەسەڵاتێکی زۆری هەبووە، ئەم ئاوە زیاتر لە دەیان هەزار پیاوی بۆ بەکرێ گیراوە، کە بۆ هەر یەکێکیان کارێکی تایبەت هەبووە.[6]

ڕووبارێکی دیکەی بەناوبانگی هەرێمی خوراسان ڕووباری جیحون بووە، یاخود (ئامودەریا)-[7]، لەگەڵ ئەوەدا کە بە (ڕووباری بەڵخ)یش ناودەبرێت[8]، بەڵام ئەمە ناونانێکی مەجازیە چونکە

---

[1] الاصطخری: ن.م، ص١٤٨ ؛ یاقوت الحموی: م.س، ج٥، ص ١١٢_١١٣.

(2) Ann, Lambton: The Internal structure of the Saljuq Empire, CMHOI, Vol.5, p.p. 210-228.

(٣) الیعقوبي: البلدان، م.س، ص ٩٩.

[4] الاصطخری: م.س، ص١٤٨.

[5] ابن بلخی: م.س، الورقة رقم ١١٤.

[6] الاصطخری: م.س، ص ١٤٩.

[7] ئەم ڕووبارە بە چەندین ناوی دیکە ناسراوەوەک: ( Amu darya/ OXUS River)، یاخود (آمویه) کە زیاتر بەم ناوە ناسراوە، بڕوانە (یعقوبی: البلدان، م.س، ص٦١٩ ؛ سید علی کاتبی: مرآت الممالک، دیکە/ محمود تفضلی و علي کنجه لی، ط١، بنیاد فرهنگ ایران، تهران، د.ت، ص ١٤١ ؛ SUSAN Whitfield, Ibid, p27 ).

[8] ابن رستە: م.س، ص ٢٩١.

شاری بەڵخ لەم ڕووبارەوە دووره بەجۆرێک نزیکترین شوێنی بەڵخ لەم شارەوە دوانزە فەرسەخ پیادەڕێیە.[١] ئەم ڕووبارە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ هەرێمی خوراسان، بەشیکی لەبەرئەوەی سنوری ئەم هەرێمە لە هەرێمی خوارەزم و ئەودیو ڕووبار جیادەکاتەوە، بەشێکی دیکەی لەبەر ئەوەی درێژبوونەوەیەکی زۆری لە خاکی هەرێمەکەدا هەیە و چەندین شار لەخۆ دەگرێت و ئاویان دابین دەکات، وەکو شارەکانی (ترمذ[٢] و طغانیان و آمل[٣]).

ڕووبارێکی دیکەی گرنگ ئەو ڕووبارەیە کە ئاوی شاری بەڵخی دابین کردووە، بەناوی ڕووباری (دهاس)، ئەم ڕووبارە بەناو بەشی (الربض)ی شارەکەدا تێپەڕیوە و لە یەکەم دەروازەوە بەناوی دەروازەی نەوبەهار و دواتر بۆ هەموو دەروازەکانی شار و بەم شێوەیە ئەم بەشەی شار (الربض) بەهۆی ئەم ڕووبارەوە سەوز و پڕ باخ و بێستان بووە.[٤] ئەم ڕووبارە ئاوێکی زۆری هەبووە کە بە پێوانە ئەو ڕۆژگارە ئەوەندە ئاوی هەبووە کە بتوانێت دە دانە ئاشی ئاو بگێڕێت.[٥]

یەکێکی دیکە لە ڕووبارە گەورەکانی هەرێمەکە ڕووباری هوراتە، ئەم ڕووبارە بە چواردەوری قەڵا و شورەی شاری هوراتدا تێپەڕیوە و لە سەرجەم دەرگاکانیەوە سەوزاییەکانی ئاوداوە و چەندین لقی ڕووبارۆچکەی لێبوەتەوە و ئاوی رستاقەکانی ناوچەی شاری هوراتی دێراوە، کە کۆی لقەکانی هەشت ڕووبارۆچکە بووە، یەکێک لەو ڕووبارۆچکانەی بۆ خودی شاری هورات ڕۆیشتووە بەناوی ڕووباری (آنجیر) [٦]، ئەم ڕووبارە گەورەیە بەخششی زۆری بۆ شاری هورات هەبووە، لەڕووەکانی بەرگری سەربازی و بەپیتی بۆ کشتوکاڵ.

جگە لەم ڕووبارانە چەندین ڕووباری دیکەی بچوک و نیمچە گەورە هەبوون لە خوراسان، کە لێرەدا نامنەوێت سەرجەمیان ئەژمار بکەین لەوانە ڕووبارەکانی (بامیان و طایقان و بنجهیر و اندراب و کاسان و جاربایە).[٧]

بەدەر لە ئاوی ڕووبارەکان زۆرێک لەو شارانەی وشک و بیابانی بوون و خاوەنی کارێزەکان نەبوون، پشتیان بە ئاوی بیرەکان بەستووە، یەکێک لە نموونەی ئەو شارانە شاری سرخس بووە، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ئەو شارە ئاوەدانە و لە ناوچەیەکی بیابانیدا هەڵکەوتووە، ڕووبارۆچکەیەکی لە هوراتەوە بۆ ڕۆیشتووە، بەڵام لە وەرزی گەرمادا وشکی کردووە و

---

[١] یاقوت الحموی: معجم البلدان، م.س، ج٢، ص١٩٧.

[٢] ادریسی: م.س، ج١/ ص ٤٨٣.

[٣] گروهی از پژوهشگران: افغانستان، م.پ، ص ٧_٨ ؛ محمود شاکر: م.س، ص٦٠.

[٤] الاصطخری: م.س، ص ١٥٥_١٥٦.

[٥] ادریسی: م.س، ج١/ ص٤٨٣.

[٦] الاصطخری: ن.م، ص١٥١.

[٧] الاصطخری: ن.م، ص ١٥٦.

بەردەوام نەبووە، لەبەرئەوە دانیشتوانەکەی پشتیان بە ئاوی بیرەکان بەستووە، ئەم شارە لەڕووی گەورە و بچوکیەوە لە شارەکانی نەسا و ئەبیوەرد بچوکتربووە، ئەم شارە خاوەنی بازاڕ و مزگەوتی خۆی بووە، بەڵام بەهۆی وشکیەکەیەوە پشتی بە ئاوی بیرەکان بەستووە.[١]

بیرەکان لە خوراساندا پشتیان زۆر پێ بەستراوە و نەک هەر لە شارەکاندا بەڵکو لە زۆرێک لە گوند و شارۆچکەکاندا پشت بە ئاوی بیرەکان بەستراوە، بۆ ئەو مەبەستە ناوی چەند شارۆچکە و گوندێک لەو ڕۆژگارەدا دەهێنین کە پشتیان بە ئاوی بیرەکان بەستووە، لە نوسراوی جوگرافیناساندا ئاماژەیان پێکراوە، ئەوانیش نموونەی ئاواییەکانی (کوغناباد و جاذوی و کالون و کابرون و بغشور).[٢]

(١) المقدسي: م.س، ص٣١٣ ؛ يقوت الحموي: م.س، ج٣، ص٢٠٩.

(٢) الاصطخري: م.س، ص ١٥٢؛ المقدسي: م.س، ص٣٠٨.

## باسی دووەم

## ژیانی زانستی لە شارەکانی خوراساندا

زانستەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە جیهانی ئیسلامیدا تایبەتمەندی خۆیان هەبووە، جیاواز بوون لە زانستەکانی جیهانی ئەمڕۆمان، واتا چەمکی زانست لەو ڕۆژگارانەدا بۆ چەندین بابەتی جیاواز بەکارهاتووە و شێوازێکی گشتگیرتر و فرەجۆرتری هەبووە، بەگشتی لە جیهانی ئیسلامیدا سەرجەم زانستەکان دوو لق بوون، زانستە نەقڵییەکان و زانستە عەقڵییەکان.[1] بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کەسایەتیە زانستیەکان لەیەک کاتدا لە چەندین بواردا شارەزا بوون، بەنموونە کەسی وا هەبووە، فەیلەسوف بووە و نازناوی ئەدیبی هەڵگرتووە و بەڵام بژێوی ژیانی بەم دوو پسپۆڕیەی بەڕێوە نەچووە و لەبەر ئەوە بەردەوام بەکاری پزیشکیەوە خەریک بووە و تێیدا زۆر کارامە بووە.[2]

ناوەندێتی شارەکان بۆ زانستەکان لەو ڕووەوە دەردەکەوێت شار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر شتی بە کایە زانستیەکان و زانایان بەخشیوە، کە لەنێو گوند و ئاواییەکاندا بوونیان نەبووە، هەر لەو ڕووەوە زۆربەی ناوەندە زانستیەکان لە شارەکاندا دامەزراون، کە ئەمە ئەستەم بووە لە گوندێکدا هەبووبێت، ئەگەرچی گوندەکانیش ڕۆڵیان کەم نەبووە، بەڵام شارەکان لەڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بەهرەمەندتر بوون، بۆ ڕەخساندنی دۆخێکی تایبەت بۆ زانایان.

شارەکان ناوەندێک بوون بۆ فێربوون لە بواری زانستە جۆراو جۆرەکانی هەردوو لقی زانستە نەقڵی و عەقڵییەکان، زۆرجار لە شارەکانی هەرێمەکانی دیکەوە فێرخوازان ئەم شارانەی خوراسانیان بە مەبەست گرتووە بۆ فێربوونی ئەو زانستانە.

لە هەرێمی خوراساندا بە تایبەت لە شارەکاندا، چەندین زانستی جۆربەجۆر خوێندراون و چەندین زانای بەناوبانگیان تێدا دەرکەوتووە، بە گشتی زۆرێک لە زانستەکان و فەلسەفە و ئەدەب لە شارەکانی خوراساندا خوێندراون کە ئەمانەن : (التوحید ، علوم القرآن، علم التفسیر، الفقه، علم الحدیث، السیرة النبویة و علم الرجال و الأنساب ، التاریخ و الجغرافیا، الأدب، الفلسفة و الصیدلة و الهندسة و الطب و الکیمیاء و الریاضیات و الفلک).[3] لە سەردەمە جیاوازەکاندا شارەکانی خوراسان کەسانێکی زۆری بەتوانای بواری زانستەکانیان لێدەرکەوتووە، بە جۆرێک ژمارەیان

---

(1) عبدالحی حبیبی: م.س، ص ص ٧٦٢_٧٦٦.

(2) عروضی: م.پ، ص ١٢٦.

(3) بۆ زانیاری تەواو دەربارەی ئەم زانستانە لە هەرێمی خوراسانی سەدەی چوارەمی کۆچی و سەردەمی سامانیەکان بە گشتی زانا و فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە بڕوانە: (احسان الثامری: ن.م، ص ص ١٤٠_١٧٠).

زیاتره لەوەی بتوانرێت لە دووتویێ توێژینەوەیەکی وەکو ئەم کارەی ئێمەدا ئامار بکرێت و سەرجەمیان بخرێتە ڕوو[(١)]، لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نیە بە درێژی ناوی زانایانی ئەم بوارانە بەرین و تاڕادەیەکیش لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێمەدا ناگونجێت، چونکە ئێمە زیاتر تەرکیزمان کردووەتە سەر شارەکانی خوراسان و ڕۆڵیان لە بواری زانستەکاندا، بە خۆشحاڵیەوە ئەو توێژینەوانەی پێش ئێمە لە بواری ژیانی زانستی لە خوراساندا بۆ سەردەمە جیاوازەکان کراون، زۆر هاوکاریمان دەکەن لە ڕوونکردنەوەی زانستەکان و زانا ناودارەکانی سەردەمی توێژینەوەکەمان.[(٢)]

**تەوەری یەکەم:**

**ناوەندەکانی خوێندن لەنێو شارەکاندا:**

یەکەم: قوتابخانەکان:

شارەکانی خوراسان پێگە و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە بەرەوپێشچوونی زانست و زانیاریی لە جیهانی ئیسلامیدا، لەمیانەی ئەو بەرەوپێشچوونانەی شارەکانی خوراسان لەڕووی زانستە جۆراوجۆرەکانەوە بینیویانە، قوتابخانەکان ئەو شوێنە بوون کە تێیدا سەرجەم زانستە جۆراوجۆرەکانی (عەقڵی و نەقڵی) لەلایەن مامۆستایانی ئاینی و زانا و فەیلەسوفان و ئەدیبانەوە وتراونەتەوە.

سەرەتای بوونی قوتابخانەکان لە هەرێمی خوراسان دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی ئیسلام و بۆ ئاینی بودی کاتێ لە پەرستگای نەوبەهاردا لە شاری بەلّخ سێ سەد و شەست و شەش ژووری وانە خوێندن هەبووە و بەدرێژایی ڕۆژەکانی ساڵ هەر ڕۆژێک و لە ژوورێکدا وانەیان خوێندووە.[(٣)]

لە سەرەتای ئیسلامیشەوە خوێندنی وانە ئاینییەکان لە ناو مزگەوت و حوجرەکاندا و لەناو ماڵی زانایاندا و دواتر و لە سەدەی سێیەمی کۆچی نۆیەمی زاینی وانەکان لە شوێنە گشتیەکانی وەک

---

(١) بەنموونە بۆ شاری نیشابور، مەرو بڕوانە: (السمعانی: م.س، ج١٣/ ص ص ٢٣٤_٢٣٧ ، ج١٢/ ٢٠٠_٢٠٥).

(٢) بۆ زانیاری زیاتر و گەڕانەوە بۆ ئەو توێژینەوانەی لەو بوارەدا کراون، بڕوانە : (احسان الثامری: م.س، ص ص ١٤٠_١٧٠ ؛ شكران خربوطی: م.س، ص ١٩٨_١٩٩ ؛ محمد حسن عبدالكريم العمادي: خراسان فی العصر الغزنوی، ط١، مؤسسة حمادة و دار الكندي، الأردن_إربد، ١٩٩٧، ص ص ١٧٦_١٨١).

(٣) عبدالحی حبیبی: م.س، ص٦٦٧.

بیمارستانەکان و کاروانسەراکان و کتێبخانەکانیشدا دەخوێندران، ئەم نەریتە تاوەکو سەدەی (٤ک/١٠ز)بەردەوام بووە، ئەو کاتەی لە سەردەمی دەسەڵاتی سامانیەکان و سەرەتای سەلجوقیەکاندا جۆرێک لە کۆڕی زانستی و ئەدەبی دروست دەبێت، دواتریش قوتابخانەکان لەشێوەیەکی سەربەخۆی ئاینیدا و لە نێو تەلار و خانەی تایبەت بەخۆیاندا لە ناوەندە زانستیەکانی شارەکانی جیهانی ئیسلامی وەکو بەغداد و نیشابور و هورات و هیتر دەرکەوتن.[١]

ئەم شێوە سەربەخۆیەی خوێندنگەکان لەڕووی ئیداری و بنکەی نیشتەجێبوون و وانەوتنەوەوە بەپێی ئەو نوسراوانەی دەستمان کەوتووە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (سامانیەکان٢٦١_٣٨٩ک/ ٨٧٥-٩٩٩ز)، زانیارییی یەکەمین خوێندنگەی فەرمی کە بە ئێمە گەیشتووە، لە سەردەمی (میر ئیسماعیلی سامانی ٢٧٩-٢٩٥ک/ ٨٩٤-٩٠٧ز)دا بووە، کاتێ لە گوندێکی دەوروبەری بوخارا کەسایەتی و سەرگەورەی گوندەکە بەناوی (خوان سالار) هەڵساوە بە دروستکردنی مزگەوتێک، بەڵام تەنها یەک نوێژی هەینی تێدا کرا و دواتر (أئمة) ئیمامەکانی بوخارا ڕێگە بە بەردەوامی ئەو مزگەوتە نادەن، تا دەگاتە سەردەمی میرێکی بوخارا کە نازناوی (کولارتکین)ی هەبووە تەختە و داری ئەو مزگەوتە دەکڕێتەوە و خویندنگەیەکی لە ناوبازاڕی بوخارادا پێ دروست دەکات و ناودەنرێت (خوێندنگەی کولارتکین).[٢]

هەر لە سەردەمی سامانیەکاندا و لە مانگی رجبی ساڵی ٣٢٥ک/ مانگی پێنجی ٩٣٧ز لەو ئاگرەی کە لە بازاڕەکانی بوخارا بەردەبێت ناوی خوێندنگەی (فارجک) هاتووە، کە لەو ئاگرەدا سوتاوە، جا نازانرێت ئەم خوێندنگەیە کەی ولە ساڵی چەندا دامەزراوە، بەڵام دەزانرێت خوێندنگەیەکی ناسراو بووە.[٣] هەروەها یەکەمین خوێندنگەی ڕێکخراو لە جیهانی ئیسلامیدا لە خوراسان لە شاری نیشابور، خوێندنگەی (حسان بن محمد القرشي م: ٣٤٩ک/ ٩٦٠ز) بووە.[٤] کەواتە دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی لە سەردەمی سامانیەکاندا بەم دووخوێندنگەیەوە، نزیکەی ٢٦ خویندنگە هەبوون.[٥]

---

[١] بۆ زانیاری دەربارەی ناوەندەکانی خوێندن پێش سەردەمی نیزامیەکان، بڕوانە: (إحسان ذنون الثامري: الحياة العلمية زمن السامانين، ط١، دارالطليعة، بيروت_لبنان، ٢٠٠١، ص ص ص ٤١_٦٠) ؛ حسين ابراهيم محمد: مدارس نيسابور في القرن الخامس للهجرة الحادي عشر للميلادى، بحث منشور في مجلة تابعة لكلية التربية الأساسية عقرة/ جامحة دهوك، العدد ٥٥، اب ٢٠١٦م، ص٦٢١_٦٢٢.

[٢] نرشخی: م.س، ص٢٩_٣٠.

[٣] نرشخی: ن.م، ص١٣٤.

[٤] حسين ابراهيم محمد: م.س، ص ٦٢١.

[٥] إحسان ذنون الثامري: م.س، ص ٢٠٠_٢٠١.

له سـەردەمی سـەلجوقیەکاندا (٤٤٧-٥٩٠ک/ ١٠٥٥-١١٩٤ز) دیـارترین و بەناوبـانگترین خوێندنگەکانی سەردەمی ئیسلامی دەرکەوتن، بەتایبەت سەردەمی وەزیر (نظام الملک طوسی/ ٤٠٨-٤٨٥ک/ ١٠١٧-١٠٩٢ز)[1]، کە لە سەردەمی هەردوو سوڵتانی سەلجوقی (الب ارسلان ٤٥٦-٤٦٥ک/ ١٠٦٣-١٠٧٢ز ، ملکشاه ٤٦٥-٤٨٥ک/١٠٧٢-١٠٩٢ز) وەزیر بووە ، ئەم کەسایەتیە ڕۆڵێکی گەورەی هەبـووە لە دامەزرانـدنی خوێنـدنگەکان، بەتـایبەت لە ڕۆژهەڵاتـی جیهـانی ئیسـلامیدا، بەتایبەتتر لە هەرێمی خوراساندا.[2]

ئەم وەزیرە یەکەم کەس بووە کە ئەو بیرۆکەیەی داناوە شوێنێک بۆ زانا و خورێندکارانیان دروست بکات و لە داهاتی دەوڵەت موچەی مانگانە و خەرجی زانا و خوێندکارەکان بکێشێت، ئەمەش لەو کاتەدا ڕوویداوە، کە سوڵتان الب ارسلان هاوتا لەگەڵ وەزیری ناوبراو خۆیان و پێشڕەوی شکۆمەندیەکەیان دەگاتە دەروازەی نیشابور، کۆمەڵێک خەڵکی ڕەش وڕووت دەبینن، بێ بەرگ و لانەواز، سوڵتان دەپرسێت ئەمانە کێن؟ وەزیریش وەڵامی دەداتەوە کە ئەمانە زانایان و خوێنـدکارەکانیانن، ئەگەر سـوڵتان ڕێـگە بـدات شـوێنێکیان بـۆ دروسـت بکەیـن و خەرجیەکـی مانگانەیان لە داهاتی دەوڵەت بۆ ببڕینەوە، تاوەکو بتوانن باش بژین و خۆیان تەرخان بکەن بۆ زانست و خوێندن، سوڵتانیش ڕەزامەندی دەدات، بەمەش (نظام الملک) بووە یەکەمین کەس کە بەو نەریتە هەستا، دواتر بەنێو جیهانی ئیسلامیدا بڵاو بوویەوە.[3]

ئەگەرچی بەتەواوی یەکلایی نەبووەتەوە کە ئەم وەزیرە یەکەم کەسە کە شوێن و خەرجی بۆ فێرکار و فێرخوازان داناوە، بەڵام ئەوەش یەکلا نەکراوەتەوە کە ئایا پێشتر خوێندنگەکان بەم شێوە ڕێکخراوەییە بووە یان نا خەرجییان کێشراوە یان نا.[4]بەڵام زانیاریی هەیە کەسانێک خێر و بەخشین و تەنانەت وەقفیان بۆ زانایانی فەرمووده کردووە، وەک (دعلج کوڕی أحمد کوڕی دعلج

---

[1] ناوی تەواوی (أبا علی الحسن بن علی بن اسحاق الطوسی)ە وخەڵکی دەوروبەری ناوچەی (الرادکانی_ ڕاژەکانی) بووە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیاننامەی نظام الملک بڕوانە: (السمعانی: م.س، ج٦/ ص٢٨) ؛ (ابن خلکان، وفیات الاعیان: تح/ إحسان عباس، ط١، دار صادر، بیروت_لبنان، د.ت، ج٢، ص١٢٨).

[2] البنداری: کتاب تاریخ الدولة آل سلجوق، مختصر کتاب نصرة الفترة وعصرة الفطرة، ط١، شرکة الطبع الکتب العربیة، ١٩٠٠ز، ص ص ٢٧، ٥٤، ٧٤ ؛ روبرت هیلن برند: م.پ، ص١٧٥.

[3] القزوینی: م.س، ص٤١٢.

[4] السبکی: الطبقات الشافعیة الشافعیة الکبری، تح/ عبدالفتاح محمد الجلو ومحمود محمد الطناحی، ط٢، مطبعة عیسی الحلبی البابی، دار إحیاء الکتب العربی، مصر_ قاهیرة، ١٣٨٣ک/١٩٦٤ز، ج٤، ص٣١٤.

کوڕی عبدالرحمن) ناسراو بە (أبو محمد السجستانی المعدل)، کە خوراسانی بووە لە موڵک و ماڵی خۆی بەخشیوە و تەرخانیکردووە بۆ زانایانی فەرمووده.[1]

کەواتە دەتوانین بڵێین پێش ئەم سەردەمەی نیشابور، خوێندن و زانستخوازی و زانا و فێرخوازان هەبوون، تاڕادەیەک خوێندنگەکان هەبوون، لەبەرئەوە (نظام الملک) بە دامەزرێنەری شێوازی خوێندنگەی نیزامیەکان دادەنرێت، نەک دامەزرێنەری کاری خوێندنگەیی،[2] لەگەڵ ئەوەشدا (السمعانی) وەسفی دەکات بە : " وەزیری بەناوبانگ لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، خاوەنی خوێندنگەکان و چاکەکاری لە مزگەوتەکان و کاروانسەراکان"[3]، بەپێی ئەم دەقەی سەرەوە بە خاوەنی خوێندنگەکان دانراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێش ئەم وەزیرە لە خوراساندا خوێندن و خوێنکاری هەبووە و خوێندنگەکان وەقف (تەرخانکراو)یان هەبووە.[4]

ئەوەی لێرەدا بۆ ئەم توێژینەوەیەی ئێمە گرنگە ئەو پێگەیەی شارەکانە بۆ گەشەکردنی خوێندن و خوێندنگەکان و پێشکەوتنی زانستەکان، وەک دەبینین شاری نیشابور یەکەم خوێندنگەی ڕێکخراوی خاوەن داهاتی تایبەت بەخۆی هەبووە، کە بێگومان ئەمە لە گوندێکدا ڕوونادات، ئەم جیاوازیە و بوونی ئەم جۆرە لە تایبەتمەندی شارستانیانە، تەنها لە شارەکاندا ئەگەری دەرکەوتنی هەیە، کە ناوەندێتی بە شارەکان دەبەخشێت لە گەشەکردنی شارستانییەتدا، بەجۆرێک لە شارێکی وەکو نیشابوردا تاوەکو کۆتایی سەدەی (٥ ک/ ١١ ز) نزیکەی (٢٢) خوێندنگە تێدا بووە.[5]

جگە لە شاری نیشابور شارەکانی دیکەیش شوێنی پێشکەوتنی خوێندنی زانستە جۆرا و جۆرەکان بوون، شاری بەڵخ خوێندنگەی زۆری بۆ زانستەکان و شوێنی زۆری بۆ فێرخوازان تێدا بووە[6]، شارەکانی دیکەی وەک مەرو و هورات و آمل خوێندنگەی تێدا بووە، لە سەرەتای کردنەوەی نیزامیەکانەوە لەلایەن وەزیری سەلجوقیەکان (نظام الملک طوسی)ەوە چەند نیزامیەیەک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا کرانەوە، خوێندنگەیەک لە بەغداد، خوێندنگەیەک لە بەڵخ و بە هەمان شێوە لە نیسابور و هورات و ئەسفەهان و بەصرە و مەرو و آمل و موسڵ، واتا لە کۆی

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم کەسایەتیە و ئەم بابەتەش بڕوانە: (ابن الجوزی: المنتظم فی التاریخ الملوک والأمم، تح/ محمد عبدالقادر عطا ومصطفی عبدالقادر عطا، ط١، دار الکتب العلمیة، بیروت_ لبنان، ١٩٩٣، ج١٤، ص ١٤٣).

[2] ناجی معروف: مدارس قبل النظامیة، ط١، مطبعة مجمع العلمی العراقی، بغداد، محرم_١٣٩٢هـ/ ١٩٧٢م، مجلد ٢٢، ج١، ص ١٠٦.

[3] الأنساب، م.س، ج١٣، ص ٣٣١.

[4] المقدسي: م.س، ص ٣١٠؛ احسان الثامري: م.س، ص ٥٨.

[5] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سەرجەم خوێندنگەکان وجۆرەکانیان ودامەزراندیان بڕوانە: (حسین ابراهیم محمد: م.س، ص ص ٦٢٢_٦٣٨).

[6] ادریسی: م.س، ج١/ ص٤٨٣.

نۆ خوێندنگەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، پێنجیان لە شارەکانی خوراسان بوون، ئەمە جگە لەوەی کە دەگوترێت لە هەر شارێکی عێراق و خوراسان خوێنندنگەیکی کردۆتەوە.[١]

بەم شێوەیە دەبینین شارەکانی خوراسان خاوەن پێگەیەکی شارستانی گەورە بوون لە بواری فێربوون و فێرکردنی زانستە ئاینی و جۆرا و جۆرەکاندا، بوونی خوێندنگەکان لە شارەکاندا زیاتر ناوەندبوونی شارەکان بۆ گەشەکردنە شارستانیەکان دەسەلمێنێت، چونکە ئەم خوێندنگایانە تەنها بۆ فێرخوازان و مامۆستایانی خودی شارەکان نەبووە، بەڵکو چەندین زانا و خوێندکار ڕوویان لێکردوون، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانست.

**دووەم: کتێبخانەکان:**

سەبارەت بە بوونی کتێبخانەکان زانیاریی کەممان بۆ نوسراوەتەوە، بەڵام ئەوەی هەیە بەڵگەیە لەسەر بوونی گەنجینەکانی کتێب لەنێو خوێندنگە و مزگەوتەکاندا و تەنانەت لە نێو ماڵی زانایاندا، لە هەرێمی خوراساندا گەنجینەکانی کتێب هەبوون و لێرەو لەویَ دەربارەیان نوسراوە و بۆمان گوازراوەتەوە، بەنموونە لە کتێبی (معجم البلدان)دا (یاقوت الحموی) ئاماژەی بە شاری مەرو کردووە کە کتێبێکی زۆری تێدا بووە و سودی لێ بینیوە.[٢]

لە زۆرینەی ئەو زانیارییانەی دەربارەی کتێبخانەکان هەیە، دەردەکەوێت کتێبخانەکان زیاتر لە ناو مزگەوتە گەورەکاندا بوون، وەکو کتێبخانەی (مەنیعی) لە شاری نیشابور کە لەلایەن دەسەڵاتداری شاری مەروروز بەناوی (ابو علی حسان بن سعید المنیعی) دامەزراوە، ئەم کتێبخانەیە هەر لەناو مزگەوتی گەورەی (مەنیعی)دا بووە.[٣] سەرەڕای مزگەوتەکان زۆرێک لە زانا ناودارەکان و پیاوانی دەوڵەتی و کەسانی دەست ڕۆیشتوو لەماڵەکانی خۆیاندا کتێبیان هەبووە، وەکو ئەمیری شاری نیشابور (أبی الفضل عبیدالله بن أحمد المیکالي م ٤٣٦ک/١٠٤٤ز[٤]) کە

---

[١] السبکی: م.س، ج٤، ص ٣١٣.

[٢] یاقوت الحموی: م.س، ج١، ص١٠.

[٣] إبن فندق: تاریخ بیهق، م.س، ص٣٣١.

[٤] کەسایەتیەکی زۆر ناوداری سەردەمی خۆی بووە لە جیهانی ئیسلامیدا، شاعیرێکی گەورە وناودار بووە، بە شاعیری ئەمیران وئەمیری شاعیران وەسفکراوە، بڕوانە: (سلوی: الکوکب الثاقب فی أخبار الشعراء وغیرهم من ذوی المناقب ، ط١، تح/ عبدالله یاسمی، المملکة المغربیة، مغرب_رباط، ١٤٢٧، ج/ ص٤٣٣) ؛ هەمان ناومان هەیە بەڵام ئەو عبدالله بن أحمد المیکالی و لە ساڵی (٤٧٥ک/١٠٨٢ز )مردووە و جیاوازە لەم کەسایەتیە، بڕوانە: (حاجی خلیفة: کشف الظنون عن أسامی الکتب والفنون، دار إحیاء التراث العربی، بیروت، د.ت، ج١/ ص٦٩٢).

خـاوەنی کتێبخـانەیەکی گەورە بـووە و زۆر گرنگـی بە کتێـب داوە، ئەم کتێبخانەیەشـی خسـتۆتە خزمەتی ئەدیبان و زانایانی شاری نیشابورەوە.[1]

**تەوەری دووەم:**

## ڕۆڵی بەرپرسان لە پەرەپێدانی ڕەوشی زانستەکان:

شـارەکانی خوراسـان لەڕووی بـزاڤە زانسـتییەکانەوە، بە هەرەگرنگتـرین شـارەکانی جیهـانی ئیسـلامی لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا ئەژمـاردەکرێن، هەردەم ناوەنـدێکی گرنگـی بەرەوپێشـچوونی زانستەکان بوون، جا زانسـتەکان زانسـتی نەقڵی بووبن یـان زانسـتی ئەقڵی.[2] ئەم دەوڵەمەندیەی شـارەکانی خوراسـان لە بـواری زانسـتەکان و زۆری زانایـان لە سـەرجەم بوارەکانـدا بـۆ چەنـد هۆکارێک دەگەڕێتەوە:

مەبەسـت لە جـێ دەسـت، ئەو هۆکـار و هانـدانانەیە کە دەسـەڵاتداران بـۆ بـواری زانسـتەکان و یارمەتیدانی زانایان و ئەدیبان لە شارەکاندا هەیان بووە، ئەمە جگە لەو ئارەزووەی بەشێک لە میر و سـوڵتانەکان بـۆ (شـیعر و ئەدەب و فەلەکناسـی و زانسـتەکانی دیکە) هەیـان بـووە، زۆرجـاریش کۆکردنەوەی زۆرترین و بەتواناترین زاناکانی سەردەمیان لە شارەکانی پایتەختی خۆیاندا بە شکۆ و دڵێری زانیوە بۆ دەسەڵاتەکەیان، لەم ڕووەوە هەوڵی زۆریان داوە.

لە هەرە بەناوبانگترینی شارەکان لە ڕووی بزاڤی زانستی و هەوڵی زانایانەوە، شاری نیشابورە کە شارێکی پڕ شۆڕ بووە بۆ زانایان و بەرەوپێشـچوونی زانسـتەکان، لە سـەردەمی پێش سـەدەی چـوارەمی کـۆچی و لەسـەر دەسـتی طاهریەکـان (٢٠٥ک- ٢٥٩ک/ ٨٢٠ز-٨٧٢ز)، دوای ئەوەی ئەم شارەیان کردە پایتەختی خۆیان، بوژانەویەکی زۆری لە سەرجەم ڕووەکانەوە بەگشتی و لەڕووی زانستیەوە بەتایبەتی بەخۆوە بینیوە.[3]

لە سـەرەتای سـەدەی (٤ک/١٠ز)دا سـامانییەکان(٢٨٧_٣٨٩ک/ ٩٠٠_٩٩٩ز) فەرمـانڕەوایی ناوچەکانی خوراسان و ئەودیوڕووباریان کردووە، ئەم بنەماڵەیە زۆر زانستخواز و ئەدەب دۆست

---

[1] الثعالبی: ثمار القلوب فی المضاف والمسوب، تح/ محمد أبوالفضل ابراهیم، ط١، المكتبة العصرية، لبنان_بيروت، ٢٠٠٣، تمهيد المحقق، ص٧؛ يتيمة الدهر في محاسن أهل العصر، م.س، ج٤/ ص ٤٠٧ ؛ بۆ بينينی نموونەی كتێبخانەی زیاتر لە خوراسان، بڕوانە: ( إحسان الثامری: م.س، ص٦٠).

[2] محمد حسن عبدالكريم العمادي: خراسان في العصر الغزنوی، ط١، دارالكندي، اربد_ الأردن، ١٩٩٧، ص٢٤٩.

[3] امیر اکبری: تاريخ حکومت طاهريان از آغاز تا انجام، چ٣، بنياد پژوهشهای اسلامی، مشهد_ايران، ١٣٨٤، ص١٨٧_١٨٨.

بوون، هەربۆیە جێدەستیان لە بواری زانستخوازیدا زۆر دیار و کاریگەرە، شارێکی وەکو بوخارا ئەگەرچی لە دوتوێی توێژینەوەکەی ئێمەدا نییە و بە یەکێک لە شارەکانی خوراسان ئەژمار ناکرێت، بەڵام چونکە پایتەختی سامانیەکان بووە، ناوەندێکی گەورەی زانستەکان بووە بە گشتی، هەر لەسەردەمی ئەماندا زانستەکان لە شارەکانی خوراساندا زۆر بەرەو پێشەوە چوون و تەنانەت شارەکانی خوراسان ببوونە ناوەندێک نەک هەر بۆ دەوروبەری خۆیان بەڵکو زۆرجار ناوەندێک بوون بۆ شارەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامیش.[١]

لەسەردەمی سامانییەکاندا (٢٦١_٣٨٩ک/ ٨٧٥-٩٩٩ز) پایتەختی خوراسان لە نیشابورەوە دەگۆڕێت بۆ شاری بوخارا، بەڵام شاری نیشابور هەر گرنگی خۆی دەبێت، بە هۆی ئەوەی سامانیەکان زۆر گرنگیان بە کۆڕە زانستیەکان داوە و بەرامبەر زانایان ڕێزدار بوون، بەنموونە ئەو نەریتەیان وەلاناوە کە دەبوو زانایان لەبەردەم پاشا و سوڵتانەکاندا خاکی بەری پێیان ماچ بکەن.[٢]

بە شێوەیەکی گشتی شارەکانی خوراسان لە سەردەمی سامانیەکاندا و لە سەردەمی (میرأبو الحسن نصر بن أحمد/ ٣٠١-٣٣١ک/ ٩١٣-٩٤٢ز) بەدواوە کە سەردەمی توێژینەوەکەی ئێمەیە، گرنگیان پێ دراوە و لە کاروانی زانسخوازی و ئەدەب دۆستی بەردەوام بوون.[٣]

سامانییەکان بە چەند شێوازێک پاڵپشتی خۆیان بۆ زانایان و بەرەوپێشچوونی زانستەکان دەربڕیوە، یەکێک لەو شێوازانە پشت بەستنیان بووە بە زانایان و کاروباری دەوڵەتیان پێ سپاردوون، وەک وەزیر (أبو عبدالله الجیهانی م ٣٢٢ک)[٤] لە ماوەی ساڵی ٣٠١ک تاوەکو ٣٢٢ک وەزیری میر (أبو الحسن نصر بن أحمد بن إسماعیل السامانی ٣٠١-٣٣١ک / ٩١٣-٩٤٢ک) بووە،

---

[١] احسان الثامری: م.س، ص ص ٦٦_٦٨.

[٢] آدم متز: م.س، ج/، ص ٢٦٢ ؛ محمد حسن العمادي: م.س، ص ٢٥٠.

[٣] دەربارەی ئەم میرەی سامانی وبنەماڵەی سامانیەکان وهەڵوێستیان بەرامبەر زانست وزانایان بڕوانە: (السمعانی: م.س، ج٧/ ص٢٥_٢٨).

[٤] ئەم وەزیرە جیاوازیەکی زۆر لە ساڵی مردنیدا هەیە، چونکە لە سەرچاوەکاندا ئەوە تۆمارکراوە کە ئەم وەزیرە تاوەکو ساڵی (٣٦٧ک یان ٣٦٥ک/ ٩٧٧ یان ٩٧٥ز) لە پلەی وەزیریدا ماوەتەوە، لەکاتێکدا کوڕەکەی لە ساڵی ٣٢٦ک دا وەزیری سامانیەکان بووە، بێگومان ناگونجێ لە یەک کاتدا دوو وەزیر هەبن وباوک و کوڕ بن، بەڵکو زۆربەی بەڵگەکان بۆ ئەوە دەچن کە لە ساڵی ٣٢٢ک ئەم وەزیرە مردبێت وبۆچوون هەیە (٣٣٢ک/٩٤٣ز) مردبێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (گردیزی: زین الأخبار، م.پ، ص ٣٦١ ؛ المقدسی: م.س، ص ٣ ، ٣٣٧- ٣٣٨ ؛ یاقوت الحموی: معجم الأدباء، ط١، دار الغرب الأسلامی، لبنان_ بیروت، ١٩٩٣، ج١/ ص٤٥٥ ؛ اسماعیل بغدادی: هدیة العارفین، ط١، دار إحیاء التراث العربی، لبنان_ بیروت، ١٩٥١، ج٢/ ص٣٦ ؛ سعید نفیسی: وزرای آل سامان_ خانواده جیهانی، مجلەء ارمغان، سال یازدهم، شماره دوو، تهران، ١٩٣٠ز/ ١٣٠٩ش، ص ص ٨١_٨٦).

ئەم وەزیرە وەسفکراوە بە فەیلەسوف و زانا و ئەدیب و ئەستێرەناس و گەردونناس[١]، هەروەها زۆر یارمەتیدەری زانایانی سەردەمی خۆی بووە، بەنموونە هاوکاری (أبی زید بلخی[٢]) کردووە ، دەتوانین بڵێین بەپێی لۆژیک و سروشتی کار وەهایە، کاتێک کاروباری دەوڵەت بە کەسانی زانا و شارەزا دەسپێردرێت، بێگومان لێکتێگەیشتنی زیاتر لەنێوان دەسەڵاتداران و زانایاندا دروست دەبێت.[٣]

سامانییەکان لە شارەکاندا بەخشینی تایبەتیان بۆ پرۆسەی فێربوون و فێرکردن تەرخانکردووە، لەو ڕووەوە سامانیەکان و دەسەڵاتدارەکانی ژێردەستی خۆیان لە شارەکان بە شێوازی جۆراوجۆر یارمەتی زانایانیان داوە[٤]. تەنانەت بەخشینیان بۆ ئەو زانایانەش هەبووە کە لە دەرەوەی هەرێمی خوراسانەوە سەردانییان کردوون، لێیان سودمەند بوون.[٥]

چەندین زانای گەورە لە سەردەمی ئەماندا و لە دەرباری ئەماندا بە ئارەزوومەندانە برەویان بە زانستەکان داوە، بەنموونە زانای گەورە و پزیشکی بەناوبانگی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و هەرێمی خوراسان و ئەودیو ڕووبار بەتایبەتی و مێژووی مرۆڤایەتی (إبن سینا ٣٧٠-٤٢٨ک/ ٩٨٠-١٠٣٧ز ) کە بە بنەڕەت خەڵکی شاری بەڵخ بووە و بە کۆچکردن چونەتە شاری بوخارا و لە

---

[١] المقدسی: م.س، ص ٣٣٧.

[٢] ابن بلخی: کەسایەتیەکی ناوداری ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاستە وخەڵکی شاری بەڵخ بووە، ئەگەرچی زانیاری زۆر ورد لەسەر ژیاننامەی ئەم پیاوە نیە، خاوەنی کتێبی (فارسنامەیە)، بە هەمان شێوە لە سەردەمی سامانیەکاندا پێگەیشتووە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ابن بلخی بڕوانە: مهدی رحمانی ولوی_ منصور جغتایي: تاریخ علمای بلخ، چ١، آستان قدس رضوی_ بنیاد پژوهشهای اسلامی، ایران_مشهد، ١٣٨٦ش، ص١١٢_١١٣.

[٣] ابن ندیم: الفهرست، ط١، دارالمعرفة، لبنان_بیروت، ص ١٩٨ ؛ مرتضی راوندی: تاریخ اجتماعی ایران، چ٢/ انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٢ش، ج٢، ص٢٣٤ ؛ احسان ذنون الثامري: م.س، ص ٣٩.

[٤] بەنموونە ابو عبدالله الجیهاني، بڕێک لە خەرجی بۆ (ابی زید بلخی_ ٢٣٥_٣٢٢ک/ ٨٤٩_٩٣٤ز) تەرخانکردووە وبەردەوام پێی داوە تا ئەو کاتەی کتێبێک بڵاو دەکاتەوە پێچەوانەی بۆچوونەکانی جیهانی دەبێت، ئەو خەرجیەی نامێنێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابن ندیم: م.س، ص ١٩٨_١٩٩ ؛ مهدی رحمانی ولوی_ منصور جغتایي: م.پ، ص ١٣١_١٣٧.

[٥] بەنموونە کاتێک زانای قورئان خوێن وشارەزا لە زانستی جۆرەکانی خوێندنەوەی قورئان (الإمام أحمد بن العبّاس البغدادي_ م ٣٥٥ک/ ٩٦٥ز) سەردانی میری سامانیەکان (نوح بن نصر ٣٣١_٣٤٣ک/ ٩٤٢_٩٥٤ز) دەکات، پاداشتێکی دارایی باشی دەکات لەبەرامبەر ئەو قورئان خوێندنەی کە بۆ میری خوێندبوویەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە الذهبي: تاریخ الإسلام و وفیات المشاهیر والأعلام، تح/ عمر عبدالسلام تدمری، ط٢، دار الکتاب العربي، لبنان_ بیروت، ١٩٩٣، ج٢٦/ ص ١٢٠.

دەربارى سامانييەكاندا پەرەى بە زانستخوازى لە هەموو زانستەكاندا داوە و سەرەتا بە زانستە ئیسلامیەكان و دواتر لۆژیک و فەلسەفە تا دەگاتە پزیشكی.[١]

بەگشتی شارەكانی خوراسان لە سەردەمی سامانييەكاندا لە هەرە ناوەندە گرنگەكانی بەرەوپێشچوونی زانستەكان و زانایان بوون، بەمەش سەرەنجام دەبووە هۆی گەشەكردنی شارستانییەت لەم دەوڵەتەدا، ناوەندی ئەم گەشەكردنەش تاڕادەیەكی زۆر شارەكان بوون.

غەزنەويەكان كاتێک لە شاری غەزنە دەركەوتن و دەسەڵاتیان فراوان بوو، توانیان جێگای دەوڵەتی سامانی بگرنەوە، شاری غەزنەش جێگەی شاری بوخارای گرتەوە لەوەی ببێتە پایتەخت و ناوەندی هەرێمی خوراسان، بەمەش بووە ناوەندێكی گەورەی بەرەوپێشچوونی سەرجەم بوارەكان بەگشتی و زانستەكان بەتایبەتی.[٢]

لە سەردەمی غەزنەوییەكاندا (٣٨٩_٤٣٢ک/ ٩٩٩_١٠٤١ز) و لە جیهانی ئیسلامی ئەو ڕۆژگارەدا واباو بووە، هەر میرنشینێک و هەردەوڵەتێک بۆئەوەی بەهێز دەركەوێت یان دان بنرێت بە بەهێزییەكەیداو دەبوو زانایان و ئەدیبان لە دەوری كۆببنەوە، هەر لەم چوارچێوەیەدا شاری غەزنە پێش ئەوەی غەزنەويەكان پەرەی پێبدەن شارێک نەبوو زانایان و ئەدیبان ڕووی تێبكەن، بەڵام بەهۆی گرنگیدانی سوڵتانەكانی غەزنەوی بە لایەنی زانستی و ئەدەبی و كۆكردنەوەی زانایان و شاعیران لە شوێن و ناوچەكانی دەوروبەرەوە بۆ شارەكە، بووە ناوەندێكی گرنگ بۆ گەشەكردنی زانستەكان[٣]، جا بە ڕێگەی بانگهێشتكردن بووبێت یان بە ڕێگەی پارە یان بە ڕێگەی زۆرلێكردن و ناچاركردن[٤]. تەنانەت هەندێكجار داوایان لە دەوڵەتەكانی دەوروبەر كردووە، فڵان زانایان بۆ بنێرن، وەک ئەوەی كە داوای ابو علی سینایان كردووە لە خوارەزمییەكان.[٥]

---

[١] بۆ زانیاری دەربارەی ژیاننامەی ئیبن سینا بڕوانە: (مهدی رحمانی ولوی_ منصور جغتایی: م.پ، ص ١١٤ بەدواوە).

[٢] شیروانی: م.پ، ص ٣٧٥.

[٣] باسورث: م.پ، ص١٣١.

[٤] گردیزی: هـ م، ص٤٠٢ ؛ باسورث: هـ . م ، ص ١٣٤.

[٥] بەنموونە سوڵتان مەحمودی غەزنەوی كاتێک دەوڵەتەكەی بەهێز دەكات، هەواڵی دەبێت كە پێنچ كەسایەتی ناوداری ئەو ڕۆژگارە لە دەرباری خوارەزمیەكاندان، ئەوانیش (بو علی سینا، وأبو سهلی بلخی، أبو نصر فارابی، أبو ریحان البیروني، أبو سعید أبو الخیر) بوون، هەربۆیە نێردراوێكی خۆی كە پیاوێكی زانا و ناوداربوو (حسین بن علی میكالی) بوو، ناردی بۆ دەرباری خوارەزمیەكان وداوای ئەو پێنچ كەسەی لێكردن، نوسەری ئەم هەواڵە بەشێوەیەكی زۆر گرنگ وگەورە چیرۆكی ئەم ڕووداوەی گێڕاوەتەوە و بایەخی ئەو زانایانەی دەرخستووە لای سوڵتانی غەزنەوی. بۆ تەواوی ڕووداوەكە بگەڕێرەوە: (عروضی: چهارمقاله، م.پ، ص ص ١١٦_١٢٢).

سەرەتا میر (سبکتکین) یەکەم میری غەزنەوییەکان، کە تازە موسڵمان ببوو، دواتر کوڕەکانی بەتایبەت محمود و کوڕەزاکەی مەسعود زیاتر بە پەروەردەی ئاینی و ئەدەبی و زانستیدا تێپەڕین، بەتایبەت مەسعود زۆر شارەزا بووە لە عەرەبیدا، خەتخۆشێکی بێ وێنە بووە و شارەزای شیعر بووە، بەتایبەت شیعری فارسی چونکە غەزنەوییەکان زیاتر گرنگییان بە فارسی دەدا لەبەرئەوەی لەناو سیستەم وکلتوری سامانییەکانەوە دروستبوون و پەروەردەی ناو ئەوان بوون.[١]

مەسعودی غەزنەوی زۆر ئەدەب دۆست و خۆشەویستی زانست بووە، تەنانەت سوڵتانەکان بەتایبەت مەحمود و مسعود دوو گەورە سوڵتانی غەزنەوییەکان وەک لەسەرچاوەکاندا هاتووە پارەیەکی زۆریان خەرج کردووە بۆ زانایان و شاعیران، تەنانەت زۆر جار گەیشتۆتە پارەیەکی خەیاڵی، نموونەش بۆ ئەو بابەتە وەک ئەو بڕەپارەیەی کە سوڵتان محمود دەیدات بە (أبوالقاسم الفردوسی ٣٢٩-٤١١ک/ ٩٤٠-١٠٢٠ز) لەبەرامبەر نوسینی (شانامە)دا کە بڕەکەی شەست هەزار دینار بووە، ئەمە جگەلەوەی بە وشتری سوڵتانی دەیبەنەوە بۆ طوس.[٢]

لە دەرباری غەزنەوییەکاندا چەندین زانا و ئەدیب و شاعیر ژیاون و خزمەتییان کردووە، جگەلەوە نزیکەی چوارسەد شاعیر لە دەرباری سوڵتانەکانی غەزنەویدا بوون، بە نموونە شاعیرانی وەک: ( الرودکی، الدقیقی، البلعمی، العنصری و ابوالقاسم الفردوسی) بە تایبەت ئەم دووەی کۆتایان هەریەک دانراویان هەبووە بۆ سوڵتان محمود کە (العنصری) دانراوی (تاج الفتوح) ی هەیە تێیدا زۆر بە شان و باڵی سوڵتان مەحموددا هەڵدەدات، فیردەوسیش کە ناسراوە بەوەی شانامەی بۆ سوڵتان محمود نوسیوە، ئەمانە و چەندین کەسانی  دیکە لە بوارە جیاوازەکانی دیکەی زانست و ئەدەبدا لە خزمەتی دەرباری غەزنەوییەکاندا بوون وەکو (فرخی سیستانی) کە لە دەرباری (ئەمیر محتاجی چغانیان) بووە، (منوچهری) لە دەرباری (زیارییەکان) لە طبرستان و جوزجان بووە، کە سەر بە غەزنەوییەکان بوون.[٣]

یەکێک لەو زانا بەناوبانگانەی جیهانی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاست کە خەڵکی شارەکانی خوراسان بووە و لە دەرباری غەزنەویەکاندا بووە، زانا و گەردوونناس و ئەندازیار و بیرکاریناس و فەیلەسوف و ئەدیب و پزیشکی بەناوبانگی ئیسلامی (محمد بن أحمد) ناسراو بە (أبو ریحانی

---

[١] العتبی: م.س، ج٢/ ص٢٣٨؛ بیهقی:  هـ م، ص ١١٢،١٢١.

[٢] سمرقندی: م.پ، ص٨٠_٨١.

[٣] بارتولد: م.پ، ص٦٨، ٧٢،٧٧_٧٨؛ جمعی از مؤلفین: تاریخ ایران، گرداورندە: ر.ن. فرای، مترجم: حسن انوشە، چاپ١، انتشارات امیر کبیر، (طهران_١٣٦٣ش)، ج٤/ ص١٦٠.

البيرونـــــي_م ٤٢٢ك/ ١٠٣١ز )[١] بـــــووە، كە پەرەی بە زانســـــتەكانی خـــــۆی داوە و لەلایەن غەزنەویەكانەوە پاڵپشتی كراوە.[٢]

غەزنەویەكـان تـاوەكو سـاڵی (٤٣٢ك/ ١٠٤١ز) دەسـەڵاتیان بەدەسـتەوە بـوو، پـاش ئەوەی لە شـەڕی دندانقانـدا لە بەرامـبەر سـەلجوقیەكاندا شكسـتیان هێنـا، سـاڵێک دواتـر دەسـەڵاتیان لە هەرێـمەكەدا بەرەو لەنـاوچوون ڕۆیشـت، زۆربەی زۆری شـار و ئاوەدانیەكـانی خوراسـان كەوتە دەستی سەلجوقیەكان (٤٣٢_٥٥٢ك/ ١٠٤١_١١٥٧ز).[٣]

سەلجوقیەكان بەهۆی ئەو سامانە شارستانیەی لەبواری زانستەكان و پەروەردەبوونی زانایاندا لە دەسەڵاتەكانی پێش خۆیان بۆیان بەجێمابوو، ببوونە خاوەنی گەنجینەیەک لە زانایـان و چەندین لقی زانستەكان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمان بەردەوام بوون لە هاندان و خزمەتكردنی زانست و زانایـان و دروسـتكردنی خوێنـدنگەی نـوێ و پاڵپشـتی كردنـی پرۆسـەی فێركـردن و فێربـوون، بە نمـوونە ناصر خەسرەو بـاس دەكات لە سـاڵی(٤٣٧ك/ ١٠٤٥ز) كـاتێ گەیشـتۆتە نیشـابور خەڵكی خەریكی دروسـتكردنی خوێندنگەیەک بـوون كە سـوڵتان( ركـن الـدین طغـرل بک بـن سـلجوق ٣٨٥-٤٥٥ك/ ٩٩٥-١٠٦٣ز) فەرمانی دروستكردنەكەی دەركردووە[٤]، تەنانەت لە سەردەمی سەلجوقیەكاندا چەند وەزیرێكی دیـار و بەرچـاو هەبـوون، لەهەمـان كاتـدا وەزیربـوون شـارەزای زۆرێـک لە زانسـتەكان بوون.

یەكێک لە دیارترین وەزیرەكـانی سـەلجوقیەكان كە نزیكترینـی سـوڵتان (طغـرل بک) بـوو وەزیـر (أبو نصر عمیدالملک الكندري ٤١٤_٤٥٦ك/ ١٠٢٣_١٠٦٣ز)ە، بە بنەڕەت خەڵكی (كندر) ی سـەربە نیشابورە، ئەدەبدۆست و شاعیر بووە، عەرەبی زانێک و خەتخۆشێكی بێوێنە بـووە، كاتێـک (طغـرل بک) دەچێتە نیشابور داوادەكات نوسـەر و زمانزانێكی باشی عەرەبی بۆ بێنن، ئەم وەزیرە كە ئەو كات گەنجێكی تازەپێگەیشتوو بووە، دەچێتە خزمەتی تـاوەكو دەگـاتە پلەی وەزیری، ئەم وەزیرە

---

[١] ابن أبي أصيبعة: عيون الأنباء في طبقات الأطباء، تح/ نزار رضا، ط١، دار مكتبة الحياة، (بيروت_ د.ت)، ص٤٥٩.

[٢] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم كەسایەتیە بڕوانە: (السمعاني: الأنساب، م.س، ج٢/ ص ٣٩٢ ؛ إبن فندق: تاريخ حكماء الأسلام، تح/ محمد كرد علي، ط١، مطبعة الترقي، سورية_دمشق، ص ٧٢_٧٣ ؛ ياقوت الحموي: معجم الأدباء، م.س، ج٥/ ص٢٣٣).

[٣] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شەڕی دەندانقان وهاتنی سەلجوقیەكان و زانیاری دەربارەی ئەم بنەماڵەیە بڕوانە: (عمادالدين اصفهاني: تاريخ دولة آل سلجوق، تح/ يحي مراد، ط١، دار العلمية، لبنان_بيروت، ٢٠٠٤ ؛ مرتضى راوندي: تاريخ اجتماعى ايران، چ٢، انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٢٢ش، ج٢/ ص٢٦٤_بەدواوە).

[٤] ناصر خسرو: سفرنامه، تح/ محمد دبير سياقى، چ٩، انتشارات زوار، تهران، ١٣٨٧، ص٣.

ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بەخشین و هاوکاریکردنی زانایان و شاعیران.[١] تەنانەت خۆی خاوەنی چەندین دانراوی ئەدەبی بووە بە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی، مێژوونوسانیش دووپاتی ڕۆڵی ئەم وەزیرە دەکەنەوە لە گەشەپێدانی دەوڵەتی سەلجوقی.[٢]

وەزیرێکی دیکەی دیار و بەرچاوی سەلجوقیەکان وەزیر (نظام الملک الطوسی ٤٠٨_٤٨٥ک/ ١٠١٧_١٠٩٢ز)ە، ئەم وەزیرە خاوەنی کتێبی (سیاست نامە)یە بە زمانی فارسی، زۆر هاوکار و هاونشینی زانایان و عاریفان بووە، زیاتر لە هەوڵی زانایانی زانستە ئیسلامیەکاندا بووە، بەتایبەتتر زۆر خەمخۆری ئەهلی تەسەوف بووە، وەک لە پێشووتر نوسیومانە بە دامەزرێنەری زۆر ناوەندی زانستی وەک مزگەوت و کاروان سەراکان و بیمارستانەکان و خوێندنگە نیزامیەکان دادەنرێت، لەو پێناوەدا بەخشینی زۆری هەبووە.[٣]

ئەم وەزیرە (نظام الملک) لە گەنجیدا خوێندنی زانستە شەرعی و ئیسلامیەکانی لای زانایانی بەناوبانگی ئەو سەردەمە تەواوکردووە، چەندین شار گەڕاوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانست، بۆ ئەو مەبەستە چووەتە شارەکانی (نیشابور، مەرو ، بەڵخ) و چەندین شاری دیکە، بەمەش شارەزاییەکی زۆری لەبواری فیقە و زانستە شەرعیەکان و ئادابەکاندا بەدەست هێناوە، ئەو کاتەی سەلجوقیەکان لە نیشابور و ڕەی بوون خواجە نظام الملک مەدرەسەی نیزامیەی لە نیشابور دامەزراند، زانای ناوداری بواری زانستە ئیسلامیەکان لەو ڕۆژگارەدا (أبو المعالی إمام الحرمین م٤٧٨/ ١٠٨٥ز) دادەنێت بۆ وتنەوەی وانەکان لەو خوێندنگەیەدا.[٤]

ئەم وەزیرەی دەوڵەتی سەلجوقی کە پەیوەندیی لەگەڵ زانست و زانایان باش بووە، هۆکارێک بوو بۆ پەرەپێدانی زانستەکان لە شارەکاندا، ئەمەش بەهۆی ئەو جوڵە و ڕوحەی بە بواری زانستەکانی بەخشیبوو، لەگەڵ ئەوەی پلەی ئەو کەسانەی بە خوێندن و خوێندەواریەوە خەریک

---

[١] ابن الأثیر: م.س، ج١٠/ ص ٣٢ ؛ السمعانی: الأنساب، م.س، ج١١/ ص ص١٥٧_١٥٩.

[٢] البنداری: م.س، ص ٢٥_٢٨.

[٣] ابن خلکان: م.س، ص ص ١٢٨_١٣١.

[٤] ئەم کەسایەتیە (عبدالملک بن عبدالله بن یوسف الجوینی أبوالمعالی إبن رکن الأسلام) ناسراو بە (إمام الحرمین) لە ڕێکەوتی ١٨/ محرم/ ٤١٩ک_ ٧/ ١٠٢٨/٢ز لەدایک بووە، بە زانایەکی گەورەی بواری زانستە ئیسلامیەکان ناسراوە، چەندین پەسن و پیاهەڵدانی گەورەیی ئەم کەسایەتیە کراوە، چەندین کەسایەتی دیاری مێژووی ئیسلام لە بواری زانست و فەلسەفەدا لەم خوێندنگەیەدا خوێندکاری ئەم زانایە بوون، بۆ نموونە ( أبو حامد بن محمد الغزالی ٥٠٥ک/ ١١١١ز)، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم خوێندنگەیە و دانانی ئەم کەسایەتیە وەک مامۆستا بڕوانە: (ابن خلکان: وفیات، م.س، ج٣، ص١٦٨).

بوون بەم هەوڵانە بەرزدەبوویەوە، ئەمەش دواجار بەهۆی ئەو ڕێژەوە بووە کە لە سەردەمی ئەم وەزیرەدا لە شارەکاندا بۆ زانایان و فێرخوازان هەبووە.[1]

دیارترین کەسایەتی سەردەمی ئەم وەزیرە و جیهانی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە مێژووی فەلسەفە و شەریعەتی ئیسلامیدا بریتیە لە فەیلەسوف و سۆفی و شەرعزانی بەناوبانگ (ابو حامد بن محمد الغزالي ٥٠٥ک / ١١١١ز)، کە دوای ئەوەی لە خوێندنگەی نیزامیە لە نیشابور سەرکەوتوو دەبێت، نظام الملک داوای لێ دەکات بچێتە شاری بەغداد و لە نیزامیەی ئەوشارە ببێتە و تارخوێن و مامۆستا، وتارخوێن مەبەست ئەوە بووە وەکو ڕاگری ئەو خوێندنگەیە کاربکات، ئەمیش داواکەی وەزیر جێبەجێ دەکات، دوای چەندین ساڵ مانەوە لە بەغداد، دەگەڕێتەوە نیشابور و پاش ماوەیەک مانەوە لەم شارەدا، دەڕواتەوە بۆ زێدی خۆی (طابران) واتا طوس، خانەقایەک دادەنێت و بەردەوام دەبێت لە کاری فێرکردن.[2]

ئەم وەزیرە (نظام الملک) بەردەوام پەیوەندیی لەگەڵ زانایان پتەو بووە و کۆڕی زانستی لەگەڵ زانایان گرتووە و هەمیشە خوێندەوارەکان بەدەوریەوە بوون، زۆرجاریش سەردانی زانا گەورە و دیارەکانی ئەو ڕۆژگارەی لە شارەکاندا کردووە، بەنموونە سەردانی زانای ناودار (حسان بن سعيد المنيعي م٤٦٣ک/ ١٠٩٦ز) دەکات، ئەم زانایە داوای دروستکردنی مزگەوتێکی لێکرد لە شاری نیشابور، داواکاریەکەی بەجێ دەهێنێت و بەناوی مزگەوتی گەورەی (منيعي)ەوە دروستی دەکات.[3]

هەوڵەکانی ئەم وەزیرە لە بواری پەرەپێدانی زانست و زانایاندا، تەنها زانستە ئیسلامیەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو گەشەی بە زانستەکانی دیکەی وەکو گەردوونناسی و بیرکاری داوە، وەک ئەو نموونەیەی (عروضی سمرقندی) زانیاریمان پێدەدات و نوسیوێتی: " حەکیمی موصلی لە چینی ئەستێرەناسان بوو لە نیشابور، خزمەتی خواجە نظام الملک ی دەکرد، خواجە لە کارە گرنگەکاندا ڕاوێژی بە ئەو دەکرد، بۆچون و پلانی لێ دەخواست".[4] ئەم حەکیمی موصلی یە لە نیشابور نیشتەجێ بووە و هەر لەوێ گەردوون بینیەکی داناوە و پێشبینیەکانی ئەستێرە ناسی کردووە و ڕۆژمێری ساڵانەی دادەنا و بۆ خواجەی دەنارد.[5]

---

[1] شکران خربوطي: الحياة الفكرية فى إقليم خراسان في ظل سلاطين و وزراء العصر السلجوقي، مجلة دراسات تاريخية، العددان ١٧_١٨، كانون الثاني_ حزيران، عام ٢٠١٢، ص١٩٣.

[2] ابن خلكان: وفيات، م.س، ج٤/ ص ص ٢١٦_٢١٩.

[3] السمعاني: م.س، ج١٢/ ص٤٦٩ ؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، سير أعلام النبلاء، تح/ حسان عبدالمنان، ط١، بيت الأفكار الدولية، الأردن، ٢٠٠٤، ج١/ ص ١٣٨٤.

[4] عروضي: م.س، ص ٩٧.

[5] عروضي: م.پ، ص ٩٨ ؛ شکران خربوطي: م.س، ص ١٩٥.

سـوڵتانەکانی سـەلجوقی ئەوەنـدە گرنگییـان بە زانسـت و زانیـاریی داوە، کە دەبینـی سـوڵتان مەلیکشاە(ملکشـاە) لە بیرمەنـدانی ڕۆژگـار داوادەکـات، کتێبێکـی دەربـارەی کاروبـاری کـارگێڕی وبەڕێوەبردن و مێژووی دەوڵەتەکەی بـۆ بنوسـن، لەو بـارەیەوە بیـربکەنەوە و شـاکارێک بەرهەم بهێنن، سـەرەنجام خـواجە نظام الملک کتێبەکەی (سیاسـەت نـامە/ سـیر الملـوک) دەنوسـێت، وەک خـۆی ئامـاژەی پێکـردووە، تێیـدا ڕەچـاوی میتـۆدێکی بـاڵا دەکـات بـۆ نوسـینی، بەجۆرێـک لەخوێندنەوەیـدا مـرۆڤ توشـی بێـزاری نەبێـت و زیـاتر لەگەڵ تەبعـی مرۆڤـدا بێـتەوە و بتوانێـت بابەتەکانی پەیوەست بە ( سوڵتان و وەزیر و خـاوەنی شـار و چەندین پلەی کـارگێڕی دیکە) ڕاڤە بکات.[١]

لە شـاری نیشـابوردا لە ڕۆژگـاری سـوڵتان مەلیکشـاهدا، سـوڵتان داوا لە زانـا و فەیلەسـوف و بیرکارینـاس و گەردوونناس (عمـر الخیـام- ٥١٧ک/ ١١٢٣ز) دەکـات ناوەنـدێکی ئەستێرەناسـی و مانـگ بینـین دابمەزرێنێـت، بـۆ ئەو مەبەسـتە بڕەپـارەیەکی زۆری بـۆ خەرج دەکـات، بەڵام بەهـۆی مردنی سوڵتانەوە ئەو کارە بە ئەنجام ناگات.[٢]

بە شـێوەیەکی گشـتی زۆربەی دەسـەڵاتدارەکانی سـەردەمی ئیسـلامی و بەتـایبەت لە خوراسـان پاڵپشـت بـوون بـۆ کـردنەوەی خوێنـدنگەکان و دامەزرانـدنی گەنجینـەی کتێبەکـان، ئەمەش وەکـو شـکۆیەک بـووە بـۆ هەر وەزیـر و دەسـەڵاتدارێک، زۆرن ئەوانەی کە لەم بـوارەدا ڕۆڵیـان هەبـووە، بەڵام ئێمە تەنها ئاماژەمان بەگرنگترین کەسایەتیەکان کرد، لە ڕسـتیدا کەسـایەتی دیکەی پلەداری سیاسیمان هەیە کە جێ دەسـتیان دیـار بـووە لە دامەزراندنی خوێندنگە و کتێبخـانەی تایبەتدا، کە لێرەدا ماوەی باسکردنیان نیە و تاڕادەیەکیش بە پێویستی نازانین سەرجەمیان ناوبێنین.[٣]

---

[١] نظام الملک: م.س، ص ٣_٤.

[٢] القزوینی: ص ٤٧٤-٤٧٥.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە: ذهبی: الأمصار ذوات الآثار، ط١، دار البشائر، لبنان_بیروت، ١٤٠٦هـ ، ص ٨٥_٨٦ ؛ شکران خربوطی: م.س، ص ١٩٦.

**تەوەری سێیەم:**

**دانیشتوانی شارەکان و ڕۆڵیان لە ژیانی زانستیدا:**

ئەگەرچی لە خوراساندا لایەنی دەسەلات هانی زانست و زانایانی داوە، زانایان ڕێزلێگیراو بوون، لەگەڵ ئەوەدا خەڵکی خوراسان بەشێوەیەکی گشتی زانستدۆست بوون و لە ئاوەزدا کامڵترین بوون لە خواستیاندا بۆ ئاین و زانست زۆرترین خواستیان هەبووە[١]، ڕێزی زۆریان لە زانایان گرتووە، بەنموونە کاتێک ابو اسحاقی شیرازی بە هاوڕێیەتی کۆمەڵێک کەسایەتی و زانا و بەنوێنەرایەتی خەلیفە دەچنە نیشابور خەڵکی بەپیریەوە دەچن و بەخێرهاتنی دەکەن.[٢]

خەڵکی هەرێمی خوراسان لە دیدی گەڕیدە و جوگرافیناسانەوە بە خەڵکانێکی خاوەن زانست و تێگەیشتن و تێڕوانین دانراون، زیاتر ئەوە دەرخراوە کە خەڵکی هەرێمی خوراسان خەڵکانێکی زۆر پتەو و تێگەیشتوون، واتا تێگەیشتنیان خێرا و پتەو و گەشەسەندووە[٣]، ئەم جۆرە لە پەسن بۆ خەڵکی خوراسان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە گەورەبوون و دەرکەوتنی زانا و فەیلەسوف و گەردووناس و پزیشک لە نێو خەڵکانێکی لەم شێوەیەدا سروشتی و ئەگەرنزیکە، بەنموونە فەیلەسوف و بیرکاریزانی ناوداری جیهانی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاست (عمر بن ابراهیم الخیام_ م ٥١٧ک/ ١١٢٣ز) کە لە چەندین زانستی فرە چەشندا شارەزا بووە، دەگێڕنەوە جارێک لە ئەسفەهان پەرتوکێک دەخوێنێتەوە و دواتر حەوت جار دەوری دەکاتەوە، پاشان دەگەڕێتەوە خوراسان و لەوێندەر دەست دەکات بە ئیملاکردنەوە (نوسینەوەی) هەمان کتێب، کە تەواو دەبێت لە نوسینەوەی بە کتێبەکەی دیکەی بەراورد دەکەن دەبینین جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە.[٤]

بەگشتی خەڵکی شارەکانی خوراسان خۆشەویستی فێربوون بوون و داواکاری زانست بوون، بەبەڵگەی ئەوەی زۆرینە منداڵەکانیان ناردووە بۆ خوێندن، ئەمەش ئەو کاتە ڕوون دەبێتەوە کە دەبینین لە زانیاریی پەتایەکدا باس لە مردنی نۆسەد منداڵ کراوە، کە لە فێرگەی خوێندن بوون[٥]، یاخود زانیاریی زانایانی خوراسان دەخوێنینەوە بە سەدان زانا و فەیلەسوف و ئەدیب و شاعیر و

---

[١] القزوینی: م.س، ص ٣٦١.

(٢) ابن الجوزی: المنتظم فی تاریخ الأمم و الملوک ، تح/ محمد عبدالقادر عطا، مصطفی عبدالقادر عطا، ط١، دارالکتب العلمیة، لبنان_بیروت، ١٩٩٢، ج١٦/ ص ٢٣٠.

(٣) المقدسی: م.س، ص ٢٩٤.

[٤] إبن فندق: تاریخ حکماء الاسلام، م.س، ص١١٩_١٢٣.

(٥) ابن تغری بردی: م.س، ج٥/ ص ٦١.

عاریف لەنێو سەرچاوەکاندا هەیە، کە نازناوەکانی نیسابووری و بەڵخی و هورەوی و ئەبیوەردی ونسایی و طوسی و سرخسیان هەڵگرتووە.[1]

لە جیهانی ئیسلامیدا زۆر ئاسایی و کردەنی بووە کەسێک لە پلە و ئاستێکی کۆمەڵایەتیەوە بگاتە ئاست و پلەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتر و زۆرجار بەرزترین پێگەی سیاسی و ئاینی و بازرگانی دەگرت، ئەم حاڵەتەش لە زۆربەی ئەگەرەکاندا لەڕێگەی خوێندن و خوێندەواریەوە بووە، نموونەی ئەو کەسانەش کەم نین کە بەم شێوەیە بوونەتە ئەستێرەی ڕۆژگار، یەکێک لەوانە کە بۆنموونەیە نەک بڕانەوە، ئەویش (إمام أبو حامد الغزالی ٤٥٠_٥٠٥ک/ ١٠٥٨_١١١١ز) منداڵی پیاوێکی نێو چینی گشتی بووە و لە شاری طوس خوێندویەتی و دواتر بۆ خوێندنی تەواوەتی هاتۆتە شاری نیشابور و لە نزامیەی نیشابور و لەسەر دەستی (ابو المعالی الجوینی إمام الحرمین ٤١٩_٤٧٨/ ١٠٢٨_١٠٨٥ز) خوێندنی تەواوکردووە و سەرکەوتوو بووە، بەم شێوەیە تا دەگاتە پلەی مامۆستا لە خوێندنگەی نیزامیەی بەغداد، کە بەرزترین پلە بووە و لە خەلیفە نزیک بووە.[2] ئێمە ئەمە بە هاندانێکی گشتی دەزانین بۆ پەرەسەندنی زانست و فێربوون، چینی گشتی خەڵک ئومێدەواری زانین بوون و ئەم ڕێگەیەیان بە دەرچەیەکی باش زانیوە بۆ گۆڕانکاری کردن لە ژیانی خۆیاندا.

خەڵکی خوراسان لەو ڕووەوە کە زانایان و بەرەودان بە زانستیان خۆشویستووە، چەندین هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی زانا گەورەکانی جیهانی ئیسلامی ئەو ڕۆژگارە لە وڵاتی ئەواندا وانە بڵێنەوە و بەمەش زانست پێش دەکەوێت، بەتایبەت زانستە ئاینیەکان، بۆ نموونە یەکێک لەو زانیارییانەیان کە بۆ ڕاکێشانی زانایان ئەنجامیان داوە، داواکردن و نامە ناردن بووە بۆ زانا گەورەکان، بەتایبەت ئەوانەی بەبنەڕەت خەڵکی ناوچەکە بوون، هەوڵێکی دیکەیان بریتی بووە لە خزمەتکردن و ئامادەکاری بۆ هاتنی ئەو زانایانە، بە نموونە کاتێک ناوبانگی (أبی بکر بن فورک ) دەبیستن، هەوڵی تەواو دەدەن بۆ ڕازیکردنی و بانگهێشت کردنی و هێنانی بۆ خوراسان و بۆ شاری

---

(1) لەو ڕووەوە پەرتوکی زۆر لە بەردەستە تاوەکو ببینین زانایانی خوراسان چەند زۆربوون، ئەگەر تەنها سەرژمێری بۆ زانا و فەیلەسوفانی شارەکانی خوراسان بکەین ، ئەوانەی لەنێوان سەدەی چوارەم وپێنجەمی کۆچی/ دەیەم ویانزەیەمی زاینی ژیاون، بە چەندین بەرگ لە کتێب تەواو نابێت، لێرەدا بۆ نموونە تەنها نیسابووریەکان لە چەند کتێبێکی دیاریکراو و لە چەند نموونەیەکی ناو ئەو کتێبانە ئاماژە بە چەند لاپەڕەیەک دەکەین، بڕوانە: (السمعانی: الأنساب، م.س، ج٢/ ص ٢٢، ج٣/ ص ٣٠٧، ج٤/ ص ٨٩، ج٥/ ص ٢٢٤ ) ؛ (بغدادی: تاریخ بغداد، م.س، ج١/ ص ص ٢٨١ و ٣٥٧، ج٤/ ص ص ٢٤١ و ٢٦٢) ؛ (محمد بن حسن طوسی: رجال طوسی، تح/ جواد قیومی اصفهانی، ط٣، مؤسسة النشر الأسلامي، ایران_قم، ١٤٢٧هـ ص ص ٣٦٣، ٣٨٦، ٣٩٢، ٣٩٧، ٣٩٨، ٤٠٠، ٤٠٢). سەبارەت بە فەیلەسوفە نیسابوریەکانیش چەند نموونەیەک دەبینین لە کۆی دەیان ناوی دیکە، بڕوانە: (بیهقی: تاریخ حکماء، م.س، ص ص ١٠٨، ١١٤، ١١٩، ١٦٩).

(2) فارسی: تاریخ نیشابور المنتخب من السیاق، م.س، ص ص ٨٣_٨٥ .

نیشـابور، دواتـر خـانوەیەک و خوێنـدنگەیەکی بـۆ دروسـت دەکەن و لە نیشـابور دەسـت بە وانە وتنەوە دەکات[١]، نموونەیەکی  دیکە هەوڵەکانیـان بووە بۆ هێنـانی زانـای ناوداری ئەو کاتە کە لە زانستە ئاینیەکاندا ناوبانگی زۆری هەبـووە (أبـي إسـحاق إبـراهیم بـن محمـد بـن ابراهیم بـن مهـران الأسفرايني)، دوای ئەوەی ئەم زانـایە بڕیـاری گەڕانەوەی دەدات بـۆ زێدی خـۆی، خەڵکی نیشـابور خانویەک و خوێندنگەیەکی بۆ بونیاد دەنێن بەهەمـان شـێوە سـودمەند دەبـن لە تواناکانی، تەنـانەت پەیوەنـدیی نێوان ئەم زانـایە و خەڵکی شـاری نیشـابور ئەوەنـدە گەرموگوڕ دەبێت بەجۆرێک ئەم زانـایە هیـوا خـواز بـووە مـردنەکەی لە نیشـابور بێـت تەنهـا بـۆ ئەوەی خەڵکـی نیشـابور نـوێژی مردووی لەسەر بکەن.[٢]

نمـوونەیەکی  دیکە لەبـارەی زانـایەکەوەیە بەنـاوی (أبـو سـهل الصـعلوكي_ ٢٩٦_٣٦٩ک/ ٩٠٨–٩٧٩ز)، کاتێک لە ئەسـفەهانەوە بۆ پرسـەی مـامی (إمـام أبـو الطیـب أحمـد م٣٣٧ک/ ٩٤٨ز) دەچێتە نیشابور، لەوێندەر داوایەکی زۆری لێ دەکرێت کە نەگەڕێتەوە بۆ ئەسفەهان، لەبەرامبەردا ئامادەن ئەوەی لە ئەسفەهان جێیهێشتووە بۆی بگوازنەوە نیشابور و خانو خوێندنگە بـخەنە خـزمەتیەوە و لە شـــوێنی مـــامی بەردەوامبێـــت، ســـەرەنجام قبـــوڵی دەکـــات و تـــاوەکو مردنـــی لە نیشـــابور مـــایەوە.[٣]نمـوونەی  دیـکە و زانـای دیکەمـان زۆرە کە ڕوویـان کـردۆتە نیشـابور و هەر لەوێ نیشتەجێبوون تامردنیان خزمەتی زانست و خەڵکی خوراسانیان کردووە.[٤]

---

[١] القزويني: م.س، ص ٢٩٧.

[٢] السبكي: م.س، ج٤/ ص ٢٥٦  و ٢٥٧ ؛ احسان الثامري: م.س، ص ٤٠.

[٣] أسنوي: طبقات الشافعية (أسنوي)، تح/كمال يوسف حوت، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤٢٢هـ ج٢/ ص٣٥.

[٤] باخرزي: دمية القصر وعصرة أهل العصر، تح/ محمد التونجي، ط١، دار الجيل، بيروت، ١٩٩٣، ج٢/ ص٧١٤_٧١٨.

# باسی سێیەم:

## ژیانی ئابووری لە شارەکانی خوراساندا.

### تەوەری یەکەم:

#### کشتوکاڵ و ئاژەڵداری:

هەرێمی خوراسان هەرێمێکی کشتوکاڵی گەورەبووە، زۆرێک لە بەرهەمە کشتوکاڵیە باوەکانی ڕۆژگاری سەدەکانی ناوەڕاستی تێدا چێنراوە، ئەمە جگە لە باخ و باخاتی میوەکان و بێستانەکان، لەم پرۆسەی بەرهەمهێنانەدا شارەکان کەمتر بەشدار بوون و پشکی شێری بەرهەمهێنان بەر دێهاتەکان کەوتووە، واتا کەمتر لە شارەکاندا چاندن کراوە و باخەکان پەروەردە کراون، بەهۆی ئەوەی دانیشتوانی شارەکان زیاتر بە کاروباری بازرگانی و پیشەسازیەوە خەریک بوون. زۆرجار زەویەکان بە سەربازەکان دراون بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانیان، جا لە شارەکاندا بووبێت یان دێهاتەکان، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سەربازەکان لە شارەکاندا نیشتەجێبوون.[١]

وەک دەزانین شارەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە خوراساندا بەگشتی شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکێکی سنوردار بووە، ئەگەرچی زۆریش بووبن، بەڵام چواردەوریان بە قەڵا و شورە سنوردار کراوە، واتا کشتوکاڵکردن لەناو سنوری کۆهندژ و شارستاندا ئەستەم بووە، لەبەر ئەوەی ئەوانە شوێنی نیشتەجێبوونی شارنشینان بوون، هەرچی بەشی دەرەکی شارەکان (الربض) بووە، دەتوانین بڵێین گونجاو بووە بۆ نیشتەجێبوون و کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری، بەڵام بەشێوەیەکی سنوردار.[٢]

بەنموونە شاری بەڵخ خاوەنی خاکێکی بەپیت و گونجاو بووە بۆ کشتوکاڵکردن و ئەم شارە خاوەنی زەویەکی تاڕادەیەک فراوان بووە، بەتایبەتی لە بەشی (الربض)ی شاردا، لەهەمان کاتدا ڕووباری (دهاس) بەناو ئەم بەشەی شاردا تێپەڕیوە و بە دەوروبەری دەروازەکانیەوە باخ و باخات و ڕەز و مێو هەبووە، یاخود شاری (طالقان) کە نزیکەی سێیەکی شاری بەڵخ بووە خاوەنی

---

(1) Lapidus, Ira. M: A History of Islamic Societies, Combridge, UK, 2002, 2nd edition, p.122, 156.

(٢) زۆرجار لە دەروازەی شاردا هەر شارنشینێک کە بۆی گونجابێت باخ وباخاتی خۆی هەبووە، بەنموونە فیردەوسی کە نوسەری کتێبی شانامەیە لە طوس لە دەروازەی شاردا باخی خۆی هەبووە، بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (عروضی: م.پ، ص٨١).

ڕووبار و ڕەزوباخ بووە، ئەمە و چەندین نموونەی دیکە لەو شارانەی خاوەنی باخاتی میوە بوون.[١]

شارەکانی خوراسان بەگشتی کشتوکاڵ یاخود باخ و باخداری و هەندێک جار ئاژەڵداریان تێدا کراوە، بەڵام هەموو شارەکان گەورە نەبوون، بەنموونە شاری هورات کە یەکێکە لە چوار شارە گەورەکەی خوراسان، خاوەنی باشترین جۆرەکانی دیکەێ و دەگمەنترین میوەکان بووە[٢]، هەرچی شارەکانی دیکەیە نازانرێت فراوانیان چەندێک بووە، هەم لەڕووی دانیشتوانەوە هەم لەڕووی فراوانی سنوری ناوەکی وبەشەکانی شارەوە، چونکە جوگرافیناسان تەنها ئاماژەیان بەوە داوە کە شاری فلان ئەوەندە کشتوکاڵ و ئەوەندە باخ و باخاتی هەبووە، بۆیە لێرەدا پێمان وایە بەشێک لەو شارانەی کە جوگرافیناسان وەک (مدن) یان (البلد) کە هەردووکیان بە واتای شار یان ناوچە دێت، باسیان کردووە، لە بنەڕەتدا لادێیەیکی گەورە و ئاوەدان بوون، ئەگەرچی گوندەکانیش وەکو یەکەیەکی نیشتەجێ و شوێنی دانیشتوان بوونیان هەبووە.

هەر لە درێژەی ئەو بابەتەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، لە هەرێمی خوراساندا شاری وا هەبووە کە سەر بە کوورەی هورات بووە، گەورەترین شاری ئەو کوورەیە بووە، بە ناوی (کروخ) کە خاوەنی ئاو و باخات و بێستان بووە، فراوانی رستاقەکانی بیست فەرسەخ بووە، ئەم فراوانیە بە پێوانەی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەکاتە نزیکەی (١١٦) کیلۆمەتر، کە ئاوی بەخوڕ و دێهاتی هەبووە، واتا دێهاتەکانی لەناو ڕستاقەکاندا بووە.[٣]

بەشێوەیەکی گشتی چەمکی شارەکان لە لای جوگرافیناسان جیاوازە لە چەمکی ئەمڕۆی شار بەنموونە، بە هورات وتراوە (شار) و بە (بوشنج)یش هەر وتراوە شار لە کاتێکدا دووەمیان نیوەی یەکەمیان بووە، بۆمان نوسراوەتەوە و گواستراوەتەوە کە بوشنج شارێک بووە لە نزیک شاخ و خاوەنی قەڵا و خەندەکی خۆی بووە کە سێ دەرگای هەبووە، خاوەنی ئاو و دار و درەختی زۆر بووە، شوێنی دیکە هەبووە نیوەی بوشنج بووە، وەک دهستان، واتا یەک لەسەر چواری هورات بووە[٤]، کە شارێک (بلاد) بووە کاروان سەرا و مینبەری هەبووە، خاوەنی کشتوکاڵ و میوەی زۆر بووە.[٥] شارێکی لەو شارانەی خاوەنی کشتوکاڵی خۆیان بوون (نیشابور)ە، ئاوی نیشابور لە سەرەوە بە کارێز گوسترابووەوە و لە ناو شاردا و لە ژێر ماڵەکانەوە دەردەچوو، لە دەرەوەی

---

[١] الاصطخری: م.س، ص ١٥٦ ؛ ابن بلخی: م.س، الورقة رقم ١٣١_١٣٢.

[٢] المقدسی: م.س، ص ٣٠٧.

[٣] محمد بن علي بروسوی: أوضح المسالک إلى معرفة البلدان والممالک، تح/ مهدي عبدالرواضية، ط١، دار الغرب الأسلامی، لبنان _ بیروت، ١٤٢٧هـ ص ٥٤٠.

[٤] مقدسی: م.س، ص ٣٠٨.

[٥] مؤلف مجهول: حدود العالم، م.س، ص١٥٣.

شارەکە دەردەکەوتەوە ، ئاوی باخ و باخاتەکانیانی دەدا لە ناو شار (بلد) و لەدەرەوەی شاریشدا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە باخاتەکانی نیشابور لە ناو شاریش و لە دەرەوەی شاریش هەبوون.[١]

سەبارەت بە ئاژەڵداری، ئەم کاروبارە لە نێو شارەکاندا بوونی کەم بووە، چونکە ڕێوشوێنی تایبەت بەخۆی دەوێت، سنوری شارەکان بەتایبەت سنوری ناوەکی شارەکان ڕێگەی ئەوەندەی بە ئاژەڵدارەکان نەداوە بتوانن ئاژەڵداری تێدا بکەن، چونکە ئەوەندەی ئێمە لە ئاژەڵداری لە سەدەکانی ناوەڕاست تێگەیشتبین، کارێک بووە پێویستی بە لەوەڕگا هەبووە، واتا ئاژەڵەکان زیاتر بەدوای لەوەڕدا لە لەوەڕگەیەکەوە بۆ لەوەڕگەیەکی دیکە گواستراونەتەوە، ئەم کارەش ڕێگە بە ئاژەڵدارەکان نادات، بتوانن لە شارەکاندا بژین، ئەگەرچی پێناچێت شارەکان بەتەواوی خاڵی بووبن لە ئاژەڵداری، چونکە پێ دەچێت خەڵکی بەشی خۆی چەند سەر ئاژەڵێکی هەر بەخێو کردبێت، بەمەبەستی سودمەند بوون لە بەرهەمەکانی، هەرچەندە ئێمە هیچ زانیارییێکمان لەم بارەیەوە دەست نەکەوت، بەڵام شیمانەی ئەوە دەکەین کە هەبووبێت، سەرەڕای ئەوەی سالانە بەهۆی جەژنی قوربانەوە لەسەرجەم وڵاتانی ئیسلامیدا ئاژەڵ کراوە بە قوربانی.

جگە لەوە گۆشت فرۆشەکانی شار لە بازاڕەکاندا گۆشتفرۆشیان کردووە، وەک ئاشکرایە ئەمە پێویستی بە دابینکردنی ئاژەڵی پێویست دەبێت، ڕۆژانە ئامادەی بکەن بۆ سەربڕین[٢]. یاخود هەندێجار لە کتێبی جوگرافیناساندا زانیاریی هەندێک لە بۆنەکان دەبینین، کە لەشارەکاندا ئاژەڵیان سەربڕیوە بۆ مەبەستی ئامادەکردنی خوان و سفرەی میرایەتی[٣]، هەموو ئەمانە ناچنە قاڵبی ئاژەڵدارییەوە لە شارەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا وێنەیەکی شارەکانی خوراسانمان بۆ دیاردەبێت، لە هەندێک شاردا کاتێک ئابڵوقەیەکی ئابووری بەهۆی شەڕەکانەوە کەوتبێتە سەر شارەکە، ئەو شارە بێبەش بوون لە ئاژەڵی دەرەوەی شار، بەبەڵگەی ئەوەی ئەو شارە بۆماوەی ئابڵوقەکە هیچ ئاژەڵێکیان سەرنەبڕیوە، وەک ئەو ئابڵوقەیەی لە ساڵی (٤٢٩ک/ ١٠٣٧ز) دا دەخرێتە سەر شاری نیشابور، بۆ ماوەی حەوت ساڵ هیچ ئاژەڵێک لەناو شارەکەدا سەرنابڕدرێت[٤]، دیارە ئەگەر ئاژەڵداری بەپێی پێویست هەبوایە ئەوکات دەیانتوانی ئاژەڵ سەرببڕن.

---

[١] الاصطخري: م.س، ص١٤٦.

[٢] إبن أخوه: معالم القربة في أحكام الحسبة، تح/ صديق عيسى المطيعي ومحمد محمود شعبان، ط١، مكتب الأعلام، ايران_قم، ١٤٠٨هـ ، ص١٦٤.

[٣] بە نموونە کاتێک صفاریەکان لە نیسابور فەرمانڕەواییان کردووە، هەموو ڕۆژێک بیست سەر مەڕیان سەربڕیوە و لە پێنج مەنجەڵی مسینی گەورەدا لێیان ناوە بۆ سەربازەکانی يعقوب بن ليث الصفار. ئەمە واتای ئەوەیە سەربڕین لەناو شاردا و ڕۆژانە بەو ژمارەیە کراوە، بڕوانە: (مسعودی: مروج الذهب، م.س، ج٤، ص١١٧).

[٤] إبن فندق: تاريخ بيهق، م.پ، ص ٢٦٨.

لەکـۆی گشـتی ئەو باسـانەی سـەرەوە دەتـوانین بڵێـین لە شـارەکاندا کشـتوکاڵ و (ئـاژەڵ بەخێوکردنی کاتی) هەبووە، بەروبومی شارەکان زیاتر میوەی باخاتەکانی کەنار شارەکان بووە، سەرەڕای ئەوە لە شارەکانی خوراساندا هەندێک بەرهەم هەبووە بووەتە ناسنامەی ئەو شارە، جا نازانرێت ئەو بەرهەمە لە خودی شارەکەدا چنراوەتەوە یان لە ڕستاقەکان و دێهاتەکانی تایبەت بە شارەکاندا کۆکراوەتەوە، بە نموونە شاری نیشابور بە لۆکە ناوبانگی هەبووە، یاخود مەرو بە لۆکە و کاڵەک و شوتی یان میوەی وشککراوە، هورات بە میوەی جۆراوجۆر، شاری غەزنە بە سێو لە جۆرێکی تایبەت بەناوبانگ بووە، شارە بچوکەکانیش وەک بوشنج بە تەختە و داری عەرعەر و دهستان بە قەیسی بەناوبانگ بووە، ئەمانە و چەندین نموونەی دیکە، یاخود شار هەبووە وەک جوزجان بە پێستەی ئاژەڵ بەناوبانگ بووە، یان شاری (نشین) بە زۆری برنج بەناوبانگ بووە.[1]

لە هەرێمی خوراساندا شارەکان کەمتر ناوەندێک بوون بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی و باخداری لە شارەکانەوە بەرهەمهاتووە، یاخود شارەکان ناوەندی کۆکردنەوە و ناردنە دەرەوەی کۆمەڵێک بەرهەم بوون، کە بەگشتی لە خوراساندا ئەم بەروبومانە هەبوون، گەنم و جۆ و برنج و کونجی و پاقلەمەنیەکان و گوێز و بادەم و بوندق و زۆرێک لە دانەوێڵەکانی دیکە وەک فستق، لە میوەکانیشدا زۆرێک لە میوەکان وەک کاڵەک و شوتی و خەربزە و دیکەیَ و قەیسی و خورما و زۆرێک لە میوەکانی دیکە و چەندین بەرهەمی دیکەی کشتوکاڵی دیکە لە خوراسانەوە دەرکەوتووە، ئەمە سەرەڕای سامانی ئاژەڵی کە لە هەرێمەکەدا هەبووە.[2]

یەکێک لەو بەڵگانەی دەریدەخات شارەکان کەمتر بەرهەمی کشتوکاڵی خۆیان بەرهەمهێناوە، ئەو چیرۆکەیە کە نظام الملک بۆ ئێمەی گێڕاوەتەوە، کاتێک لەسەردەمی سوڵتان ابراهیم غەزنەویدا[3] نانەواکانی شار نارەزایەتی دەردەبڕن و دەرگای دوکانەکانیان دادەخەن و نان نافرۆشن، بەمەش ڕێبوارانی شار و دەروێشان نانیان دەست ناکەوێت و دەچنە دەرباری سوڵتان و سکاڵای حاڵی خۆیان دەبەنە لای سوڵتان، سوڵتانیش بانگی نانەوایان دەکات، لە وەڵامدا نانەواکان دەڵێن نانەوایەک لە شاردا هەر گەنم و ئاردێک داخڵی شار دەبێت، ئەو هەر زوو

[1] الاصطخري: م.س، ص ص ١٤٦_١٥٣ ؛ القزويني: م.س، ص٤٢٨.

[2] قحطان عبدالستار الحديثي: خراسان في العهد السامانى، رسالة ماجستير، كلية الآداب _ جامعة بغداد، ١٩٨٠، ص ص٤٣٢_٤٤٥.

[3] سوڵتان ابراهيم غزنوی: یەکێک بووە لە سوڵتانەکانی غەزنەویەکان و کوڕی سوڵتان مسعود کوڕی سوڵتان محمودی غەزنەوی بووە، بڕوانە: رضا قولي خان، فهرس التواريخ، تح/ عبدالحسين نوايي و مير هاشم محدث، چ١، پژوهشگاه علوم انسانی ومطالعات فرهنگی، ايران_تهران، ١٣٧٣ش، ص١١٤ ؛ مجمع الفصحاء، تح/ مظاهر مصفا، چ٢، امير كبير، ايران_تهران، ١٣٨٢ش، ج١، بخش سوم، ص١٨٩٨.

هەمووی دەکرێت و دەیکاتە ئەنبارەوە و لەئێمەی گران دەکات و هەر دەستیشمان ناکەوێت، ئەوەبوو سوڵتان چارەسەری ڕووداوەکەی کرد.[١]

ئەم چیرۆکە ئەوەی لێدەخوێنینەوە، کە گەنم و ئارد لە دەرەوەی شارەکان و لە ماوەیەکی کاتی، جا ڕۆژانە بوبێت یان هەفتانە و مانگانە، هاتۆتە ناو شارەکانەوە و لە شاردا ئەمباری کەسی هەبووە، واتا کەسێکی نانەوا ئەمباری تایبەت بەخۆی هەبووە، خەزێنەی گەورەی گەنم و ئارد لە شارەکاندا نەبووە، چونکە ئەگەر هەبوایە پشتیان بە گەنجینەی ناوشار دەبەست.

هەرچەندە ئەوەی سەرەوە بۆ هەندێک لە شارەکانی وەک غەزنی دروستە، بەڵام هەندێک لە شارەکانی خوراسان توانیویانە بەشی خۆیان لە کشتوکاڵ بکەن، ئەم کشتوکاڵکردنە لە ناوەوەی شارەکاندا هەبووە، بەنموونە شاری نیشابور لەناو چوارچێوەی قەڵای گەورەی شاردا ئەوەندە زەویەی هەبووە، کە بتوانێت بیکات بە کشتوکاڵ، ئەمەشمان لەو ڕووداوەوە بۆ دەردەکەوێت، کاتێک لە (٤٢٩ک/ ١٠٣٧ز) ململانێکانی نێوان سوڵتان محەمەدی کوڕی سوڵتان مەحمودی غەزنەوی و سوڵتان مەسعودی برای سەرهەڵدەدات، شەڕەکە لەسەر کۆنترۆڵکردنی شاری نیشابور دەبێت، لەو ساڵە بەدواوە بۆ ماوەی حەوت ساڵ دەخایەنێت، لەم ماوەیەدا خەڵکی شاری نیشابور نەیانتوانی لە دەرەوەی شورەی شار کشتوکاڵ بکەن، بەروبومیش لە دەرەوە نەدەهاتە ناو شارەوە، بۆ ئەمە خەڵکی شار پشتیان بەو کشتوکاڵە بەست کە لەناو شادیواری (شورەی گەورەی) شاردا دەکرا لەگەڵ بەرهەمی باخ و باخاتەکانی ناوشار.[٢] ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی کشتوکاڵ لە ناوەوەی شارەکان بەپێی ڕێژەی پێویستی خۆژێنی.

---

[١] نظام الملك: سياست نامه، م.پ، ص ٦٢.

[٢] إبن فندق: تاريخ بيهق، م.پ، ص٤٢٩.

**تەوەری دووەم:**

## شار وەک ناوەندی بازرگانی:

بازرگانی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تایبەتمەندی خۆی هەبووە، ڕێگە بازرگانیەکان و بازاڕەکان و کاڵا بازرگانیەکان زۆر بەخششیان بە شارەکان داوە، لە بەرامبەردا ئەو شارانەی کە کەوتبوونە سەرەڕێی بازرگانی، گەشە و بوژانەوەی بەردەوامیان لە ڕووی شارستانیەوە تێکەوتووە، بەردەوام لە نوێبوونەوە و پەیوەندییدا بوون لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر و شارەکانی دیکە، بەمەش شارەکان دەبوونە ناوەندێکی بەیەک گەیشتنی شارستانییەتەکان.

شارەکانی خوراسان بە دووجۆر ببوونە ناوەند بۆ کاروباری بازرگانی، جۆرێک وەک سەرڕێگای بازرگانی ناوچەی دیکە و ناوەندی گواستنەوەی کاڵا و تێپەڕین بە شارەکاندا، جۆرەکەی دیکە وەک کڕیاری شتومەک و فرۆشیاری بەرهەمی خۆجێیی، سەرەڕای ئەوەی شارەکان ناوەندێک بوون بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵا و بەروبوومی ناوخۆیی، وەک لە خوارەوە ئاماژەیان پی دەکەین.

هەرێمی خوراسان بەگشتی هەرێمێکی ستراتیجی و گرنگ بووە بۆ جیهانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەتایبەتی لەڕووی بازرگانیەوە، شوێنێک و هەڵکەوتەیەکی گرنگی هەبووە لە نێوان شارستانتانیەتەکاندا و سەرەڕێی زۆرێک لە کاروانە بازرگانیەکان بووە[1]، گەورەترین ڕێگای بازرگانی سەدەکانی ناوەڕاست بەناوی ڕێگای (خوراسان)ەوە بووە، یان بەناوی ڕێگای (ئاوریشم) ناسراوە، کە هەرێمی خوراسان بەشێکی گرنگی ڕێگای ئاوریشمی پێکدەهێنا.[2]

شایانی باسکردنە لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین پێگەی شار لەناو پرۆسەی بازرگانیدا لە خوراسان بخەینە ڕوو، هەر بۆ ئەو مەبەستە دەبێت گرنگترین ڕێگا بازرگانیەکانی کە بەناو خوراساندا تێپەڕیون ئاماژە پێبکەین، هەروەها ئەو شارانە بەنموونە بگرین کە دەکەوتنە سەر ڕێگا بازرگانیەکان و بازاڕە گەرمەکانیان وێنا بکەین ، چونکە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت شارەکان چ

---

[1] عبدالستار نصیف جاسم: إقلیم خراسان، مجلة مرکز بابل للدراسات الأنسانیة، مرکز بابل، عراق، ٢٠١٧، المجلد ٧، العدد ١، ص٤٠٢.

[2] لە زۆرێک لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا ئەم ڕێگایە بە ڕێگای (خراسان) ناسراوە، بڕوانە: (یعقوبی: البلدان، م.س، ص٨٩) ؛ (یاقوت الحموی: معجم البلدان، م.س، ج٤، ص٣٠٣) ؛ (ابن رستە: م.س، ص ٢٧٥) ، ئەگەرچی شوێنێک لە نزیک شاری بەغداد هەبووە بەناوی (طریق خراسان) لە نزیک گوندی دسکرة و نزیک شهربان (شارەبان)، کە ڕووباری دیالە کەوتبووە نێوان ئەم ناوچەیە(طریق خراسان) و خالصەوە، ئەم ناوچەیە جودا بووە لە (جادة طریق خراسان)، بڕوانە: (یاقوت الحموی: م.س، ج٢/ ص ص ٣٤٦، ٤٥٥، ٤٩٥).

ڕۆڵێکیان گێڕاوە لە بازرگانیدا و دواجار ئەم پرۆسەیە چۆن بووەتە هۆی گەشەکردنی شارستانییەت لە هەرێمەکەدا.

**یەکەم: ڕێگا بازرگانیەکان:**

لە هەرێمێکی فراوانی وەک خوراساندا دوو جۆر ڕێگای بازرگانی هەبوون، ڕێگای ئاوی و ڕێگای وشکانی، ڕێگای ئاوی کەمتر بەکارهاتووە چونکە ئاوێکی زۆری وەک ڕووبار و دەریا کە بەکەڵکی کەشتیوانی هاتبێت لە هەرێمەکەدا کەم بووە، تەنها ڕووباری جەیهون بەکەڵکی ئەوە هاتووە بەلەمی پێدا بڕوات[1]، بەڵام هەرچی ڕێگای وشکانی هەیە چەندین لقی بچوک و گەورەی هەبووە بەپێی جۆری کاروانە بازرگانیەکان.

١. *ڕێگا و شکانیەکان:*

هەرێمی خوراسان بە چەندین ڕێگای نێوان شارەکان بەیەکەوە دەبەسترا، ڕێگا دەرەکیەکانی هەرێمەکەش لە شارە گەورەکانەوە دەردەچوون، بەم دووبەشەش ڕێگا دەرەکیەکان و ڕێگا ناوەکیەکانیان بۆ هەرێمەکە پێکدەهێنا، بەمەش دوو جۆر بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی برەوی هەبووە.

لەنێوان شارەکاندا زۆر بەکەمی ڕێگای ئاوی بەکارهاتووە، چونکە هەرێمەکە خاوەنی هەلومەرجی ئەم جۆرە لە ڕێگەوبان نەبووە، هەربۆیە ڕێگا وشکانیەکان لە نێوان شارەکاندا دیارترین ڕێگاکان بوون، وڵاتناسان و جوگرافیزانە موسڵمانەکان زۆر بەڕوونی پێوانەی نێوان شارەکانیان بۆ نوسیوینەتەوە.[2]

لە دیارترین ڕێگا وشکانیە دەرەکیەکان ڕێگای (خوراسان) یاخود ڕێگای (حەریرە) ئەم ڕێگایە مێژووەکەی بۆ پێش زاین دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە ناوەکەی (ڕێگای حەریر) موسڵمانەکان پێیان وتووە ڕێگای خوراسان، ئەمەش لەبەرئەوەی بەهەرێمی خوراساندا تێپەڕ بووە، کە بە فراوانترین ڕێگە دادەنرێت لە شانشینی چینەوە بەرەو هیند و دواتر خوراسان و تا دەگاتە بەغداد و پاشان بەرەو وڵاتانی دیکە درێژبووەتەوە، ئەم ڕێگەیە خوراسانی کردبووە هەرێمێکی بازرگانی گەشاوە.[3]شارەکانی بەڵخ و مەرو لە سەرەتای ئەو شارانە بوون کە کاروانەکان لەم دوو شارەوە

[1] المقدسي: م.س، ص٣٢٣.
[2] ابن خرداذبة: م.س، ص ص ٣٢_٣٦.
[3] عبدالستار نصيف جاسم: م.س، ص ٤٠٢.

هـاتوونەتەوە نـاو خوراسـانەوە[١]، هەرچـی نـاوی (ڕێگـای حەریـر)ە نـاوەکە نـوێیە و لە سـەدەی نۆزدەی زاینی بەدواوە بەکارهاتووە، ئەگەرچی پێشتر خەڵکانی ناو ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی ناوێکی لەم شێوەیەیان بەکارهێناوە.[٢]

ڕێگایەکی  دیکەی دەرەکی وشکانی کە لە هەرێمی خوراسانەوە دەرچووە، ئەو ڕێگەیە بووە کە چووە بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمە بیزەنتیەکانی ئەو کاتە، کە لە نیشابورەوە بەڕێکەوتووە و بە شـاری یەزد و دواتر گەیشتووە بە ئەرمینیا.[٣] ڕێگەیەکی  دیکەی وشکانی هەبووە بەرەو هیند و سند، کە لە شاری بامیانەوە و بە شاری غەزنیندا تێپەڕیوە، ئەم ڕێگەیە شاری غەزنینی کردووە بە شارێکی بازرگانی و گەنجینەی وڵاتی سند.[٤]

ئەم ڕێگە وشکانیانە لەلایەن کاروانەکانەوە پەسـەندتر بـوون لە ڕێگە ئاوییەکـان، جگە لە کـاری بازرگـانی بـۆ کـاروانی حاجیـانیش هەر ئەم ڕێگـا وشـکانیانە بەکـار دەهـاتن بەتـایبەتی ڕێـگەی خوراسان، وەک وتمان ڕێگەی حەریریشی پێوتراوە، چونکە کاروانی حاجیانی وڵاتی ئەودیوڕووبار و خـوارەزم بە خوراسـاندا و لەگەڵ حاجیـانی خوراسـاندا هەمـوو بەم ڕێگەیەدا چـوون بـۆ شـاری مەککە بۆ بەجێگەیاندنی فەریزەی حەج.[٥]

سەرەڕای ئەو دوو ڕێگا جیهانیە، چەنـد ڕێگـایەکی  دیکە هەبـوون کە هەرێمەکـانی دەوروبەری خوراسـانیان بە هەرێـمەکە دەگەیانـد، سـەرجەمیان ڕێگـای وشـکانی بـوون و لە ڕۆژهەڵاتـی ئیسلامیەوە بە هەرێمەکە گەیشتوون، بەتایبەت لە شارەکانی ئەسفەهان و یەزد و ڕەی و هەرێمی چیا و هەرێمی فارسەوە بوون.[٦]

٢. *ڕێگای ئاویی:*

تـاکە ڕێگـایەک لە هەرێمـی خوراسـاندا ڕووبـاری جەیهـون بـووە، چـونکە تەنهـا ڕووبـار بـووە توانستی هەڵگرتنی بەلەمی هەبوبێت و بە کەڵکی هاتوچۆی بازرگانی هاتبێت، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم

(1) Vadime Elisseeff: The silk rouds, 2nd edition, UNESCO publishing, New York, 2000, p159-160.

(٢) إيرين فرانك و ديفيد براونستون: طريق الحرير، ديكە/ أحمد محمود، ط١، مطابع الأهرام، قاهرة، د.ت، ص١٣_١٤.

(٣) ابن رستە: م.س، ص١٢٤ ؛ عبدالستار نصيف: م.س، ص ٤٠٢.

(٤) المقدسي: م.س، ص ٣٠٤ ؛ الحديثي: خراسان في العهد الساماني، م.س، ص٤٨٨.

(٥) إيرين فرانك و ديفيد براونستون: م.س، ص ٢٧٧.

(٦) الاصطخري: م.س، ص ص ١٣٤_١٣٨.

ڕووباره بۆ خوراسان زۆر گرنگ بووه، چونكه لەسەر سنوری هەرێمی خوراسان بووه و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەرێمی ئەودیو ڕووبار و خوارەزم هەبووه.[1]

**دووەم: شاره بازرگانیەکان:**

شارەکانی خوراسان زۆرینەیان لەڕووی بازرگانیەوه پێگەی تایبەتیان هەبووه، چونكه له سەرچاوه جوگرافیەکاندا باس و خواسیان نوسراوەتەوه، بەتایبەتی شاره گەورەکانی وەک (نیشابور، مەرو، هورات، بەڵخ، غەزنین، مەرورۆز، دیکەمز).

شارەکانی خوراسان بەچەند شێوەیەک بەشداری بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکیان هەبووه و تێیدا ناوەند بوون، سەبارەت به بازرگانی ناوخۆیی، ئەوا شارەکان ڕووگەی بەروبومه کشتوکاڵیەکانی دەوروبەر بوون، واتا ئەو بەرهەمانەی له گوندەکان و شارەدێکانی دەوروبەری شارەکانەو بەرهەم دەهاتن و زیاتر دەبوون له پێویستی ساڵانەی خۆیان دەنێردرانه شارەکان بۆ فرۆشتن، له شارەکانیش بەشێکی بۆ پێداویستیی ساڵانه لەلایەن خەڵکی شارەوه دەکڕدران و بەشه زیادەکەشی له بازرگانی دەرەکیدا پشکداری پێدەکرا.[2]

دەتوانین بەم ساغکردنەوەیەی بەروبومی لادێکان له شارەکاندا بڵێین بازرگانی ناوخۆ، که جۆرێکی دیکەی بازرگانی ناوخۆ ئەو کاروانه بازرگانیانه دەگرێتەوه که لەنێوان شارەکاندا ئاڵوگۆڕ پێکراون، ئەمەش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی یەکتر بووه، چونكه شارەکان له بەرهەمه کشتوکاڵی و پیشەسازی و بەرهەمه خۆڕسکەکاندا تایبەتمەندی خۆیان هەبووه، واتا هەر شارێک جۆره بەروبومێکی هەبووه، که شارێکی دیکه نەیبووه یاخود کەمی هەبووه، به نموونه **نیشابور** و **مەرو** به لۆکەیەکی جۆری باش و کرمۆکەی ئاوریشم و ئاوریشمی زۆر بەناوبانگ بوون[3]، شاری **بوشنج** به تەخته و دار بەناوبانگ بووه بەتایبەتی داری عەرعەر.[4]

دوای ئەوەی کاڵا و بەروبومه بازرگانیەکان دەهاتنه شارەکانەوه، بازاڕی شارەکان ئەو شوێنه بووه که چالاکیەکانی کڕین و فرۆشتن ئاڵوگۆڕکردنی تێدا کراوه، بازاڕەکان له شارەکاندا له زۆرترین حاڵەتانەکاندا دەکەوتنه بەشی دەرەکی شارەوه(الربض) و له دەروازەکانەوه دەستیان پێکردووه، به شەقامێکی سەرەکی شاردا تاوەکو مەیدانی شار، که زۆرجار ئەم شەقامه سەرەکیه خشتڕێژ کراوه، واتا ڕووی زەوی ڕێگاکه به خشتی قوڕ(آجر) ڕاخراوه، وەک بازاڕی شاری

---

[1] ابن بلخی: م.س، الورقة رقم ١٣١ ؛ المقدسی: م.س، ص ص ٣٢٣_٣٢٤، ٣٤٠.

[2] شهرام یوسفی فر: شهر وروستا در سدههای میانه تاریخ ایران، م.س، ص ص ١٧٢_١٧٦.

[3] ابن بلخی: م.س، ورقن رقم ١١٧ ؛ الاصطخری: م.س، ص١٤٦و ١٤٩ ؛ ابن حوقل: م.س، ج٢، ص ص ٤٣٣ و ٤٣٦.

[4] الاصطخری: م.س، ص ١٥١.

دیکەمز[١]، یاخود هەندێ بازاڕ سەرپۆشکراون تاوەکو لە تیشکی ڕۆژ بپارێزرێن، وەکو بازاڕی مەروروز کە لە هاویناندا سێبەری بۆ کراوە.[٢]

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد هەرێمی خوراسان لە کۆنەوە تاوەکو رۆژگاری سەدەکانی ناوەڕاست و دواتریش ڕووگەی زۆرێک لە بازرگانیە جیهانیەکان بووە، هەربۆیە شارەکانی هەرێمەکە خاوەن پێگەیەکی تایبەتی بازرگانی بوون، لەوانە شارەکانی **مەرو** و **بەڵخ** کە هەر لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامیەوە ناویان لە گەشتە بازرگانیەکاندا هاتووە[٣]، هەروەها شاری **نیشابور** کە بە گەنجینەی ڕۆژهەلاتی و پێگەیەنەری فارس و سند و کرمان و کاروانسەرای خوارەزم و ڕەی و جوزجان وەسفکراوە، هەر دەربارەی نیشابور نوسراوە کە بەناوبانگترین شار بووە لە بەردەوامی بازرگانیەکەیدا و زۆری ڕێگاوبانەکانی، لە مەزنی کاروانە بازرگانیەکانیدا.[٤]

یاخود شارەکانی **کابول** و **غەزنین** دوو ناوەندی گەورە بوون بۆ ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی بازرگانی، چونکە ئەو کاروانە بازرگانیانەی کە لە ناوچەکانی هیندەوە دەهاتن و بە سجستاندا تێدەپەڕین و بە بان و پێ دەشتەکانی خوراساندا تێدەپەڕین و دەگەیشتنە ئەم دوو شارە و لێرەوە دابەش دەبوون بە دوو لقدا لقێک بۆ ناو خوراسان و لقێکی دی بۆ ئەودیو ڕووبار.[٥]

هەروەها شاری **هورات** کە (فرضة - لەنگەرگری) خوراسان و سجستان و فارس بووە، واتا ئەو بەروبومانەی لەو سێ هەرێمەوە دەهاتن، شاری هورات شوێنی لەنگەر و وەستان و دابەشکردن و بڵاوەکردنیان بووە، شاری **بەڵخ** مەنزڵگە و شوێنی مانەوە و پشووودانی بازرگانان بووە، کۆکەرەوەی سەرجەم بازرگانیەکان بووە، لە زۆربەی ئاڕاستەکانەوە بە کالای نایابەوە ڕوودەکرایە شاری بەڵخ.[٦]

---

[١] إدريسي: م.س، ج١/ ص٤٨٢.

[٢] المقدسي: م.س، ص ٣١٤.

[٣] وەک گەشتەکەی (Nanaivandak) کەپیاوێکی بازرگانی خەڵکی سەمەرقەند بووە ولە نێوان ( ١١٢-١٣٢ک/٧٣١-٧٥٠ز)لەگەڵ مامەیدا بە گەشتێک دەچن بۆ شاری (chang an) ی چین و لە گەڕانەوەدا مامەی بۆ بازرگانی ڕوودەکاتە شارەکانی (مەرو و بەڵخ) و باسی ئەم دووشارە لێرەدا دەبینین کە دوو شاری گرنگ بوون، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: SUSAN Whitfield: life along the Silk Roud, 1est edition, John murray (publishers) Ltd, Los Angeles, 1999, p37.

[٤] الاصطخري: م.س، ص ١٤٥ ؛ المقدسي: م.س، ص ٣١٥.

[٥] ڤ.هايد: تاريخ التجارة في الشرق الأدنى في العصور الوسطى، تر/ أحمد محمد رضا، ط١، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ١٩٨٥، ص ٥٥.

[٦] ابن بلخي: م.س، الورقة رقم ١٢١_١٢٢.

له هەرێمی خوراساندا شارەکان زیاتر له پێگەی بازرگانی گواستنەوە(ترانزێت)دا بوون، واتا کاتێک کاروانێکی بازرگانی له شارەکانی جیهانی ئیسلامیەوە دەهات بەرەو شانشینی چین بە خوراساندا تێدەپەڕی له شارەکانی خوراسان لەنگەری دەگرت و پشووی دەدا و بەڕێ دەکەوت، جا لەم نێوانەدا کالا نێوخۆییەکانیش لەو بازرگانیە دەرەکیەدا بەشداری پێکراوە، یاخود زۆرجار شارێک بووەتە خالی گواستنەوەی نێوان ولاتان، بەنموونە شاری **بەلخ** کە ڕووباری جەیهون وایکردبوو ببێتە لەنگەری گواستنەوەی کۆیلە لە تورکستانەوە بۆ جیهانی ئیسلامی، ڕێژەیەکی بەرز لە باج لەو بازرگانانە وەردەگیرا کە کالایان بەم شارەدا تێدەپەڕان.[١]

### سێیەم: کالا و بەروبومە بازرگانییەکان:

لێرەدا دەمانەوێت ئەوە ڕوون بکەینەوە ئەو کالا و بەروبومانە چی بوون کە لە بازرگانیەکاندا بەشداریان پێکراوە، زۆرجار کالاکان تایبەت بوون بە هەرێمی خوراسان و پاشناوی شارێک یان خودی خوراسانیان هەلگرتووە، ئەمەش تایبەتمەندی شارەکان دەردەخات لەنێو شارستانییەتی ئیسلامیدا، کە شارێک بە بەرهەمێکی تایبەتی ناسراوە.

لەنێو کالاکاندا چەند بەرهەمێکی وەک لۆکە و ئاوریشم گرنگترین بەرهەمە تایبەتەکانی خوراسان بوون، مەرو نیشابور باشترین جۆرەکانی لۆکە و ئاوریشمیان هەناردە کردووە. بەنموونە جارێک بازرگانێکی لۆکە دەچێتە شاری مەرو، تا ئەو کاتە پێی وابووە هەر ولاتی شام لۆکەی هەیە، بەلام کاتێک دەبینێت مەرو لۆکەیەکی زۆر بەرهەم دەهێنن، دەپرسێت کە ئەم لۆکەیە بۆ کوێ هەناردە دەکەن، پێی دەلێن بۆ شاری بەغداد، لەوەلامدا دەلێت، دیارە خەلکی بەغداد لەبری خواردن لۆکە دەخۆن، یاخود خانو و کۆشکەکانیان بە لۆکە دروست دەکەن، ئەمەش لەبەر زۆری ئەو ڕێژەیەی هەناردەی شاری بەغداد کراوە.[٢]

بەگشتی ئەو کالا و بەروبومانەی لە شارەکانی خوراسانەوە دەنێردرانە دەرەوە لە چەند شارێکەوە بووە و هەر شارێک چەندکالا و بەرهەمێکی هەناردەکردووە، جا بەرهەمەکان لەڕووی کشتوکالی و پیشەسازی و سروشتیەوە بوون، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

بەرهەمەکانی شاری نیشابور بریتی بوون لە (ثیاب البیض الحفیة- جلوبەرگی سپی حوفییە[٣]، البیاف و العمائم الشهجانیة الحفیة-جامانەی شەهجانی سپی، الراختج، المقانع-دەمامک، بین الثوبین،

---

[١] المقدسي: م.س، ص٣٤٠.

[٢] ابن الفقيه: م.س، ص٣٢٤.

[٣] (الحفية) بە هەر قوماشێک وتراوە کە لەسەر شێوازی قوماشی سپی ناوچەی (الحفية) سەر بە شاری (حلب) لە ولاتی شام، بڕوانە: (محمد كرد علي: خطط الشام، ط٣، مكتبة النورية، بيروت، ١٤٠٣ هـ، ص٢٠٠).

الملاحم بالقز، المصمت، الاعتابی، السعيدي الظرئفی، المشطی، الحلل، ثیاب الشعر، الغزل-شاڵ، ئاسن).[1]

شاری بەڵخ بەرهەمی صابون و زاج و کبریت و قورقوشم و اسبرک و زرینخ و پێستەکان، لەگەڵ چەڵتوک و کونجی و گوێز و بادەم و شەراب و عنجد و سمن و هەنگوینی هەتاوی لەترێ دروستکراو و هەنجیر و ڕوبەهەناری ناردۆتە دەرەوە.[2]

شاری هورات زیاتر کرمی ئاوریشم و شەرابی هەڵوژە و دۆشاو و فستق و زۆر بەرهەمی دیکە و لەگەڵ زۆربەی شیرینیەکانی خوراسان هەناردەکراوە، جگەلەوەی ناسکترین کەلوپەلەکان لە هوراتەوە دروستکراون و هەناردەکراون بەتایبەت قاپ وقاچاخی زەرتکی بە زیو تێکەڵکراو.[3]

شاری مەرو گۆشت (جا نازانرێت ئەم گۆشتە چۆن نێردراوەتە دەرەوە، قۆزاخە و قوماشی ئاوریشم لۆکە و پەنیر و دانەوێڵە و کانزای مس و مانگا)، شارەکانی دیکەیش کاڵای خۆیان هەبووە لەوانە وەک طوس و نسا و أبیورد و دیکەمز و ولوالج و سرخس.[4]

---

[1] المقدسی: م.س، ص ٣٢٣.ناوی هەندێک لەو کاڵایانەمان هەر بەناوە عەرەبیەکەی خۆی داناوەتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی واتاکەیمان لە زمانی کوردیدا دەست نەکەوتووە.

[2] المقدسی: ص ٣٢٤.

[3] القزوینی: م.س، ص٤٨١.

[4] ابن حوقل: م.س، ص ٤٣٦ ؛ المقدسی: م.س، ص٣٢٦ ؛ ابن بلخی: م.س، الورقة رقم ١١٢_١٢١.

**تەوەری سێیەم:**

**شارەکان وەک ناوەندی پیشەسازییەکان:**

وشەی پیشەسازی لە کۆندا بۆ واتا و دەربڕینێکی جیاواز لە واتا و دەربڕینی ئێستای بەکارهاتووە، لە کۆندا بە هەر کارێکی پیشەیی یان کارسازی و لێزانینێکیان وتووە (صناعة)، هەرکەسێک کە لە پیشەیەکدا شارەزا بووبێت نازناوی ئەو پیشەیەی هەڵگرتووە[1]، بە زۆرێک لە پیشەکانی وەک نانەوایی و بەرگدرووی[2] و هەللاجی، تەنانەت بە کاری پزیشکی وتراوە (صناعة الطب) سەنعەتی پزیشکی، لەگەڵ سەرجەم پیشەکانی دیکەی وەک زمانەوانی و فەلسەفە و کیمیا و هەندەسە[3] و پیشەسازی خۆکردار (حیل) و چەندینی دیکە[4]، ئەگەرچی پۆلێنکاری و ڕیزبەندی و جیاکردنەوەی بەشەکانی بۆ سروشتی و ناسروشتی و ڕوحی و جەستەیی کراوە، بەڵام دواجار بەهەمووی وتراوە (صناعة).[5]

کاتێک باسی شاری سەدەکانی ناوەڕاست دەکەین ڕاستەوخۆ پیشەسازی دەبێتە بەشێکی گرنگی شارەکان، چونکە بەشێوەیەکی تەواو پیشەوەری لەنێو شارەکاندا پەرەی سەندووە و گەشەی کردووە، ئەمەش بەهۆکاری بوونی چەند هۆکارێکی گرنگی وەک لایەنی ئەمنی و بازاڕ و کەرەستەی خاو و کاروانە بازرگانیە لەنێو شارەکاندا، هەموو ئەمانە شاریان کردبووە ناوەندێکی گەشەکردنی پیشەسازی.

ئەوەی زۆر گرنگە ئێمە لەم تەوەرەدا باسی لێوە بکەین پێگەی پیشەسازیە لە شارەکانی خوراساندا، کە بێگومان ئەمە لە بازاڕەکانەوە دەست پێدەکات، چونکە بازاڕەکان شوێنی کارکردنی

---

[1] الفارابی: آراء أهل مدینة الفاضلة، ط١، دار السعادة، مصر_قاهرة، ١٩٠٦ز، ص٩٦ ؛ سۆران بهاء أحمد: کشتوکاڵ وخۆراک لە هەرێمی چیا، ماستەر نامە (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی مێژوو، سلێمانی، ٢٠١٤، ص ١١٠.

[2] ابن جبیر: تذکرة بالأخبار عن اتفاقات الأسفار، تح/ علی کنعان، ط١، دار السویدی، ابو ظبی، ٢٠٠٨، ص ٦٨.

[3] سیوطی: حسن المحاضرة في أخبار مصر والقاهرة، تح/خلیل عمران منصور، ط١، دار الکتب العلمیة، بیروت، ١٤١٨هـ ، ج١/ ص٥٥ و ٥٨.

[4] الأبشیهي: المستطرف فی کل فن المستظرف، تح/سعید محمد اللحام، ط١، عالم الکتب، بیروت، ١٩٩٩، ص ٣٠٩_٣١٠ ؛ الخوارزمي: مفاتیح العلوم تح/عبدالأمیر أعسم، ط١، دار المناهل، بیروت، ٢٠٠٨، ص ص ٥٣، ١٢٧، ١٢٨، ١٨٠، ١٨١، ٢١٧.

[5] بۆ زانیاری دەربارەی واتای وشەکە و بەشەکانی پۆلێنکاریەکانی کە لە جیهانی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆی کراوە، بڕوانە: (فوزیة یونس فتاح: نظرة المجتمع إلی أصحاب المهن والحرف، مجلة جامعة دهوک، مجلد ١، عدد١، دهوک، ١٩٩٨، ص ص ٨٧_٩٤).

پیشـەوەرەکان بـووە و لەهەمـان کاتـدا شـوێنی فرۆشـتنی وردە کاڵاکانیـان بـووە، ئەم کەلتـورە لە بازاڕەکانی خوراساندا تا بەم ڕۆژگارەی ئێمەش دەگات بوونی هەیە.[١]

لە بازاڕەکانی شـارەکانی هەرێمـی خوراسـان لە سـەدەی چوارەم و پێنجەمـی کۆچی/ دەیەم و یانزەیەمی زاینی، پیشەوەرەکان بە سەرجەم جۆرەکانەوە بوونیان هەبووە، تەنانەت زۆرجار هەر پۆلێکی پیشـەوەر کە لەیەک پۆل پیشـەدا کاریان کردووە لەناو بازاڕدا کۆڵانی تایبەت بەخۆیان هەبووە، وەک کۆڵانی بەزازەکان و کۆڵانی گۆشتفرۆشەکان و کۆڵانی نانەواکان و زۆرجار وتراوە بازاڕی ئاسنگەرەکان واتا بازاڕی خۆیان جیاواز بووە.[٢]

**یەکەم: هۆکارەکانی گەشەکردنی پیشەسازی لە هەرێمی خوراساندا**

**١. *بوونی دەستی کار و شارەزایی:***

لە خوراسـاندا دانیشـتوانێکی زۆر لە شـارەکاندا ژیـاون بەنمـوونە لە شـارێکی وەک (بنجهیر) کە نیوەی شاری بوشنج بووە، بوشنج نیوەی شاری هورات بووە، نزیکەی دە هەزار پیاوی تێدابووە، باشە دەبێت لە شارێکی وەک هوراتدا کە چوار ئەوەندەی ئەم شـارە بـووە، چەند پیاو هەبووبێت، وەک دەزانین پیاوی پێگەیشتوو واتا کەسێکە توانای کارکردنی هەبێت، ئەمە دەکەینە بەڵگەیەک بۆ زۆری دەستی کار لە هەرێمەکە، جگەلەوەی گەشەکردنی پیشەسازیەکان بۆخۆی ئەنجامی دەستی کاری لێهاتووە.

خەڵکی خوراسان بەوە ناسراون، کە لە بواری پیشەسازیدا زۆر شارەزابوون، بەتایبەتی لە یاسا و ڕێساکانی پیشەسازی واتا لە هونەر و کارکردنەکانیدا، شـارێکی وەکو نیشـابور بە شـارەزایی و لێهـاتووی لە پیشەسـازیدا ناسـراوە[٣]، هەرکـات لە سـەرچاوە کۆنەکانـدا وشـەی (أحکـام الصـنعة) بەکارهاتبێت ڕاستەوخۆ مەبەست پێی هونەرەکان و شارەزایی و پسپۆڕییە لە دروستکردندا.[٤]

سـەرەڕای ئەوە شارەکانی خوراسان بە درێژایی سـەردەمەکان خـاوەن زانـای گەورە و شـارەزا بوون، ئەمانە خاوەنی کتێب و بیرۆکەی تـایبەت بـوون بە پیشەسـازیەکان، بەنمـوونە (ابـو ریحـانی

---

[١] بەنموونە لە شاری سەبزەوارو نیشابور و مەشهەد ئەم جۆرەبازاڕە بوونی هەیە، ئەویش لە سەردانێکی مەیدانیماندا بۆ ئەو شارانە بەتایبەت شاری سەبزەوار هەندێک لە پیشەوەرەکان شوێنی کارکردنیان و شوێنی فرۆشتنیان وتەنانەت شوێنی مانەوەشیان هەر لە ناو بازاڕ ولەسەر کارگە بچوکەکەیان بوو.

[٢] قحطان الحدیثی: م.س، ص٤٨١.

[٣] المقدسی: م.س، ص ٢٩٣، ٣٣.

[٤] بۆ نموونە لە دروستکردنی هەرەمەکان و هەندێ کاری دیکەی ئەندازیاریدا ئەم وشەیە بەکاردێت، کە تەنها مەبەست لە شارەزاییە لە دروستکردندا، بڕوانە: المقریزی: الموعظ والأعتبار بذکر الخطط والآثار، تح/ ایمن فؤاد سید، ط١، مؤسسة الفرقان للتراث الأسلامی، لندن، ١٤٢٢هـ ، ج١/ ص ٣٢٠ ، ج٣/ ص ٧٤٥.

البيروني) خۆی دەڵێت کتێبێکی هەبووە دەربارەی دروستکردنی (اسطرلاب) ، یاخود وتراوە ئەم زانایە یەکەم کەس بووە کە داهێنەری دۆلابی ئاو سەرخستن بێت لە نزمیەوە بۆ بەرزی.[١]

**٢. *بوونی کەرەستەی خاو لە سامانی کانزایی، ئاژەڵی، ڕووەکی:***

هەرێمی خوراسان بەو پێیەی هەرێمێکی فرە تۆبۆگرافیایە، خاوەنی بیابان و پێ دەشت و شاخ و داخی زۆر و لەهەمان کاتدا دارستانیشی هەبووە، بۆیە خاوەنی سامانێکی زۆری کانزایی و ئاژەڵی و ڕووەکی بووە، چەندین کانزای وەکو ئاسن و زیو و ئاڵتون و مس و قورقوشم و زەیبەق و گڵەسەر لە خوراساندا هەبوون.[٢]

هەرێمی خوراسان خاوەن سامانێکی ئاژەڵی ماڵی و کێوی بێ ئەژمار بووە، هەر ئەمەش پاڵنەری بوونی پیشەسازیەکانی وەک خۆشکردنی پێستە و دروستکردنی کاڵا و کەلوپەلی چەرم بووە، زیاتر پێستەی ڕێوی و کەروێشک و سمۆرە بوون و نێردراونەتە دەرەوە.[٣]

سەبارەت بە سامانی ڕووەکی، هەرێمی خوراسان خاوەن چەندین جۆر ڕووەکی سروشتی و چێندراو بووە، ئەمانە بەشێکیان لە پیشەسازی خۆراکی بۆ دروستکردنی زەیتە ڕووەکیەکان وەک زەیتی کونجی، هەروەها بۆ دروستکردنی سرکە و شەراب و دۆشاو، کە هەموو ئەنجامی بوونی سامانی ڕووەکی بوون لە هەرێمەکەدا و بەشێکیان بەسود وەرگرتن لە تەختەکەیان لە بواری بیناکاریدا بەکارهاتوون.[٤]

**دووەم: گرنگترین ئەو پیشەسازیانەی لە خوراساندا هەبوون:**

١. *پیشەسازی کانزایی و سکەلێدان:*

بەهۆی ئەوەی بەشێک لە شارەکانی خوراسان خاوەنی ماددەی خاوی کانزایی زۆرێک لە کانزاکان بوون، بەنموونە وەک کانزای ئاسن و مس کە گرنگترین کانزاکان بوون لە شارەکانی نسا و فرغانە و اسبیجاب لە هەرێمی خوراسان هەبوون، تەنانەت لە خەراجی ساڵانەی هەرێمەکەدا ئاسن وەک بەشێک لە خەراج نێردراوە بۆ بەغداد، بەجۆرێک ڕێژەکەی (هەزار و سێ سەد پارچە ئاسن) بووە، یاخود نموونەی شاری طوس کە زۆرێک لە کانزا و بەردە بەنرخەکانی تێدابووە، بەتایبەتی (بەردی فەیروزە) و کانزاکانیش وەک (ئاڵتون و زیو و مس و ئاسن)، کانزای ئاسن لە

---

[١] البيروني: م.س، ص ٤٥٢

[٢] ابن رسته: م.س، ص ٢٨٧ ؛ الهمداني: كتاب الجوهرتين العتيقتين المائعتين من الصفراء والبيضاء (الذهب والفضة)، تح/ أحمد فؤاد باشا، ط١، مطبعة دارالكتب والوثائق القومية بالقاهرة، مصر_قاهرة، ٢٠٠٩، ص٩٩.

[٣] كى ليسترنج: م.س، ص ٤٦٥، ٤٧٢.

[٤] القزويني: م.س، ص ٤٢٨-٤٢٩، ٤٥٧، ٤٨١ ؛ المقدسي: م.س، ص ٣٢٤.

شارەكانی دیكەی وەک هورات و نیشابور هەبووە.[1] لە شاری بنجهیر كە شارێكی مامناوەند بووە، شارێک خاوەنی دە هەزار پیاو بووە، شاخێكی پڕ لە زیو نزیكیان بووە، خەڵكەكەی بە هەڵكەندنی شاخەكە و دەرهێنانی زیوەوە مژیل بوون، لەم كارەدا توانستێكی بێ وێنەیان هەبووە.[2]

پێ دەچێت لە زۆرێک لە شارەكانی خوراساندا پیشەسازی كانزاكان هەبوو بێت، بەڵام ئێمە مامەڵە لەگەڵ دەقی نوسراودا دەكەین، بەم پێیە زانیارییی هەندێک شارمان پێدراوە كە ئەم پیشەسازیەیان تێدا هەبووە، بەنموونە شاری فاریاب نوسراوە زۆربەی ئەو پیشەسازیانەی تێدابووە كە ئەو سەردەمە لە شارەكاندا بوونی هەبووە.[3]

لە شارەكانی خوراساندا چەندین كەرەستەی لە كانزا دروستكراوەكان هەبوون، لەوانە كەرەستەكانی بەكارهێنانی ڕۆژانە وەک چەقۆ و مەنجەڵ و قوفڵی دەرگا و چەندین كەرەستەی دیكە، یاخود ئاشی ئاو و ئاشی با هەبوون كە ئاسن و كانزاكانی دیكەی تێدا بەكارهاتووە، ئامێرە جەنگیەكان وەک جلوبەرگی ئاسنین و دەرگای ئاسنین و شمشێر و چەندین چەكی بەكارهاتووی ئەو ڕۆژگارە و چەندین كەرەستەی دیكەی كانزایی، ئەمانە هەموو بەڵگەن لەسەر ڕێژەی بەكارهێنانی كانزاكان و بوونی پیشەسازیەكانیان.[4]

لە بەناوبانگترین شارەكانی كە پیشەسازیە كانزاییەكانیان تێدابووە، شاری بەڵخ بۆ كەرەستەكانی لە ئاسن دروستكراوی وەک شمشێر و ئاوێنە وزرێ، شاری مەرو پیشەی ئاسنگەری فرۆشتنی ئاسن، شاری نیشابور بۆ قاپ و قاچاخی مسین و كەرەستەی لە ئاسن دروستكراو و فرۆشتنی، شاری هورات بۆ مسگەری و ئاسن.[5]

سكە لێدان یەكێكیتر بووە لە پیشەسازیە كانزاییەكان، كە چەندین جۆری سكەی زێڕ و زیو و مس هەبووە، لە خوراساندا، بەتایبەتی لە شاری مەرو، خانەی سكەلێدان (دار الضرب) هەبووە، ئەمەش لە ڕوویەكەوە نیشانەی گرنگی هەرێمی خوراسان دەگەیەنێت لە جیهانی ئیسلامیدا، لەڕوویەكی دیكەوە پێشكەوتنی پیشەسازی دەگەیەنێت لەم شارەدا، ئەم شارە لە سەردەمی

---

[1] المقدسی: م.س، ص ٣٢٢ ؛ القزوینی: م.س، ص ٤١١ ؛ ابن حوقل: م.س، ج٢، ص ٤٣٤ ؛ كی لیسترنج: م.س، ص ص ٤٣٠ ، ٤٦٣، ٤٧١.

[2] السمعانی: م.س، ج١٢، ص ٣٣٤_٣٣٥.

[3] الحمیری: م.س، ص٤٣٨.

[4] القزوینی: م.س، ص ٤٨١ ؛ سیفی هروی: م.پ، ص ص ٨، ٥٥، ٩٥، ١١٢، ١٥٥ ؛ عبدالحي حبیبي: م.س، ص ص ٤٧٠_٤٧٢.

[5] قحطان الحدیثي: خراسان في العهد الساماني، م.س، ص٤٦٩_٤٧٠.

خەلیفە مەئموندا جگەلەوەی پایتەختی خیلافەی ئیسلامی بووە، شوێنی لێدانی سکەی دەوڵەتیش بووە.[١]

ئێمە سەرەڕای ئەو زانیارییانەی لە کتێبی وڵاتناساندا دەربارەی پیشەسازی شارەکانی خوراسان بەرچاومان کەوتووە، چەندین پارچەی شوێنەواری لە ئێستادا لە مۆزەخانەکانی جیهاندا بوونی هەیە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمە جیاوازەکانی شارە جیاوازەکانی خوراسان، یەکێک لەو پارچانە کە دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٤ کۆچی/ ١٠ زاینی، مەقاڵیەکی دروستکراو لە زەرتکی (زەردە)ی تواوە و لەقاڵبدراو، کە مەقاڵیەکی تایبەتە و لە سەرەوە بازنەیی و لە ژێرەوە چوار قاچی هەیە و ئەملاولاکانی کون کون کراوە بۆ درچوونی دوکەڵ، لە چوارچێوەکەشیدا جوانکاری زەخرەفەی ڕووەکی تێدا نەخشێنراوە، بەرزیەکەیشی (١٢,٥٠سم)ە.[٢]

٢. *پیشەسازی جلوبەرگ و خومکردن:*

جلوبەرگ لە هەرێمی خوراساندا گرنگی پێدراوە و لە شارەکانی ئەم هەرێمەدا چەندین کەرەستەی دروستکردنی جلوبەرگ بەکارهێنراوە بۆ دروستکردنی پۆشاکی خۆیان و هەناردەکردنی، لە دیارترین ئەو مادده سەرەکیانەی لە شارەکاندا باو بووە بۆ دروستکردنی جلوبەرگ، لۆکە و خوری و پێستە و ئاوریشم بوون.

شارەکانی هەرێمی خوراسان بەتایبەت هەردوو شاری مەرو و نیشابور بەناوبانگ بوون بە باشترین جۆری لۆکە، بەنموونە شاری مەرو جۆری لۆکەکەی و ئەو پۆشاکەی لێ دروستکراوە زۆر تایبەت بووە، بەجۆرێک هەر لۆکەیەک باش و نەرم بووبێت ناوزەدی لۆکەی مەروی پێدراوە، و لەم شارەدا پۆشاکی لە لۆکە دروستکراو هەناردەی دەرەوە کراوە.[٣]هەروەها شاری مەرو بۆ بەرهەمهێنانی قوماشی ئاوریشم زۆر بەناوبانگ بووە و کرمی ئاوریشمیان لە شوێنی دیکەوە هێناوە بۆ ئەم شارە و لەبەرخۆر وشکیان کردۆتەوە و دەزوویان لێ بەرهەمهێناوە.[٤]

شاری نیشابور زیاتر بە پیشەسازی جلوبەرگی لۆکە و ئاوریشم و تاڕادەیەک خوریش بەناوبانگ بووە، بەجۆرێک بۆ هەموو وڵاتانی ئیسلامی هەندێک لە وڵاتانی غەیرە ئیسلامیش هەناردەکراوە، ئەمەش لەبەر زۆری بەرهەمهێنانی و باشی جۆرەکەی، ئەم ئارەزووەی لەسەر

---

[١] الاصطخری: م.س، ص ١٤٨.

[٢] نبیل علی یوسف: موسوعة التحف المعدنیة الأسلامیة، ط١، دار الفکر العربی، القاهرة، ٢٠١٠، ج١/ ص ٥٧.

[٣] ابن حوقل: م.س، ج٢، ص٤٣٦.

[٤] ڤ.هاید: م.س، ص٥٥.

بووه[١]، ئەو پۆشاکە ئاوریشم و لۆکە و خوریەی لە نیشابورەوە دەنێردرایە دەرەوە بەهۆی ئاستی باشی جۆرەکەیەوە جێی سەرنجی پاشا و سەرکردەکان بووە، بەجۆرێک بەرهەمی هیچ وڵات و ناوچەیەکی  دیکە نەیتوانیوە بگاتە ئاستی چاکی و بڵندی ئەو.[٢]

ئاوریشم و پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشمی لە پیشەسازیە بەناوبانگەکانی هەرێمی خوراسان بووە، شارەکانی خوراسان بەتایبەتی ئاوریشمیەکانی[٣] شاری نیشابور لە چاندنی ڕووەکی دارتوو بۆ پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشمی لەسەر ئەو ڕووەکە و دواتر دەرهێنانی دەزووی ئاوریشمی لە بۆ بەخێوکردنی قۆزاخەی کرمۆکەکە شارەزاییەکی باشیان هەبووە، شاری نیشابور ناوبانگێکی دیاری هەبووە لە دروستکردنی قوماش و دوورینی جلوبەرگی ئاوریشمی لە چەندین جۆری جیاواز، کە هەناردەی دەرەوەی کردووە، جگە لەم دوو شارە چەندین شاری  دیکەی خوراسان بە پیشەسازی ئاوریشم و کاڵا دروستکراوەکان لەو کوتاڵە بەناوبانگ بوون، ئەوانیش شارەکانی ئەبیوەرد و نەسا و مەرو.[٤]

شاری بەڵخیش بەناوبانگ بووە بۆ خۆشەکردنی پێستە و پیشەسازیەکەی، واتا دروستکردنی کاڵا لە پێستەی خۆشکراو، سەرەڕای ئەوە شارەکانی نیشابور و مەرو و چەند شارێکی  دیکە لەم پیشەسازیەدا ناوبانگی خۆیان هەبووە.[٥]

خومکردنی جلوبەرگ یەکێکی  دیکە بووە لە پیشەکانی نێو بازاڕی شارەکانی خوراسان، کە لە بازاڕەکاندا شوێنی تایبەتی خۆیان هەبووە و تایبەت بوون بە شۆردن و سپیکردنەوەی جلوبەرگ[٦]، ئەمە جگە لە شوێنی تایبەت بە خومکردن و ڕەنگکردنی قوماش، بەنموونە لە چەندین شوێندا لە کتێبە مێژوویی و جوگرافیەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاماژە بە ڕەنگردنی جلوبەرگ بە ڕەنگی ڕەش کراوە، بەتایبەت لەسەرەتای دەرکەوتنی عەباسیەکاندا، کە شۆڕشێکی ڕەشپۆش بوون ئاڵا و جلوبەرگیان ڕەش بووە.[٧]

---

(١) الاصطخری: م.س، ص ١٤٦.

(٢) ابن حوقل: م.س، ج٢، ص٤٣٣.

(٣) ئاوریشمی: نازناوێک بووە بۆ پیشەوەرەکانی بە دروستکردنی قوماشی ئاوریشم و فرۆشتنیەوە مژیل بوون، واتا بەو کەسەی کە خەریکی ئەم کارە بووە وتراوە (الأبریسمی)، بڕوانە: (السمعانی: م.س، ج١، ص٩٢).

(٤) قحطان الحدیثي: م.س، ص ص ٤٦١_٤٦٤.

(٥) المقدسی: م.س، ص ٣٢٤ ؛ قحطان الحدیثي ٤٦٥.

(٦) نرشخی: م.س، ص ٢٨.

(٧) الاصطخری: م.س، ص ١٤٩.

٣. *پیشەسازیی خۆراک* :

پیشەسازی خۆراک مەبەست لە هەموو ئەو کردارانەیە کە بەسەر جۆرێکی خۆراکدا هێنراوە، جا ئەو خۆراکە ئاژەڵی بووبێت وەک ڕۆنە ئاژەڵیەکان و شیرەمەنیەکان، یاخود ڕووەکی بووبێت وەک زەیت و دەرمانە وەرگیراوەکان و یاخود پیشەسازی میوەکان وەک دروستکردنی شەراب و مرەبا و وشککردنەوەیان.

شارەکانی خوراسان لەم جۆرە پیشەسازیانە بێ بەش نەبوون، بەڵام لە سەرچاوە ڕەسەنەکاندا تەنها ئاماژە بە بوونیان کراوە و درێژەیان ڕوون نەکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمە چەند شارێکمان لە خوراساندا هەیە کە خاوەنی پیشەسازیەکانی خۆراک، وەک شاری بەڵخ و طالقان و نیشابور و هورات بۆ دروستکردنی شیرینیەکان، بەتایبەتی شاری هورات کە شیرینی زۆربەی خوراسان لەم شارە دروستکراوە.[١]

پیشەسازیەکی دیکەی خۆراکی دروستکردنی زەیتەکان بووە، کە لە زۆر بەرهەمی ڕووەکیدا دەردەهێنران، وەک ڕۆنی کونجی کە لە شارەکانی ئەبیوەرد و نەسا و مەرو، هەروەها دروستکردنی صابون لە شارەکانی بەڵخ و نیشابور و بەیهەق.[٢]

٤. *پیشەسازی تەختە ، شوشە و کاغەز:*

دیارترین ئەو شارانەی کە دارستانی تێدا بووە شاری (بوشنج و شاری هورات)ە کە بەهۆی زۆری دارەکانیان و بوونی جۆری عەر عەر لە بوشنج بەناوبانگ بووە و توانای هەناردەکردنی تەختەیان هەبووە بۆ هەرێمەکانی دەوروبەر، سەرەڕای ئەوە شاری دیکەمذ کە لەسەر ڕۆخی ڕووباری جەیهونە ، بەناوبانگ بووە لە دروستکردنی کەشتی، کە ئەو ڕۆژگارە بۆ دروستکردنی زیاتر پشت بە تەختە بەستراوە.[٣]

پیشەسازی شوشە لە بەشێک لە شارەکانی خوراساندا هەبووە، شاری طوس بەم پیشەسازیە بەناوبانگ بووە لە دروستکردنی شوشە و پەرداخ و سەتڵی شوشەدا، شاری مەرو ئەم پیشەیەی تێدابووە و بە دروستکردنی شوشە بەناوبانگ بووە، بەتایبەت بە جۆری (مری) ناسراوە.[٤]پیشەسازی کاغەزدروستکردن لە خوراساندا هەبووە و ئەوانەی ئەم پیشەیەیان کردووە پێیان وتراوە (الوراقون) و کاغەزی خوراسانی ناوبانگێکی دیاری هەبووە لەنێو کایەی زانست و

---

(١) مؤلف مجهول: حدود العالم ، م.س، ص١٢٠ ؛ مقدسي: م.س، ٣٢٤ ؛ قحطان الحديثي: م.س، ص ٤٧٢_٤٧٣.

(٢) مقدسي: م.س، ص ٣٢٤.

(٣) الاصطخرى: م.س، ص ١٥١؛ مقدسي: ن.م، ص ٣٢٥ و ٣٠٨.

(٤) قحطان الحديثى: م.س، ص ٤٧٢.

نوسـەراندا، تەنـانەت لە دەرەوەی خوراسـان ئەم ناوبـانگەی هەبـووە، بەنمـوونە (السـمعانی) باسـی کاغەزی خوراسانی نوسیوە، کە بەکارهێنراوە.[1]

پیشەسازی کاغەز بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی چینی، هەرچی کاغەزی خوراسـانیە ئەوە چینیەکان هاتوون لە خوراسـاندا بڵاویـان کردۆتەوە، لەوە بەدواوە دوو جۆر کـاغەز هەبووە کـاغەزی چینـی و کـاغەزی خوراسـانی، هەرچـی خوراسـانیە زیـاتر لە کەتـان دروسـتکراوە و بە وڵاتانی ئیسلامیدا بڵاو بۆتەوە، لەسـەردەمی ئەمەوی وعەباسـیدا ئەم جۆرە کـاغەزە بەکارهـاتووە، کە چەنـدین جـۆری جیـاوازی هەبـووە، لەوانە (السـلیمانی، الطلحـی، النـوحی، الفرعـونی، الجعفـری الطاهری).[2]

---

(١) السمعانی: الأنساب، م.س، ج٨/ ص ٣٤٥.

(٢) ابن ندیم: م.س، ص٣٢.

# ئەنجام

پاش ئەو ماوە زۆرەی تویژەر لەگەڵ سەرچاوەکانی تویژینەوەی بەردەستدا بوراندی و تویژینەوەی ورد و درشتی زانیارییەکانی کرد بۆ نوسینی نامەی بەردەستمان، پاش تاوتویکردنی بیرۆکە و نوسینەکان، گەیشتینە چەند ئەنجامێکی گرنگ لە بواری شار و شارنشینی و شارستانییەتی شارەکان، لە هەرێمی خوراساندا لە سەردەمی دیاریکراو، کە ئەمانەن:

**یەکەم:** هەرێمی خوراسان هەر لە پێش سەردەمی ئیمراتۆریەتی ساسانیەوە هەرێمێکی گرنگ و ستراتیجی بووە بۆ هەرێمەکانی چواردەوری خۆی ، هەمیشە کاریگەری خۆی لەسەر ئەو هەرێمانە داناوە کە هاوسێ و هاو سنوری بوون، ئەمەش بەهۆی تەمەنی دێرینی هەرێمەکە و هەڵکەوتە جوگرافیەکەیەوە بووە، سەرەڕای گرنگی هەرێمەکە لەڕووە ئابووریەوە.

**دووەم:** ئەم هەرێمە لەڕووی سنورەوە سنورێکی دیاریکراوی هەبووە، بەڵام زۆرێک لە تویژەرانی ئەم بوارە، بەهۆی ئەو فراوانبوونەی هەرێمەکە لەسەردەمی ئیسلامیدا بەخۆیەوە بینیویەتی، کارەکەیان لێ هەڵە بووە و سنوری هەرێمەکە فراوانتر لە سنوری خۆی باس دەکەن، هەڵبەت مەبەستمان بۆ سەدەی (٤ و ٥ کۆچی/ ١٠ و ١١ زاینی)ە، واتا بۆ ئەم دوو سەدەیەش هەر وەکو سەردەمانی سەدەکانی پێشوو، سنورەکەیان دیاری کردووە. لەکاتێکدا لە سەدەی چورەم بەدواوە هەرێمەکە سنورێکی دیاریکراو و بچوکتری لەوەی پێشوو هەبووە.

**سێیەم:** ئەنجامێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە لەم تویژینەوەیەوە بۆمان دەرکەوت، شار چ ڕۆڵێکی گرنگ و گەورە دەبینێت لە گەشەکردن و بوژانەوەی ڕووە شارستانیەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، بەجۆرێک ناوەندی پێشکەوتنەکانە و بەرهەمی شارستانیانەی کۆمەڵگا دەچنێتەوە و خۆی دەبێتە ناوەند بۆ ژیاری هەر کۆمەڵگایەک، لەم تویژینەوەیەوە بۆمان دەرکەوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شار چەندە گرنگ بووە، چونکە شارەکان واتا هێزی هەر هەرێمێکی جوگرافی، چونکە یەکەیکی ئاوەدانیی گەورەتر لە گوند بوون و هەمەڕەنگیان لە چین و تویژە جیاوازەکان ڕۆڵێکی شارستانی گەورەتری لە گوندەکان پێ بەخشیوون.

**چوارەم:** لەم تویژینەوەیەوە بۆمان دەرکەوت شارەکانی خوراسان چەندە گرنگ بوون و لەڕووی مێژووییشەوە چەندە دێرین بوون، بەڵام بەردەوام بوون لە ژیان و دوای چەندین تێکچوون و لەناوچوون، لەهەمان کاتدا بەهۆی گرنگی هەڵکەوتەی شوێنەکەیان، دووبارە بنیاتنراونەتەوە، هەروەها تا رۆژگاری ئەمڕۆمان پڕ ئاوەدانی و زیندوون، بەنموونە شاری نیشابور کە ئێمە بۆخۆمان لە میانی تویژینەوەکەدا سەردانێکی مەیدانی ئەو شارەمان کرد، شارێکی گەورە و گرنگی

وڵاتی ئێرانە، لەکاتێکدا چەند جارێک لە مێژووی دوورودرێژی خۆیدا تێکچووە و وێران بووە، شارەکانی دیکەیش بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەو مێژووەی هەیان بووە لە ئێستادا شارێکی گرنگن، هەردوو شاری بەڵخ و هورات دوو شار و دوو ویلایەتی گرنگی ئەفغانستانن، شاری مرو لە ئێستادا بەناوی شاری (ماری_Mary) لە وڵاتی تورکمانستان زیندوو ئاوەدانە.(١)

**پێنجەم:** شارەکانی خوراسان بەهۆی دێرینیان و بەهۆی قەرەباڵغیان بە دانیشتوان و بوونی گوندێکی زۆر کە سەر بە شارەکان بوون، ئەمانە هەموو وایکردووە ببنە ناوەندێکی گرنگ بۆ سەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەو زانایانەی بەمنداڵی لە گوندەکان گەورە دەبوون، ڕوویان دەکردە شارەکان و تێیدا پێ دەگەیشتن، ئەو کاروانە بازرگانیانە کە دەهاتن ڕاستەوخۆ لە شارەکان باریان دەخست، دەسەڵاتدار و خاوەن سوپاکان شارەکانیان دەکردە ئامانجی دیاریکراوی خۆیان تاوەکو دەست بەسەر هەرێمەکەدا بگرن، ئەمەش ئەو ئەنجامە دەخاتە ڕوو کە شار کۆکەرەوەی هێز و توانا و بەهرەکانە.

**شەشەم:** ئەنجامێکی گرنگی توێژینەوەکەمان دەرکەوتنی ئەو ڕۆڵەی شارەکان بوو لەڕووی ژیانی زانستیەوە بۆ پێشکەوتنی شارستانییەت، شارەکانی خوراسان شاری زۆر گرنگ بوون بۆ زانستەکان، دەبینین یەکەمین خوێندنگەی نیزامیە لە شاری نیشابوردا دەکرێتەوە، لە کۆی ئەو نۆ خوێندنگە (نظامیة)ی لە جیهانی ئیسلامیدا کرانەوە پێنجیان لە شارەکانی خوراساندا بووە، بەمەش شارەکانی خوراسان هەر بۆ هەرێمەکە گرنگ نەبوون، بەڵکو بۆ کۆی جیهانی ئیسلامی گرنگ بوون، کاتێ دووتویی کتێبە مێژووییەکان هەڵدەدەینەوە چەندین نازناوی نیسابوری و طوسی و هورەوی و مەرورۆزی و بەڵخی و نسائی و بوخاری و خراسانی دەبینین، ئەمەش وێنای گەشەکردنە زانستیەکانی ناوچەکەمان پێ دەڵێت.

**حەوتەم:** شارەکانی خوراسان لەڕووی بازرگانیەوە زۆر گرنگ بوون بەهۆی ئەوەی ئەم هەرێمە کەوتبووە نێوان جیهانی ئیسلامی و نیمچە دورگەی هیند و ئیمپراتۆریەتی چینەوە، بۆیە لە زۆربەی کاتەکاندا شارەکان ببوونە ناوەندێکی بازرگانی گرنگ بۆ کاروانە بازرگانیە وشکانیەکانی نێوان ئەو دوو شوێنەی باسمان کرد. بەتایبەتی خوراسان کە کەوتبووە نێوان وڵاتی تورک و جیهانی ئیسلامیەوە، زۆربەی ئەو مەملوکە تورکانەی بۆ جیهانی ئیسلامی هاوردە دەکران لە ڕووباری جەیهون و شاری بەڵخەوە هاوردە کراون، ئەمە سەرەڕای چەندین کاڵای بازرگانی دیکەی گرنگ و گران بەها.

**هەشتەم:** شارەکان بۆ پیشە سازیەکانیش ناوەند بوون، بەجۆرێک تەنها لە شارەکاندا پیشەسازیە گەشەکردووەکانی سەردەم هەبوون، لەمەوە شارەکان بوونەتە ناوەندی کۆبوونەوەی کەرەستە

---

(1) Edmund Bosworth, ibid, p.p.401, 154, 257.

خاوەکان، هەربۆیە وڵاتناسە ئیسلامیەکان هەردەم باسی شارەکان دەکەن و بە پێگە بازرگانی و پیشەسازیەکانی شاردا هەڵدەدەن، بەڵام گوند و ئاواییەکان جێگەیەکیان لەنێو باسی پیشەسازی و بازرگانیدا بەو شێوەیە نیە ، زیاتر بۆ کشتوکاڵ گوندەکان گرنگ بوون.

**نـۆیەم:** دوای خوێنـدنەوەی زۆرێـک لە سـەرچاوەکان، دەرکەوت شـار گەورەتـرین شـوێنی کۆبوونەوەی مرۆڤەکان بووە، هەر وڵاتێک شاری گەورەتر و پڕ دانیشتوانی هەبووبێت گەشە سەندوتر و پێشکەوتووتر بووە، ئەمەش لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی شارەکان لەڕووی فەرمانڕەواییەوە بۆ ناوچەکانی  دیکە هەیان بووە، گرنگ بوون بۆ هەژموون و دەسەڵاتی ناوچەیی و فراوانتریش لە ناوچەیی.

**دەیەم:** دەرکەوت ئەوەی گرنگە بۆ شارەکان لەپێش هەموشتێکەوە، پێگە جوگرافی و سیاسیەکەی شـارە وادەکـات ببێـتە ناوەنـدێک بـۆ گەشـەکردنە شارتسـتانیەکان، ئەمەش بەپێـی توانـا لەم تـوێژینەوەیەدا ڕوونکـراوەتەوە، چـونکە شـارەکان بەو دەسـەڵاتە سیاسـیەی تێیانـدا هەبـووە و خـاوەداری شـارەکانی کـردووە، هـاوڕێ لەگەڵ ئەو پـێگە جـوگرافیەی شـارەکان وایکـردووە ببـنە ناوەند بۆ گەشەکردنەکان.

# لیستی سەرچاوەکان

**دەستنوس:**

١. إبن بلخى: احمد بن سهل أبو زيد البلخى

صور الأقاليم، مخطوطة غير محققة، فى مكتبة الإمام الحكيم العامة، نسخة رقم٦٣٢، الناسخ/ محمد بن طاهر، عدد الأوراق ٧٨، الحجم ١٤،٧× ٢١،٧ ، عدد السطر ٢٥، التسلسل الألكترونى ٣٦٣٦.

## سەرچاوە ڕەسەنەکان:

## أ.بە زمانی عەرەبی:


- الأبشيهي: شهاب الدين محمد بن أحمد أبي الفتح (ت ٨٥٢هـ)

١. المستطرف فى كل فن المستظرف، تح/ سعيد محمد اللحام، ط١، عالم الكتب، بيروت، ١٩٩٩.

- إبن أبي أصيبعة: موفق الدين ابى عباس احمد بن القاسم (ت ٦٦٨هـ)

٢. عيون الأنباء في طبقات الأطباء، تح/ نزار رضا، ط١، دار مكتبة الحياة، بيروت، د.س.

- إبن الأثير: أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد الشيباني الجزري (ت٦٣٠هـ)

٣. الكامل فى التاريخ، تح/ أبى الفداء عبدالله القاضى، ط١، دار كتب العلمية، بيروت-١٩٨٧.

- إبن أخوه: ضياءالدين محمد بن أحمد بن أبي زيد القريشى (ت ٧٢٩ک)

٤. معالم القربة في أحكام الحسبة، تح/ صديق عيسى المطيعي و محمد محمود شعبان، ط١، مكتب الأعلام، ايران_قم، ١٤٠٨هـ

- الأدريسى: ابو عبدالل محمد بن محمد الحسني (ت ٦٥٠هـ)

٥. نزهة المشتاق فى اختراق الآفاق، ط١، عالم الكتب، بيروت، ١٤٠٩هـ .

- أسنوي: عبدالرحيم بن حسن، (ت ٧٧٢هـ)

٦. طبقات الشافعية (أسنوي)، تح/كمال يوسف حوت، ط١، دار الكتب العلمية، لبنان- بيروت، ١٤٢٢هـ .

- الاصطخرى: أبو إسحاق إبراهيم بن محمد (ت ٣٤٦هـ)

٧. المسالک و الممالک، تح/ محمد جابر عبدالعال حينى، ط١، الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة- ٢٠٠٤.

- أصفهانى، عمادالدين محمد بن محمد بن حامد اصفهانى (ت ٥٩٧هـ)

٨. تاريخ دولة آل سلجوق، تح/ يحي مراد، ط١، دار العلمية، لبنان-بيروت، ٢٠٠٤

- باخرزی: علی بن الحسن بن علی بن أبی الطیب (ت ٤٦٧هـ)
٩. دمیة القصر و عصرة أهل العصر، تح/ محمد التونجی، ط١، دار الجیل، بیروت، ١٩٩٣.
- بروسوی: محمد بن علي بروسوی (ت ٩٩٧هـ)
١٠. أوضح المسالک إلی معرفة البلدان و الممالک، تح/ مهدي عبدالرواضیة، ط١، دار الغرب الأسلامی، لبنان-بیروت، ١٤٢٧هـ
- بغدادی: إسماعیل بغدادی بابان زاده (١٣٣٩هـ)
١١. هدیة العارفین، اسماء المؤلفین و آثار المصنفین، ط١، دار إحیاء التراث العربی، لبنان-بیروت، ١٩٥١.
- البکري: عبدالله بن عبدالعزیز بن محمد بن أیوب بن عمر (ت٤٨٧هـ)
١٢. معجم ما استعجم من أسماء البلاد و المواضع، تح/ سقاء مصطفی، ط٣، مطبعة عالم الکتب، بیروت-١٤٠٣هـ
- البلاذری: احمد بن یحی بن جابر (ت ٢٧٩هـ)
١٣. فتوح البلدان، ط١، دار و مکتبة الهلال، بیروت-١٩٨٨م، ص٣٩٠.
- البنداري: فتح بن علی بنداری (ت ٦٤٣هـ)
١٤. کتاب تاریخ الدولة آل سلجوق، مختصر کتاب نصرة الفترة و عصرة الفطرة، ط١، شرکة الطبع الکتب العربیة، ١٩٠٠.
- البیروني: أبو ریحان محمد بن أحمد (ت٤٤٠هـ)
١٥. الآثار الباقیة عن القرون الخالیة، تح/ پرویز ازکایی، ط١، مرکز نشر میراث مکتوب، تهران، ١٣٨٠ش.
- إبن بطوطة: ابو عبدالله محمد بن عبدالله (ت ٧٥٤هـ)
١٦. رحلة ابن بطوطة، تح/ عبدالهادی تازی، ط١، اکادیمیة المملکة المغریبیة، ریاض-١٤١٧هـ
- ابن تغری بردی: جمال الدین أبي المحاسن یوسف ( ت٨٧٤هـ )
١٧. النجوم الزاهرة فی ملوک مصر و القاهرة، ط٢، مطبعة دار کتب العلمیة، مصر-د.س.
- الثعالبي: أبو منصور عبدالملک بن محمد النیسابوری (ت ٤٢٩ هـ)
١٨. یتیمة الدهر في محاسن أهل العصر، تح/ مفید محمد قمیحة، ط١، دار الکتب العلمیة، لبنان-بیروت، ١٩٩٩.

- ١٩. ثمار القلوب فى المضاف و المنسوب، تح/ محمد أبوالفضل ابراهيم، ط١، المكتبة العصرية، لبنان-بيروت، ٢٠٠٣.
- إبن جبير:
٢٠. تذكرة بالأخبار عن اتفاقات الأسفار، تح/ على كنعان، ط١، دار السويدى، ابو ظبى، ٢٠٠٨.
- ابن الجوزى: أبو الفرج عبدالرحمن بن على بن محمد (ت ٥٩٧)
٢١. المنتظم فى التاريخ الملوك و الأمم، تح/ محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، ١٩٩٣.
- حاجى خليفة: مصطفى بن عبدالله (ت١٠٦٧هـ)
٢٢. كشف الظنون عن أسامى الكتب و الفنون، دار إحياء التراث العربى، بيروت، د.س.
- حميرى: أبو عبدالله محمد بن عبدالمنعم الصنهاجي الحميري (ت ٧٢٧هـ)
٢٣. الروض المعطار فى خبر الأقطار، تح/ احسان عباس، ط٢، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت- ١٩٨٤.
- ابو حنيفه الدينوري: ابو حنيفه احمد بن داود( ت٢٨٢هـ)
٢٤ الاخبار الطوال، تح/ عبدالمنعم عامر و جمال الدين شيال، د.ط، منشورات الرضى، ايران/قم- ١٣٦٨ش.
- إبن حوقل: ابوالقاسم محمد بن على النصيبى (ت ٣٦٧هـ)
٢٥. صورة الأرض، ط٢، مطبعة دار الصادر، بيروت-١٩٣٨
- خانچى: محمد امين خانچى (ت ١٣٢٥هـ)
٢٦. كتاب منجم العمران فى المستدرک على معجم البلدان، ط١، مطبعة سعادة، قاهرة-١٣٢٥هـ.
- ابن خرداذبه: أبو القاسم عبيدالله بن عبدالله بن أحمد (ت حوالي ٣٠٠هـ)
٢٧. المسالک و الممالک، ط١، مطبعة دار الصادر، بيروت-١٩٩٢.
- إبن خلدون: عبدالرحمن بن خلدون المغربى (ت ٨٠٨هـ)
٢٨. المقدمة، تح/ عبدالله محمد درويش، ط١، دار يعرب، دمشق-٢٠٠٤.
- ابن خلكان: ابو العباس شمس اكدين احمد بن محمد (ت ٦٨١ هـ)
٢٩. وفيات الاعيان: تح/ إحسان عباس، ط١، دار صادر، بيروت-لبنان، د.س.

- الخوارزمي: محمد بن أحمد يوسف الكاتب (ت ٣٨٧ هـ)

٣٠. مفاتيح العلوم، تح/عبدالأمير أعسم، ط١، دار المناهل، بيروت، ٢٠٠٨.

- الذهبي: أبى عبدالله شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز (ت ٧٤٨هـ )

٣١. سير أعلام النبلاء، تح/ حسان عبدالمنان، ط١، بيت الأفكار الدولية، الأردن، ٢٠٠٤.

٣٢. تاريخ الإسلام و وفيات المشاهير و الأعلام، تح/ عمر عبدالسلام تدمرى، ط٢، دار الكتاقب العربي، لبنان- بيروت، ١٩٩٣.

- ٣٣. الأمصار ذوات الآثار، ط١، دار البشائر، لبنان-بيروت، ١٤٠٦هـ .

- ابن رستة: أحمد بن عمر(ت بعد سنة ٢٩٠هـ)

٣٤. الأعلاق النفيسة، ط١، دار الصادر، بيروت-١٨٩٢.

- السبكى: تاج الدين ابي نصير عبدالوهاب بن تقى الدين (ت ٧٧١هـ)

٣٥. الطبقات الشافعية الكبرى، تح/ عبدالفتاح محمد الجلو و محمود محمد الطناحى، ط٢، مطبعةعيسى الحلبى البابى، دار إحياء الكتب العربى، مصر- قاهيرة، ١٣٨٣ك/١٩٦٤ز.

- سلوى: عبدالقادر بن عبدالرحمن (قرن ١٢هـ)

٣٦. الكوكب الثاقب فى أخبار الشعراء و غيرهم من ذوى المناقب ، ط١، تح/ عبدالله ياسمى، المملكة المغربية، مغرب_ رباط، ١٤٢٧

- السمعاني: أبوا سعد عبدالكريم بن محمد بن منصور التميمى (ت٥٦٢هـ)

٣٧. الأنساب، تح/ عبدالرحمن معلمي، ط١، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، حيدرآباد- ١٣٨٢هـ

- شيروانى: زين العابدين بن اسكندر (ت ١٢٥٣هـ)

٣٨. بستان السياحة، چ١، انتشارات كتابخانه سنائى، تهران- ب.س.

- الطبرى: ابو جعفر محمد بن جرير (ت ٣١٠هـ)

٣٩. تاريخ الامم و الملوک، تح/ محمد ابو الفضل ابراهيم، ط٢، روائع التراث العربى، بيروت- ١٣٨٧.

- طوسى: محمد بن حسن (ت ٥٦٥هـ):

٤٠. رجال طوسى، تح/ جواد قيومى اصفهانى، ط٣، مؤسسة النشر الأسلامي، ايران-قم، ١٤٢٧هـ

- ابن عبدالحق بغدادى: صفى الدين عبدالمؤمن (ت ٧٣٩هـ)
٤١. مراصد الإطلاع على أسماء الأمكنة و البقاع، ط١، تح/ على محمد بجاوى، دار الجيل، بيروت، ١٤١٢هـ ، ج٣، ص ١١٨٠.

- العتبى: أبي نصر محمد بن عبدالجبار (ت ٦٨٥هـ)
٤٢. اليمينى، تح/ احسان ذنون الثامرى، ط١، دارالطليعة، بيروت، ٢٠٤.
- الفارابى: أبو نصر محمد بن محمد بن طرخان (ت ٣٣٩هـ)
٤٣. آراء أهل مدينة الفاضلة، ط١، دار السعادة، مصر_قاهرة، ١٩٠٦ز.
- ابن الفقيه الهمداني: أبي عبدالله أحمد بن محمد بن إسحاق ( ت٢٩٠هـ)
٤٤. مختصر كتاب البلدان، تح/ يوسف الهادي، ط١، مطبعة عالم الكتب، بيروت- ١٩٩٦.
- إبن فضلان: احمد بن فضلان بن العباس (ت ٣٠٩-٣١٠هـ)
٤٥. رحلة ابن فضلان، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر- دار السويدى، بيروت-٢٠٠٣.
- قدامة بن جعفر: أبو الفرج قدامة بن جعفر البغدادي (ت ٣٢٠هـ)
٤٦. الخراج و صناعة الكتابة، تح/ محمد حسين زبيدى، ط١، دار الرشيد للنشر، بغداد-١٩٨١.
- القزوينى: زكريا بن محمد(ت ٦٨٢هـ)
٤٧. آثار البلاد و أخبار العباد، ط١، دار الصادر، بيروت-١٩٩٨ز.
- القلقشندى: احمد بن عبدالله (ت ٨٢١هـ)
٤٨. صبح الأعشى في صناعة الانشاء، تح/ محمد حسين، د.ط، دارالكتب العلمية، بيروت، د.س.
- كاتبى: سيد على كاتبى (ت ٩٧٠هـ)
٤٩. مرآت الممالك، ديكه/ محمود تفضلى و علي كنجه لى، ط١، بنياد فرهنگ ايران، تهران، ١٣٥٥ش.

- المسعودى: أبو الحسن علي بن الحسين (ت ٣٤٦هـ)
٥٠. مروج الذهب و معادن الجوهر، تح/ كمال حسن مرعى ، ط١، مطبعة العصرية، بيروت ٢٠٠٥.
٥١. معجم الأدباء، ط١، دار الغرب الأسلامى، لبنان- بيروت، ١٩٩٣.
- المقدسي: شمس الدين محمد بن أبي بكر البناء (ت٣٩٠هـ)
٥٢. أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، ط٢، دار الصادر، بيروت- (د.س).

- المقريزى: أحمد بن على (ت ٨٤٥هـ)

٥٣. الموعظ و الأعتبار بذكر الخطط و الآثار، تح/ ايمن فؤاد سيد، ط١، مؤسسة الفرقان للتراث الأسلامى، لندن، ١٤٢٢هـ .

- مؤلف مجهول:

٥٤. حدود العالم من المشرق الى المغرب، تح/ يوسف الهادى، ط١، دار الثقافة للنشر، قاهرة-١٤٢٣هـ

- ابن منضور: ابو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم (ت ٧١١هـ)

٥٥. لسان العرب، ط٢، دار الصادر، بيروت-د.س.

- ابن نديم: محمد بن الإسحاق( ت ٣٨٥هـ)

٥٦. الفهرست، ط١، دارالمعرفة، لبنان-بيروت، ص ١٩٨

- نرشخي: ابو بكر محمد بن جعفر (ت ٣٤٨هـ)

٥٧. تاريخ بوخارا، تح/ أمين عبدالمجيد بدوي و نصرالله مبشر الطرازى: ط٣، دار المعارف، القاهرة، د.س.

- نظامى عروضى سمرقندى: ابى الحسن احمد بن عمر العروضى السمرقندى(ت حدود٥٥٢هـ)

٥٨. چهار مقاله، تح/ محمد قزوينى، چ١، انتشارات ارمغان، تهران، د.س.

- الهمدانى: أبي محمد الحسن بن أحمد(ت ٣٤٥هـ)

٥٩. كتاب الجوهرتين العتيقتين المائعتين من الصفراء و البيضاء (الذهب و الفضة)، تح/ أحمد فؤاد باشا، ط١، مطبعة دارالكتب و الوثائق القومية بالقاهرة، مصر-قاهرة، ٢٠٠٩.

- همدانى: رشيدالدين فضل الله همدانى (ت ٧١٨هـ)

٦٠. جامع التواريخ، چ١، انتشارات: ميراث مكتوب، تهران، ١٣٨٦ش.

- ياقوت الحموي: شهاب الدين ابى عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموى البغدادى (ت ٦٢٦هـ)

٦١. معجم البلدان، ط٢، مطبعة دار الالصادر، بيروت-١٩٩٥م

- اليعقوبى: أحمد بن أبي يعقوب بن واضح (ت ٢٨٤ هـ)

٦٢. تاريخ اليعقوبى، تح/ محمد صادق بحر العلوم، ط١، منشورات المكتبة الحيدرية، (النجف-١٩٦٤.

٦٣. البلدان، تح/ محمد امين ضناوى، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت-١٤٢٢هـ .

- أبي يعلى الفراء الحنبلى:
٦٤. الأحكام السلطانية، تح/ محمد حامد الفقي، د.ط، دارالكتب العلمية، لبنان، ٢٠٠٠.

## ب. به زمانی فارسی:

- اعتماد السلطنة: محمد حسن بن علي (و ١٣١٣هـ)
١. تطبيق لغات جغرافيايى قديم و جديد ايران، تح/ هاشم محدث، چ١، انتشارات امير كبير، تهران–١٣٦٣ش.
- ابن بلخى: (و بعد ٥١٠هـ)
٢. فارسنامه ابن بلخى، تح/ منصور رستگار، چ١، بنياد فارس شناسى، شيراز–١٣٧٦ش.
- بيهقى: ابو الفضل محمد بن حسين بيهقي (و ٤٧٠هـ)
٣. تاريخ بيهقى: تح/ خليل خطيب رهبر، چ٤، انتشارات مهتاب، تهران، ١٣٧٤ش.
- تتوى: قاضي أحمد تتوى، آصف خان قزوينى (و ٩٩٦هـ )
٤. تاريخ الفى، تح/ غلام رضا طباطبايى مجد، چ١، انتشارات علمى و فرهنگى، تهران، ١٣٨٢ش.
- حاكم نيشابورى: ابو عبدالله محمد بن عبدالله الضبي (و ٤٠٤ هـ)
٥. تاريخ نيشابور، ديكه: محمد بن حسين خليفهء نيشابورى، تصحيح: محمد رضا شفيع كدكنى، چ١، انتشارات آگه، د.س، تهران.
- خواندمير: غياث الدين بن همام الدين (و ٩٤٢هـ)
٦. تاريخ حبيب السير، چ٤، انتشارات خيام، تهران، ١٣٨٠ش.
- سيفى هروى: سيف بن محمد (و ٧٢١هـ)
٧. پيراسته تاريخنامه هرات، چ١، انتشارات بنياد موقوفات دكتر محمود افشار، تهران–١٣٨١ش.
- شادى: نواده مهلب پسر محمد پسر شادى (و فى قرن ٦ هـ)
٨. مجمل التواريخ و القصص، ملك الشعراء بهار، تح/ ملك الشعراء بهار و بهجت رمضان، چ٢، كلاله خاور، تهران–د.س.
- ابن فندق: على بن زيد (و٥٦٥هـ)
٩. تاريخ بيهق، تح/ احمد بهمنيار، چ٣، كتابفروشى فروغى، تهران، ١٣٦١ش.
١٠. تاريخ حكماء الأسلام، تح/ محمد كرد علي، ط١، مطبعة الترقي، سورية–دمشق.

- فارسی: عبدالغفار بن اسماعیل فارسی (و ٥٢٩هـ)
١١. تاریخ نیسابور: المنتخب من السیاق، ط١، جامعه مدرسین حوزه علمیه قم، ایران، ١٤٠٣هـ .
- گردیزی: أبو سعید عبد الحي بن الضحاک بن محمود (و ٤٣٣هـ)
١٢. زین الأخبار، چ١، انتشارات دنیای کتاب، تهران-١٣٦٣، ص٢٢٩-٢٣٠.
١٣. مرآة البلدان، تح/ عبدالحسین نوایی و هاشم محدث، چ١، انتشارات دانشگاه تهران، تهران-١٣٦٧ش.
- کلاویخو: روی گونسالس دو کلاویخو: (و ١٤١٢م)
١٤. سفرنامهء کلاویخو ، تر/ مسعود رجب نیا، چ٥، شرکت انتشارات علمی فرهنگی، تهران-١٣٨٤ش.
- مؤلف ناشناخته: (و قرن ٨هـ)
١٥. هفت کشور_صور الأقالیم، تح/ منوچهر ستوده، چ١، بنیاد فرهنگ ایرانی، تهران، ١٣٥٣ش.
- ناصر خسرو: ناصر خسرو قبادیانی مروزی (و ٤٨١هـ)
١٦. سفرنامه، تح/ محمد دبیر سیاقی، چ٩، انتشارات زوار، تهران، ١٣٨٧
- نظام الملك: أبو علي حسن بن أسحق الطوسی (و ٤٨٥هـ)
١٧. سیاست نامه، چ٤، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ١٣٧٨ش.
- هدایت: رضا قولي خان هدایت (و ١٢٨٨هـ)
١٧. فهرس التواریخ، تح/ عبدالحسین نوایی و میر هاشم محدث، چ١، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، ایران-تهران، ١٣٧٣ش
١٨. مجمع الفصحاء، تح/ مظاهر مصفا، چ٢، امیر کبیر، ایران-تهران، ١٣٨٢ش.
- همدانی: رشیدالدین فضل الله همدانی (و ٧١٨هـ)
١٩. جامع التواریخ، چ١، انتشارات: میراث مکتوب، تهران، ١٣٨٦ش.
- الواعظ بلخی: ابو بکر عبدالله بن عمر بن محمد بن داود (و ٣٢٢هـ) .
٢٠. فضائل بلخ، تص/ عبدالحي حبیبي، چ١، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران- چاپخانهء داور پناه، تهران١٣٥٠ش.

## سەرچاوە نوێیەکان:

### أ. بە زمانی عەرەبی:


١. إحسان ذنون الثامری: الحياة العلمية زمن السامانين، ط١، دارالطليعة، بيروت-لبنان، ٢٠٠١.

٢. أحمد محمد عدوان: موجز فی تاريخ دويلات المشرق الأسلامی، ط١، دارعالم، الرياض، ١٩٩٠.

٣. إيرين فرانک و ديفيد براونستون: طريق الحرير، ديكە/ أحمد محمود، ط١، مطابع الأهرام، قاهرة، د.س.

٤. جمال حمدان: جغرافية المدن، ط٢، عالم الكتب، القاهرة-د،س.

٥. حسن طه نجم: الموسوعة الجغرافية للعالم الأسلامي: ط١، مطبعة جامعة الامام، سعودية-١٤١٩هـ

٦. حكيم أحمد خوشناو: الكرد و بلادهم عند البلدانيون و الرحالة المسلمين، ط١، دار الزمان، دمشق-٢٠٠٩.

٧. عبدالجبار ناجی: درسات فی المدن العربية الاسلامية، ط١، شركة المطبوعات للنشر و التوزيع، بيروت-٢٠٠١

٨. عصام الدين عبدالرئوف الفقي: الدول المستقلة فی المشرق الاسلامی، ط١، دار الفكر العربي، القاهرة-١٩٩٩.

٩. عطية القوصی: تاريخ الدول المستقلة في المشرق عن الخلافة العباسية، ط١، مكتبة دار النهضة العربية، قاهرة-١٩٩٣م.

١٠. الفيومی: مصباح المنير فی غريب الشرح الكبير، د.ط، مكتبة لبنان، لبنان-١٩٨٧ز.

١١. فەرهاد حاجی عبوش: المدينة كردية من قرن (٤-٧هـ/١٠-١٣م)، ط١، دار سپيرێز، كردستان العراق-دهوک-٢٠٠٤م.

١٢. ڤ.هايد: تاريخ التجارة فی الشرق الأدنی فی العصور الوسطی، ديكە/ أحمد محمد رضا، ط١، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ١٩٨٥

١٣. ڤالتر هنتس: المكايل و الأوزان الأسلامية و مايعادلها في النظام المتري، ديكە/ كامل العسلي، ط١، منشورات جامعة الأردنية، عمان- الأردن، ١٩٧٠.

١٤. كى ليسترنج: بلدان خلافة الشرقية، ديكه/ بشير فرنسيس و كوركيس عواد، ط١، مطبعة شريف رضا، قم- ايران -١٤١٣هـ

١٥. محمد حسن العمادى: خراسان فى العصر الغزنوى، ط١، دار الكندى للنشر و التوزيعات، الأردن-١٩٩٧..

١٦. محمد طاهر الكردى: التاريخ القويم لمكة و بيت الله الكريم، ط١، مطبعة دار خضر، بيروت-١٤٢٠هـ .

١٧. محمد عبدالستار عثمان: المدينة الاسلامية، ط١، عالم المعرفة، كويت-١٩٧٨.

١٨. محمد كرد على: خطط الشام، ط٣، مكتبة النورية، بيروت، ١٤٠٣ هـ .

١٩. محمود شاكر: خراسان، ط١، المكتب الأسلامى، بيروت-١٩٧٨.

٢٠. مصطفى عباس الموسوى: العوامل التاريخية لنشأة و تطور المدن العربية الاسلامية، ط١، دار الرشيد للنشر، العراق-١٩٨٢.

٢١. ناجى معروف: مدارس قبل النظامية، ط١، مطبعة مجمع العلمى العراقى، بغداد، محرم-١٣٩٢هـ/ ١٩٧٢م، مجلد ٢٢.

٢٢. نبيل على يوسف: موسوعة التحف المعدنية الأسلامية، ط١، دار الفكر العربى، القاهرة، ٢٠١٠.

## ب. به زمانى فارسى:

١. احمد رنجبر: خراسان بزرگ، چ١، انتشارات امير كبير، تهران-١٣٦٣ش.

٢. آرتوركرستين سن: ايران در زمان ساسانيان ديكه: رشيد ياسمى، ، چ٦، دنياى كتاب، تهران-١٣٦٨ش.

٣. امير اكبرى: تاريخ حكومت طاهريان از آغاز تا انجام، چ٣، بنياد پژوهشهاى اسلامى، مشهد-ايران، ١٣٨٤.

٤. برنارد اوكين: معمارى تيمورى در خراسان، ديكه/ على آخشينى، چ١، بنياد پژوهشهاى اسلامى، مشهد، ١٣٨٦ش.

٥. بصير احمد دولت آبادى: شناسنامه افغانستان، چ٤، انتشارات محمد ابراهيم شريعتى افغانستانى (عرفان)، تهران-١٣٨٧ش.

٦. جمعی از مؤلفین: تاریخ ایران، گرداورنده: ر.ن. فرای، مترحسن انوشه، چاپ۱، انتشارات امیر کبیر، (طهران-۱۳٦۳ش).

٧. جیمز موریس: تاریخ شکل شهر، تر/ راضیه رضازاده، چ١٤، انشرارت دانشگاه علم صنعت ایران، تهران، د.س.

٨. حسین سلطان زاده: بازارهای ایرانی، چ٥، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران، ۱۳۹۳ش.

٩. حسین سلطان زاده: مقدمهء بر تاریخ شهر و شهرنشینی در ایران، چ۲، انتشارات امیر کبیر، تهران، ۱۳٦٧ش.

۱۰. خلیل الله خلیلی: سلطنت غزنویان، چ۱، انتشارات امیری، افغانستان ۱۳٤٨ش.

۱۱. رمضانعلی شاکری: اترکنامه، چ۱، امیر کبیر، تهران، ۱۳٦٥ش، ص۸۱.

۱۲. روبرت هیلن برت: معماری اسلامی، دیکه/ باقر آیت الله زاده شیرازی، چ۸، انتشارات روزنه، تهران، ۱۳۹٥ش.

۱۳. سید صادق سجادی: تاریخ برمکیان، چ۱، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، تهران، ۱۳۸٥.

١٤. سید محمد باقر مصباح زاده: نگاهی مختصر به تاریخ اقوام در افغانستان، د. چ، انتشارات مرندیز، ایران/ مشهد- د.س.

۱٥. سید منصور سید سجادی: مرو، چ۱، سازمان میراث فرهنگی، تهران-۱۳۸۳هـ-ش.

١٦. شهرام یوسفی فر: شهر و روستا در سدههای میانهء تاریخ ایران، چ۱، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران-۱۳۹۰ش.

۱٧. شهرام یوسفی فر: مناسبات شهر و شهر نشینی در دوره سلجوقیان، چ۱، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران، ۱۳۹۰ش.

۱۸. عباس قدیانی: فرهنگ جامع تاریخ ایران، چ٦، انتشارات آرون، تهران-۱۳۸٧ش.

۱۹. عبدالحمید مولوی: خراسان، به کوشش: محسن حبیبی، چ۲، انتشارات آستان قدس رضوی، مشهد، ۱۳۹۰ش.

۲۰. عبدالحی حبیبی: تاریخ افغانستان بعد از اسلام، چ۱، انتشارات افسون، تهران-۱۳۸۰ش.

۲۱. علی کرم همدانی: خراسان، دائرة المعارف بزرگ اسلامی، چ۱، انتشارات مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلامی، تهران-۱۳٦٧ش.

۲۲. فیض محمد کاتب: نژادنامهء افغان، مقدمه و تحشیه/ حاج کاظم یزدانی، چ۱، مؤسسه مطبوعاتی اسماعیلیان، ایران/قم-۱۳٧۲ش.

٢٣. کلیفورد ادموند باسورث: تاریخ غزنویان، دیکەجمەء: حسن انوشه، چ١، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران-١٣٧٨ش.

٢٤. گروهی از پژوهشگران: افغانستان، چ١، انتشارات بنیاد دائرة المعارف بزرگ اسلامی، تهران-١٣٧٦ش.

٢٥. محسن حبیبی: از شار تا شهر، چ١٧، انتشارات دانشگاه تهران، تهران، ١٣٩٧ش.

٢٦. محمد مهریار: فرهنگ جامع نامهای کهن اصفهان، چ١، انتشارات فرهنگ مردم، اصفهان-١٣٨٢ش.

٢٧. محمد یوسف کیانی: معماری ایران دوره اسلامی، چ١٢، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، تهران، ١٣٩٣ش.

٢٨. مرتضی راوندی: تاریخ اجتماعی ایران، چ٢، انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٢ش.

٢٩. مهدی رحمانی ولوی- منصور جغتایی: تاریخ علمای بلخ، چ١، آستان قدس رضوی- بنیاد پژوهشهای اسلامی، ایران-مشهد، ١٣٨٦ش.

### ج. به زمانی ئینگلیزی:

1. Ann, Lambton: **The Internal structure of the Saljuq Empire**, Combridge History of Iran. Combridge, 1999.

2. Edmund Bosworth: **Historic Cities of Islamic World**, Brill, Leiden, 2007.

3. Giulia Annalinda Neglia: **The City in the Islamic World – Some Historiographical Notes on the Islamic City**, Brill, Boston, 2008.

4. Hourani.A.H and stern, **The Islamic City**, 1est oxford, London, 1989.

5. Muhammad Gharipour: **The Bazar in the Islamic City**, 1est edition, darelkutub, Egypt, 2012.

6. Robert Bertran: **The Islamic City**, 1est edition, publishing by unisco, 1980

7. Salma K.Jayyusi, Renata holod, Atilio petruccioli and Andre Raymond, **The City in the Islamic world**, V1, 1est edition, BRILL, LEIDEN, 2008.

8. SUSAN Whitfield: **life along the Silk Roud**, 1est edition, John Murray (publishers) Ltd, Los Angeles, 1999.

9. Vadime Elisseeff: **The silk rouds**, 2nd edition, UNESCO publishing, New York, 2000.

## نامه و تێزه ئەكادیمیه بڵاونەكراوەكان:

١. سۆران بهاء أحمد: كشتوكاڵ وخۆراک لە هەرێمی چیا لە سەدەی چوارەی كۆچی/ دەیەمی زاینی ، ماستەر نامه (بڵاو نەكراوه)، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، بەشی مێژوو، سلێمانی، ٢٠١٤.

٢. قحطان عبدالستار الحديثي: خراسان في العهد الساماني، اطروحة دكتوراه (غير منشور)، كلية الآداب – جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٠.

## گۆڤارەكان:

### أ. بە زمانی عەرەبی:

١. حسين ابراهيم محمد: مدارس نيسابور فى القرن الخامس للهجرة الحادي عشر للميلادى، بحث منشور في مجلة تابعة لكلية التربية الأساسية عقرة/ جامحة دهوک، العدد ٥٥، اب ٢٠١٦م.

٢. شكران خربوطى: الحياة الفكرية فى إقليم خراسان في ظل سلاطين و وزراء العصر السلجوقى، مجلة دراسات تاريخية، العددان ١٧-١٨، كانون الثانى- حزيران، عام ٢٠١٢.


٣. عبدالستار نصيف جاسم: إقليم خراسان، مجلة مركز بابل للدراسات الأنسانية، مركز بابل، عراق، ٢٠١٧.

٤. فوزية يونس فتاح: نظرة المجتمع إلى أصحاب المهن و الحرف، مجلة جامعة دهوك، مجلد ١، عدد١، دهوک، ١٩٩٨.
٥. محمد المعتصم: المدينة الاسلامية و خصائصها (حولية كلية و العلوم الاجتماعية)، العدد الثانی، ط١، مطبعة جامعة قطر، قطر–١٩٨٠م.
٦. نوال دیکه‌کی موسی و بهاء موسی حبیب: العوامل المؤثرة على تخطيط المدينة العربية الاسلامية، مجلة كلية التربية للبنات للعلوم الانسانية، جامعة الكوفة، العدد ١٣، السنة السابعة، العراق، كوفة، ٢٠١٣.

## ب. به زمانی فارسی:

١. احمد اشرف: ويژگيهاى تاريخى شهرنشينى در ايران دورهء اسلامى، پرتال جامع علوم انسانى، پايگاه مجلات تخصصى نور، شماره ٣، تهران، ١٣٦٤ش.
٢. سعيد نفيسى: وزراي آل سامان– خانواده جيهانى، مجلهء ارمغان، سال يازدهم، شماره دوو، تهران، ١٩٣٠ز/ ١٣٠٩ش.
٣. سيد محسن: تاريخ شهرهاى خراسان بلخ، پايگاه مجلات تخصصى نور، شماره ٥، تهران، ١٣٦٦ش.
٤. شهرام يوسفى فر: الگوههاى پيدايش شهر و شهرنشينى در تاريخ ايران، مجلات تخصصى نور، شماره ٦٤، بهار ١٣٨٩ش.
٥. فيروز مهجور: حمام در شهرهاى ايرانى اسلامى، پايگاه مجلات تخصصى نور، نسخه پژوهى از كتاب ماه هنر شماره ١٦٩، تهران، ١٣٨٢ش، شماره ٥٧ و ٥٨.
٦. محد قراگزلو: مرورى بر نتايج يوروش مغولان، مجلات تخصصى نور، ميان رشته اى: كيهان فرهنگى، شماره ١٥٣، پايگاه نورمگز، تهران–١٣٧٨ش.


# پاشكۆكان






پاشكۆی ژمارە ( ١) نەخشەی خوراسان لە سەدەی ٤ و ٥ كۆچی/ ١٠ و ١١ زاینی.

وێنەكە وەرگیراوە لە محمود شاكر: خراسان، ص١٥ .




پاشكۆی ژماره (٢) نەخشەی هەرێمی خوراسان لە دەسنوسی كتێبی (صور الأقاليم)ی (ابن بلخی)


بست الى سيروان مرحلتان تلقى طريق بلد الداور ثم تعبر هندمند على مرحلة من سيروان
فيدخل بل ثم يمضي مرحلة الى درغون على شط هندمند كلاهما في جهة واحدة ومن بك
الى العجري ثم في ابان ثم بيلك في جنوب مجرى الى اسفجاي تلك مراحل والمقر [illegible]
فرسخ ومن اسفجاي الى شيرين مرحلتان ٥ واما خراسان فانها تشتمل على كورة وهي
الاقليم والذي يحيط بها من شرقيها نواحي سجستان وبلاد الهند لانا ضممنا الى سجستان ما يتصل
بها من ظهر الغور كله الى الهند وضممنا ديار خلج في حدود كابل وزرجان وظهر الجبل كله بعد ذلك
من نواحي بلاد الهند ومن غربيها مفازة الغزنة ونواحي جرجان ومن شمالها ما وراء النهر وشيء من
بلدان الترك ونهير من الجبل ومن جنوبها مفازة فارس وقومس وضممنا قومس الى نواحي
جبال الديلم مع جبال جرجان وطبرستان والري وما يتصل بها وجعلنا ذلك كله اقليما
وضممنا الختل الى ما وراء النهر لانها بين نهر وخشاب وجرياب وضممنا خوارزم الى ما وراء
النهر لانها اقرب الى بخارى منها الى مدن خراسان [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]

پاشکۆی ژمارە (٣) پەڕەی(١٣) دەستپێکی باسی هەرێمی خوراسان لە دەسنوسی کتێبی (صور الأقاليم)ی (ابن بلخی)



پاشکۆی ژمارە (٤) وێنەی شوێنەواری بەشێک لە کۆنە شاری (شادیاخ)

بە کامێرای توێژەر وێنە گیراوە.



پاشکۆی ژمارە (٥) وێنەی شوێنەواری کۆنە شاری (شادیاخ)، بەشێکی تر لە کۆشکێکی ئەو شارە، بەکامێرای توێژەر وێنەگیراوە




پاشکۆی ژماره (٦) وێنەی شوێنەواری بەشێک لە کۆنە شاری (شادیاخ)، کۆڵانێکی بەرد ڕێژکراو

بە کامێرای توێژەر وێنە گیراوە



پاشکۆی ژمارە (٧) وێنەی شوێنەواری بەشێک لە کۆنە شاری (شادیاخ)، بەشی چێشتخانە وگەنجینەی کۆشک

بە کامێرای توێژەر وێنە گیراوە



پاشکۆی ژمارە (٨) وێنەی شوێنەواری بەشێک لە کۆنە شاری (شادیاخ)، بەشی شورە وقەڵای شارەکە

بە کامێرای توێژەر وێنە گیراوە



پاشکۆی ژمارە (٩) وێنەی شوێنەواری بەشێک لە کۆنە شاری نیشابور

## ((ملخص البحث))

هذه الدراسة الموسومة بـ(المدينة كمركز لتطور الحضارة- مدن إقليم خراسان نموزجا، القرنين ٤ و ٥ الهجريين/ ١٠ و ١١ الميلاديين)، تم بحث موضوع المدن والتطور الحضارى فيها، وتألفت الدراسة من ثلاثة فصول وكل فصل، بأستثناء الفصل الثالث تألفت من مبحثين وكل مبحث إنقسم بدوره إلى ثلاثة محاور، وأما الفصل الثالث يتكون من ثلاثة مباحث، و فى هذا الملخص سنقدم نبذة عن الدراسة.

تم تخصيص الفصل الأول لأصل تسمية خراسان و حدودها الجغرافية، حيث يتناول الأراء المختلفة حول معاني تسمية خراسان و تحليلها وفي آخر الأمر تم ديكهجيح الرأي الأقرب إلى الصواب بالأعتماد على الأدلة والبراهين، وبعد عرض تلك الأراء المختلفة ابى الباحث عن رأيه حول ذلك الموضوع. وفيً هذا الفصل ايضا تم التطرق الى جغرافية خراسان من حيث التوبوغرافيا والمناخ وكذلك تناول هذا الفصل كيفية انجاز الفتوحات الأسلامية فى خراسان عن طريق عرض عينات محددة، وفى المبحث الثانى ذكرت ارباع خراسان و اقسامها والتى كانت تشكل اهم مدنها ومراكزها، مع ذكر مكوناتها القومية والدينية. ان هذا الفصل هو تعريف عام لأقليم خراسان حتى نفهم واقعها الطبيعى والجتماعى والسياسى فى ذلك العصر بشكل أفضل.

وأما الفصل الثانى فينقسم إلى مبحثين ايضا فالمبحث الأول يتناول موضوع المدن والمدينة من حيث الفكر والنظرية، والمبحث الثانى تحدث عن مدن خراسان من الناحية العمران والتخطيط العمرانى وعلاقات المدن بالقرى. وفى هذا الفصل تم تبيان اهم المواضيع المتعلقة بالعمران والتمدن. وتم تطبيق النظريات المختلفة على مدن ومناطق خراسان بطرق مختلفة. وفى هذا الفصل ايضا تم ذكر اسباب ظهور المدن وتقلصها واسباب خرابها، وكذلك توضحت المدن خراسانية من حيث مكوناتها واحجامها وتقسيماتها العمرانية والأدارية.

و تحدث الفصل الثالث عن الجوانب الحضارية لمدن خراسان من ناحية التطور العلمي والصناعي والتجارى و مختلف الجوانب الحضارية الأخرى، في البداية تم ذكر المكونات الأساسية للمدن، مثل القلاع والأسوار وبعد ذلك تم ذكر المنشأت والمرافق العامة، مثل المساجد والأسواق والطرق والحمامات والخانات. كانت هذه المرافق الأبنية المذكرة تشكل اهم العناصر التى تتكون منها المدن في ذلك العصر والقسم المنبغى من هذا الفصل خصص لتوضيح موقع المركزية المدينة فى تطور الحياة العلمية والأقتصادية لأقليم خراسان، وفي النهاية تم عرض أهم الأستنتاجات التى توصلت اليها الباحث فى هذه الدراسة.

# Abstract

In this research titled ( The City As a Center of Civilization's evolution - Cities of Khorasan region as example, since ($4^{th}$, $5^{th}$ AH/ $10^{th}$, $11^{th}$ C.E.), the topics of city and civilization development are put under the scope of discussion and investigation. The research is framed under three chapters with each chapter consisting of two sections (except the third chapter with three sections) and each section incorporating three subsections. In this summery, I strive to display the core of the research without intricate discussions brought up.

The first chapter is ascribed to the name-origin and boundaries of Khorasan in which the origin of the name of Khorasan is investigated with various proposals discussed and the closest proposal suggested. In addition, amongest the proposals the view of the researcher stands out. In the same chapter, the topography and climate of the region is displayed shortly and briefly paired with the liberation process of the region and its cities by the Muslims which is showcased in an example-giving fashion. In the second half of this chapter, what is known as "the four parts of Khorasan" is mapped out with their ethnical and religious backgrounds included. This chapter generally introduces the region and lies a foundation of understanding in terms of landscape, social, and political aspects for the region.

The second chapter embraces two essential topics. First, city and urbanization as a theory and second, the cities of Khorasan in terms of population plan and process as well as the relationship between cities and rural areas. In addition, the important aspects of urbanization and city expansion are debated, especially in the second section where the discussion is applied to the cities. The discussion takes a turn towards the factors behind city development and decline before stopping on the topic of city layout, size, and administration.

In the third chapter, the civilization aspect of the cities of Khorasan is accommodated for. In order to leave more space and content for the discussion of the civilization aspects of the cities of Khorasan and their effect as a medium for scientific, industrial, and economic development, we begin the chapter with the infrastructure of the city starting with castles and forts to public places of the city, such as mosques, bazaars, roads, public bathrooms, caravanserais, etc. These infrastructural sights are the fundamental components of the middle centuries. After that, more than a half of this chapter is attributed to the effect of the cities on the development of science and economy in Khorasan. At the end, the conclusions arrived at during the research are displayed.

Kurdistan Region

Council of Ministers

Ministry of Higher Education and Scientific Research

University of Sulaimani – College of Humanities

Department of History

# The City As a Center of Civilization's evolution

## Cities of Khorasan Region as example

**4th, 5th AH/ 10th, 11th C.E.**

Prepared by:

**Kamil Habib Rashid**

A research submitted to the council of (The College of Humanities-Department of History) in fulfillment for the degree of master in field of (History)

Supervised by:

**Assistant Professor. Dr. Shwan Usman Mustafa**

2720 kurdish 1441 A.H 2020 A.D